سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست:

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٢ ............ لاپەڕەی ............ ٥


١- قاسملوو و رۆڵی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی دا

٢- کۆنفرانسی برۆکسێل، بەیەک گەیشتنی ترس و هیوا

٣- کورد و رۆڵی لە بزووتنەوەی مۆدێرنی سیاسیی ئێراندا

٤- هۆکارەکانی ئێعدامی بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی ساڵی ١٣٦٧ و شوێنەوارەکانی

٥- دوکتۆر شەرەفکەندی، وجوودێکی جیانەبۆوە لە شوناسخوازیی نەتەوەی کورد

٦- ئیسلامی سیاسی و مەترسییەکانی سەرچاوەگرتوو لە نەریت لە گۆڕانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا

٧- دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ئامریکا لە قسەوە تا کردەوە

٨- واقعیاتە دڵخوازە سیاسییەکان لە وتووێژەکانی ئۆپۆزیسیۆندا و هێندێک لەمپەر


## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٣ ............ لاپەڕەی ............ ٣٧


٩- کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی

١٠- کوردستان و شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧

١١- ئەحمەدی نژاد شوالیەی تاریکی

١٢- قازی محەممەدپرسیارێکە دەبێ دووبارە بیری لێبکرێتەوە

١٣- لێکدانەوەیەک بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ١٣٩٢ و دوورەدیمەنی داهاتوو

١٤- گرنگیی دەوڵەتی یازدەیەمو کابینەی وەزیران

١٥- قسەکانی هاشمیی رەفسەنجانی، لەقاودان یان دانپێدانان؟

١٦- هەڵسەنگاندنی ڕەوتی نوێی پێوەندییەکانی ئێرانو ئەمریکا

١٧- دەوڵەتی رووحانی! باش یان خراپ!؟

١٨- وتووێژی کوردکاناڵ لەگەڵ رژگار محەمەد ئەمین ناسراو بە حاکم ڕژگار

١٩- یەکگرتن، عەقڵانیەت یان هەست؟

٢٠- وتووێژی کوردکاناڵ لەگەڵ محەممەد نووریزاد لە پێوەندیی لەگەڵ «سەفەری ئاشتی»

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٤ ............ لاپەڕەی ............ ٩٠

٢١- چاوخشاندنێک بە سەر پێکهاتەی کۆماری کوردستان و شرۆڤەیەکی کورت

٢٢- لێکدانەوەیەک بۆ وتاری ساڵانەی ئۆباما لە کۆنگرەی ئەمریکا لەبارەی ئێران

٢٣- ژن، پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکان و رەنگدانەوەکانی

٢٤- ساڵی ١٣٩٢، ساڵی قەیران و سیاسەت

٢٥- ئاغای کۆنسوول کوردستان پاشنە ئاشیلی ئێوەیە!

٢٦- وتووێژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ مەولوود سوارە

٢٧- عەلی قویتاسی: مافی دیاریکردنی چارەنووس هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی نیە ... دیمانە...

٢٨- شرۆڤەیەک بۆ بنەماکانی خەباتی دوکتور قاسملوو

٢٩- قەیرانی سیاسی‌و بارودۆخی نوێی‌گۆڕانە سیاسی . کۆمەڵایەتی‌یەکان

٣٠- خەسارناسی دانوستانە ناوکی‌یەکان کۆماری ئیسلامی

٣١- وتووێژ ی ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ دوکتور مەحموود عوسمان،

٣٢- وتووێژی رۆژنامە کوردستان لەگەڵ یوسف بەنی ترۆف

٣٣- وتووێژی تایبەتیی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ شەهرام ئەمیری،

٣٤- دوکتۆر شەرەفکەندی، وجوودێکی جیانەبۆوە لە شوناسخوازیی نەتەوەی کورد

٣٥- وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ کاک حوسێن مەدەنی سیاسەتمەداری کورد

٣٦- خەسارناسیی لێکدابڕان و کێشەی بزووتنەوە سیاسییەکانی ئەمرۆ

٣٧- سەرکوتو توندوتیژیخوازی بەرەوکوێمان دەبات؟

٣٨- هۆکاری توندوتیژی خوازی سیستمی کۆماری ئیسلامی‌و رێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی

٣٩- چاوخشاندنێکی کورت بەسەر مودێرنیتەو رۆڵی لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران

٤٠- پێشمەرگە لە بوونەوە تا پێگەیشتن

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٥ ............ لاپەڕەی ........... ١٧١


٤١- وتووێژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ حۆسام حەیدەری،

٤٢- وتووێژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری

٤٣- کۆمەڵناسیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان

٤٤- شۆڕشی ١٣٥٧ و کاریگەرییەکانی لەسەر بزاڤی میللی - دیموکراتیکی کورد

٤٥- بەبیانووی ساڵوەگەڕی شۆرشی ١٣٥٧ لە ئێران

٤٦- هەناردەی شۆڕش یا دژی شۆڕش

٤٧- ٣٦ساڵ دوای میتینگی مەزنی مهاباد

٤٨- وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە

٤٩- ساڵی تازە، سیاسەتی تازەتر

٥٠- لێکتێگەیشتنی ناوکی، ئارامی بەر لە تۆفان

٥١- کرێکارانی بێکار، رۆژێکی بێشکۆ

٥٢- دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم «ظرفیت سازی» لە کوردستان

٥٣- بزووتنەوەیەکی تینووی هاوکاریی و یەکیەتی

٥٤- بانێکو دوو هەوا

٥٥- حیزبی دێموکرات، سەمبول سازی یا ئوستورە ناسی؟

٥٦- بزووتنەوەی کورد و پرسیارە سەرەکییەکانی وتووێژێکی سەرکەوتوو

٥٧- لە وتووێژێکی تایبەتی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ قادر وریا

٥٨- وتووێژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ عەبدوڵلا بەهرامی

٥٩- وتووێژی تایبەتیی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە

٦٠- چاوخشاندنێکی کورت بە سەر زانکۆ و گرنگییەکەیدا

٦١- بزوتنەوەی کورد و مافی ژن

٦٢- وتەکانی چوار چالاکی سیاسی لە پێوەندیی لەگەڵ تیرۆری میکۆنووس

٦٣- ئەو دەرفەتانەی لە کیس دەچن

## قاسملوو و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی دا

عەبدولڕەحمان قاسملوو شەوی یەڵدای ۱۳۰۹ی هەتاوی بەرامبەر بە ۲۲ی دیسامبری ۱۹۳۰ی زایینی، لە بنەماڵەیەکی خاوەن ملکی شاری ورمێ چاوی بە دونیای روون هەڵێنا. سەرەتا لە ورمێ و دواتر لە تاران خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کرد. هەر مێرمنداڵ بوو کە تێکەڵ بە مەسایلی سیاسی بوو و بیری ئازادیخوازی لە مێشکی دا هەوێنی گرت. ناوبراو لەمبارەوە لە کتێبی «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی « دا دوای باس لە سەر سەفەری ۳۰ کەس لە فێئۆداڵ و سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بۆ باکو لە سەر داوای یەکیەتی سۆڤیەت دەنووسێ: «هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشا بووم. بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تاقەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تاپڕێکی باشیشی پێ بوو. وادیارە سۆویەتی‌یەکان قەندو تفەنگو شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بە نرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەبابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەقو ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە ڕاستو ڕەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێ هات؟»

«دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو ساڵی ۱۳۲٤ چالاکی سیاسی خۆی بە پێکهێنانی یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ورمێ دەستی پێ کرد. ساڵی ۱۳۲٥ بە دوای رووخانی کۆماری کوردستان بۆ خوێندن رووی کردەوە تاران و ساڵی ۱۳۲۷ بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە پاریسی پێتەختی فەڕەنسا. گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقە کردن لە شا لە زانکۆی تاران لە ١٥ی رێبەندانی ۱۳۲۷ کە لە دەستچوونی ئازادییە دێموکراتیکیەکانی لە سەرانسەری ئێراندا لێکەوتەوە. بەم بۆنەوە خوێندکارانی ئێرانی لە پاریس کۆبوونەوەیەکی بەرینیان گرت و لەم کۆبوونەوەیەدا دوکتور قاسملوو زۆر توند دژی شا قسەی کرد و لە ئاکامدا خوێندکاران پەیامێکی ناڕەزایەتی توندیان بۆ حەمە رەزاشا نارد.

ئەم وتاردانە بوو بە هۆی ئەوە کە باڵوێزخانەی ئێران و تەنانەت خودی فەڕەنساش فشاریکی زۆر بخەنە سەر دوکتور قاسملوو تا ئەوەی بە ناچاری پاریسی بە جێ هێشت و وەک یەکەمینی بورسییەی ئێران « یەکیەتی

خوێندکاران « چووە پڕاگی پێتەختی چیکۆسلۆواکی.

لە ماوەی نیشتەجێ بوونی لە پاریس، بە هاوکاریی چەند خوێندکارێکی دیکەی کورد ئەنجومەنی خوێندکارانی کوردی لە ئورووپا دامەزراند.

ئەو ماوەیەی لە پراگیش خەریک خوێندن بوو لە چالاکییەکانی یەکیەتی نێونەتەوەیی خوێندکاراندا هەر بەشدار بوو. ساڵی ١٣٣٠ بە نوێنەرایەتیی لە لایەن خوێندکارانی ئێرانی بەشداری دوویەمین کۆنگرەی ئەم رێکخراوە بوو کە لە شاری پڕاگ بەڕیوە چوو. هەر لەو ماوەیەدا وەک نوێنەری ئێران بەشداری زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی فیدراسیۆنی جیهانیی لاوان لە شاری بوداپێستی پێتەختی مەجارستانی کرد. ساڵی ١٣٣١ لە سەردەمی حکوومەتی میلیی دوکتور موسەدیق دا دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو پاش ئەوەی لە زانکۆی پڕاگ لیسانسی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی وەرگرت، گەڕایەوە ئێران. ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی تودەی ئێران لە بواری تەشکیلاتییەوە یەکگرتوو بوون. کاک دوکتور پاش شەش مانگ مانەوە و چالاکی لە تاران هاتەوە مەهاباد و بەرپرسایەتیی حیزبی پێدرا.

دوای کودیتای ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢ ناچار بوو لە نێوان تاران و کوردستاندا بە نهێنی کاری حیزبی بکا. لەم ماوەیەدا بەرپرسی رۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی لە ئەستۆ بوو، کە بە نهێنی تەنیا ٥ ژمارەی لێ دەرچوو هەروەها لەم ماوەیەدا بە سەرۆکایەتیی ئەو کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات پێکهات. کاک عەبدولڕەحمانی قاسملوو دوای ٥ ساڵ چالاکیی سیاسی لە نیوخۆدا بە تایبەت کوردستان، دیسان لە ساڵی ١٣٣٦ گەڕایەوە چێکۆسلۆواکی.

ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی رامبەر بە ١٩٥٨ی زایینی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و گەشەی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان، هەوڵیدا لەگەڵ هێندێک هاوڕێ و بەرپرسی حیزبی کە دانیشتووی باشووری کوردستان بوون، رێکخراوە حیزبییەکانی نێوخۆی وڵات ببوژێنێتەوە. بە هۆی هێندێک هۆکاری سیاسی ناچار بوو سالی ١٣٣٩ بە فەرمانی دەوڵەتی عێراق ئەو وڵاتە بە جێ بێڵێ و بگەرێتەوە پڕاگ.

ساڵی ١٣٤١ بەرامبەر بە ١٩٦١ی زایینی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو توانی لە زانکۆی پڕاگ پلەی دوکتورا،

لە زانستە ئابوورییەکان وەرگرێ و تا ساڵی ١٣٤٩ هەر لەم زانکۆیەدا ئابووری سەرمایەداری و ئابووری سۆسیالیستی و تیئۆریی گەشەی ئابووری وتەوە. لەم ماوەیەدا دوکتور قاسملوو و چەند کتێب و نامیلکەی لە پێوەندی لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا نووسی کە بەناوبانگترینیان « کوردستان و کورد»ە.

ئەم کتێبە بە زمانی چێکی نووسراوە و تا ئێستا کراوەتە چەندین زمانی وەک ئینگلیزی، سلۆواکی، لەهێستانی، عەرەبی، کوردی، فارسی و چەند بەشێکیشی وەرگێردراوەتەوە سەر زمانی فەرەنسی و چاپ و بڵاو کراوەتەوە. کاک دوکتور بەسەر زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەڕەنسی، ئینگلیزی، چێکی و رووسی دا زاڵ بوو و هەر وەها ئاشنایەتیی بە هێندێک زمانی دیکەی وەک ئاڵمانی و سلاڤیش هەبوو.ناوبراو هاوکات لە دەرەوەی زانکۆ پێوەندیی لەگەڵ رەخنەگرانی سیستمی سوسیالیستیی بلۆکی رۆژهەڵات هەبوو. دوکتور کە ئەزموونی خەبات و چالاکیی سیاسی پاریسیشی هەبوو هەوڵی دەدا سوسیالیزی مەوجود لەگەڵ بەستێنی راستییە سیاسی- کۆمەڵایەتییە ئاراییەکان بگونجێنێ و لەم پێوەندییەشدا وێڕای ئەلکساندێر دۆبچێک هەوڵێکی سیاسیی زۆریان بۆ فۆرمدان بە رەوت و خەباتی سیاسیی «مدون» و وەک دۆبچێک وتەنی ئاشت کردنەوەی کۆمۆنیزم و دێموکراسی بە روخساریکی مرۆییترەوە دا کە بوو بە سەرچاوەی ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە پڕاگ.

ساڵی ١٩٦٨ ئەلێکساندێر دۆبچێک بوو بە سەر کۆماری چیکوسلۆواکی. بەهاری پڕاگ لە چوارچێوەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک دا و بە چاکسازی لە سیستمی سیاسی و ئابووریدا دەستی پێکرد، بەڵام تەمەنی زۆر کورت بوو، بە هێرشی یەکیەتیی سۆڤیەت و لە سەر کار لابردنی دۆبچێک کۆتایی پێهات و دوکتور قاسملووش وەک کەسیک کە پەرەپێدەرو تێئۆریسییەنی ئەم هزرە بوو لە زانکۆی پڕاگ بەرپرسیارەتی و پلەی جارانی نەما و دواتر ناچار بوو چێکۆسلۆواکی جێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە پاریس.

دوکتور قاسملوو لە پاریس لەگەڵ رێبەرانی حیزبی سۆسیالیست بە تایبەت فرانسوامیتران و بێرناردکۆشنێر لە پێوەندیدا بوو. لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی سۆسیالیستەکان لە دەیەکانی هەشتا و هاوکات بوونی لەگەڵ خەباتی دوکتور قاسملوو دژی کۆماری ئیسلامی ئەم پێوەندیانە بەربڵاوتر بوونەوە. بە قووڵتر بوونەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستان و هاوکات بوونی لەگەڵ شەڕی عێراق، دکتۆر قاسملوو لەگەڵ دیکتاتۆرێکی وەک سەدام حوسێنیش سەروکاری پەیدا کرد، بەڵام بە ئەزموون و لێهاتوویی دوکتور لە سیاسەت دا بوو بە هۆی ئەوەی کە هیچ کات وەک موجاهیدینی خەلق لەگەڵ عێراق نەچێت لە بەرەیەکەوە و سەربەخۆیی خۆی و هێزەکانی حیزبی دێموکڕات

بپارێزێ. ئەو بەڵگانەی دوای رووخانی سەددام لە ئیستخبارات دەست کەوتن، هیچ بەڵگەیەک لەسەر لاوازیی دکتۆر قاسملوو یا کەڵک ئاژۆیی سەددام لە هێزو پێشمەرگەکانی دێموکڕات لەم پێوەندییەدا دیار ناخات.

ساڵی ١٣٤٩ دوای دەرچوونی راگەیەندراوی ١١ی مارس و رێککەوتنی نێوان رێبەری بزووتنەوەی باشووری کوردستان و دەوڵەتی عێراق دەرفەتی چالاکیی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر بوو. لەم ماوەیەدا دکتۆر قاسملوو لە ئورووپا گەڕایەوە و بە یارمەتیی چەند کەس لە هاوڕێیانی نزیکی خۆی بەرپرسایەتیی بووژاندنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی وەئەستۆ گرت. لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزبدا کە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ گیرا، دکتۆر قاسملوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵبژێردرا و پاشان لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبدا وەک سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا و بەم جۆرە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ سکرتێری گشتی و بەرپرسی یەکەمی حیزب و ئیدارەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی گرتە ئەستۆ و لە یەکێک لە دژوارترین هەلومەرجەکانی خەبات دا ئەم حیزبەی رێبەری کرد.

دکتۆر قاسملوو لە رەوتی خەبات دا هەمیشە هەڵوێستی حیزبی دێموکڕاتی بە روونی راگەیاندوە و لە پێناوی وەدیهاتنی ستراتیژیی حیزب کە دیاری کردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد و ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکڕاتیک و سەربەخۆ و ئازاد دایە، هیچ شک و دڕدۆنگی نەبووەو کارنامەی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی وەک عەیاری مەحەک بۆ دوارۆژ هێشتەوە.

دکتۆر قاسملوو لە ماوەی شۆڕشی ٥٧ و خەبات دژی پاشایەتی بەردەوام لەگەڵ رێکخراو و دامەزراوە شۆڕشگێڕەکان هاوکاری هەبووەو هاوکات باسی لە رێزگرتن لە ئازادییە دێموکڕاتیکەکان دەکرد. لەکارەکانی لەم پێوەندیەدا دەتوانین ئاماژە بە یەکیەتیی بەشێک لە پارت و رێکخراوە جۆراوجۆرەکان بۆ وەبەر هێنانی نەمامی دێموکڕاسی و دانوستان لەگەڵ خومەینی و مەهدی بازەرگان بکەین، ئەو دانوستانەی کە تێرۆری خۆشی لێ کەوتەوە، و بە شەهید بوونی رستە گرنگەکەی خۆی واتە» گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا» ، بە کردەوە سەلماندی و تەنانەت هەنگاوێک لە بەرامبەر داوا پاوانخوازییەکانی خومەینی و دەوروبەرەکەی پاشەکشەی نەکرد.
دکتۆر قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران نارەزایی دەربڕی و روونی کردەوەکە » باڵوێزخانەکان دەبێ زانیارییەکانی وڵاتەکەی خۆیان لە وڵاتی خانەخوێ دا ئابدەیت بکەنەوە، بەلام ئەگەر ئەو سنوورەیان تێپەڕاند و دەستیان کرد بە سیخوڕی، سەرەتا دەبێ سیخوڕەکان بە کەسێکی نەگونجاو

بناسێندرێن دەر بکرێن. ئەگەر هەر درێژەی هەبوو دەبێ پێوەندییەکان کەم بکرێنەوە یان بە تەواوەتی بیر لە پچڕاندنی پێوەندییەکان و دەرکردنی باڵوێزەکە بکەینەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێک دەست بەسەر باڵوێزخانەدا گرتن ڕێگە پێدراو نییە«.

ناوبراو چەندین جار لە وتووێژی دەگەڵ ڕۆژنامەکانی کەیهان، ئیتلاعات، ئایەندەگان، ئێرانی فەردا تەنانەت رادیۆ کوردستاندا رایگەیاندوە کە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بە واتای جیابوونەوەی کوردستان نییەو ئێمە خۆمان بە ئێرانی دەزانین و داواکانمان سادەترین و سەرەتاییترین مافی دێموکڕاسی‌یە کە بە پێی قانوونەکانی ڕێکخراوەی نەتەوەکانیش مافی هەموو کەسێکە.

دکتۆر قاسملوو بەر لە ڕاپرسی ٥٨ لە لای بازەرگان و زۆربەی ڕاگەیەنەکان بە هۆی روون نەبوونی ماهیەتی ئەم ڕێفراندۆمە، بایکۆتی کرد و بە دوور لە پرنسیپە دێموکڕاتیکەکانی زانی، کە خەڵکی کوردستانیش بەم پێیە بە گشتی ڕاپرسیان بایکۆت کرد و دەکرێ بڵێین دەنگیان بۆ دیاری کردنی سیستمی سیاسی نەدا و مەشرووعیەتیان نەدایە کۆماری ئیسلامی.

دکتۆر قاسملوو ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ لە حاڵێک دا بۆ دانوستان لەسەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ پرسی کورد لەگەڵ چەند نوێنەری ئێران لە ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش خەریکی وتووێژ بووە لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەدەستی نوێنەرە تێروریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا. لەم کردەوە نا جوانمێرانەیەدا دکتۆر فازل ڕەسووڵ، کوردی باشووری کوردستان و مامۆستای زانکۆی ڤیەنیش بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو.

کاک دکتۆر و هاوڕێکانی لە سەردەمی سەرکۆماریی کورت والدهایم دا لە ئۆتریش تێرۆر کرا، ئەم سەردەمی کورت والدهایم بە باشترین سەردەمی پێوەندی ئێران و ئۆتریش دەزانرێ پێوەندییەکان هێندە چڕوپڕ بوون کە ئەگەرچێ تێرۆریستەکان گیران، دواتر دەوڵەتی ئۆتریش ئازادی کردن و دانیەوە بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و سەرەڕای هەموو هەوڵەکان ٢٣ ساڵ بەسەر ئەم تێرۆرە لە ناوەندی ئورووپای پێشکەوتوودا تێدەپەڕێ و هیچ بڕیارێکی لەسەر دەر نەچووەو هیچ تاوانبارێک مەحکووم نەکراوە، ئەگەرچی ئەم ساڵانەی دوایی نازی بوونی والدهایم بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر سەلما بەڵام بە بیانووی پیر بوونی دادگایی نەکرا.

سەرچاوەکان:

- ماڵپەڕی کوردستان و کورد
- وتاری د. هێمن سەیدی
- نامەی ماستەری هوشمەند عەلی مەحموود

و: تەها رەحیمی

له ژماره ٥٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٢

## کۆنفرانسی برۆکسێل، بەیەک گەیشتنی ترس و هیوا

کۆنفڕانسە چوار لایەنەییەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زۆرترین فرەچەشنیی فکری و ئایدۆلۆژی، هاندان و تەحریم و لە کەشێکی پڕ باس و خواسدا و بە واتایەکی دیکە، وەک خاڵی پێک گەیشتنی ترس و هیوای سیاسی بەڕێوەچوو.

لەم کۆنفڕانسەدا چەند گەلاڵەیەکی وەک هەڵبژاردنی ئازاد لە سێبەری دەسەڵاتدارێتی سندووقەکانی دەنگدان، پێویستیی کەڵک وەرگرتن لە کەشی تەحریمی کۆماری ئیسلامی، پێوەندی و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ رۆژئاوا، روون بوونەوەی هەڵوێستەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرامبەر بەرنامە ناوکییەکەی ئێران و دژایەتی بەربڵاو لەگەڵ هێرش بۆ سەر ئێران و پێویستیی یەکیەتیی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان خرانە بەرباس و تاوتوێ کران. ئەم کۆنفڕانسە کە بە زۆرترین فرەچەشنیی بیروڕا و ئامانجەکان و بە مەبەستی یەکیەتی و هاوپێوەندیی

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی پێک هات، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی پارت و لایەنە سیاسییەکانی بە شێوەیەکی روون و بێ پەردە و بە شێوازی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاشکرا کرد.

ئەم کۆنفرانسانە بە سەرنجدان بە کۆبوونەوە و بەشداریی راستەوخۆی زۆربەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، دەربڕی باوەڕی هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە لاوازیی زۆر و لەدەستچوونی پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هێزی دەسەڵاتدار لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێرانە.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی ١٣٨٨ی ئێران خاڵی وەرچەرخان لە دژایەتی و ناڕەزایەتی بەربڵاوی خەڵک و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوو کە لەم جەریانەدا ناکاریگەربوون و تێگەیشتنی نادروستی زۆربەی لایەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لەم هەلومەرجە و نەبوونی پێوەندیی راستەوخۆ و هاوئاهەنگ لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران، دەرەتانی پێشهاتوو نە تەنیا هیچ سوودێکی بۆ ئۆپۆزیسیۆن نەبوو بەڵکوو دەرخەری کەلێنی قووڵی نێوان خەڵک و هێزە دژبەرە سیاسییەکان بوو. هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاویش کە لەگەڵ قەیران و راگەیاندنی هەڵوێستی نوێی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بۆ زیندووکردنەوەی سەرۆک وەزیری و هەڵوەشاندنەوەی سەرۆک کۆماری کە وەک خاڵێکی قەیرانی جیددیی داهاتوو دەناسێنرێ، کاریگەریی تەحریمەکان و تێکشکانی زۆربەی هاوپەیمانانی کۆماری ئیسلامی و گۆڕانی رێژەیی هەڵوێستەکانی زلهێزەکان سەبارەت بە حکوومەتی ئێستای ئێران، ناکۆکی و کەلێنە قووڵەکانی لایەنەکانی نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی، بەها و داخوازییەکانی نەسڵە نوێیەکانی ئێران کە لە چوارچێوەی ئەم حکوومەتەدا پێناسە ناکرێن، گوشارە ئابوورییە زۆرەکانی سەر توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و خڕبوونەوەی ئابووری لە چەند گەورەشارێکی تایبەت، رووبەڕووبوونەوەی نەریت و مۆدێرنیزم لە ئێران و چەندین فاکتەری دیکە وەک هۆیەکانی بەشداریی و ئامادەبوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوون کە لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکاندا بەردەوام هەوڵدان بۆ لێک نزیک بوونەوە و بەیەک گەیشتنێک لە ئارادا بوو. کاتێک کە پێویستیی رووخانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ببێتە یەقین، گرفت و لەمپەرەکان ئاسانتر لەسەر رێگە لادەچن و گەیشتن بە ئامانج ئاسانتر دەبێ بەڵام بە سەرنجدان بە ئەزموونی کەمی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە وەرێخستن و پێکهێنانی دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا کە ببێتە هۆی هاوپێوەندی، کۆنفرانسی برۆکسێل تەنیا بوو بە شوێنی دەربڕینی بیروڕا و ئایدیالەکانی ئۆپۆزیسیۆن و درێژەپێدانی بۆ داهاتوویەکی نادیار دواخرا.

هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن جیا لە کێشە نێوخۆیی و پێکهاتەییەکانی خۆیان بەردەوام لەم یەکگرتوویی و دانیشتنانەدا

لەگەڵ گرفتی زۆر هەستیار و گرینگ بەرەوڕوون کە تەنیا لە حاڵەتی وەڵامدانەوە و خستنەڕووی ڕێگەچارە بۆیان دەتوانن هاندەری پێویستیان بۆ درێژەدانی کار و چالاکی هەبێ و لە پشتیوانیی و بەشداریی کۆمەڵگەش بەهرەمەند بن. ئاشکرایە کە کار و کارنامەی هەر لایەن و حیزبێکی سیاسی بە سەرنجدان بە بابەت و کێشە ئەمڕۆییەکانی کۆمەڵگە پێداچوونەوەی نوێی بۆ دەکرێت. هەندێک لەم ئەولەویەت وەک پێویستیی خستنەڕووی پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراو بۆ ئازادی، خۆشگوزەرانی و دێموکراسی بە شێوەیەکی گشتی یان پێکهاتەی داهاتووی ئێران و دیایکردنی مافی کەمینەکان و نەتەوەکان، دەستنیشانکردنی سیستەمی ئابووری، شوێنگە و چلۆنایەتیی پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژئاوا، ڕۆڵی دەزگاکانی زانیاری و سەربازی لە داهاتوودا بە شێوەیەکی تایبەت لە گرینگترین پرسیار و پێشنیار و بابەتەکانی بەردەمی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنە کە دەبێ بە ئاشکرایی لە بەرامبەریاندا وەڵامدەر بێت.

بێجگە لەم بابەتانە بەرچاوترین فاکتەرەکانی کار و کردەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە حەزیان لە یەکگرتوویی و یەکیەتیی زۆربەی هاوبیرانی دژبەری کۆماری ئیسلامی هەیە، دەتوانرێ بە کورتی ئاماژەیان پێبکرێ. خستنەڕووی ئیستراتیژی و تاکتیکی دیاریکراوی کورت خایەن و درێژخایەن، خۆدوورگرتن لە ناکۆکی و تەواوییەتخوازی و پاوانخوازی، دابینکردنی سەرچاوەکانی ئابووری، بەرنامەڕێژی سیستەمی زانیاری گەیاندن و میدیایی، خەسارناسیی کۆمەڵگە و حکوومەت، هاوپێوەندی و دەروەست بوون دەرحەق بە بەشداریی لە پرۆسەی یەکیەتی دا، پێکهێنانی تیمی لێکۆڵینەوە لە ئەندامانی نەگۆڕ و داواکار لە ماوەی دوو کۆنفرانس، پێکهاتنی پێوەندیی روو لەگەشە و قووڵ لەگەڵ نەتەوە و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئێران، کەمکردنەوەی لانی زۆری تێچووەکانی بەشداریی و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و کەڵک وەرگرتن لە تواناییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و، کۆمەڵ و ڕێکخراو و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لە پێناو گەیشتن بە باشترین حاڵەتی گونجاو، گرینگترینی ئەو فاکتەرانەن کە وەک هۆکارە سەرەکییەکانی بەشداریی، یەکگرتوویی و کاری دروست دەرفەتی هەر چەشنە کەمکاری و کەمتەرخەمیی لەنێو بردوە و دەتوانرێ بگوترێ کە لەم حاڵەتەدا ژیانی سیاسیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە.

بەشداری نەکردنی هەندێک لە لایەن و حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە کۆنفڕانسی برۆکسێل و کۆنفڕانسەکانی پێشوودا، ڕاستییەکی دیکەیە کە نیشاندەری هەبوونی بۆچوون و ئایدیالی دیکەیە کە شوناس و پێویستیی خەبات لە یەکگرتوویی یان هەر چەشنە لێک نزیکبوونەوەیەکدا نابینن، هەر پێکهاتەیەکی حیزبی و غەیرە حیزبی سیاسی و تەنانەت مەدەنیی دژبەر لە حاڵەتێکدا کە داکۆکی لە بنەما و میتۆدی دێموکراسیخوازی بکات، بە بەشداریکردن و

خستنەڕووی بۆچوون و بەهاکانی خۆی لە نێو لایەنە دژبەرەکانی ڕێژیمدا نە تەنیا زەربە لە پڕستیژی خۆی نادات بەڵکوو بنەما مرۆیی و مۆدێرنەکانی دێموکراسیخوازی و ڕەوتی سروشتی چالاکیی سیاسی لەبەرچاو گرتوە و بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین بەشداری نەکردنی ئەم حیزب و لایەنانەی دژبەر و ئۆپۆزیسیۆنانەی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا هیچ هاوکارییەکی بە پێشوەچوونی لاوازیی بەرەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای ئیسلامیی ئێران ناکات، بەڵکوو دەتوانێ ببێتە ئەهرۆمێک لە دژی گەشەی بەشداریی و هاوپێوەندیی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن.

پێویستیە ڕاستەقینە و هەستیارەکانی خەباتی مۆدێرنی ئەمرۆکە بە سەرنجدان بە پێکهاتەی زۆر ئاڵۆزی دوژمنی ڕەهاخواز و تەواوخواز، لە حاڵەتێکدا کە بناسێنرێ و وەک پڕۆژەیەکی سیاسی لە لایەن گشت هێزەکانی دژبەرەوە بەڕێوە بچێت، دەتوانێ ڕێگەی دەرچوون بەرەو قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی ئاوەڵا بکاتەوە و ئاشکرایە کە ئەم بەشداری و یەکگرتنە لە حاڵەتێکدا دەتوانێ سەرکەوتوو بێت کە لایەنە سیاسییەکان بە پاراستن و بردنەسەری تایبەتمەندی و پێکهاتەی پێناسەکراوی خۆیان بتوانن هاوکات وەڵامدەری بەرپرسایەتیی گشتیی خۆیان لەنێو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بن. ئەزموونەکانی « کوە دانشگاه«و هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ۱۳۸۸ لە گۆڕەپانی سیاسیدا ئەوەیان سەلماند کە کردەوەخوازی و هاوهەنگاویی لەگەڵ خەڵک تەنیا ڕەمز و ڕێگەی سەرکەوتن لە بەرامبەر سیستەمی کۆن و کۆنەپەرستی ئیسلامییە و نەتەوەکانی ئێرانیش بە باشی ئەوەیان نیشان دا کە لە بارودۆخی خەباتدا لە هیچ چەشنە بەرنگاری و بەرخودانێک تەناخی ناکەن و خوازیاری ڕزگاریی یەکجارەکی لەژێر سێبەری سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامین.

و: سیروان مووساپوور

لە ژمارە ۵۸۸ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ۲۰۱۲

# کورد و رۆڵی لە بزووتنەوەی مۆدێرنی سیاسیی ئێراندا

بزووتنەوە و ژیانی مۆدێرنی سیاسی زۆرجار بە خستنەڕووی هزرگەلی داڕێژراوی چەپ بە ماهییەتی ئابوورییەکەی لە شێوازی بیروڕا و تیۆرییە مارکسیستییەکان و دروشمگەلی خۆشگوزەرانیی ئابووری، کۆمەڵگەی بێچین و کۆنترۆڵی سەرچاوە ماددییەکانی وڵات لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی هاووڵاتیاندا ناسێنراوە و پرۆسەی گەشەسەندن و پێشوەچوونی کۆمەڵی بە فاکتۆرە نوێیەکان بەرەو لای کۆمەڵگەیەکی بێچین پاڵ پێوەناوە. دژبەران و فاکتەرەکانی دژی تیۆرییە نوێیەکە زیاتر بە شێوەی دوو دەسەڵاتی ئابووری و نەریت کە بە دەربڕینێکی گشتیتر بە ئایین ناو نراوە خۆی نیشان داوە و سێگۆشەی دژایەتی و رووبەڕووبوونەوەی ئەم سێ هزرە ڕێگەی دەرکەوتن و دەرخستنی تیۆریگەلی نوێی لە بوارە فەلسەفی، کۆمەڵناسی و لە کۆتاییدا سیاسییەکاندا ئاوەڵا کردۆتەوە.

لە ئێراندا بزووتنەوەی مەشرووتە وەک دەسپێک و سەرەتای ژیانی مۆدێرنی سیاسی ناسراوە. بزووتنەوەیەک کە بە لاوازکردنی دەسەڵات و ئۆلیگارشی ئایینی و شکڵگرتن و بەهێزکردنی شەپۆلی نوێی بەریانە ماددییەکان بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا شۆڕشی مەشرووتەی هێنایە کایەوە. بزووتنەوەی مەشرووتە بە هۆی نەبوونی پێشینەی مێژوویی و کولتووری دڵخوازی خۆی بە خێرایی تێک شکا بەڵام ڕێگەی بۆ چالاکی و سەرهەڵدانەکانی دوایی خۆش کرد. شەڕی دووهەمی جیهانی و بە دوای ئەویشدا لاوازبوونی دەسەڵاتداریتیی پەهلەوی و لە لایەکی دیکەوە هەڵگرتنی هزرگەلی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، بەستێنی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چالاکییە سیاسییەکانی خوڵقاند.

حکومەتی میلليی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان خاڵی وەرچەرخانی باوەڕبەخۆبوونی سیاسی و ژیانی مۆدێرنی سیاسی بوون کە سەرەڕای تەمەنی کورتی خۆیان، دەسکەوتی گەلێک گەورە و گرینگی وەک بوار ڕەخساندن و پەرەپێدانی کولتووری یەکسانی و ئازادیخوازی، ڕێکخستنی سیاسی، چالاکیی مەدەنی ( هەرچەند بە کەموکورتی)، فەرهەنگ سازی و لە هەمووان گرینگتر خستنەڕووی مەسەلەی نەتەوەکان لە شکڵی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و دۆستانەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئێرانیان دەستەبەر کردبوو.

حکومەتی میلليی ئازەربایجان بە ڕێبەرایەتی جەعفەر پیشەوەری بە سەرنجدان بە لاساییکردنەوەی عەینی لە

سیستەمی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژێربنەما نەریتی و کۆنەکانی خەڵک دژایەتیگەلێکی زۆری هێنایە کایەوە. بەڵام کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد لەسەر بنەمای هاوکاریی و پێکەوەسازانی هزرە نوێیەکان و نەریتەکان بەبێ لەژێرپێنانی مافی هیچ هاووڵاتییەک و تەنانەت پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کەمینەکان لە شکڵی دابینکردنی سیستەمی نەتەوەیی کە ئەویش بە شێوەیەکی سەرەتایی و پڕ کەموکورتی بوو، بەڵام توانی تەنانەت دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش پێگەی جەماوەریی خۆی بپارێزێت. خاڵی لێک جیا کردنەوەی حکومەتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە پێکهاتەی سیاسیی دابوو. حکومەتی ئازەربایجان تەنیا لە هزرگەلی کۆمۆنیستی پێک هاتبوو و دوای ڕووخانی حکوومەتەکە بە هۆی نەبوونی یەکگرتوویی و ڕێکخستنی سیاسی ڕێکوپێک، خەباتکارە ئازەرییەکان بۆ سەر چەندین گروپ دابەش بوون بەڵام کۆماری کوردستان کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دامەزرابوو، دوای ڕووخانیش لە ماوەیەکی کورتدا توانی سەرلەنوێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک درێژە بە چالاکییە سیاسییەکانی خۆی بدات و لە بەرامبەر پێشهاتەکانی دواییدا خۆی ڕابگرێ.

حیزبە سیاسییەکانی ئێران دوای مەشرووتە حیزبی توودە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون کە هەتا ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی و پەیدابوونی حیزبە نوێیەکانی وەک حیزبی (مردم) و حیزبی ( ملیون) و ... لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیدا بوون و دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و لاوازبوونی حیزبی توودە، بواری لێک هەڵوەشانی ئەو و دەرکەوتنی حیزبە نوێیەکانی دیکە ڕەخسا بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی پێگەی جەماوەرییەوە هەروا لە مەیداندا مایەوە.

دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی هزرە نوێیەکان و کەشی گونجاوی پڕوپاگەندەی سیاسی بوو بە هۆی ئەوەکە دوو جۆرە هزری چەپ و ڕاست لە دژی دوژمنێکی هاوبەش کە سیستەمی سواو و ڕزیوی پاشایەتی بوو، زاڵ ببن. هزرگەلی ئایینی و نەریتیی ڕاست بە هۆی پێشینەی زۆری مێژوویی، نەبوونی وشیاری و کولتووری دێموکراسیخوازی، نزمبوونی ئاستی خوێندەواری خەڵک و ناکۆکی و فرەچەشنی زۆری ئەندێشە چەپەکان و تەنانەت هاوکاری و پشتیوانی گەورە زلهێزەکان لە سیستەمی نەریتی بە هۆی هەستیاربوونی جوگرافیایی و ئیستراتیژیی ئێران، بوو بە هۆی ئەوەکە سیستەمی بیرکردنەوەی ئایینی بتوانێ بە دەسەڵات بگات و بوار بۆ ئامانجە دڵخوازەکانی خۆی بڕەخسێنێ.

کوردستان بە هۆی کارنامەی سیاسیی خۆی نە تەنیا جێگەی جێگیربوونی حیزبە کوردییەکان بوو بەڵکوو گشت

حیزبە غەیرە کوردییەکانیش یان وەک شوێنی سەرەکی جێگیربوونی خۆیان لە کوردستان مانەوە یان دەفتەر و لقیان لە کوردستان وەڕێخست.

حیزبە کوردییەکان بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە خوازیاری مافی نەتەوەیی خۆیان بوون، دوای دانیشتن و چاوپێکەوتنی زۆر لەگەڵا خومەینی و دەوروبەرەکانی بەو ئاکامە گەیشتن کە سیستەمی دەسەڵاتداریی نوێ وەک ڕێژیمی پەهلەوی سیستەمێکی تەواوخوازە و هیچ بایەخێک بۆ ماف و داواکارییەکانی غەیری خۆی دانانێت. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە رێبەرایەتی دوکتۆر قاسملوو ریفراندۆمی ساڵی 58یان تەحریم کرد و داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکایان بە کردەوەیەکی هەڵە و نادروست لەقەڵەم دا. راگەیاندن و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حاڵێکدا بوو کە تەواوی لایەنە سیاسییەکان یان پشتیوانیان لە خومەینی دەکرد یان لە دژایەتیی ئەودا هیچیان نەدەگوت.

دوای ڕیفراندۆمی ٥٨ و ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی، خومەینی بە زیندانی کردن، ئەشکەنجە و ئێعدام کۆڵەکەکانی سیستەمی نوێی قاییم کردن و بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، حوکمی جیهاد و هێرش بۆ سەر کوردستانی دەرکرد، شەڕێکی تەواو عەیار کە هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان بە ژن و پیاو و پیر و منداڵەوە تێیدا شەهید و بریندار بوون. هێزە سیاسییەکان کە بە زیاتر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە بوون دەستیان دایە بەرەنگاری و پشتیوانی خەڵکی کوردستانیش لەم حیزبانە بارودۆخەکەی بۆ کۆماری ئیسلامی ئاستەمتر دەکرد. کوردستان تەنیا جێگەی ئێران بوو کە ڕێژیم شەڕێکی هەمەلایەنەی تێدا دەست پێکردبوو و بە شکانی خۆی تەنیا توانی بە دامەزراندنی پایەگای نیزامی و ئیتلاعاتی درێژە بە گوشارەکانی بۆ سەر خەڵکی کوردستان بدات بەڵام حیزبە کوردییەکان توانیان درێژەی بە خەباتی سیاسی و نیزامیی خۆیان بدەن و ئاڵاهەڵگری خەبات بە دژی نادادپەروەریی نوێ بن.

شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقیش ئەو کارەساتە بوو کە تێیدا تەواوی نەتەوەکانی ئێران و عێراق ناچار بووون تێچوویەکی زۆری بۆ بدەن. کوردەکانی ئێران و عێراق لەم شەڕە نەخوازراوەدا زۆرترین زیانیان پێگەیشت و لە لایەن کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی عێراقەوە لە ئاگری ئەم شەڕەماڵوێرانکەرەدا تووشی خەسار و زیان بوون چونکە هەر دوو ڕێژیمەکە کوردەکانیان بە زەنگی مەترسی و خاڵی لەتبوون و نابەردەوامیی هەبوونی خۆیان دەزانین. ئەم شەڕە سەرەڕای هاتنەئارای بارودۆخی لەبار بۆ ئاگربەست دوای ساڵا و نیوێک، بە پێداگریی لە لایەن کۆماری

ئیسلامییەوە درێژەی کێشا و لە سایەیدا هەر دوو ڕێژیمەکە بە تایبەت کۆماری ئیسلامی دەستیان بە لەناوبردنی دژبەران و دوورخستنەوەی حیزبە سیاسییەکان کرد و تەنیا بیرهێنانەوەی ئەو ستەیە کە "شەڕ بۆ ئێمە ئیعمەتە" بەسە بۆ ئەوەی بتوانرێ لەبارەی شوناسی شەڕی ٨ ساڵە قەزاوەت بکرێ. بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت و هەڵەبجە و ئاوەدان نەکردنەوە و تەنانەت بەهێزکردنی هێزی سەربازی و ئیتلاعاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگەی کوردستانی بە تەواوەتی تووشی بارودۆخێکی قەیراناوی کرد و هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش بە پشت ئەستوور بوون بە پشتیوانی نەتەوەی کورد، هەروا درێژەیان بە خەبات دژی سیستەمی تەواوخواز و پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە لانیکەمی مافە ئینسانییەکانی خۆیان دا.

شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو، یەکێک لە ڕێبەرانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات لە کاتی دانیشتن و دیالۆگ لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئۆتریش و، تیرۆری دوکتۆر سادق شەڕەفکەندی یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانی کورد و جێگرەوەی دوکتۆر قاسملوو لە بێرلین، بە روونی دەرخەری حەساسییەتی کۆماری ئیسلامی بە کورد و کوردستانە.

حیزبە غەیرە کوردەکان بە چوونەدەر لە وڵات و درێژەدانی چالاکییەکانی خۆیان لە وڵاتانی ئەورووپایی، بەردەوام رووبەڕووی گرفتی پەیوەندیی و ڕێکخستن بوونەتەوە و تەنانەت زۆریان یان لەنێو چوون یان هەتا سەرەتاکانی سەرۆک کۆماریی ئەحمەدی نژاد نەیانتوانی چالاکییەکی ڕێکوپێکیان هەبێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵە و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لەو حیزب و لایەنە سیاسییانە بوون کە بە شێوەی ڕێکخراو درێژەیان بە کار و چالاکییەکانی خۆیان داوە کە لەنێویاندا تەنیا حیزبە کوردییەکان بە هۆی جێگیربوون لەسەر سنوورەکانی کوردستانی ئێران و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و تەشکیلاتی نهێنی پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ خەڵک پاراست و پێگەی جەماوەریی خۆیان لەدەست نەدا.

ناڕەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ١٣٨٨ خاڵی بەهێز و تەنانەت خاڵی وەرچەرخانی ژیانی سیاسی بوو و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان جارێکی دیکە لە قۆناغی گەشانەوەی چالاکیی خۆیان نزیک بوونەوە. بەڵام گرینگترینی ئەو بابەتانەی لە سەردەمی نوێدا لەبەرچاون، نەبوونی یەکگرتوویی و هاوکاری نێوان حیزبە سیاسییەکان و ناهاوچەشنی و ناهاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێرانە. تەنیا لە کوردستاندا ئەم مەسەلانە بە شێوەی قەیراناوی بوونیان نییە بەڵام لە بەشەکانی دیکەی ئێران جیاوازی بیروڕا و بۆشایی تەشکیلاتی سیاسی کە

توانای ئاراستەکردنی خەڵکی هەبێ، بەردەوام وەک گەورەترین گرفت بوونی هەیە و لە لایەکی دیکەوە تەواوخوازی حیزبە غەیرە کوردییەکان و پاوانخوازی ئەوان لە چوارچێوەی حکومەتێکی ناوەندی کە گشت ناوچەکانی ئێران بە تەنیایی بەڕێوە ببات، بیرهێنەرەوەی ئەزموونە تاڵەکانی ڕێژیمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییە. بە سەرنجدان بە رابردووی خەباتی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن و تەنانەت ئەزموونی وڵاتانێکی وەک سویس و سوئێد، کانادا، ئەڵمان و ... دەرخەری ئەمەیە کە دروستترین ڕێگە بۆ ئەنجامدانی ئەرک و هەڵاتن لەدەست دیکتاتۆری هەر ئەو ئەزموون و دروشمانەی حیزبە کوردییەکانن کە پێیان وایە دەبێ بە کۆنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند و دامەزرانی سیستەمی فیدراڵی دەرەتانی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات لە چوارچێوەی حکومەتێکی ناوەندیدا بە نەتەوە جۆراوجۆرەکان بدرێ و بە ڕێزدانان بۆ هەست و ئیرادەی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران یەکگرتوویی درێژخایەن دەستەبەر بکەین.

کوردستان و کار و کارنامەی حیزبە کوردییەکان ئەگەر لە لایەن لایەنە سیاسییە غەیرە کوردییەکانەوە گرینگی پێنەدرێ و جارێکی دیکە بە دروشمە گشتییەکان و زەینگەرێتی بمانهەوێ بە دامەزراندنی سیستەمێکی غەیرە دێموکراتیکی دیکە کە تەنیا دروشمی دێموکراتیک هەڵدەگرێ، پێداگری بکەین بێگومان هەڵەکانی ڕێژیمەکانی رابردوو دووپات دەکرێنەوە و تەواوی خەڵکی ئێران و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەمڕۆ دەبێ جارێکی دیکە نرخەکەی بدەن.

و: سیروان موساپوور

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## هۆکارەکانی ئێعدامی بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی ساڵی ٦٨ و شوێنەوارەکانی

ئێعدام و ئەشکەنجە لەو حکوومەتانەی کە خۆیان بە نوێنەری مەزهەب و یان خودا دەزانن، جینایەتی سیستمی دەسەڵاتدار پەرە پێ دەدەن و دەبنە هۆی یەکگرتوویی هێزە دژبەرەکان و لە کۆتایی دا رووخانی ئەو رێژیمەی، رووخانێک کە ئیدی گەڕانەوە بۆ ئەو حکوومەت ئایینییە محاڵ دەکا.

کۆماری ئیسلامی لە چوار قۆناخدا کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆی قایم کرد. سەرەتا هاوکاری و هاوئاراستەیی لەگەڵ پارتە ئوپۆزیسیۆنەکان تا قۆناخی گەیشتن بە دەسەڵات، دووەم کەڵکوەرگرتن لە پێشینەی ئایینی و ئاستی نزمی خوێندەواری و فەرهەنگیی خەڵک، کە لەم قۆناخەدا بە تۆمەت و کەش خوڵقێنی ئوپۆزیسیۆنی بە دژی شۆڕش ناساند و ئەوانی لە مەیدانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دوور خستەوە، سێیەم کوشتن، ئەشکەنجە، زیندانی کردن و دوور خستنەوەی دژبەران، چوارەم تیرۆر کە بە واتایەکی دیکە سزای بان قانوونی پێدەوترێ.

ئەشکەنجە و ئێعدامی دژبەرانی رێژیم دەکەوێتە فازی سێیەمی پتەوکردنی بنەماکانی کۆماری ئیسلامی؛ کە ئاڵقەیەک بوو لە شێواز و لۆژیکی دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژیکی دەسەڵاتدار کە دەبوو لە قۆناخێکی دیاریکراو جێبەجێ بکرێ تا پرۆسەی سەقامگیری تەواو بێ. ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و دژبەران لە ساڵەکانی ٦٥ تا ٦٨ کە خەرمانانی ساڵی ٦٧ ئەو چڵ و پۆپەی ئەم ئێعدامانە بوو نەک لە لاوازی و بێدەسەڵاتیی سیستمەوە سەرچاوەی نەدەگرت بەڵکوو بەشێک بوو لە پیلانێکی لە پێشدا بەرنامە بۆ دارێژراو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە زۆر روون میتودی فیکری و هزری رەهای خومەینی و شوێنکەوتووانی دەردەخا کە بۆ حکوومەت کردن ئەم شێوازەیان بە شوناس و ئەرکی شەرعیی خۆیان دەزانی و ئەگەر مێژوو چەندین جار دووپات بێتەوە ئەم ئاڵقە نگریسە بەردەوام لە مێژوودا روو دەداتەوە.

بڕاوەیی خومەینی وەک کاریزمای ئایینی کە خۆی پێ نوێنەری ئیمامی دوازدەیەمی شیعەکان دەزانێ و رەوابوونی دەسەڵاتەکە لە رێگەی سیغەی ویلایەتی فەقیهەوە بە خواوە دەبەستەوە، بناخە و بنەمایەکە کە لە ژیانی کۆماری ئیسلامی دا هەمیشە وەک گەورەترین فاکتەری یەکگرتوویی لایەنگرانی سیستم و گەورەترین کێشەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان خۆی دەرخستوە.

کۆماری ئیسلامی بە دروست کردنی دووبەرەی ئایین و کفر کەڵێنی خستۆتە نێوان خەڵکی ڕەمەکی و دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو حوکمانەی دەردەچن بە دژایەتی خودا دەناسێنێ و بە شێواندن و لەرزۆک کردنی هزری کۆمەڵایەتی بواری بۆ درێژەپێدان و مانەوەی حکوومەتی ویلایەت فەقیهی خۆش کردوە.

کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧دا کە بە بیانووی ئۆپراسیۆنی «فروخ جاویدان»ی موجاهیدینی خەلق و لەق کردنی کۆڵەکەکانی حکوومەتی ئیسلامی و هەرەوەزی کفر لە بەرانبەر ئیسلام دا ئەنجام درا، بوو بە هۆی دەسپێشخەریی کۆماری ئیسلامی تا پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان تووشی قەیران بکا و پێگەی کۆمەڵایەتی و بوونیان لە نێو خەڵک دا دابەزێنێ. لەم نێوەدا تەنیا پارتە کوردستانییەکان کە خاوەن پاشخانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی باشتر بوون لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا باشتر بوون کە ئەم هێژمۆنییە ڕێژەییەی پارتە کوردییەکان بوو بە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی کوردستان بکا بە مەیدانی شەڕ، بەڵام پارتە کوردستانییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە پێگەی خەڵکی و فەزای نەتەوەیی، درێژەیان بە چالاکیی خۆیان دا.

فازی سێیەمی پیلانی کۆماری ئیسلامی کە هەمەن کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان لە هەلومەرجێکی هەستیار و ئاڵۆزی شەڕی هەشت ساڵەدا رووی دا، شەڕێک کە تەواوی خەڵکی ئێرانی تووشی قەیرانێکی جیددی کردبوو کە هێزە دژبەرەکانی سیستم و چالاکانی سیاسی بە کردەوە لە هەر هەنگاوێک دا دەبوو سەرەڕای پاراستنی بوونی خۆیان و نۆژەنکردنەوەی سترەکتوری ڕێکخراوەیی، کەشی شەڕ و حەساسییەتەکانی خەڵکی ئێران و تێچووە گرانەکانی بەردەوامی خەبات لەبەر چاو بگرن. کوژرانی لاوانی ئێران لە شەڕی ٨ ساڵەدا، بەدیل گیران و برینداربوونی زۆرێک لە سەربازان لە بەرەکانی شەڕدا، وره و ڕوحیەی بنەماڵەی کوژراوان و برینداران و بەدیل گیراوان، ئابووریی لاوازی خەڵکی، نەبوونی هەلومەرجێکی لە باری پروپاگەندەیی و دەرفەتی زۆر سەرەتایی میدیایی و چاپەمەنی بۆ پڕوپاگەندە و برەوپێدانی بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی و میدیایی زۆر بەهێز و پرۆپاگەندەی بە بڕی ڕێژیم و کەڵکوەرگرتن لە ئیحساساتی مەزهەبی، ئەم فاکتەرانە بوون کە ڕەوشەکەیان بە هێژمۆنی کۆماری ئیسلامییەوە خستە فازێکی دیکەی سەقامگیرییەوە.

کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی ساڵەکانی ٦٥ تا ٦٨ بوو بە هۆی دووبەرەکی و لێک دوورکەوتنەوەی ئۆپۆزیسیۆن لە سەر ئاستی ئێران و دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی ئامادەیی و کاریگەریی پارتە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات برەوپێدانی ڕوحیەی ناسیۆنالیستییەکە، کە لە لایەن دوکتور قاسملوو و دوکتور

شەرەفکەندییەوە جێ خرابوو، ئەو ڕێبەرانەی کە لە فازی چوارەم واتە تێرۆر کەوتنە بەر رق و کینەی رێژیمەوە و لەو کەسانە بوون کە شەهید کران.

لە فازی سێیەم و بەتایبەت کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان لەساڵی ٦٧دا، رێژیمی کۆماری ئیسلامی نەک هەر ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی قەڵتوبڕ کرد بەڵکوو لە پەنای ئەودا لەگەڵ زۆربەی دژبەرە نێوخۆییەکانی خۆشی تەسفیە حیسابی کرد و دەستی کرد بە بەهێزکردن و یەکدەست کردنی بەدەنەی دەسەڵاتدار. نیزام، ئێعدام و ئەشکەنجەی کرد بە بەشێکی جیانەبۆوەی ئیدیۆلۆژی و میتۆدی حکوومەتداری خۆی و زۆربەی بودجەی وڵاتی بۆ ڕاهێنانی هێزە سەرکوتکەرەکان تەرخان کرد. سیستمی قەزایی و جێبەجێکار بە پێی سڕینەوەی دژبەران و نەهێشتنی هەلومەرجی دژایەتی خۆی ڕێکخست و سێ هێزەکەی لە چوارچێوەی پاراستن و بەردەوامیی گوشاری کوشتن ڕێکخست. حەوزەی علمییە دەستی کرد بە داڕشتنی تیۆری و لێکدانەوەی ئیلاهییانەی ئەو حوکمانەی دەردەچوون و سیستمی پەروەردە و بەتایبەت زانکۆ کە دەبێ حاڵەتی پەروەردەیی زانستی و پراکتیکی بە ئاراستەی پێکهێنانی کۆمەڵگە بێ دەستی کرد بە پەرەپێدانی بیرورا و یۆتۆپیایی سیستمی ئیلاهی.

ساڵی ٦٧ ئەزموونێکی زۆر هەستیار و کارەساتبارە کە پێداچوونەوە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی دەتوانێ زۆربەی هەڵە و کێشەکانمان بۆ دەر بخا و دروستکردنی سەرچەشن بۆ چالاکیی لە بیاڤی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی بە پشت گوێ خستنی ئەم ڕووداوە مێژووییانە کە بە نرخی شەهیدبوونی هەزاران کەس لە ئۆپۆزیسیۆن بە دەست هاتووە، دەتوانێ خاڵی لێڵ و تەنانەت پاشڤەڕۆیی چالاکییەکان لە ئاراستەی گۆڕینی سیستم و ڕەخساندنی بوار بۆ دامەزراندنی دیموکراسی بێ.

ئەزموونی مێژوویی و سیاسیی نێونەتەوەیی بەڕوونی نیشانی داوە کە هەر ڕێژیمێکی نادیموکراتیک تا ڕادەیەک دەتوانێ داخوازی و پێداویستییە مودێرنە سیاسییەکان خەوشدار بکا و دوای تێپەڕینی کات و بەهێزبوونی حقووقی دێموکراتیکی خەڵک کە لە حاڵەتی ئیحساسی دەرچووە و بووەتە پێداویستییەکی دڵخواز و پێویست، دەسەڵات بە هۆی داخوازی و سووربوونی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و خەڵک، لە نێوخۆی و هێزەکانی دا تووشی کەلێن دەبێ و لەگەڵ درێژەی هاتنە ئارای داخوازییە دیموکراتیکەکانی خەڵک، حکوومەت زیاتر دەچێ لە کەوڵی ئیتلاعاتی و سەربازیی خۆیەوە و دەرفەتی ئەو پلانانەی پێشتر داڕشتبوون لێ دەبەسترێ. تەنانەت زۆربەی هاوفیکر و هاوپەیمانانی پێشووی دەبن بە هێزێک کە بە پێچەوانەی شووناس و دەسەڵاتی سیستم، هەڵوێست دەگرن.

لەم هەلومەرجەدا رێزگرتن لە فیداکاریی زیندانییەکان و شەهیدانی رێگەی ئازادی تەنیا کاتێک دەتوانێ کاریگەر بێ کە هۆکارەکانی بیچم گرتن و جێبەجێ بوونی ئەو رووداوانە لێک بدەینەوە و لە هەر رووداوێکی مێژوویی بۆ یەکگرتوویی و بەشداریی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و هاوهەنگاوی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێرانی کەڵک وەرگرین. ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەت پارت و رێکخراوە کوردییەکان کە لە کۆمەڵگەدا خاوەن پێگەیەکی پتەوتر و سەقامگیرترن نابێ بە ئیحساساتی تاک رەهەندی و پاوانخوازی بە لارێ دا بڕوا و بە ئامادەبوون لە نێو خەڵکدا و وەپێش خستنی رووخانی کۆماری ئیسلامی، بەشداری و هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە بکەین بەلۆژیکی چالاکییەکانمان.

و: تەها رەحیمی

لە ژمارە ٥٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

---

## دوکتۆر شەرەفکەندی، وجوودێکی جیانەبۆوە لە شوناسخوازیی نەتەوەی کورد

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ سالەی د.شەرەفکەندی و هاورێیانی) نووسراوە.

کەسایەتیی هەر مرۆڤێک حاڵەتی پراکتیکی فەلسەفەی ئەو و، سیاسەتەکەی هونەری بەرێوەبردن و جێبەجێکردنی فەلسەفەکەیەتی هەر مرۆڤێکی خەباتکار خاوەن چوار رەهەندی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و سیاسییە. دوکتۆر شەرەفکەندی وەک یەکێک لە گەورە رێبەرانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستان رەهەندە وجوودییەکانی خۆی لەسەر شوناسی کوردی چڕ کردبۆوە و بە هاوئاهەنگیی لایەنە وجوودییەکانی خۆی لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردستان تا کاتی شەهیدبوونی هەروا قورس و قایم مایەوە و ئەمرۆکە دوای تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ

بەسەر شەهیدبوونیدا، یەکێک لە ئۆلگوو و سەرمەشقەکانی بزاڤ و خەبات لە ڕێگەی شوناسخوازی و مافویستی نەتەوەی کوردە.

ڕەهەندی تاکەکەسیی ژیانی دوکتۆر شەرەفکەندی لە کۆماری کوردستان و هاونشینی لەگەڵ براکەی، سیمای بەرچاو و ناوداری نێو وێژە و ئەدەبیاتی کوردستان و، بەوای ئەویشدا خوێندن و وەدەسهێنانی بڕوانامەی دوکتۆرای شیمی، دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ شەهید دوکتۆر قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان، چالاکیی بەردەوام لە دژوارترین هەلومەرجەکانی خەباتی بزووتنەوەی شوناسخوازیی کورد و سەرەنجام ڕێبەرایەتی کردنی حیزبی دێموکرات هەتا کاتی شەهیدبوونی شکڵی گرتوە و درێژەی کێشاوە. دوکتۆر شەرەفکەندی وەک تاکێک، پابەندی بنەما و بەها مرۆییەکان بوو، زۆر چالاک و ماندوویی نەناس، لە پێوەندیی دۆستانەدا سادە و دڵۆڤان بەڵام دەرحەق بە ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبی زۆر جیددی و تێکۆشەر بوو. دوای هاوکاری و بوونە ئەندام لە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک کەسێکی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرای شیمی، سەرەڕای ئەوەیکە دەیتوانی داهاتوو و پاشەڕۆژێکی خۆش و ئاسوودەی هەبێت، خەباتی شوناسخوازانەی کوردی هەڵبژارد و ڕێگەیەکی گرتەبەر کە هەتا کۆتایی تەمەنی سەرانسەر هەوڵ و خەبات و ڕەنج و ماندووبوون بوو. ئەو ڕەنج و ماندووبوونەی کە لەبەر داهاتووی کوردستان قبووڵی دەکرد و لە پەنا هاوسەنگەرە ئازادیخوازەکانی ئەرکی خۆی لە بەرزترین ئاستی گونجاودا بەڕێوە دەبرد.

بەرچاوترین بەشی لایەنی کۆمەڵایەتی ژیان و چالاکیی دوکتۆر شەرەفکەندی، تەواوی پێوەندییەکان و هەوڵ و هاوکارییەکانی ناوبراو لە سەرەتای خوێندنی باڵا هەتا کاتی شەهیدبوونیەتی کە بەردەوام لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە بە ئاسانی لەبەرچاو دەگیرا و بەردەوامیش هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد. دوکتۆر شەرەفکەندی خۆی بە ئەندامێکی کۆمەڵگە دەزانی کە دەبووایە ڕۆڵی خۆی بەڕێوە ببات و ئەم خاڵە گرینگە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی ناوبراویشدا کەم تا زۆر بەرچاو و شیاوی گرینگی پێدان بوو.

ڕووحیەی بەهێز و بیری بەرزی ناسیۆنالیستی (نەتەوەیی)ی دوکتۆر شەرەفکەندی یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە لە زۆربەی نووسراوە و وتارەکانیدا بەردەوام دووپات بۆتەوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە. ڕەمزی سەرکەوتنی کورد لە خەباتی شوناسخوازی و مافویستی لە ڕوانگەی دوکتۆر شەرەفکەندییەوە، بەهێزبوون و بایەخ پێدان بە هزری ناسیۆنالیستیی بوو. بیرکردنەوەی ناسیۆنالیستیی دوکتۆر شەرەفکەندی و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکراتی

کوردستان گرینگترین هۆکاری پاراستن و بەردەوامیی خەبات و چالاکیی بوو کە سەرەڕای هێرشەکان و لەسەرتربوونی سەربازیی و ئابووریی ڕێژیمەکانی باڵادەست، حەڵقەی مافخوازیی کورد لێک هەڵنەوەشا و هەتا گەیشتن بە شوناسی سەربەخۆی کورد درێژەی هەیە.

لایەنی سیاسیی ژیان و چالاکیی دوکتۆر شەرەفکەندی پێکهاتوو لە سێ ڕوحییە و فاکتەری پێشوویە. سیمایەک لە ژیان و کەسایەتیی ناوبراو کە سیاسەتی بە واتای دروست و لە جێگەی دروستی خۆیدا پێناسە کرد و لە ژیانی سیاسیی ئەودا لە سەردەمی ئەندامبوون هەتا ڕێبەریی حیزب، بەردەوام لە ئاستە جیاوازەکاندا لە خزمەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێویستییەکانی نەتەوەی کورد لە سەردەمی ژیانی خۆی و داهاتووی بەردەمیدا بوو.

پێشەوا قازی محەمەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوای کۆماری کوردستان، ناسیۆنالیزمی لە چوارچێوەی کوردستان و لە پێوەندی لەگەڵ مافە مەدەنییەکاندا پێناسە کرد. دوکتۆر قاسملوو فۆڕمی ڕاستەقینەتر و مۆدێرنی حیزبی سیاسیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و حیزبی لە حاڵەتی مانەوە لە چوارچێوەی کوردستان هێنایەدەر و بە لایەن و خەباتی ڕزگاریخوازانەی جیهانی ناساند و ئیعتباری نێونەتەوەیی بە حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد بەخشی و، ناسنامەی خەباتی نەتەوەیی کورد شوناسێکی جیهانی وەرگرت. دوکتۆر شەرەفکەندی بە نەهادینەکردنی بەڕێوەبەرێتی و کردەوەخوازیی ناو حیزب و پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب، بە تایبەت لە بیاڤی ڕاگەیاندندا جۆرێک سەقامگیریی بە دەسکەوتەکانی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و لە دژوارترین و قەیراناویترین بارودۆخەکاندا، کە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە کوردی و غەیرە کوردییەکان تووشی گۆشەگیری و تەریککەوتوویی ببوون، چالاکی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان نە تەنیا ڕانەوەستا، بەڵکوو دەتوانین بڵێین سەردەمی ڕێبەرایەتیی دوکتۆر شەرەفکەندی یەکێک لە کاریگەرترین قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتە.

پێشەوا قازی محەمەد، دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی سێ کۆڵەکەی بزووتنەوەی مۆدێرنی سیاسیی کوردن کە بە پێکهاتەشکێنیی سیاسی . فەلسەفی لە شێوازی نەریتی ناڕەزایەتیی کەم کاریگەر بۆ سیستەمی بەردەوام و شوێندانەر، بوون بە هۆی گەیشتن بە قۆناغی نوێی شوناسخوازی و مافویستیی کورد. ئەم سێ ڕێبەرە گەورەیە، کار و چالاکییەکانیان بە ڕادەیەک پێکەوەبەستراو و تێکهەڵکێشراوە کە لەبەرچاو نەگرتنی هەر یەکێکیان کەموکوڕی لە پرۆسەی ئاماژەپێدراودا پێک دێنێت.

دوکتۆر شەرەفکەندی چ ئەو کاتەی کە جێگری دوکتۆر قاسملوو بوو و چ لە سەدەمی ڕێبەرایەتی کردنی حیزبدا، رۆڵێکی کاریگەری لە کلاسیک کردنی سیستەم و کاری حیزبیدا هەبوو. جیاکردنەوەی چالاکی حیزب لە بیاڤە جۆراوجۆرەکاندا، یەکپارچەکردن و یەکگرتوویی ناوخۆیی حیزب و هاوئاهەنگیی زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی، گرینگیدان بە پێوەندی و هاوکاریی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردی و غەیرە کوردییەکان، بەردەوامیی هاوکاری و درێژەدانی چالاکی لە ئاستی نێوتەنەوەیی بە تایبەت لە کۆنگرەکانی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست و زۆر کار و کردەوەی دیکە دەرخەری جێگە و پێگە و کەسایەتیی سیاسیی دوکتۆر شەرەفکەندییە.

دەرکردنی فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان لەلایەن خومەینی و قۆناغی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و بەرگری لە بەرامبەر هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو بارودۆخە هەستیارە بوو کە بە بچووکترین سستی و کەمتەرخەمییەک لە بەڕێوەبەرایەتیدا، ئاکام و ئاسەواری مەترسیداری مرۆیی بەدواوە دەبوو کە دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی بە باشی توانیان توانایی بەرزی ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبەریی خۆیان لە کۆنترۆڵکردنی هەلومەرجەکە و بەرەوپێشبردنی خەباتی شوناسخوازانەدا نیشان بدەن و شێوەی شەهیدبوونیان بە ڕوونی دەرخەری حەساسییەت و مەیلی کۆماری ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووانە بوو.

چالاکی لە سەردەمی خەباتی چەکدارانە و پێویستیی بەردەوامیی میتۆدی سیاسی ـ فەلسەفیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێویستبوونی کولتوورسازییەکی تایبەتی لەم قۆناغەدا بە ڕوونی دەخستەڕوو. پێویستییەک کە لەو ڕابردووە مێژووییەدا، بارودۆخی ڕۆژ و دانەبڕانی خەبات و چالاکی لە داهاتوودا دەبووایە لەبەرچاو بگیرێت و کەڵکوەرگرتن لە تەواوی تواناییە ماددی و مەعنەوییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج کە هەمان شوناسخوازی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە ئێراندایە دەبێ بە وردی و بە دروستی هەڵسەنگێنرێ و بەرنامەی بۆ دابنرێت. بێجگە لە فاکتەرەکانی سەرەوە، باوەڕ بەخۆ بوون و پێویستیی نوێکردنەوەی ڕێکخستن و پەرەپێدانی پێگە و شوێنگە لەنێو کۆمەڵگەی کوردییش هەلومەرجەکەی هەستیارتر دەکرد.

دوکتۆر شەرەفکەندی ڕێبەرێکە کە توانی ڕۆڵی خۆی لە بەرزترین ئاستدا بەڕێوە ببات و تەنانەت شەهیدبوونی ناوبراو چ لە کوردستان و چ لە ئێران بوو نارەزایەتیی بەربڵاو و بەرچاوی لێکەوتەوە کە توانی وزەیەکی نوێ بە رەوتی ئازادیخوازی و شوناسخوازی بدات و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دادگای میکۆنۆس بۆ یەکەم جار سیمای کۆماری ئیسلامی و تایبەتمەندیی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمەی، نیشان دا و دەسەڵاتداریێتیی کۆماری

ئیسلامیی ناچار بە پاشەکشە و قبووڵکردنی تێچووی زۆری سیاسی ـ کۆمەڵایەتی بکات و لە روانگەی ئایدۆلۆژیکەوە شوناس و ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆی جارێکی دیکە لەسەر بنەمای زوڵم و گەندەڵی نیشان دایەوە.

و: سیروان موساپوور

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## ئیسلامی سیاسی و مەترسییەکانی سەرچاوەگرتوو لە نەریت لە گۆڕانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا

گەورەترین گرفتی جێگیربوونی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵات، ڕووبەڕووبوونەوەی رۆژئاواچییەتی و ئیسلامی سیاسییە کە لەژێر ناوی ڕووبەڕووبوونەوەی مۆدێرنیتە و نەریت لە ئارادایە.

بەهاری عەرەبی و حەزکردن بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵات بە خۆڕاگریی و بەرژەوەندخوازیی دەسەڵاتە عەرەبییەکان ڕۆژئاوایی بە توندترین ئاستی خۆی گەیشتوە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە سەرنجدان بە بەرچاوترین فاکتۆرە زانستی سیاسییەکانی خۆی بە ڕێڕەوێکی دژوار و ئەستەمدا تێپەڕ دەبێت. بەرچاوترین فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕادەی حەشیمەت، تێکنیک یان تەکنۆلۆژیا، ژێرخانی ئابووری، بەها کولتورییەکان، ئایدۆلۆژی و دژیەکی و دژایەتییە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانن.

ڕادەی حەشیمەت و فرەچەشنیی ئیتنیکی هەمیشە هۆکاری دابەشکردنی کار و گەشەی چڕ بوونەوەی ئەخلاقی. بەسەرنجدان بە بەربڵاویی جۆراوجۆری حەشیمەت لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی، دابەشکردنی کار هەمیشە بە شێوەی جۆراوجۆر هاتۆتە کایەوە و ئەم دابەشکردنە وەک بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و سامان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات لەبەرچاو گیراوە. ئەگەر نەریت وەک فاکتەری سەرتر باڵادەست بێ، بانگەشە بۆ پێوەندییە نەریتییەکان، سیستەمی کۆن و نادادپەروەرانەی غەیرە دێموکراتیک دەکات و پەرەیان پێدەدات و پێوەر و بناخەی دادپەروەریی

کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دەسەڵاتداریێتیی ئەشرافییەتی نەریتی لە فۆرمی ناتەواو و دواکەوتووخوازانە کە مافەکانی مرۆڤ فیدای بەرژەوەند و قازانجی جێگەی پەسندی نەریت دەکەن، دادەمەزرێت و چڕ بوونەوەی ئەخلاقی کە بەرهەمی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی حەشیمەتە، فیدای پێوەندییە پێناسەکراوەکان و نۆرمە کۆن و رزیوەکانی نەریت دەبێت.

یەکدەست کردنی حەشیمەت و بایەخ نەدان بە هەبوون و بەشداریی نەتەوەکانی دانیشتووی وڵاتێک یەکێکی دیکە لە کەموکووڕییەکان و نایەکسانییەکانی حکوومەتی نەریتییە کە هەوڵ دەدات یەکپارچەیی خاکی وڵات لە چوارچێوەی دەوڵەت ـ نەتەوەیەکدا لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بێنێت. حکوومەتەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەسەر بنەمای ئیسلامی سیاسی پەرەپێدەری نەریت و ڕێبازی دڵخوازی خۆیانن، بە پڕۆسەی دەوڵەت ـ نەتەوەیەک رازی نابن و ناونیشانی ئوممەت وەک ئاڵقەی تەنگی گەمارۆدانی کۆبوونەوەی حەشیمەت بەکار دێنن و لەم شێوازەدا دابەشکردنی کار و چڕ بوونەوەی ئەخلاقی تەنیا لە پێناوی بەهێزبوونی تاکە ئۆممەتێکدا دەتوانن بوونیان هەبێ.

تەکنیک و تەکنۆلۆژیا کە وەک فاکتەرێک دوای حەشیمەت و لە پێناوی گەشە و جووڵەی حەشیمەت بەرەو دێموکراسی و بایەخسالاری شوناس پەیدا دەکات، بە شێوەیەکی سروشتی لە سیستەمی دەوڵەت ـ نەتەوە یان تاقە ئوممەتێکدا، نە تەنیا نەبۆتە فاکتەری پێشڕەو، بەڵکوو وەک کۆنترۆڵکەری حەشیمەت و وەک ئامرازی گوشار بۆ سەر توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بەربەستی پاراستنی سیستەمی نەریتیی باڵادەست بەکار دێت و هەر داهێنان و نوێگەرییەک لە بیاڤە سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستییەکاندا تەنیا دەبێتە بەهێز کەری پێکهاتەی تەواوییەتخوازی نەریتی زاڵ.

ژێرخانی ئابووری کە وەک دیاریکەری سنووری چالاکیی تەکنیک و تەکنۆلۆژیا لە پێناوی کاریگەری دانان لەسەر حەشیمەت باسی دەکرێت و ئامانجە کۆتاییەکەی هێنانەکایەی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و دادپەروەرییە، تەنیا لەو بیاڤانەدا دێتە ئاراوە کە سیستەمی حاکم پێناسەی بکات و شتێکی سروشتییە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتییش ئەوەندەی دەگونجێ لە ڕێگای کۆنترۆڵی فاکتەرەکانی سەرەوە لە ڕێڕەوی هەبوون و جێگیربوونی نەریتی باڵادەستدا دەبێت.

بایەخ کۆمەڵایەتییەکان وەک پێوەری بایەخدانان و راکێشانی بەشداریی هێزە کۆمەڵایەتییەکانن کە ڕاستەوخۆ سێ فاکتەری پێشوو کاریگەرییان لەسەر داناوە و ئەم بەها کۆمەڵایەتییانەش بە شێوەی دوولایەنە کاریگەری لەسەر فاکتەرەکانی سەرەوە دادەنێن. بەها کۆمەڵایەتییەکانیش بە سەرنجدان بە کاناڵیزەبوونی فاکتەرەکانی حەشیمەت، تەکنیک و ژێرخانی ئابووری لە ئاقاری دڵخوازی سیستەمی دەسەڵاتدار لەسەر بنەمای هەمان پێداویستییەکان شکڵیان گرتوە و چالاکی دەکەن و سروشتییە کە هەر هێزێکی تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتی کە بە پێچەوانەی ڕەوتی بایەخە دیارەکان بێتە ئاراوە، وەک دژە بەها دەناسرێت و سیستەمی دەسەڵاتدار بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی گوشار هەوڵی ناچالاک کردنی بەرهەمی نادڵخوازی خۆی دەدات.

ئایدۆلۆژی وەک پێنجەمین فاکتەری گرینگ لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی خۆی وەک بەرنامە و لۆژیکی سیستەمی حاکم، ڕێکخەری پێوەندییەکانی نێوان چوار بنەمای پێشوو و ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنیان لە کۆمەڵدا دەبێت. ئایدۆلۆژیا بە سەرنجدان بە جۆری دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، پێوەندیی نێوان دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا، ڕێگەچارە دەخاتە ڕوو و ناوەرۆکی خودی ئایدۆلۆژی، بەردەوامیی یان لاوازبوونی دسەڵاتدارێتیی دەستەبەر دەکات.

شەشەمین و دوایین فاکتەری کاریگەر لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، ناتەبایی و ململانتییەکانن. ناتەباییەکان ناهاوهەنگاوییەکان و نارەزایەتییەکانی خەڵکی دانیشتووی وڵات یان بڕیتنی کۆی ناهاوئاهەنگی و ناتەباییەکانی نێو پێکهاتەی دەسەڵاتی حاکم کە دەبنە هۆی لەرزۆک بوون و لاوازیی پێکهاتەی حکوومەتی و، پێوەندیی تەندروست و لۆژیکیی نیوان پێنج بنەماکەی پێشوو لەنێو دەبات. لەم قۆناخەدا ناتەباییەکان بە گشتی دەبن بە توندوتیژیی و پێویستیی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و جێگرتنەوەی سیستەم و میتۆدی نوێی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخات.

کاتێک کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێرا بێت و هەڵوەشانی تەواوەتیی سیستەمی حکوومەتی و ژێربیناکانی لەگەڵدا بێت، پێی دەگوترێ شۆڕش بەڵام ئەگەر بوار و بەستێنی گۆڕان و بارودۆخی تێپەڕبوون لە قۆناغی ژێردەست بۆ قۆناغی ناوەندی یان باڵادەست دابین نەبێت، قەیرانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی ئارایی بواری هاتنەکایەی ئاڵۆزی و پشێوی و شەڕی ناوخۆیی ئاشکرا یان نهێنی دەخوڵقێنێ.

هەر کۆمەڵگەیەک بە سەرنجدان بە شێواز و جۆری گۆڕان و ئاڵوگۆڕی خۆی و دامەزراندنی سیستەمی نوێ، تێچووی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی و کولتووریی بۆ دەدات. ئەزموونەکانی بەهاری عەرەبی و دەسەڵاتداریتیی ئیسلامی سیاسی لەسەر بیروڕا یان سیستەمی حکوومەتیی هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا زیاتر زاڵبوون و جێگیربوونی دەسەڵاتداریتیی ئایینی یان بە واتایەکی گشتگیرتر نەریتی لێ کەوتۆتەوە کە بە سەرنجدان بە جیانەکردنەوە و ڕوونیی فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی شێوازی مۆدێرن و دێموکراتیکی فاکتەرەکانی گۆڕان، هێز و وزەی کۆمەڵگە و خەڵک بە ڕێڕەوێکی پێچەوانەی بنیاتنانەوە و ڕەوتی پێشکەوتنخوازانە بەکار هێنراوە و بەرەی دژە ڕۆژئاوایی و بەرگری لە بەها نەریتی ئایینییەکان بە شێوەی زۆر توندوتیژ و ناڵۆژێکی، کەش و سەرچاوە ماددیی و هزرییەکانی کۆمەڵگەی لە پێناوی بەرگری لە نەریت و زەربەلێدان لە مۆدێرنیتە بەکار خستوە.

ناڕەزایەتیی توندوتیژانە و دژکردەوەکانی زۆر توندی ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی کە تەنانەت ئەزموونی بەهاری عەرەبیشیان تێپەڕاندووە، لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی فیلمی «بێگوناحیی موسوڵمانان» و هێرش بردن بۆ سەر باڵوێزخانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەشکەنجە و ئازاردانی دیپلۆمات و باڵوێزەکانی ئەو وڵاتانە و لە کۆتاییدا کوشتنی بێڕەحمانەی ئەوان، تەقاندنەوە و کردەوەی تیرۆریستی و خۆکوژی کە ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر بەرچاوترین نموونەیانە و هەروەها ئاگرتێبەردانی مەشروب فرۆشییەکان و دەرکردنی حوکمی کوشتنی کەسانێکی وەک سلمان روشدی و... چەند نموونەیەکن کە ڕادەی ناهاوئاهەنگی و پێنەگەیشتوویی گۆڕانی کۆمەڵایەتی زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بەستێنی نەریت نیشان دەدەن و بە بێنەزمی خۆیان، نەزمی نوێی جیهانی و تەنانەت دێموکراسیخوازی تووشی مەترسی دەکەنەوە.

دەسەڵاتداریتیی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە نەریتییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی لەژێر ناوی بەرگری لە شوناس و کولتووری ئیسلامی هێزەکانی خۆی لە بەرامبەر کولتووری ڕۆژئاوا کۆ کردۆتەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە بانگەشە و پروپاگەندەی نەریتی و هاندانی ئەندێشەکانی دژە ڕۆژئاوایی بە بەرچەسپی دژمنانی ئایین و کافرەکان و... وەک سەرباز و فیدایی هێز و تواناییەکانی وڵاتیان لە ڕێگەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکار هێناوە.

لە کوردستان بە هۆی پێکهاتەی ئێتنیکی خۆی و بە سەرنجدان بە فاکتەرە گرینگەکانی وەک نەبوونی ئەزموونی پێویست لە سیستەم و پێکهاتەی دەسەڵاتداری، بەردەوام دەبێ بە وردی سەیری بارودۆخی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و

جێگرکردنی نەزمی نوێ بکرێ و هەر لە ئێستاوە بۆ جێگیرکردنی پێوەندیی سیاسی . کۆمەڵایەتی زیاتر و دروستتر لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردستان هەوڵ بدرێت و بەردەوام فاکتەری ئایین (نەریت) وەک پتانسیەلێک کە توانایی پەرەئەستاندن و برەوپەیداکردنی لە کەشوهەوای دوای گۆڕانی کۆمەڵایەتیی کوردستان و جێگیربوونی دەسەڵاتداریێتیی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لەلایەن خەڵکی کوردستانی هەبووە و لەوانەیە بە هۆی نەبوونی پێوەندیی و بەستێن خوڵقێنیی دروست و گونجاو، کوردستانیش ببێتە گۆڕەپانی گەشە و پێگەیشتنی مەیلی ئایینی و نەریتی ئەو لایەنە سیاسی یان جەماوەرییانەی کە ساڵانێکی زۆرە لە هەبوونی حکوومەتی ئایینی دڵخوازیی خۆیان بێبەش بوون.

لە ژمارە 592ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

---

## دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ئامریکا لە قسەوە تا کردەوە

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران بە درووشمەکانی «سەربەخۆیی، ئازادی» و «نەمان بۆ ئامریکا» بە ڕێبەرایەتی خومەینی و بەشداری لایەن و رەوتە سیاسییەکان و خەڵک بە ئاکام گەیشت.

هەردووکی ئەم درووشمانە نیشانەی متمانەبەخۆیی و سەربەخۆ بوون لە هەر هێزێکی بێگانەیە کە ماوەیەکی زۆر بەردەوام سەرچاوە سروشتی و مافی کۆمەڵگەی ئێرانیان بە تاڵان بردبوو و دیارە کۆمەڵگەیش بۆ پەڕینەوە لە قۆناخ و فەرمانڕەوایی سەرەڕۆیی و زوڵم ئامادەیی پێشان دەدا. خومەینی بە وتنەوەی دروشمی «ئەمریکا شەیتانی گەورە» یە و لە ژێر ناوی بەرگری لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە بەدەستی «ولی فەقیە» بەڕێوە دەبرێ، دەستی کرد بە کوشت و بڕی دژبەرانی سیاسی و جیابیران و شەڕی ٨ ساڵەی کە دەیتوانی لە جۆزەردانی ١٣٦٠دا تەواوی بکا کرد بە درێژترین شەڕی مێژوو و بە روونی رایگەیاند:

«شەڕ بۆ ئێمە نیعمەتە« دەستەواژەکانی «کەسانی بێگانە»، «سیخور»، «لە دین هەڵگەڕاو» و «کافر» و ..... بوون بە سەرەکیترینی ئەو دەستەواژانە کە بەو هۆیانەوە کێشەی خۆی لەگەڵ چالاکانی پێکهاتنی شۆڕش بێ یەکلا کردەوە و بۆ پتەو کردن و سەقامگیری حکوومەتەکەی، دامەزراو و ڕێکخراوی فەقیهی، ئیتلاعات و سەربازی لە سەرڕاوە ڕێکخستنەوە یان دامەزراند. پێوەندیی ئابووری و دیپلۆماتیکی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی تا ڕێژەیەکی زۆر بە هۆی هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا و بە بارمتەگرتنی کارگێرانی باڵوێزخانە و تیرۆر، دابەزی و پاشهات و فشاری سیاسەتە هەڵەکانی خومەینی لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕ و بە تایبەت مردنی بە جۆرێک خۆی دەرخست کە ئێران بۆ دووبارە ژیاندنەوەی بەشی ئابووری و پێوەندیی دیپلۆماسی ناچار بەلای چین و ڕووسیادا شکایەوە، چونکێ چین و ڕووسیای بە هێزی بەرانبەر هێژمۆنیی ئەمریکا دەبینی. پێوەندیی سنوورداری کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ڕۆژئاوا ئەو کەشە کراوە سیاسی - ئابوورییەی بۆ چین و ڕووسیا خوڵقابوو و ڕکابەریی ئەم دوو هێزە لەسەر بەرژەوەندی زیاتر، ئێران تووشی دۆخێکی هێند نالەبار دەکەن کە دەسەڵاتبەدەستان بۆ دابینی داخوازییەکانیان ناچارن مل بۆ هەر ئیمتیازێکی نادادپەروەرانەی ئەم دوو وڵاتە بدەن و دارایی و سامانی سروشتی وڵات فیدای بەرژەوەندی توێژێکی کەمی دەسەڵاتبەدەست بکەن.

هەڵکشانی حەشیمەت و بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاریی گشتی و خوێندەواریی خەڵک، بەتایبەت گەشە و پێگەیشتنی بەرەیەکی نوێ کە هیچ ئەزموونێکی لە شۆڕش و شەڕ نەبوو هیچ، تەنانەت زانیاریشی لە سەر نەبوو، هەروەها پێداویستی ڕوو لە هەڵکشانی تاکەکان هاوکات لەگەڵ گەشەی زانست و تەکنۆلۆژیی کۆمەڵگەی بەرەو قۆناخێکی نوێ برد کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بۆ ڕاگرتن و پاراستنی سیستمی خۆی ناچار دەبوایە خۆی لەگەڵ ئەم ڕەوتە ڕێک خستبا. کۆتایی سەردەمی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانی و پێویستیی ڕێککەوتن و بایەخدان بەم پێویستییانە وردە وردە لە کۆمەڵگەدا بوو بە فۆڕم و بوارەکەی بۆ سەردەمی چاکسازیی خۆش کرد. تاقمی دەسەڵاتبەدەستی کۆماری ئیسلامی کە حەزی نەدەکرد سیاسەتێکی نێوخۆیی و دەرەکی و گونجاو و دەگەڵ بارودۆخی واقعیی ئارایی بگرێتە بەر، بوارەکەی بۆ کەسانێکی هەڵپەرستی وەک خاتەمی ڕەخساند کە بە بەرزکردنەوەی درووشمی نەوەی نوێ و ڕاستییەکانی کۆمەڵگە، دەسەڵات بگرێتە دەست و بتوانێ بەستێنەکە بە ئاراستەی ئامانجەکانی خۆی بۆ گۆڕانکاری و گۆڕینی سترەکتۆری سیستم خۆش بکا، سەردەمی چاکسازیی بە ڕێبەرایەتی خاتەمی و بەرزکردنەوەی درووشمی «وتووێژی شارستانییەکان» بوو بە پێشەکی هاوکاری و وتووێژ لەگەڵ وڵاتە ڕۆژئاواییەکانە، سەردەمێک کە لەودا ئامریکا توانی لە ڕێگەی وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاواوە بەستێنی بازرگانی و هاوکاریی زیاتر لەگەڵ ئێران سەر لە نوێ ڕێکبخەنەوە کە دیارە بە هۆی ئەم کارانەوە پێوەندی سیاسی _

ئابووریی ئێران چووە قۆناخێکی نوێوە، قۆناخێک کە لە بەرژەوەندیی خامنەیی و شۆنکەوتووانی هێڵی خومەینی نەبوو، هەر بۆیە لە رێگەی جۆراوجۆر و کارشکەنی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکانی پارڵەمان، بەهێز کردنی هێزی ئیتلاعاتی و سەربازیی سوپا و بەسیج و خوڵقاندنی کارەساتی (کوی دانشگاە و قەتڵە زنجیرەییەکان) هەوڵیاندا بەرەی چاکسازی خوازان لاواز بکەن.

دوای تەواو بوونی دوو خول سەرکۆماری خاتەمی، خامنەیی راستەوخۆ هاتە گۆرەپانی هەڵبژاردنەوە تا بوارەکە بۆ بە سەرکۆمار کردنی کەسێکی نەناسراو و سەربەخۆی، واتە ئەحمەدی نژاد خۆش بکا.

سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژادیش وەک سەردەمی خاتەمی خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا. خواستی تاقمی دەسەڵات بەدەست بۆ گەرانەوە بۆ پێش سەردەمی خاتەمی، هەڵکشانی رێژەی حەشیمەت و پێویستی هەلی کار، خۆش بژێوی و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان، بڵاویی سەرچاوە ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامی و گەشەی لە رادەبەدەری هاوردەکردن، پێویستی یەکلا کردنەوەی کەسانی ئیسلاحتەلەب کە کەوتبوونە رێزەکانی دەسەڵاتەوە و....

یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی دەوڵەتی نوێ، بەهێز کردنی هێزی ئیتلاعاتی و سەربازیی و تەرخانی پارەیەکی زۆر بۆ کرینی چەک و تەقەمەنی بۆ سەرکوتی دژبەران و گەرانەوە بۆ سەردەمی پێش لە خاتەمی بوو. هەروەها کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا کەڵکی خراپی لە پێوەندیی دەرەکی وەرنەگرت و بە سەرمایەگوزاری لە وڵاتە دواکەوتووەکان و دیارە زیاتر ئیسلامی، هەوڵی دروست کردنی بەرەیەکی ئیسلامی و هاوپەیمانی ستراتیژیکی لە ئاسیا و ئەفریقا داوە. رێکخستن و دامەزراندنەوەی هێزە تیرۆریستەکان و پشتیوانی لە بناژۆخوازیی ئیسلامی بە مەبەستی بە کردەوە کردنی «هەناردە کردنی شۆرش» و «لە نێو بردنی ئیسرائیل» تێچووی قورس و هەلومەرجێکی سیاسیی خراپی بۆ ئێران پێکهێناوە.

خۆراگری و قووڵبوونەوەی شەپۆلی نارەزایەتییە ئابووریی، سیاسی، فەرهەنگییەکان دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری ساڵی ٨٨ و ویستی دەسەڵات بەدەست گرتنەوەی چاکسازیخوازان، دوای خولی یەکەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینژاد، بە کەڵک وەرگرتنی لە لاوازییەکانی ئەم سەرکۆمارە و هەوڵەکانی خودی خامنەیی بۆ راگرتنی شەپۆلەکانی نارەزایەتیی کە لەم قۆناخەدا لە رێگەی کەسایەتییەکانی وەک میرحوسێن مووسەوی و کەرووبی و خاتەمی رێبەری

دەکـران، دژایــەتی و پێکدادانــەکــانی قــووڵتر کــردەوە و خــەڵکیش بــۆ نیشــاندانی تــووڕەیی و ناڕەزایــەتی پەنگخواردوویان کەڵکیان لەم دەرفەتە رەخساوە وەرگرت و بە خۆپیشاندان و ڕێپێوان کاریگەرترین زەبریان لە سیستمی ڕێژیم وەشاند بە جۆرێک کە پاش ئەم ناڕەزایەتییانە مەشرووعیەتی کۆماری ئیسلامی راشکاوانە بۆ وڵاتانی جیهانی روون بوویەوە.

کۆماری ئیسلامی دەگەڵ دەستپێکی خولی دوویەمی سەرکۆماری ئەحمەدینژاد جگە لەو پشێوییانەی کە لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پێکی هێنابوو و هەروەها بە بەردەوام بوون لەسەر پرۆسەی پیتاندنی ئۆرانیۆم و لاوازییە سیاسی و نارەزایەتیی گشتییەکانی نێو خۆ، ئامریکاو هاوپەیمانانی هێنایە سەر ئەم بڕوایە کە بۆ هێمن و هێور کردنەوەی رۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەت کۆنترۆڵی کەنداوی فارس و تەنگەڵانی هۆرمۆز کە سەرەکیترین ڕێگەی گواستنەوەی وزەی جیهانە و هەروەها کزکردنی هێژمۆنی و دەسەڵاتی رووسیاو چین، بە توندی هەڵوێست بگرن و بە شێوەیەکی بێ وێنە گەمارۆکانی سەر ئێران قورستر بکەن، گەمارۆگەلێک کە هەڵوێستی توندی ئێران و هەروەها چین و رووسیاشی بە دوادا هات. بەڵام دەگەڵ درێژبوونەوە و بەردەوامی گەمارۆکان سەرەڕای زۆرینەی ناڕازیی کۆمەڵگە، سیستمی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە قەیراناویترین قۆناخی ژیانی خۆی و، بە جۆرێک کە تەنانەت ئەم ڕێژیمە ئامادەیە بۆ مانەوەی دەست لە دروشمی «نەمان بۆ ئەمریکا» هەڵگرێ و راستەوخۆ دانوستانی لەگەڵ بکا و ئیمتیازی پێویستی بۆ مانەوەی ویلایەتی فەقیە پێ بدا.

و: تەها رەحیمی

لە ژمارە ٥٩٦ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## واقعیاتە دڵخوازە سیاسییەکان لە وتووێژەکانی ئۆپۆزیسیۆندا و هێندێک لەمپەر

کۆنفرانسی پێراگ یەکێک لەم کۆمەڵە کۆنفرانسانەیە کە بە بەشداری پارت و چالاکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و بە دروشمی «یەکیەتی لە پێناو دیموکراسی»دا، بەڕێوەچوو. ئەم کۆنفرانسە بە هۆی بەرچاوی و هەستیاری زیاتری پرسی نەتەوەکانی ئێرانی و هەروەها وتووێژی وردتر لە سەر گرنگی رۆڵی ئەم کەمە نەتەوانە لە سەر گەیشتن بە دیموکراسی، بایەخ و شەفافییەتی زیاتری هەیە کە دەتوانین ئەم گرینگییە بە چالاکی و بەشداری بەرچاوی پارت و چالاکانی پرسی نەتەوەکان، بەتایبەت پارتە کوردستانییەکان کە خاوەن رێکخستن و یەکگرتوویی رێکخراوەیی زیاترن لە چاو نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هەروەها ملدان بە واقعیەتی فرەنەتەوەیی و فۆرمی ژئۆپۆلتیکی تایبەتی ئێران لە لایەن ئەو پارت و چالاکانەی کە خەبات بۆ کەمەنەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران ناکەن، خۆی خاڵی ئەرێنی و پێشڤەچوونێکە کە پێوەرە تئورییە سیاسییەکان لەگەڵ واقعیەتی هەنووکەیی ئێران بە گونجاو دەبینن یان دیتوویانە.

پرسی مافخوازی و بەرگری لە بایەخە تایبەتییەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکە بۆ پارت و چالاکانی ئەم گۆڕەپانە بەرادەیەک جیدییە کە وەدیهاتنی ئەم داخوازییە بە گرنگترین هێڵ و رێبازی سیاسی خۆیان دەزانن و سروشتیشە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە دەبێ کە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەشدار بن و هەر جۆرە دوور کەوتنەوە و یان بە کەم گرتنی گوتار و دیپلۆماسی لەگەڵ رێکخراو و رەوتە سیاسییەکان زیان بە پرسی نەتەوەکان و وەدیهاتنی سروشتی مافەکان لە ئێران دەگەیەنێ و دەیخاتە پەراوێزەوە.

خەبات بۆ مافی نەتەوەکان و هەوڵدان بۆ بەشداری و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە هەمیشە لەمپەر و کێشە و ئاریشەی زۆری لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا لێ کەوتووەتەوە کە بە بێ وتووێژ و رێککەوتنی تئوریکی و پراکتیکی، بە هیچ جۆرێک ئەم تەگەرانە لاناچن و بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبەری کارکردی سیاسی هەستیارترین قۆناخەکانی ژیانی سیاسی ئەو پارتانەیە کە داوای مافی نەتەوەکان دەکەن.

بە سەرنجدان بە مێژووی ١١٠ ساڵەی ژیانی مودێرنی سیاسی ئێران کە دەستەواژە و چەمکی نوێی وەک نەتەوە، ئەتنیسیتە، پارت، زیندانی سیاسی و.... بەدی هێناوە و نەبوونی دیموکراسی، باری قورسی پەڕینەوە بەرەو

دیموکراسی خستۆتە سەر شانی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەرپرسیار کە سەرەڕای هەوراز و نشێو و پەرتەوازەیی و لێک دووری هزریی لە نێو زۆربەی دژبەراندا، کۆڵنەدەرانە ڕێگە دەبڕێ و هەموو دەرفەتێکی گونجاو بۆ یەکگرتوویی و گەیشتن بە دیموکراسی دەقۆزێتەوە. بەداخەوە جگە لە کێشەکان و تاکڕەوی ئۆپۆزیسیۆن، کەس یا کەسانێکی ناشارەزای سیاسی بە لێدوانی ناکارناسانە و ئیحساسی هەوڵدەدەن گوتار و ئەم کۆبوونەوانە بخەنە ژێر پرسیارەوە و بە دڵی خۆیان واقعیەتە سیاسییەکان لێک دەدەنەوە، لە حاڵێکدا ئاگایان لە کێشە و ئاریشەکانی ڕێگەی گەیشتن بە دیموکراسی نییە. دیارە هەموو هۆگران و چالاکانی سیاسی مافی خۆیانە کە لێکدانەوەی خۆیان لە سەر پرسەکان هەبێ، بەڵام پێویستە بوترێ کە رەخنە و گازەندە ئەم کاتە دروستە کە تاکی رەخنە گر ڕێگە چارەیەکی باشتر بۆ پرسەکان بخاتە روو و زۆر ڕوونە کە بە سەرنجدان بە فاکتۆرەکانی کات، شوێن و هێزی و ئەمری تێگەیشتنی دروست و لۆژیکی لە کێشە و ئەگەرەکان لە هەلومەرجی پەڕینەوە و دیموکراسی دا پاساو هەڵنەگرە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وەک پارت و چالاکانی دیکەی مافی نەتەوەکان بەردەوام بەشداری ئەو وتووێژە پۆزەتیڤ دەبێ کە تا رادەیەک یارمەتی بە پێکهاتنی کەشێکی لەبار و یان بایەخ دان بە گوتاری سیاسی ئەرێنی و لۆژیکیانە دەکەن دیارە رابردووی ٦٧ ساڵەی حیزبی دێموکرات بەڵگەی ئەم ئیدیعایەیە بەشداری نوێنەران ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی پراگ و کۆنفرانسەکانی پێشوو، درێژەی سیاسەتی ئەم حیزبە کە لە رابردووی خۆی دا لە سەری سوور بووە و بە سەرنج دان بەو باسانەی کۆنفرانس و هاتنە بەر شرۆڤەی پرسی نەتەوەکان لە یەکێک لە پەنیلەکانی کۆنفرانس و دەنگدانەوەی لە میدیاکاندا بوو بە هۆی ئەوەی کە پرسی نەتەوەکان روونتر و شەفافتر تاوتووێ بکرێ هەروەها رەواندنەوەی گومان و رەشبینی شیمانەی هێندێک لە دژبەرانی ئێران لە سەر پرسی نەتەوەکان، بە تایبەت گەلی کورد و هەروەها بەشداری چڕوپڕی پارتە کوردییەکان لە کۆنفرانسی پراگدا، دەتوانین بڵێین بە درێژەی ئەم گوتارانە خواست و بەرهەمەکانی خۆیان کە خەباتی بۆ دەکەن وەک پێویستییەکانی بەشداری بێنینە بەر باس و کوردیش بتوانێ لە پازلی سیاسی پەڕینەوە بەرەو دێموکراسی لە ئێران دا رۆڵێکی بەرچاوتر ببینێ.

سەرەرای کەشی لە باری کۆنفرانس، بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانس کە لە لایەن چەند کەسێکەوە نووسرابوو خوێندرایەوە، نارەزایەتی هێندێک چالاکانی نەتەوەکانی بە دژی بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانس لێکەوتە وەک زیاتر خۆشیان سەر بە کەمە نەتەوەکان و هەر وەها خودی کۆ نفرانس و پێویستی دوور کەوتنەوە وبەشدار نەبوون لەم جۆرە گوتارانە و کۆبوونەوانە لە داهاتوو دا گۆڕێ لیرەدا پێویستە بوترێ بۆ ئۆپۆزیسیۆنێک کە داوای 33

ساڵ دیسان خوازیاری یەکگرتووییە و پیداگرانە لە سۆنگەی پەڕینەوە بەرەو دیموکراسی رۆڵ و دەوری خۆی هەبێ، بوونی هێندێک نارێکوپێکی و یان تاکرەوی و زێدەخوازی کۆمەڵێک، شتێکی سروشتییە و هیچ رەوتێکی سیاسی رەسەن پەڕینەوە بەرەو دێموکراسی و کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی قەیراناوی و دژواری کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئامانجە رەواکانی خەڵک، فیدای ئەم جۆرە کێشە ناحیزبییانە ناکا و تا ئەو کاتەی کاریگەری و دەسکەوتەکانی بەشداری و وتووێژ زیاتر بەشداری نەکردن بێ و کێشەکان نەبنە هۆی خەوشدار بوونی ئێعتبار و بنما پێناسە کراوە سیاسی و مرۆییەکانی خەبات، یا رێگاچارەی باشتر و خوازراوتر نەگونجێ لە بەشداری و لێک نزیک بونەوە ناسەڵمێتەوە و لەم پرۆسە سیاسییە دا درێژە بە رێگە دەدا. دیارە پێویستە بوترێ کە زۆربەی بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە بە دەرکردنی بەیاننامە و وتووێژی میدیایی نارەزایەتی خۆیان دەربڕی و بە خۆشییەوە بە روون بوونەوەی بابەتەکە و بە پەلە زانینی بەیاننامەکە لە لایان هێندێک لە نووسەران، بوار بۆ بەردەوامی بەشداری لە کۆنفرانسەکانی داهاتوو رەخسایەوە.

بە لە بەرچاو گرتنی شێواز و درووشمی ئەم چەشنە کۆنفرانسانە کە بە گشتی نازناوی «یەکگرتن بۆ دێموکراسی»یەوە دەناسرێنەوە و زیاتر لەسەر لایانە تیۆریکی کاری هاوبەش و باس و ئاڵوگۆڕی بیرورا پێداگری دەکا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سازدانی کۆبوونەوەی بروکسێل لە ژێر ناوی «هەلومەرجی رەت بوون لە کۆماری ئیسلامی» دا بەستێنی نزیک بوونەوە و هاوبیرییەکی قووڵتری پێک هێناوە، کە خۆشبەختانەش بە بەشداری و دەربڕینی ئامادەیی حیزب و چالاکانی بەرجەستەی سیاسی، دەتوانێ خۆی پاڵنەر و هۆکارێکی کاریگەر لە ڕاستای گوزار بە دێموکراسی دا بێ.

و: ئاڵەشین

لە ژمارە ٥٩٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٢

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣

## کۆماری کوردستان، دەسکەوتێکی نەتەوەیی و ئەزموونێکی مێژوویی

ڕووداوەکانی شەڕی جیهانیی دوویەم لەساڵانی١٩٤١ تا ١٩٤٥ لە لایەک و لە لایەکی دیکە شکانی ئەرتەشی ئێران لە لایەن ئەرتەشی سووری یەکیەتیی سوڤیەتەوە و گەشەی هەستی نەتەوایەتیی کوردان و بوونی کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد و هاوبیرانی لە بەرانبەر گەلەکەی خۆیاندا کە هەستیان بە بەرپرسایەتی دەکرد لە لایەکی دیکەوە، بواریان بۆ دامەرزانی کۆماری کوردستان ڕخساند. قازی محەمەد و هاوڕێکانی هەلەکەیان قۆزتەوە و پاش چەندمانگێک دوای هاتنی سوپای سوور، گرووپێکی سێ کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد چوونە یەکیەتیی سۆڤیەت و لە باکۆ لەگەڵ "جەعفەر باقرۆف" سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕێبەری حیزبی کۆمونیست دانوستانیان کرد. بەڵام ئەم کۆبوونەوەیان ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو و"باقرۆڤ" گوێی بە داواکانیان نەدا.

جارێکی دیکە - سالی ١٩٤٥ گرووپێکی هەشت کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد لە باکۆ چاویان بە "باقرۆف" کەوتەوە کە لەم دانیشتنە دا قازی محەمەد ڕاشکاوانە باسی خودموختاری (ئۆتۆنۆمیی) هێنایە گۆڕێ و"باقرۆڤ" لە وڵامدا دا وتی: "جارێ نۆرەی ئازەرییەکانە و پێویست ناکا کورد لە وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی دا پەلەی بکا". "حەسەن ئەرفەع" دەڵێ: قازی محەمەد بە ڕووسەکانی ڕاگەیاند کە کورد نایەوێ بەشێک بێ لە ئازەربایجان. ڕووسەکان دژی ئەو بیروبۆچوونەی بوون و داوایان لی کردبوو داوای ئۆتۆنۆمی لە کۆماری ئازەربایجان بکەن کە سیستمێکی کۆمۆنیستی لەوێ لە سەر کار بوو.

قازی محەمەد و هەیئەتەکەی هاوڕێی پاش گەڕانەوە بڕیاریان دا لەوە زیاتر چاوەڕێی پشتیوانیی ڕووسەکان نەبن. ئەوان لاوازی و پرش و بڵاویی سوپای ئێرانیان بە هەل زانی و کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. هەر بەم بۆنەیەوە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٧ - ١٢ - ١٩٤٥) لە ڕیۆرەسمێکی مەزندا ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. دوای مانگێک لە ٢٢ - ١- ١٩٤٦ لە مەیدانی "چوارچرا"ی مەهاباد بە فەرمی کۆماری کوردستان

راگەیەندرا. پێویستە بوترێ پێشتر لە ١ - ١٢ - ١٩٤٥ دا لە تەورێز حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجان راگەیەندرابوو.

رۆژی ٢٢ - ١ - ١٩٤٦ رۆژێکی مێژوویی بوو. سەرەڕای سەرما و سەخڵەتی زستان، هەزاران کەس لە شارەکانی بۆکان، نەغەدە، ورمێ و ناوچەکانی دیکەوە ملی رێگەی مەهابادیان گرتە بەر. قازی محەمەد و پیاوماقوڵان و مەلاکان و رووناکبیرانی شار لە بەردەم ئەو خەڵکە پر خرۆشەدا راوەستابوون. مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی بە دوعا و پاڕانەوە لە خوا، رێورەسمەکەی کردەوە. لەو رۆژەدا ١٦ کەس قسەیان کرد.

*پاشان قازی محەمەد دەستی کرد بە قسان: "ئەی میللەتی کورد! ئەی شێرەپیاوانی کورد! سڵاوی خواتان لێ! داوا لە خوای گەورە و ئێوە، گەلی کورد دەکەم کە لەو ئەرکە مەزنەی کە پێتان سپاردوم یارمەتیدەرم بن تا بتوانم لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەکەمدا کەڵکی لێوەرگرم و لە بەرانبەر خوا و ئێوەدا شەرمەزار نەبم. گەلی کورد دوژمنێکی زۆری هەیە کە لە سەر مافی ئەو گەلە لە هەر چوار پارچەکە رێککەوتوون و بە هەر جۆرێک بووە حاشایان لە مافی خودموختاریان کردوە و خەباتەکەیان بە دزی و چەتەیی لە قەڵەم دەدەن؛ تا بواری سڕینەوەی باشتریان برەخسێنن."*

دوای قازی محەمەد، پازدە کەسی دیکە بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵانی جۆراوجۆری نەتەوەی کورد، وتاریان پێشکەش کرد. ئەم رێورەسمە بە شێعر و گۆرانی رازابۆوە و مانگێک دوای ئەم جەژنە، کابینەی وەزیران بە سەرۆک وەزیریی "حاجی بابەشێخ" کە یەکێک لە مەلا گەورەکانی ناوچەکە بوو، راگەیەندرا.

## گرنگترین کارەکانی کۆماری ١١ مانگەی کوردستان

*قازی محەمەد و هاوکارەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماردا کارێکی زۆر و بێ هاوتایان کرد کە لێرە دا ئاماژەیان پێ دەکرێ:*

*١- پێکهێنانی حکوومەت لە سەر بنەمای دیموکراسیی ئازاد بە ١٣ وەزیر بۆ بەڕێوەبردنی کار وباری فەرهەنگی، خزمەتگوزاری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئیداری.*

٢- بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی لە ناوچەکە. چونکی پێشتر بە کارهێنانی زمانی کوردی لە ئیدارەکان قەدەخە بوو.

٣- بەرنامەڕێژی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی

٤- فەرمی بوونی زمانی کوردی لە لێدوانەکاندا بۆ یەکەم جار.

٥- بەربەرەکانیی فەرمی دژی نەخوێندەواری.

٦- بەزۆرەملی کردنی خوێندن بۆ منداڵان.

٧- دیاریکردنی فۆرمێکی یەکگرتوو بۆ قوتابیان.

٨- بە کوردی نووسینی تابلۆی قوتابخانەکان، دوکانەکان، بینا و ئیدارەکان لە جیاتی فارسی.

٩- هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو چاکسازی و دانانی هێندێک قانوون بۆ گۆڕینی کۆمەڵێک نەریت و ڕێوڕەسمی ناحەزی وەک: ژن هەڵگرتن، سزادانی بەرتیلدەر و بەرتیلوەرگر، ئازار و ئەزیەتی ژن، کردەوە و قسەی سووک، دزی، سزادانی کەسانی پێشێلکەری قانوون، ڕاکردن لە مەیدانی شەڕ و هەروەها سزادانی ئەو کەسانەی کە خیانەت بە نیشتمان دەکەن و دەسدرێژی دەکەنە سەر نامووسی خەڵک و ....

١٠- چاکسازیی کاروباری ئابووری و بازرگانی و کردنەوەی هێندێک کۆمپانی و برەوپێدان و گەشەی بازاری کاسبی و کار.

١١- دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد و چاپخانەیەکی دیکە لە بۆکان.

١٢- دامەزراندنی رادیۆی کوردستان بە زمانی کوردی لە مهاباد.

١٣- دامەزراندنی سینەما لە مهاباد و پێشاندانی هێندێک فیلمی دیکۆمێنتاری.

١٤- کردنەوەی کتێبخانەی نیشتمانی لە مەهاباد.

١٥- پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە وەک هێزی سەربازی و ناردنی ئەفسەر بۆ راهاتن لە باکو.

١٦- هێشتنەوەی بواری وتوویژ دەگەڵ حکوومەتی ئێران تا دوایین ساتەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان.

١٧- دامەزراندنی یەکەتیی لاوانی دیموکرات و دەرکردنی گۆڤاری "هاواری نیشتمان"، بۆ زیاتر گرنگیدان بە لاوان.

١٨- هەوڵ و تێکۆشان بۆ کەمرەنگ کردنەوەی هەستی خێڵایەتی و بەرز کردنەوەی روحیەی هاووڵاتیبوون و بووژاندنەوەی نەریت و ڕێورەسمە رەسەنە کوردییەکان.

١٩- تەرخانکردنی بورسییەی خوێندن بۆ خوێندکاران و ناردنی خوێندکار بۆ تەورێز و باکۆ.

٢٠- هاندانی ژنان بۆ خوێندن و دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت بە ژنان و بەشدارکردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت لە راهێنانە سەربازییەکان.

*٢١- دەرکردنی هێندێک گۆڤاری وەک: گۆڤاری کوردستان، رۆژنامەی کوردستان، هاواری نیشتمان، گۆڤاری گرڕگاڵی منداڵانی کورد و گۆڤاری "هەڵاڵە".*

*بەراوردکردنی کۆماری کوردستان و حکومەتی کۆمۆنیستیی ئازەربایجان:*

بۆ دڵنیا بوون لە جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە و جیاوازیی زۆری نێوان روانگەی رێبەرەکانیان، شرۆڤەی دوو کەسایەتی لە سەر ئەم دوو حکوومەتە دەخەینە بەرباس:

*کەسایەتی یەکەم* "درێک کینان"ە کە مامۆستای زانکۆی بەغدا بوو و سەردانی کوردستانی عێراقی کرد و ئاماژەی بە چەندین جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە کردوە. ناوبراو دەڵێ: "لە کوردستان بە پێچەوانەی ئازەربایجان، کاربەدەستانی رووسی نابینرێن؛ بێجگە لەو چەند کەسەی لە کۆنسولی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە لە ورمێوە بۆ چاوپێکەوتن هاتوونە مەهاباد." "ئەگەرچی لە ئازەربایجان ترس و تۆقاندن هەبوو بەڵام لە کوردستان تەنانەت زیندانییەکی سیاسییش لە بەندیخانەدا نەبوو.". "لە مهاباد خەڵک دەیانتوانی گوێ لە رادیۆ ئانکارا و لەندەن بگرن بەڵام لە تەورێز گوێگرتن لەو رادیۆیانە مەرگ و نەمانی بە دواوە بوو."

*کەسایەتی دوویەم،* دوکتور رەحیمی کوڕی سەیفی قازی کە لە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو حکوومەتەدا دەڵێ: "گومان لەوەدا نییە کە هۆکاری سەرەکیی رووخانی کۆماری کوردستان پەلە پەلی رێبەرانی ئازەربایجان و خەیانەتی رووسەکان بوو. هێندێک پێیان وایە هەرتک حکوومەت لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە دامەزرا، بەڵام ئەوانە لە هەڵەدان؛ چونکی هەم رێژەی دەسەڵات و زاڵبوونی یەکیەتیی سۆڤیەت لەم دوو حکوومەتەدا و هەمیش شێوازی جێبەجێبوونی کارەکان لەم دوو حکوومەتەدا زۆر جیاواز بوو". "لە حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجاندا سیستمێکی کۆمۆنیستی بە پشتیوانیی پۆلیسی شاراوە دەسەڵاتی بەدەست بوو، لە حاڵێکدا لە کۆماری کوردستاندا، نە سیستمی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار بوو و نە پۆلیسی شاراوەش دەبینرا". "بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات بە پێچەوانەی ویست و سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و باقرۆف (سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت) بوو؛ لە حاڵێکدا حکوومەتی ئازەربایجان، حیزبی کۆمۆنیست و کادرەکانی حیزبی توودە رێبەرایەتییان دەکرد". "یەکیەتیی سۆڤیەت دژایەتیی هەر چەشنە هەنگاوێکی کانالیزەکراوی لە کوردستاندا دەکرد، لە حاڵێکدا گەلی کورد و رێبەرەکانیان دەستپێشخەرییان کرد و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند."

### ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی کۆماری و دوایین دژکردەوەکانی قازی محەمەد:

ئەو کاتەی "قەوامولسەڵتەنە" سەرۆک وەزیرانی ئێران چووە مۆسکۆ و گرێبەستێکی دەگەڵ ستالین واژوو کرد، ئیدی یەکیەتیی سۆڤیەت پشتی کوردی بەردا و لە سۆنگەی بەشێک لە ئیمتیازی نەوتی ئێران هەموو بەڵێنەکانی خۆی لەژێر پێ نا و ئەرتەشەکەی لە کوردستان بردە دەر؛ پاشان ئەرتەشی ئێران لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٧ - ١٢ - ١٩٤٦) دا گەڕایەوە شاری مەهاباد. دیارە ماوەیەک بوو کە دەنگۆی ڕۆیشتنی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئێران و بەردانی پشتی کورد و تورک لە گۆڕی دابوو. لە هیندێک لە بەڵگەکاندا هاتوە کە لە ١٦ - ٤ - ١٩٤٦ واتا هەشت مانگ بەر لە گیرانەوەی مەهاباد لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە، پێنج ئەفسەری ڕووسی دێننە گوندی "سەرای" سەقز و چاویان بە فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەقز و بانە دەکەوێ.... ئەفسەرەکان وتبوویان: "ئێمە خەریکە ئێران چۆل دەکەین رای ئێوە چییە؟" حەمەرەشیدخان، فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە وەڵامدا وتبووی: "ئێمە دەگەڵ ئێران دوژمنایەتیی لەمێژینەمان هەبوو کە ئەو ماوەیە لە بیرمان چووبۆوە، بەڵام ئێوە هاتوون ئەم دوژمنایەتییەتان دیسان زیندوو کردەوە. ئێستاش کە هێمنایەتییەک دروست بووە، ئێران چۆل دەکەن بە بێ ئەوەی هیچ یارمەتییەکمان بۆ بە جێ بێڵن.... بەداخەوە هەموو ئەو شتەی لە سەر یەکیەتیی سۆڤیەت بیستبوومان بە درۆ دەرچوون.... و درووشمی بەرگری لە نەتەوە چەوساوەکان بۆ گەلی کورد خێری نەبوو".

بەر لەوەی ئەرتەشی ئێران بگاتەوە مەهاباد، قازی محەمەد و ڕێبەرانی حکوومەت و حیزب ڕاوێژ و وتووێژێکی زۆریان دەگەڵ کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان کرد و بڕیاریان دا لە بەرانبەر ئەرتەشدا شەڕ بکەن بەڵام دوای ئەوەی دڵنیا بوون ئاکامێکی جگە لە وێرانبوونی ناوچەکە نابێ، قازی محەمەد لە رووی ناچارییەوە رایگەیاند خۆڕاگری ئاکامی خراپی بۆ گەل بە دواوەیە و دەبێتە هۆی زیان و زەرەرێکی زۆر بۆ خەڵکی مەهاباد و ناوچەکە، چونکی سوپای ئێران لەوە بەهێزتر بوو کە بتوانن خۆی لەبەر ڕاگرن. بە کورتی ڕێگەچارەیان تەنیا ئەوە بوو کە ڕێبەرانی حیزب و کەسایەتییەکان پێشنیاریان بە قازی محەممەد کرد کە مەهاباد جێ بێڵێ بۆ ئەوەی نەکوژرێ. هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب داوای لێ کرد یان بچێتە عێراق یان رووسیە. ژەنەڕاڵ بارزانییش هەر ئەو داوایەی لێ کرد. سەرکۆنسولی ئینگلیزیش لە تەورێز داوای لێ کرد لە ڕێگەی عێراقەوە بچێتە بەریتانیا. ئەمریکاش نوێنەرێکی ناردە لای و داوای لێ کرد ئێران بە جێ بهێڵێ. لە وەڵامی هەموو ئەو داوایانەدا وتی: "سوور دەزانم حکوومەتی ئێران لە دارم دەدا بەڵام من لە خۆشی و شادیی نەتەوەکەمدا بەشدار بووم، ئێستاش لە ناخۆشی

دا بە جێیان ناهێڵم و ژیان و مردنم لەگەڵ ئەوانە و ئامادەم بکوژرێم بەڵام کوردستان بە وێرانی نەبینم." پاشان وتی "من سوێندم خواردوە دەگەڵ خەڵکەکەم بم. حکوومەتی ناوەندی لە حاڵێکدا دەگەڕێتەوە مەهاباد کە تووڕە و قەڵسە و ئەگەر من بگرێ داخی دڵی بە من دەڕێژێ و واز لە خەڵک دێنێ، هەر بۆیە بۆ ئەوەی خەڵکی شار تووشی زەرەر و زیان نەبن، ناچارم بمێنمەوە."

### قازی محەمەد دوایین وانەی سیاسی بەمجۆرە بە نەتەوەکەی دەڵێتەوە.

### وەسێتنامەی قازی محەمەد: یەکێک لە قۆناخە گرنگەکانی ژیانی قازی محەمەد،

### دوایین ساتەکانی ژیان قازی محەمەد نووسینی وسیەتنامەکەیەتی کە بەشێکی بەم چەشنەیە:

*میللەتی کورد! رۆڵەکان و برا خۆشەویستەکانم! برا مافخوراوەکانم! گەلە چەوساوەکەم! ئێستاش لە دوایین ساتەکانی ژیانم دا چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم: وەرن بە خاتری خودا دەست لە دوژمنایەتیی یەکتر هەڵگرن و یەک بگرن و پشت و پشتیوانی یەکتر بن. لە بەرانبەر دوژمنی زاڵم دا بوەستن. خۆتان بە دوژمن مەفرۆشن. دوژمن هەر ئەوەندەی دەوێن کە کارەکەتان پێ دەکا و قەت بەزەیی پێتان دا نایەتەوە و لێتان نابوورێ.*

*دوژمنەکانی گەلی کورد زۆر و زاڵمن، بەهێز و بێ بەزەیین. رازی سەرکەوتنی هەر میللەتێک یەکگرتوویی و یەکرێزییە. یەکگرتوویی گەورەترین پشتیوانە بۆ میللەتێک. هەر میللەتێک یەکگرتوو و یەکرێز نەبێ هەمیشە ژێردەستەیە. ئیوە میللەتی کورد هیچتان لە میللەتە کانی دەوروبەر کەمتر نییە بەڵکو لەو میللەتانەی کە ئازاد کراون ئازاتر و بەغیرەتتر و شایستەتر و پێشکەوتووترن. بەڵام ئەوانەی رزگار بوون لە نیو خۆدا یەکگرتوو بوون. ئیوەش وەکو هەموو نەتەوەکانی سەرگۆی زەوی ژێردەستە مەبن تەنیا بە یەکگرتوویی و ئێرەیی بە یەکتر نەبردن و خۆنەفرۆشتن بە دوژمنانی کورد رزگار دەبن.*

*براکانم! ئیدی بە دوژمن هەڵمەفریوێن، دوژمنی کورد لە هەر رەنگ و تایف و قەومێک بێ هەر دوژمنە. بێ رەحمە، بێ ویژدانە، رەحمتان پێ ناکەن و بە دەستی یەکتر بە کوشتتان دەدەن، چاوچنووکتان دەکەن، بە درۆ و تەڵەکە شەڕی یەکترتان پێ دەکەن.*

لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بە خاتری خوا ئامۆژگاریتان دەکەم و پێتان دەڵێم و خوداش عالمە من ئەوەی لە دەستم هات بە گیان و دڵەوە بە نسحەت و ڕێنوێنی ڕێگەی دروستم نیشان دان و لەم پیوەندییەدا درێغیم نەکرد و ئێستاش دەڵێم و رادەگەیەنم کە ئیدی هەڵمەفریوێن و بڕوا بە سوێند و بە دەست بە قورئان داداں و بەڵین و پەیمانەکان و دڵسۆزییەکانیان مەکەن. ڕێنوێنی و وسیەتم ئەوەیە منداڵەکانتان وەبەر خوێندن بنێن چونکی کورد هیچی لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە خوێندەواری نەبێ. بخوێنن تا لە کاروانی نەتەوەکانی دیکە دوا نەکەون، تەنیا خوێندن(زانست و زانین)، چەکی دەستی دوژمنە. دڵنیا بن و بزانن ئەگەر یەکگرتوو و یەکریز بن، زۆر باش بە سەر دوژمندا سەر دەکەون. ئیوە نابێ بە کوژرانی من و برازاکانم بترسێن، کەسانێکی زۆری وەک من لەو ڕێگەیەدا سەر دەنێنەوە تا گەلی کورد بە هیوا و ئامانجەکانی بگا.

خۆشەویستان! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەروەک لە ماڵەوە کەسێک شتێک بزانێ بەرپرسایەتی دەدرێتێ و کەسیش هەقی منت کردنی نییە، کوردستانیش وەک ئەو ماڵەیە، ئەگەر زانیتان کەسێک لەو ماڵەدا کارێکی لە دەست دێ بیکا، نابێ بەری پێ بگرن و کێشەی بۆ ساز بکەن، نابێ دڵمەند بن کە یەکێکتان بەرپرسایەتییەکی هەیە، ئەگەر کەسێکی بەرپرسایەتییەکی درایە بزانن کە شارەزایە و وشیارە "کەواتە لێیگەڕێن خزمەت بکا و ئێوەش یارمەتیدەری بن".

*سەرچاوەکان:*


١- ڕۆژنامەی "کوردستان"

٢- سایتی "کوردستان و کورد"

٣- کتێبی"چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی": دکتر قاسملو

٤- "دەروازیەک بە ڕووی خوێندنەوەیەکی نوێی (ژ. کاف) و پێشەوا قازی موحەممەدی شەهید و کۆماری کوردستاندا"- نووسینی عمر عبدالعزیز- وەرگێڕانی دلێر عەباسی

٥.- "تاریخ مهاباد"، محمد صمدی ، چاپی مەهاباد

٦- "کردها،یک بررسی سیاسی وتاریخی"، حسن ارفع

٧- حکوومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، چاپی دووهەم هەولێر

٨.- "اسرار محاکمه قاضی و یارانش"، رحیم سیف قاضی

٩- جمهوريه تی كوردوستان، مەحموود مەلا عيززەت

١٠-"كردها و كردستان" ،دركينان

١١- تاريک وروون. هێمن

١٢- گه شتيک به كوماری مەهابادا، عه قيد به كر عبدالكەريم حه ويزی.

١٣- ياداشته كانی به كر حەويزی

١٤-"كتاب تاريخ معاصر كرد"، نووسينی ديويد مک داول، ترجمه ابراهيم يونسی

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## كوردستان و شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧

شۆڕشی ٥٧ یەكەمین كارەسات نییە كە ماڵوێرانی بۆ كورد بە دیاری هێنا. كوردستان هەمیشە لە ژێر مەترسی دایە كە گەلی كورد دەبێ بە وریایی و یەكگرتوویی و، بە كەمترین گێرە و كێشە ڕێگەی بەرەو بە دیموكراتیزاسیۆنی كوردستان ببڕێ.

گەلی كورد لە دوای شۆڕشی مەشرووتەوە كە خاڵی دەسپێكی ڕەوتی دیموكراتیزاسیونی ئێرانە، هەمیشە حاشای لێكراوە و ئەمڕۆكەش هێندێك لە چالاكانی سیاسی، وەك ڕابردوو دان بە فرەنەتەوەیی ئێران دانانێن و بە ئاكار و هەڵسوكەوتی نادیموكراتیكەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ كاروانی خەباتی خەڵك خەوشدار دەكەن. بۆ ئەوەی ئاكامێكی باشترمان دەست كەوێ باشتر وایە لە ڕوانگەی گەلی كوردەوە ئاوڕێك لە شۆڕشی 57 و سەرەكیترین تایبەتمەندییەكانی ئەو شۆڕشە بدەینەوە.

كودەتای ٢٨ی پووشپەڕ، «شۆڕشی سپی»، خەباتی چەكدارانەی چریكەكان و موجاهیدین، هەڵاتنی شا و سەردەمی كورتی حكوومەتی دوكتور بەختیار لە گرنگترین ڕووداوەكانی بەر لە شۆڕشی ٥٧ی ئێرانن. ئەگەر بە وردی چاوێك بە مێژوودا بخشێنین دەبینین لە هەمووی ئەو قۆناخە سیاسی و خەباتگێڕانانەدا، نیوخۆی كوردستان لە ناوچەكانی

دیکە ئیران باشتر بووە و، پارتە کوردییەکان بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دەرفەتی باشترەوە کاری پرۆپاگەندەیی و خەباتی سیاسی خۆی کردوە. نەبوونی یەکگرتوویی و هەماهەنگیی نێوان پارت و لایەنە سەراسەرییەکانی ئێران و نەبوونی گوتار و ئامانج و دووره دیمەنێکی هاوبەش بوو بە هۆی ئەوەی کە خومەینی بە ڕێکخستنی مزگەوت و بازار و هەر وەها کەڵکوەرگرتن لە کەشی مەزهەبیی زاڵ بە سەر کۆمەڵگە دا، هەڵکشێتە سەر و زۆر ئاسان پارت و لایەنەکانی دیکە وەلا بنێ کە چەندین ساڵ لە پێناوی گۆڕینی ڕێژیم و هەڵگیرساندنی شۆڕشدا خەباتیان کردبوو و، لە ماوەیەکی کەمدا بە ڕاپرسیی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر کار.

ئەگەر دیسان بگەڕێینەوە سەر مێژوو، دەبینین کە میتینگی ١٠٠ هەزار کەسیی ١١ی ڕەشەمەی مەهاباد و بە دەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە بە روونی نیشان دەدا کوردستان ئامادەیی دامەزرانی هێز و چالاکانی کوردی بۆ ئاودانکردنەوەی کوردستان هەبووە. بایکۆتی ڕاپرسیی ١٢ی خاکەلێوە لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە و گوتاری کاک دوکتور لە سەر پێویستیی هاوکاری و هەڵوێستی نەرمو ژیرانەی حیزبی دیموکرات بەرامبەر سەرۆکوەزیریی دوکتور بەختیار، هەروەها مەحکووم کردنی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، هەموویان باس لە میتۆد و شێواز و روانگەی دروستی خەڵکی کوردستان و ڕێبەرەکانی بەرامبەر بارودۆخی ئارایی و لە بەرانبەردا نیشاندەری کاردکردی ناردوستی پارتە سەراسەرییەکانن کە رەوشی سیاسی ئێرانیان قەیراناویتر کرد و دواتر خومەینی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستی کرد بە سڕینەوەی دژبەران و جیابیرانی، کە دیارە سەرەنجام کوردستان بوو بە شوێنی حاوانەوەیان. گەلی کورد بە پێی بنەماکانی ئازادیخوازی و مافخوازی نەک هەر دەستی لە پشتیوانی پارتەکانی دیکە بۆ خەباتی ڕێگەی ئازادی هەڵنەگرت، بەڵکوو دوای فەرمانی هێرشی هەمەلایەنەی هێزە سەربازی و میلیشیاکانی خومەینی بەرگریی لە ئامانج و مافە مرۆییەکانی خۆی کرد.

ئەگەر دیسانیش بە وردی ئاوڕ لە مێژووی شۆڕشی ٥٧ بدەینەوە دەبینین، جگە لە کوردستان و تورکەمەنستان کە پارتی نەتەوەیی ڕەسەن و خاوەن پێگەیان لە کۆمەڵگەدا هەبوو ناوچەکانی دیکەی ئێران بە زۆرینە ڕەگەڵ خومەینی دەکەون و هەڵبژاردنی زۆرینەی خەڵکی ئێران بوو بە هۆی هاتنە سەر کاری یەکێک لە دیکتاتۆرترین حکوومەتەکانی مێژوو، هەڵبژاردنێک کە گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە بە بێ ئەوەی داکۆکی لێ بکەن بوونە قوربانیی و راشکاوانە دەتوانین بڵێین لەم نیوەدا کوردستان گەورەترین قوربانی بوو، دوای شۆڕشی ٥٧ زۆربەی

ڕێبەران و چالاکانی سیاسیی کورد تیرۆر یان ئیعدام کران و تەنانەت دوای ٣٤ ساڵیش کوردستان هێشتاش خاوەنی ئاماری زیاتر لە ٦٠% گیراوی سیاسی و ئێعدامە لە ئێران دا.

ئەگەر بە سەر ناسیوناڵیزمی ئێرانی کە ماکەی هەرە زۆری شەڕ و جیاوازی و ناکۆکییەکانەدا تێپەڕین و تەنیا بنەماکانی مافی مرۆڤ بە پێوەری دروست یان نادروستی بیروڕاکان دانێین، ئەرێ نابێ بە پێی پەسندکراوەکانی مافی مرۆڤ دان بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران دابنێین و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بۆ لەبەرچاو بگرین و ڕێز لە مافەکانیان بگرین؟

ئایا شۆڕشی ٥٧ و جیاوازیی ئاستی سیاسیی کوردستان و ئێران، نیشاندەری باشترین و ژیرترین میتۆدی سەردەمیانەی کێشەکان نییە، کە هەمان چالاکی لە چوارچێوەی مافی نەتەوەکان و حکوومەتێکی دیسانترالّ دایە؟ تا کەنگێ دەبێ نەتەوەکانی ئێران تاوانی هەڵە و زێدەخوازی پارتێکی سەراسەری بدەنەوە، ئەو پارت و لایەنانەی کە ئێرانیان پێ بە یەکەیەکی جوگرافیی یەکدەستە و پێیان وایە هەموو کۆمەڵگەی ئێران بە ئاراستەی بیروبۆچوونەکانی ئەوان دەبێ هەنگاو بنێ. ئەرێ نابێ خەڵک و کۆمەڵگە بە تەوەر دانێین و شوناس و ڕەوایی خۆیان لە هەموو دانیشتووانی ئێران وەرگرن؟ ئایا ئەزموونی ٥٧ و هەموو بەلا و کێشە و ئاریشەکانی ئەو 34 ساڵەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی نابێ بمانهێنێتە سەر لەبەرچاو گرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ؟

دیارە پارتە کوردستانییەکان دوای شۆڕشی ٥٧ یەکگرتوویی و یەکڕیزی پێویستیان نەبوو و دەبێ دان بەوە دابنێین کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانای بەربەرینی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و مێدیایی خۆی لە ماوەی ئەو 34 ساڵەدا هەموو هەلێکی بۆ زەبر وەشاندن لە یەکگرتوویی کورد و حاشاکردن لە شوناسی کوردبوونی قۆستۆتەوە و ئەزموونی لەوە هەیە کە کوردستان هەمیشە دەتوانێ باشترین و پتەوترین هاندەری سیاسی بۆ هەموو ئێران بێ. بۆیە دەست لە هیچ کار و کردەوەیەک بۆ بە گژداچوونەوەی دژبەرانی کورد و قورسترین حوکم و شێوەی جۆراوجۆری سەرکوت لە کوردستان ناپارێزێ و تەنانەت کوردی دژی کورد چەکدار کردوە تا بەمجۆرە زەبر لە یەکگرتوویی و یەکریزیی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بدا.

شۆڕشی ٥٧ هێز و توانستی کورد بۆ هەمووان لە کۆماری ئیسلامییەوە تا پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی و خودی کورد

ئاشکرا کرد. هێزی سیاسیی بەرپرس ئەو هێزەیە کە هەوڵ بۆ وەگەڕ خستنی ئەم هێزە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بدا. روون و ئاشکرایە کە بەرەی یەکگرتووی کورد و هەوڵدان بۆ کاریگەریی زیاتر لە سەر بیروڕای خەڵکی کورد گرنگترین هۆکاری سەرکەوتنە. کورد دەبێ بە شێوەیەکی چالاک لەگەڵ پارتەکانی دیکەی ئێران هاوکاری بکا و هەمیشە بە پێداگری لەسەر پەسندکراوەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووان پێوەری هاوکاری و دادوەریی بە قازانجی نەتەوە چەوساوەکان بشکێننەوە، ئەو بنەمایانەی مافی مرۆڤ کە بەردەوام لە گەشە کردن دانن و نەک هەر وەڵامدەری دواکانی گەلی کورد بەڵکو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیشن.

لە ژمارە ٦٠٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

## ئەحمەدی نژاد شوالیەی تاریکی

**وەرگێرانبۆ کوردی: تەها رەحیمی**

ئەحمەدینژاد ئەو شەوەیە کە لە سندووقەکەی ویلایەتی فەقیهەوە سەری وەدەر نا و بوو بە ئەکتەری سەرەکیی یەکێک لە پەردە تراژیکەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەو کەسە گوماناوییە کە بە پێی چیرۆکەکە لە شانۆنامەی تاریکی بنئاژۆخوازی ئیسلامی کە بە شێوەی راستەوخۆ نەخشی چیرۆکی دڵخوازی کرێکارانی دەگێڕا، لە نێوەڕاستی شانۆکەدا بەرەبەرە بە جۆرێک دیالۆگی دەقە دیاریکراوەکە دەگۆڕێ کە دەبێتە هۆی سەرسامی و سەرسوڕمانی بینەران و حەبەسانی دەرهێنەر و ئەکتەر و ئەو کەسانەی دیکەی بەڕێوەبەری شانۆ. ئێستاکەش کە لە پەردەی کۆتایی شانۆکە نزیک دەبینەوە، کۆمەڵێک پرسیاری بە مێشکدا دێن کە بڵێی دوا پەردە چۆن تەواو بێ و چارەنووسی ئەم ئەکتەرە بێ بە چێ؟ دیارە لەم نێوانەدا دەرهێنەریش لە بیری ئەوەدایە کە دەگەڵ بەلاڕێداچوونی شانۆکە لە رەوتی دڵخواز، بە چ شێوەیەک دەتوانێ نێوەرۆکی چیرۆکەکە بپارێزێ و سەرەڕای گۆڕانکارییەکان دیسان کەشەکە بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی پێشوو.

ئەمە بە گشتی روانینێکی ئەبستراکتە لە ئەحمەدینژاد و عەلی خامنەی، بەڵام وەڵامی پرسیاری «عاقیبەتی ئەحمەدینژاد؟» و هەروەها سەرسوڕمانی زۆربەی چالاکان و شرۆڤەکارانی سیاسی لە کار و کردەوەکانی ئەم دواییانەی ئەحمەدینژاد کە لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی دا نامۆن دەبێ قسەی لە سەربکرێ و لە هێندێک لە مێدیاکانی دەرەوەدا وەک مەتەڵێک باس لە ئاکارە دوور لە چاوەڕوانییەکانی ئەحمەدینژاد کراوە، رابردووی ٣٤ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە روونی نیشانی داوە چونکە پێناسە و باسوخواسە میتافیزییەکانی پێوەندیدار بە سیستمی کۆماری و ویلایەتی فەقیە لە لایەن توێژێکی تایبەتی دەزگای ئایین دۆزراونەتەوە و بەرهەم هاتوون بۆیە ئاراستە بەخشین و دیاریکردنی هێڵی گشتیی ئەو رەوتە بە گوێرەی ئامانج و مەبەستەکان و هەروەها هەلومەرجی بەرهەستی بەردەمی سیستم پێناسە و دیاری کراون و تەنانەت زۆربەی قانوونەکان بە شێوەیەکی (خلق الساعه) بە بێ هیچ گرنگیدانێکی کۆمەڵایەتی و تەنیا لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی ویلایەتی فەقیە دا دارێژراون. تاک رەهەندی و پاوان بوونی سیستمی حکوومەتی ئەمرۆی ئێران، بۆتە هۆی رەخسانی بوار بۆ پێکهاتن و سەرهەڵدانی ناماقووڵترین بەرپرسان و رووداو و هەلومەرجی نالەباری ئەم ٣٤ ساڵەی رابردوو هەر قۆناخەی پێویستیی بە ئەکتەری تایبەتی خۆی هەبووە.

ئەبولحەسنی بەنی سەدر، محەمەدعەلی رەجایی، عەلی خامنەیی، ئەکبەری هاشمی، محەمەد خاتەمی و مەحموودی ئەحمەدینژاد سەرکۆمارەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بوون کە خوێندنەوە و تاوتوێی ژیاننامە و چالاکییەکانیان ئاڵۆزی و گومانێکی زۆر هەڵدەگرن. هەر چەند لە چەرخی خێرایی نزیکتر دەبینەوە، بە ئامرازی بەهێزی میدیا، ناسینی تاکەکان دروستتر و ژیرانەتر بووە، هەروەها پێوەرە سیاسی و فەرهەنگی و توانایی هەڵسەنگاندن لە هەزارەی سێیەمدا رێگەی بۆ شرۆڤەکاران و خەڵک خۆشتر کردوە.

مەحموود ئەحمەدینژاد بە هۆی ئەوەی سەردەمەکەی هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی ئینتێرنێت و فەرهەنگی زانیاری گەیاندن لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی دا، لە سەرکۆمارەکانی دیکە زیاتر ئاکار و کردارەکانی تۆمار کراوە، بە جۆرێک کە تەنانەت لێدوان و قسە تایبەتە هەڵخەڵەتێنەرەکانی وەک خەرمانەی نوورەکەی کە بۆ راکێشانی پشتیوانی هێندێک لە رووما ئایینییەکان داڕشتبوو، ئێستا وەک کلیپ بڵاو کراوەتەوە کە دواتر ناچار بوو حاشای لێ بکا.

پێویستە بوترێ ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ یشدا تەکنۆلۆژیا و مێدیا ئەو برشتەی ئێستای هەبوایە، خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی باشتریان ئەو بەرپرسانە دەناسی و ئیدی ئێران بەم جۆرە نەدەکەوتە داوی

ئایدیۆلۆژییە تاک ڕەهەندەکانی وەک سیستمی کۆماری ئیسلامی.

ناسین (زانین) گەورەترین هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە. دوای ٨ ساڵ شەڕ و کۆتایی هاتنی سەردەمی ڕەفسەنجانی، ڕەوتی ناسراو بە ئیسلاحات بە دروستی تێگەیشتن کە خەڵکی ئێران دوای دوو دەیە گوشار و ناخۆشی دوو بەرانبەر و هەروەها کێشانی تێچووی قورسی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبێ خێراتر بەرەو فاکتۆرەکانی ئازادی، خۆشبژێوی و دادپەروەری هەنگاو بنێ و سنووری هەڵبژاردن بەرەو گرنگیدان و ڕێز گرتن لەو چەمکانەی باس کران کشاوە، بۆیە محەمەد خاتەمی بە دروشمی چاکسازییەوە وەک سەرکۆمار دەست بە کار بوو، بەڵام سیستمی ویلایەتی فەقیە سەرسەختانە لە بەرانبەر چاکسازییەکانیدا دژکردەوەی لە خۆی نیشان دا و، بە ڕووداوەکانی وەک کوی دانیشگا و قەتڵە زەنجیرەییەکان، چاکسازیشی پاوان کرد، بەڵام خاڵی گرنگی ڕەوتی ئیسلاحات، پشتیوانی و پێڕەوی ئیسلاحتەڵەبان لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بوو کە بە گوێرەی ئەو قانوونەش لادانێک لە گۆڕێدا نییە و ئیسلاحتەڵەبەکان هەر پوتانسییەلی کۆماری ئیسلامین بەڵام دیکتاتۆری و تۆتالیتەری وەلی فەقیە لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامی دا هیچ کات گوێی بە قانوونە سەقەت و تەنانەت نیو بەندی قانوونی بنەڕەتی نەبزواوە و نابزوێ. کۆمەڵگەی ئێران کە هیوای لە ئیسلاح و ریفۆرم لە کۆماری ئیسلامی دا بڕابوو و هیچ دەرفەتێکی بۆ گۆڕانی بەدی نەدەکرد بە قووڵکردنەوەی دژایەتییەکانی خۆی، ڕێژیمی نادیموکراتیکی کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد بۆ پاراستنی دەسەڵاتە نگریسەکەی دژکردەوە لە خۆی نیشان دا و وەلی فەقیە هانای بردە بەر هێزە سەربازی و ئیتلاعاتییەکانی و بۆ کۆنترۆڵی ڕەوشی وڵات کاندیدای نەناسراوی خۆی بە دروشمی دادپەروەری و خۆشبژێوە هێنایە مەیدان. بە شێوەی فەرمی چارشێو لە سەر ئەحمەدینژاد لادرا و مەحموود وەک بووکەڵەیەکی قورمیشکراو یا ڕوباتێک خەریکی جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە بوو کە لە لایەن وەلی فەقیەوە بۆی دەسنیشان دەکرا.

خولی یەکەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینژاد بە ئامانجی دابەزاندنی ئابووریی خەڵک و هێرشی بەربڵاوی فەرهەنگی دڵخوازی ڕێبەری بۆ سەر خەڵک و هەروەها بەهێزکردن و گرژکردنی هێزە سەربازییەکان و، سیخوڕی و ئیتلاعاتی، پشتیوانی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ گوشار خستنە سەر کۆمەڵگەی جیهانی و بەردەوامی لە پیتاندنی ئۆرانیۆم، تایبەتی کردنی ئابووری بە مەبەستی ئاسان گوازتنەوەی سەرچاوە داراییەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە، زۆر بە وردی جێبەجێ کران و ئەحمەدینژاد بوو بەو یارییپێکەرە خۆشەویستەی خامنەیی کە ناوبراو زۆرترین تێچوو و ئابرووچوونی بۆ پاراستنی ئەحمەدی نەژاد قبووڵ کرد. کارەساتی پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماریی

٨٨ کە بوو بە هۆی بەئاشکارا دانانەوەی ئەحمەدینژاد بە سەرکۆمار بوو کە زیاتر تووڕەیی خەڵکی لێکەوتەوە و کۆماری ئیسلامی خستە قەیراناویترین قۆناخەکانی تەمەنی.

ئەحمەدینژاد کە ساڵانی پێشتری لە پەراوێزی دەسەڵاتدا بردبووە سەر و سەرەڕای هەموو خۆشخزمەتییەکانی بە کۆماری ئیسلامی شایەد و بینەری چارەنووسی هاوڕێیانی پێشووی ئەو سیستمە واتە مووسەوی، کەڕووبی، خاتەمی، رەفسەنجانی، شاهرودی و... بوو و هەروەها ئەو دەسەڵاتە زۆرەی لە پێگەی سەرکۆماری دا پێی بەخشرابوو، کاتێک بینی دوای ئەو هەمووە ساڵ گوێڕایەڵییەی بۆ وەلی فەقیە داهاتووی سیاسیی لێڵ و ناڕوونە و لەم لایەشەوە حەزو خۆشەویستی و کەڵکەڵەی دەسەڵاتی بێ سنووری کە تەنیا لە بەرامبەر وەلی فەقیە دا وەڵامدەر بوو، هەوڵی دا لەو قاوخی بووکەڵە شووشەییە بێ ئازارە دەربچێ و ببێ بە شوالییەیەک لە تاریکی کۆماری ئیسلامیدا بۆ رێبەر و، تاقە رێبەر و ئەربابەکەی خۆی پەراوێز بخا.

چاوخشاندنێک بە سەر هێندێک کار و کردەوە و رووداوەکانی سەردەمی ئەحمەدینژاددا بەڕوونی ترس و پاشەکشەی رێبەر و هاوباندەکانی لە بەرانبەر ئەحمەدینژاد و هاوڕێیانی دا دەردەخا. بڵاوکردنەوەی ئاماری نادروست و دوور لە راستی لەسەر هەڵومەرج و دەرفەتەکان و قەیرانەکانی وڵات، گەورەترین و قەبەترین پەروەندەی گەندەڵی دارایی و رانتخۆریی سەردەمی مودێرنی ئێران کە تا ئێستا ئاشکرا بووە، گرژترین کەشی نیزامی و ئەمنییەتیی وڵات، زۆرترین ئاماری هەژاری لە ئاستی وڵاتدا، هەڵاوسان و بێکاری، زۆرترین ئاماری دەسبەسەرکردن و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدام، کارەساتی کەهریزەک، پێتاندنی ناوکی بە بێ چاوەدێریی فەرمی و وردی چاوەدێرانی نێونەتەوەیی، سەفەر و سەردانی لەرادەبەدەر لە پارێزگاکان بە مەبەستی خەڵەتاندن و دیماگۆژی و لێکدانەوەی وردی دەرفەتەکانی پارێزگاکان لە پێناو قازانج و سوودوەرگرتن لە بەرژەوەندی گرووپێکی تایبەت، گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان کە بناخەی ئابووریی نادروستی دەوڵەتی گۆڕی و گوشارە ئابوورییەکانی سەر خەڵک بەوپەڕی خۆی گەیشت، سەردانە نێونەتەوەییەکان کە بە تەواوەتی روخسار و رووماى ئێرانی لە بیروڕای جیهانییەکاندا، نەرێنیتر و ناشیرینتر لە قۆناخەکانی پێشووتری تەمەنی کۆماری ئیسلامی کرد، ئەدەبیات و فەرهەنگی نابەرپرسیارانەی بەرپرسانی سیستم کە نیشانەی وەحشیبوون و خوڵیایی بوونی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە، لەقاودانی ئامانجدار لە پەرلەمان و هێندێک لەقاودانی تایبەتی بۆ رووخاندنی زیاتری دژبەرانی نێوخۆی سیستم، پڕۆپاگەندە و برەودان بە مەهدەوییەتی تایبەت کە تەنانەت بوو بە هۆی نارەزایەتی دەربڕینی باوەڕپێکراوانی سیستم، بەرزترین ئاماری لە سەر کار لابردن و دانانەوەی وەزیرەکان و هەروەها ئاشکرا بوونی

بڕوانامەی ساختەی بەڕێوەبەران و وەزیرەکان، کەمتەرخەم بوون و بە هێند نەگرتنی کارەسات و ڕووداوەکانی وڵات بە تایبەت بوومەلەرزەی ئازەربایجان و ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەی شیناوێ و... دیارە زۆربەی ئەو کارانە بە ئاگاداریی رێبەری و زۆربەشیان بە مەبەستی زەبردان لە خامنەیی رێکخراون.

ئەگەر دیسان بگەڕێینەوە سەر ژینگەی ئەبستراکتی شانۆکەی کۆماری ئیسلامی، چونکی ئەحمەدینژاد وەک ئەکتەری سەرەکیی ئەو پەردەیە لە شانۆکە لە نێوان ئەکتەر و دەورگێڕاندا رۆڵ دەگێڕێ، ئەمجارە سەرەڕای ئەو زەبرانەی لە پەیکەری خەڵکی دەدا، زەبر و خەسارێکی زۆریش بە دەرهێنەری شانۆ و ئەکتەرە سەرەکییەکانی دیکە دەگەیەنێ، بە جۆرێک کە لە ئەگەری مانەوەی زیاتری ئەحمەدینژاد لە پەردەکانی دیکەی شانۆدا وەک ئەکتەرێکی سەرەکی، ئەگەر دەگەڵ رێبەر لێکتێکگەیشتن و رێککەوتنی نەبێ، ئەو شوالیەی تاریکی، ئەو پوتانسییەل و هێزەی هەیە کە رەوتی دارمانی سیستمی شانۆیی وەلی فەقیە بە دەستی خەڵک خێراتر بکا و تەنانەت ئەگەر دەگەڵ خامنەییش رێک بکەوێ، کارەساتەکانی ئەم ٨ ساڵەی رابردوو هیچ رێگەیەکی نەهێشتۆتەوە کە خەڵک وەلی فەقیە و ئەحمەدینژاد و کاربەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ببەخشن.

لە ژمارە ٦٠٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٣

---

## قازی محەممەدپرسیارێکە دەبێ دووبارە بیری لێبکرێتەوە

**و: سمایل**

قازی محەممەد کێیە؟ چ پێگەیەکی لە بزووتنەوەی کورددا هەیە؟و لە بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورددا چ رۆڵێکی گێڕاوە؟

نەتەوەی كورد گەلێک كەسایەتیی بەرچاوی هەن كە بەردەوامو بە درێژایی تێكۆشانە مافخوازانەكەی، ڕێزی لە یادو بیرەوەریيان گرتووەو شانازیيان پێوە دەكاو شوناسو مانەوەی خۆی لەواندا دەبینێ.
ڕێزلێنانو پیرۆزكردنی ناودارانی نەتەوەیی بەشێكە لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەجۆرێک كە ئەم شێوە ڕێزلێنانو پیرۆزكردنە لە دنیای مودێرندا باسو مناقشەی ڕەخنەیی لە سەرە. كە دەكرێ دوو ئاكامی لێكجیاوازی لێ بكەوێتەوە.

لە نێو ناودارانو كەسایەتییەكانی كوردی هەرچوارپارچەی كوردستاندا دەگمەنن ئەو كەسانە كە شارەزای كەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەدو ڕۆڵی ناوبراو لە بزووتنەوەی مافخوازانەی كورددا نەبن. بەڵام پرسیار ئەوەیە كە بەڕاستی قازی محەممەد كێیەو بایەخی «كەسایەتی»ی پێشەوا چۆن دەتوانێ یارمەتی بە یەكگرتوویی‌و بەشداریی زیاتری ڕۆڵەكانی نەتەوەی كورد لە بزووتنەوەی سیاسیو كەلتووریی كورددا بكا؟

گرنگترین لایەنی شوناسیو پراكتیكیی پێشەوا قازی محەممەد كە تایبەتمەندییەكانی دیكەی ئەم كەسایەتییە لە خۆ دەگرێو لە هەزارەی سێهەمدا پێناسە دەكرێتەوە، جۆری بە مودێرنكردنو بە ئۆرگانیكردنی بزووتنەوەی سیاسیو بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی كوردە. ئەم تێپەڕینە لە بزووتنەوەی نەریتیو سونەتییەوەیە بۆ دامەزراندنی ڕێكخراوێكی نەتەوەیی سەرەتا لە كۆمەڵەی (ژ_ک)ەوە بۆ حیزبی دێموكراتی كوردستانو دواتر بۆ دامەزراندنی كۆماری كوردستان نوقتەوەرچەرخانێكو پێناسەكردنەوەیەكی نوێیە كە تا ئەمڕۆش كاكڵی بنەڕەتیی تێكۆشانی سیاسیی كوردە نە تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بەڵكوو لە هەر چوارپارچەكەی كوردستان.

جیا لە كەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دەكرێ گرنگترین هۆكارە شوێندانەرەكان لە دامەزرانی كۆماری كوردستاندا بەم شێوەیە لێک بدرێنەوە؛ دوو قوتبیبوونی جیهان لە بەرەكانی كومۆنیستو سەرمایەداریدا، پێشڕەوبوونی سۆڤییەت وەک ئاڵاهەڵگری بەرەی مافخوازیی كرێكارانو خەڵكی چەوساوە، لەبەرانبەردا دەست تێوەردانی زلهێزە ڕۆژئاواییيەكان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بیچمگرتنو سەرهەڵدانی بیری دێموكراسیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین كە لە ژێر كاریگەریی ئیدئۆلۆژیو بایەخە ڕۆژئاواییيەكاندا بیچمی گرتو لە ئێران شۆڕشی مەشرووتەو حیزبی تودەو ڕەوتە كومۆنیستییەكان نوێنەرایەتییان دەكردو هەروەها پێشینەی نەتەوەی كورد لە مافخوازیو خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی ئینسانیی خۆی لە كوردستان.

هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی‌و هەروەها پێکهێنان‌و بەهێزکردنی «باوەڕبەخۆبوون»ی خەڵک لە کۆماری کوردستاندا یەکێک لە کارەکانی دیکەی قازی محەممەد بوو بۆ سەقامگیر کردنی مودێرنیتەی سیاسی - مەدەنی لە کۆماری کوردستاندا. هەروەها هەوڵدان بۆ نیشاندانی ڕوخسارێکی ئاشتی‌خوازانەو برایانە لە گەڵ دراوسێکانی کۆماری کوردستان کەڵکەڵەیەکی دیکەی پێشەوا قازی بوو کە بێگومان کردەیی‌کردنی ئەو فاکتۆرانە پێویستیی بە سەرمایەی ماڵی‌و زانستی‌و پشتیوانیی چین‌و توێژەکانی کۆماری کوردستان بووە، کە ئەگەر بمانەوێ لە سەر بنەمای زانستی ئەمڕۆیی لێکدانەوەیان بۆ بکەین دەبێ ئاماژە بە جیاکاری‌و بەهێزکردنی سیاسەتی دامەزراوەیی لە بەرانبەر سیاسەتی نەزەری (تێئۆری) بکەین کە ئەم کارە پێویستیی بە باسکردن لە گەلێک لایەنی لێکدانەوەی سیاسەتی وردو درشتی کۆماری کوردستان‌و سیاسەتی خارجی‌و کابینەی قازی محەممەد هەیە.

پرۆسەی یەکگرتوویی لە کۆماری کوردستاندا دەکرێ لە بەشدارکردنی کەسایەتی‌یەکانی وەک: مەلا مستەفا بارزانی، برایم خانی نادری، حاجی بابا شێخ، سەدری قازی، سەیفی قازی‌و زۆر کەسایەتیی دیکەی کۆماری کوردستاندا پێناسە بکرێ. دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانیش سەلمێنەری ئەو راستی‌یەن کە قازی محەممەد بە کردەوە هەوڵی یەکگرتوویی لە کۆماری کوردستانی‌دا داوە:

بەشداریی بەربڵاوی خەڵک لە کۆماری کوردستاندا، نەبوونی زیندانیی سیاسی‌و کوژرانی تەنیا یەک کەس لە ماوەی ١١ مانگی دەسەڵاتی کۆماردا، دامەزرانی یەکیەتی‌یەکانی لاوان‌و ژنان بە مەبەستی بوارڕەخساندن بۆ بەشدارکردنی چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، گرینگی‌دان بە کەمایەتی‌یە ئیتنیکی‌و ئایینی‌یەکان، دامەزراندنی قوتابخانەی کچانە، دامەزراندنی رادیۆو کتێبخانە، چاپو بڵاوکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو.. هەمووی ئەمانە سەلمێنەری گرنگی‌دانی پێشەوا بە پرۆسەی یەکیەتی‌و یەکگرتوویی لە کۆماری کوردستان بوون بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لەم ڕێگایەوە باوەڕ بە خۆی بێنێ. بە جۆرێک کە دوای دەیان ساڵ لە تێکچوونی کۆماری کوردستان خەڵکی کوردستان لە میتینگی سەد هەزار کەسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مهابادا لە ژێر هەمان فەرهەنگی بەشداری‌و باوە بەخۆبووندا بۆ جارێکی دیکە لە دەوری میراتگرەکەی کۆماری کوردستان‌و پێشەوا شەهیدەکەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) کۆبوونەوە.

ناسیۆنالیزمی کورد لە سەردەمی قازی محەممەددا بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هات‌و بەجێی پشتبەستن بە ئێحساساتی کاڵی میللی، خۆی لە ڕێبازی دێموکراتیک‌و مافی دیاریکردنی چارەنووس‌دا پێناسەکردەوەو فۆڕمێکی

ئەقڵانیی بە خۆوە گرت. هەروەها دەرککردن بە مەترسیی ئینکارو پشتگوێخستنو حاشاکردن لە شوناسو مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە لایەن داگیرکەرانەوە، بوو بە وەزیفەی تێکۆشەرانو ڕووناکبیرانی کوردو لەو کاتە بەم لاوە بیرو ئەندێشەکانی پێشەوا قازی محەممەدو خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردەوە ئاگایانە درێژەیان هەیە.

ژیانو گیانبازیی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی گەنجینەیەکی پڕ بەهاو بەنرخن کە دەبێ پارێزگاریان لێبکرێ. بەڵام نابێ خۆمان لە ئاستی ویستو داخوازییەکانی کۆماری کوردستاندا بەرتەسک بکەینەوە. چونکی کۆمەڵگاو نەتەوەی کورد بەردەوام لە بەرەوپێشچوونداو هەر سەردەمێک پێداویستیو پلانی خۆی دەوێ. گەورەترین دەرسێک کە قازی محەممەد بە نەتەوەکەی دا، دەرخستنی زەرفیەتی نەتەوەکەی بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لە ژێر بیرکرنەوەیەکی ئینسانیو ئازادیخوازانەداو ئەمە هەر ئەو چرایەیە کە لە تاریکیو نەزانی ڕزگارمان دەکاو سەرچاوەی بووژانەوەو تێکۆشانی کوردە لە هەموو سەردەمێکدا.

لە ژمارە ٦٠٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

---

## لێکدانەوەیەک بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٩٢ و دوورەدیمەنی داهاتوو

**و: سیروان موساپوور**

هەڵبژێرانی حەسەن ڕووحانی وەک سەرۆک کۆماری ئێران دەرخەری چ ڕاستییەکە؟ ئەم هەڵبژاردنە چ بایەخێکی بۆ خەڵکی ئێران، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو کۆمەڵگەی جیهانیی هەیە؟

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە، کاتێک خاتەمی ئامادەی ناونووسی لە هەڵبژاردنەکاندا نەبوو و ڕێگەش بە

هاشمی ڕەفسەنجانی نەدرا وەک پالێوراوی ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان بێتە مەیدان، ڕیفۆرمخوازانی لایەنگری خاتەمیو «کارگزاران سازندگی» کە هاشمیی ڕەفسەنجانی وەک باوکی مەعنەویان دێتە ئەژمار، بۆ پاراستنی پێگەو پایەی خۆیان لەنێو سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا بە تەئییدکردنی لێهاتوویی محەمەدڕەزا عارفو حەسەنی ڕووحانی بە شێوەیەکی فەرمی هاتنە نێو کێبەرکێی هەڵبژاردنەکانو بە کردەوە لە بەرامبەر شەش بەربژێری ئوسوولگەرای ڕێژیمدا ڕاوەستان. نەبوونی هاوپەیمانی لەنێو ئوسوولگەراکانداو کارنامەی زۆر خراپی هەشت ساڵەی ئەحمەدینەژاد کە پەسندی شەخسی عەلی خامەنەیی بوو، بە کردەوە کەشێکی تاڕادەیەک لەباری بۆ لایەنگرانی خاتەمیو ڕەفسەنجانی خوڵقاند. لەڕاستیدا بە هۆی لەمپەرەکانی بەردەم ڕیفۆرمخوازان بۆ ئامادەبوونی پلەیەک لە هەڵبژاردنەکانداو ناساندنی عارف وەک پالێوراوی هاوپەیمانییەکە کە پرسیارو داخوازی زۆری لەلایەن کۆمەڵگەوە دەخستە بەردەمیان، حەسەنی ڕووحانی وەک پالێوراوی سەرەکیی ئەم بەشە ناسێندرا، چونکە ڕووحانی لە حاڵەتی نێوان ئوسوولگەراکانو ڕیفۆمخوازەکاندا ڕاوەستابوو و هەروەها لە زۆر بابەتدا پاڵپشتیی عەلی خامەنەیی لە پۆستو بەرسایەتییە جۆراوجۆرەکاندا کەشێکی هێمنی بۆ ناوبراو دەڕەخساند. ڕووحانی بە کەڵکوەرگرتن لە سێ فاکتەری سەرەکیی خستنەڕووی مافی نەتەوەکان، «قەوم»ەکان، کردنەوەی کەشی سیاسی ـ مەدەنیو هەڵبژاردنی ڕەنگی بنەوشی کە هێمای مافەکانی ژنانە، توانی بە دەمپاراویو بالادەستییەکی زۆر باشو هەروەها پشتیوانیلێکرانی لەلایەن خاتەمیو ڕەفسەنجانییەوە بە شوێنگەیەکی زۆرباش بگا.

هەنووکە پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە لەبنەڕەتڕا بۆچی لایەنەکانی ئۆپۆزیسۆنی دەرەوەی وڵات نەیانتوانی بە دروستی پێشبینی بۆ ئەم هەڵبژاردنە بکەن؟ داخوا ئۆپۆزیسیۆن لە کەشێکی ناواقیعی یان دوور لەکۆمەڵ چالاکیی دەکاو یەکلایەنە لە مەسەلەکە دەڕوانێ؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە باسکردنی چەند فاکتەرێک پێویستە، یەکەم ئەوە کە بەربژێرە ئوسوولگەراکان بە ڕادەیەک لە بارودۆخی هەڵبژاردنەکانو لەسەرتربوونی خۆیانو هەروەها هەوڵەکانی چوار ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی دڵنیا بوون کە هیچ پێویستییەکیان بە هاوپەیمانی نابێ بۆیە بە خراپکردنو هێرشکردنەسەر یەکتر بە نیازی سەرکەوتن لە گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکاندا بوون، دووەم ئەوە کە لێکدانەوە و پێشبینییەکانی وڵاتانی دەرەوەو دامەزراوە توێژەرەکانیشیان نەیانتوانیبوو هەلومەرجەکە بە دروستی هەڵسەنگێنن، سێهەم ئەوە کە بە سەرنجدان بە کارنامەی کۆماری ئیسلامیو توندڕەوییە نائەقڵانییەکانی عەلی خامەنەیی کە بە قبووڵکردنی گرانترین تێچووەکان لەهەوڵی بەدەستهێنانی تەواوی دەسەڵاتدا بوو، ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش چاوەڕوانیی سەرکەوتنی ڕووحانییان نەدەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لەو چەند لایەنە سیاسیە بوو کە لە بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا بە شێوەیەکی هوشیارانە هەڵسوکەوتی کردوەو سەرەڕای تەواوی ئەو باسو لێکۆڵینەوانە کە چەند مانگ پێش هەڵبژاردنەکان ئەنجامی دابوون، بەڵام بارودۆخەکەی بۆ نارەزایەتیدەربڕینی خەڵک بە شێوەگەلی جۆاوجۆر بە لەبار دەزانی، بۆیە لە بەیاننامەکەی خۆیدا ویڕای بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ڕێز بۆ بۆچوونی ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی کوردستانو نەتەوەکانی دیکەی ئێران دادەنێ کە بڕوایان بە چاکسازیی لەڕێگەی مۆرەکانی نێوخۆی ڕێژیمەوە هەیەو نارەزایەتیی خۆیان لەڕێگەی پشتیوانی لەو پاڵێوراوانە دەردەبڕن کە قسەی ئەوانو داخوازە ڕەواکانیان دەخەنە ڕوو و، هەروەها هەر هەنگاوێک کە لە پێناو گۆڕینی سیستەمو حەرەکەت بەرەو دێموکراسیو یەکسانی هەڵبگیرێ، جێگەی پەسندو پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ.

ئێستا دەوڵەتی حەسەنی ڕووحانی ئۆلتیماتۆمێکە لەلایەن خەڵکەوە بۆ کۆماری ئیسلامی، چونکە خەڵک جارێکی دیکە بە دەنگێکی بەرز نارەزایەتیی خۆیان ڕاگەیاندوەو خوازیاری گۆڕان لە کارو بەرنامەکانی ڕیژیمدان. هەڵبژێرانی ڕووحانی لە دوو ڕوانگەوە شیاوی تێفکرینە، لەسەرەتادا ئەگەر ڕووحانی بتوانێ بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێبکا کە بێگومان کەشی چالاکیی سیاسی ـ مەدەنی دەکرێتەوەو گیروگرفتە ئابووریەکان تارادەیەک کەم دەبنەوە کە ئەم حاڵەتە بە نۆبەی خۆی هیوایەکی زیاتر بە خەڵک دەدا تا زیاتر وەشوێن وەدیهاتنی داخوازەکانیان بکەون، دووهەم حاڵەتێکە کە ڕووحانی نەتوانێ بەڵێنەکانی بێنێتە جێ کە لەو حاڵەتەدا هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کۆماری ئیسلامی کێشەو گیروگرفتی زۆر قووڵتریان دێتە پێشو بە کردەوە ڕاکێشانی سەرنجو بەشداریی خەڵک تێچووی زۆرو قورسی دەوێ، چونکە خەڵک بە شێوەیەکی توندوتیژانە دژکردەوە نیشان دەدەن، یان ئەوان بە کردەوە بارودۆخەکە بەڕادەیەک ئەمنییەتی دەکەن کە خەڵک وەک بورکان بتەقنەوە. بە شەهامەتەوە دەتوانین بڵێین بە سەرنجدان بە تێپەڕبوونی چەند دەیە لە شۆڕشی ١٣٥٧کە وەڵامی زۆربەی داخوازەکانی خەڵک نەدراوەتەوەو هەروەها گەشەو ئامادەبوونی ئەو وەچانەی کە هیچ ڕۆڵێکیان لەو شۆڕشەدا نەبووەو گرنگترین شت بۆ وان خۆشگوزەرانیو ئازادیی خۆیانو کۆمەڵەکەیانە، کۆماری ئیسلامی بەسەر لێوی تیخێکدا دەڕوا کە بێئاگایی، توندڕەویو تەواوخوازی بە ئاسانی دەتوانن برینی وەها بخەنە جەستەی سیستەمی دەسەڵاتدارو خەڵکی ئێران کە سارێژبوونەوەی کاتێکی زۆری بوێ.

گرنگترین خاڵی هەڵبژاردنەکانی ١٣٩٢ی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە خەڵک بەتوندی بەدوای ئاڵوگۆڕەوەنو لە بچووکترین دەرفەتەکان بۆ گەیشتن بە داخوازەکانیان کەڵک وەردەگرن. ئەرکی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری

ئیسلامییش ئەوەیە ڕێز بۆ ویستو داخوازەکانی خەڵک دابنێن، بە خوێندنەوەیەکی وردتری کۆمەڵگەی ئێران خۆیان لە پەنا نەتەوەکانی ئێرانو سەلیقە جیاوازەکان بە تایبەت داخوازەڕەواکانی ژنان ببیننەوەو هەوڵ بدەن بە پێوەندیو کاریگەریدانان لەسەر کۆمەڵگە، خەسارناسییەکی وردی هەڵسوکەوتی خۆیان، بارودۆخی خەڵکو سیستەمی کۆماری ئیسلامی بکەن.

لەبیرمان نەچێ کە ئەزموونەکانی بەهاری عەرەبیو ئاڵۆزیو پشێویە زۆرەکان بە تایبەت ڕووداوەکانی سووریەو میسر وەک زەنگێکی مەترسی خەڵکی ئێرانیان ئاگادار کردۆتەوەو زیاتر لە پێشوو ئەوانی بەرەو خۆڕاگریو هەڵبژاردنی چاکسازیی هەنگاوبەهەنگاوو بەرەبەرە پاڵ پێوە ناوە. ئاڵۆزییەکانی ئاسیاو هەندێک لە وڵاتانی ئەفریقایی بارودۆخێکیان ڕەخساندوە کە کۆماری ئیسلامی بەنیازە کەڵکی باشی لێوەربگرێو وەک ئامرازێک لە پێناو کۆنترۆڵکردنو سەرکوتی خەڵکدا کەڵکیان لێوەرگرێ، هەروەها مەسەلەی ناوکیو گوشارە تاقەت پڕوکێنە ئابووریو فەرهەنگییەکانیش چەند بابەتێکی دیکەی جێگەی فکرو باسوخواسی نێو کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێرانو کوردستانن. لە دۆخێکی وادا ئەگەر نەتوانین بە باشی هەست بە بارودۆخی ژیانی خەڵکی ئێران بکەین، بێشک ناتوانین پێوەندیی باشو دروستیان لەگەڵ دامەزرێنینو بەرەو گۆڕینی سیستەمو هەنگاونان بەرەو دێموکراسی، خۆشگوزەرانیو ئازادیی بجووڵێینەوە.

لە ژمارە ٦١٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٣

## گرنگیی دەوڵەتی یازدەیەمو کابینەی وەزیران

و: ئاڵەشین

دەوڵەتی یازدەیەم کە بە سەرۆکایەتیی ڕووحانی دەست بە کارەکانی خۆی دەکا، لە هەلومەرجێکدا هەڵبژاردنی بردۆتەوە کە سیستمی کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی زۆر هەستیاردایە. جیابوونەوەو کێشەی قورسی نێوان ڕەوتو

لایەنەکانی نێوخۆی ڕێژیم، کەمبوونەوەی ڕوو لە هەڵکشانی لایەنگرانی پێشووی کۆماری ئیسلامی، تەحریمو بایکۆتی قورسی ئابووری، ڕەوشی نالەباری پشتیوانانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەو وڵاتانی جیهانی سێیەم کە هەمیشە لە کەمبوونەوەدان، دۆخی قەیراناویی ئابووریو بژێوو ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیی نێوخۆی وڵات، بەرزبوونەوەی کارەساتباری جینایەتو گیرۆدەیی بە ماددە سڕکەرەکانو زۆر کێشەو ئارێشەی دیکە، بەشێکن لەو ئەهرۆمە گوشارانەی تەنگیان بە چۆنیەتیی کارکردی سیستمی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەتی دەوڵەتی یازدەیەم هەڵچنیوەو ئەگەر دەوڵەتی (تدبیرو امید) خەمێکی جیددیی لێ نەخوا. ئەم گیروگرفتو نارەزایەتییە نێوخۆییو دەرەکییانە دەبنە هۆی ڕووخانو دارمانی لە نەکاوی سیستمو تەنانەت ڕەنگە ئاسەواری ڕووخێنەری درێژخایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگییان لێبکەوێتەوە.

دەوڵەتی یازدەیەمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوەو، تەنانەت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کابینەی وەزیرانیشی تووشی کێشەو ئارێشەی زۆر دەبێ.

پشکخواستنی ئیسلاحتەڵەبان بە هۆی هاوپەیمانیی محەمەدرەزا عارفو حەسەنی ڕووحانی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە میدیای کۆماری ئیسلامیداو بەتایبەت چاپەمەنیدا بووەتە بابەتی گەرموگوڕی دوای هەڵبژاردن لەلایەکو، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵی ئیسلاحتەڵەبان و ئوسوولگەراکان بە بڵاوکردنەوەی لیستی شیمانەیی بۆ کابینەی داهاتوو، هەموو لە پێناوی گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری نوێو تێکدانی سڵامەتیی دەروونیی دەوڵەتی نوێدان، کە لەم پێناوەشدا بۆ گوشارهێنان بۆ سەر ڕووحانیو کارمەندان و پێرسۆنێلی هەڵبژاردنی کەڵک لە دروشمە پروپاگەندەیییەکانی وەردەگرن. نوێنەرانو سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیو سەرۆکی دەزگای دادوەری بە چاوپێکەوتنی بەردەوام، هەوڵ دەدەن هەلومەرجی ئێستاکەی ڕووحانی هەڵسەنگێننو تێدەکۆشن جۆرێک بوارەکە بڕەخسێنن کە هاوهەڵوێستی، یان لانیکەم هەڵسوکەوتی دەوڵەتی یازدەیەم لەگەڵ دوو هێزەکەی دیکە بە چەشنێک ڕێک خەن کە بارودۆخی سەردەمی ئەحمەدینەژاد دووپات نەبێتەوە. بەگوێرەی کەشو فەزای دوای هەڵبژاردن، قۆڵەکانی ئیسلاحتەڵەب، بناژۆخواز، نوێنەرانی مەجلیسو هێزی دادوەریو زۆ لە کەسایەتییە مەزهەبییەکانی کۆماری ئیسلامی نەک یارمەتیدەر نین بۆ حەسەن ڕووحانیو دەوڵەتی (تدبیرو امید) بەڵکوو هەر لایەنەی دەیەوێ ئابڕووی خۆی بکڕێتەوەو ڕەوتەکانی بەرامبەری خەوشدار بکا. ئەمانە دەیسەلمێنن کە هیچ گەرەنتییەک نیە کێشەو ئارێشەی دەوڵەتی یازدەیەم لە دەوڵەتەکانی دیکە کەمتر بێو بێدەنگیی واتاداری عەلی خامنەیی، گەورەبەرپرسانی سوپاو مەحموود ئەحمەدینەژاد نیشاندەری ئەگەری ئەم دۆخەن. لە ساڵی ٨٨ەوە تا

ئەمڕۆ بێدەنگیی ئەوان کە هەمیشە پڕباس‌وخواسترین بەشی دەسەڵات بوون، نیشانەیەکی پۆزەتیڤ نەبووە. عەلی خامنەیی کە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی ڕابردوودا زیاتر لە هەموو کاتێک خۆی لە بچووکترین کێشەکان هەڵقوتاندوەو حوکمی حکوومەتیی دەرکردوەو ئامادە نەبووە بە هیچ نرخێک تەنانەت بۆ کەمترین ماوەش مەیدانێک بە ڕەوتەکانی دیکە بدا، بێدەنگی‌یەکەی زۆر واتادارو لێڵە، گەورەفەرماندەکانی سوپا کە ئەم دامەزراوەیان کردوە بە ڕێکخراوێکی زۆر گەورەی سەربازی، ئیتلاعاتی، ئەمنییەتی، ئابووری‌و فەرهەنگی زیاتر گومانەکان زیاد دەکەن‌و سێیەمین فاکتەریش مەحموود ئەحمەدی‌نەژاد کە سەرەڕای ئەو هەموو خۆڕاگری‌یەی لە بەرانبەر ڕێبەری کۆماری ئیسلامی‌و لایەنگرانی‌دا، دوای ڕەدی سەلاحیەتی مەشایی بێدەنگ بووەو بە گشتی بەم بێدەنگی‌یە سەیرو سەمەرەکەی هەمووانی تووشی سەرسوڕمان کردوەو دەگەڵ ئەو شتانەی باس کران نیشانەی بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزە.

دوو خاڵی زۆر گرنگی دیکە کە کارکردی سێ هێزەکەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت دەوڵەت شوێنەواری لە سەر ئاراستەکەیان هەیە، بەم جۆرەن، یەکەم زۆربەی بەرپرسە سەرەکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی وەک خامەنەیی، هاشمی، جەننەتی‌و... بە هۆی تەمەنی زۆرەوە دەبێ دوای خولی یازدەیەمی سەرکۆماری واز لە دەسەڵات بێنن‌و بەرپرسایەتی‌یەکان بدەن بە کەسانی دیکە، کەواتە بە سەرنجدان بە دەسەڵاتخوازی‌یان‌و ئەگەر ناچاریش بن دەبێ کەسانێک لە جێی خۆیان دانێن کە بێ ئەملاوئەولا گوێڕایەڵیان بن‌و بیر لە پاراستنی ئەم بەرژەوەندی‌یانە دەکەنەوە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بە هەموو نرخێک بە دەستیان هێناوە. کەواتە کۆنترۆڵی دەوڵەتی یازدەیەم بۆیان زۆر گرنگە. دووەم ئەوەی کە هەڵبژاردنی ١٣٩٢ی سەرکۆماری نیشانی دا کە هیچ کاتێک بەم‌جۆرە بارودۆخی کۆماری ئیسلامی شپرزەو ئاڵۆز نەبووەو هەر فاکتەرێکی نێگەتیڤ هەلومەرجەکەی لێ ئالۆزتر دەکا، هەروەها نەوە ی نوێی ئەمڕۆی ئێران زۆر وشیار بۆتەوە و لەسەر مافەکانی خۆی زۆر پێداگرە. لەم هەڵبژاردنەدا خەڵک دوایین هەلیان دا بە کۆماری ئیسلامی کە سیستمی خۆی بگۆڕێ، ئەو دەرفەتەی بە شاپوور بەختیار نەدرا، ئەو دەرفەتەی کە ئەگەر بەو درابایە ڕەنگە پێشی بە هاتنەسەرکاری حیزبی کۆماری ئیسلامی بگرتایە. کەواتە دیارە ئەو فاکتەرە نیشانەی تێگەیشتوویی‌و هۆشیاریی بەرزی سیاسی - مەدەنیی نەتەوەکانی ئێرانە، ئەو عەقڵییەت‌و هۆشیاری‌یە کە ئیزنی هەڵەو ملهوڕیی لەوە زیاتر بە کۆماری ئیسلامی نادا. ئاشکرایە کۆماری ئیسلامی‌و بەتایبەت هێزی بەڕێوەبەری یان دەبێ بە ئاراستەی ویست‌و داخوازەکانی خەڵکدا هەنگاو بنێ‌و تێچووی هەموو هەڵەو خراپ بیرکردنەوەکانیان بداو دەسەڵات بدا بەدەست خەڵک‌و نوێنەرە ڕاستەقینەکانیان، یان ئەوەی لە

ترسی ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ تووڕەیی خەڵک بۆ پاراستنی سیستمەکەیان دەست لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە نەپارێزنو، هەڵبژاردنی کابینەی کارامەی یازدەیەم یەکەم ئەزموونی جیددی دوای هەڵبژاردنە بۆ کۆماری ئیسلامی. لەم بارودۆخەدا ئەگەر دیسان چاو بە فاکتەرو هۆکارەکاندا بخشێنینەوە دەبینین کە هەڵبژاردنی کابینەی دەوڵەتی نوێ، دەوڵەتێک کە دوای کارکردی زۆر نەرێنیی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەت سەردەمی ئەحمەدینەژاد دەسەڵاتداری هێزی بەڕێوەبەرییە کارێکی زۆر دژوارە. ڕەنگە دەوڵەتی یازدەیەم بتوانێ - هەرچەند هیچ وێناچێ - بە پاشەکشەکردن بە پاوانخوازان، تاڕادەیەک هەلومەرجی گەیشتنی ڕێژەیی کۆمەڵگە بە خۆشبژێوی، ئازادیو ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی هەرچەند بەرتەسک کە لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتوە بڕەخسێنێ یان بە گوێڕاڵی بێئەملاوئەولا بۆ وەلیی فەقیه، کۆمەڵگە لە هەر بەشدارییەک هیوابڕاو بکاو ڕەوتی دارمانی سیستم بە دەست خەڵکی خێراتر بکا یان تەنانەت حەسەن ڕووحانی دەتوانێ وەک مەحموود ئەحمەدینەژاد کە هەموو چینەکان پشتیوانیی لێدەکەن، بە شێوەی جۆراوجۆری دیکە ببێتە خوڵقێنەری قەیران بۆ کۆماری ئیسلامیو، هەستاندنەوەی هەرچی زیاتری ڕەوایی ڕێژیم.

لە ژمارە ٦١١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٣

---

## قسەکانی هاشمیی ڕەفسەنجانی، لەقاودان یان دانپێدانان؟

و: سیروان مووساپوور

« هێزە سەرەڕۆکانی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی لە ڕیستۆرانی میکۆنۆسدا دەستیان بۆ تیرۆر برد». «ئەمن لەلایەن «روح الله خمینی»یەوە دەسەڵاتی تەواوم بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا هەبوو». «خەڵکی سووریە لەلایەن دەوڵەتی خۆیانەوە سەرکوت دەکرێنو بەشار ئەسەد بڕیاری بۆمبارانی شیمیاییدا».

ئەم قسانەو وتە هاوشێوەکانی هاشمیی ڕەفسەنجانی لە بارودۆخی قەیراناویی کۆماری ئیسلامیدا دەرخەری چ ڕاستییەکن‌و بە چ مەبەستێک دەگوترێن؟ بۆچی ئەم قسانە دەسبەجێ دوای دەستبەکاربوونی دەوڵەتی یازدەهەم دێنە سەر زارو زمانان؟ پێویستی‌و پاڵنەری دەربڕینی ئەم چەشنە وتانە دەتوانێ چ شتێک بێ؟ داخوا دەکرێ ئەم قسانە بە لەقاودان دابنرێن یان وەک ئێعترافو دان‌پێدانان سەیر بکرێن؟

ئەگەر ئاوڕ لە پێشینەی سیاسیی ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی‌و کارنامەی سی‌و پێنج ساڵەی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە، دەزانین کە ڕەفسەنجانی یەکێک لە گرنگترین دامەزرێنەرانی حیزبی «جمهوری اسلامی» بووەو تا ئەمڕۆ لە سیاسەتی باڵای کۆماری ئیسلامی‌دا بەردەوام یەکێک لە پایە سەرەکی‌یەکانی سیاسەتدانان‌و سیاسەتکردن بووە. هاشمیی ڕەفسەنجانی لە پلەی سەرکۆمارو عەلی خامەنەیی لە پۆستی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا لەگەڵ چەندین سیمای دیار و بەرچاوی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ یەکەمجار بە هۆی تیرۆریزمی دەوڵەتی لەلایەن دادگای میکۆنووسەوە مەحکووم کران‌و لە لیستی تیرۆریستە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا جێگەیان گرت. کەواتە سڵامەتیی سیاسی و ئابووریی ڕەفسەنجانی تەنیا لەژێر سایەی بەردەوامی‌و سەقامگیریی کۆماری ئیسلامی‌دا دەستەبەر دەبێ، دیارە ئەگەر هەمیشە بتوانێ وەک ئەکتەری گۆڕەپانی دەسەڵات، پێگەو پلەی خۆی بپارێزێ. کەوایە ئاشکرایە قسەکانی ئەم دوایی‌یانەی ڕەفسەنجانی نەک دان‌پێدانان بەڵکوو ڕەهەندی لەقاودان بەخۆوە دەگرن‌و ئەم لەقاودانە لە پێناو گوشارخستنەسەر کەسی یەکەمی کۆماری ئیسلامی واتە عەلی خامەنەیی بووەو تەنیا وەک تاکتیک بەکار دەهێنرێن.

عەلی خامەنەیی تێدەکۆشێ بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە چوارچێوەی باوەڕپێکراوانی خۆی‌و هەوڵدان بۆ کۆنترۆلکردنی دامەزراوەو هێزە سەرەکی‌یەکانی ڕێژیم، دەوڵەتی یازدەهەمیش وەک ٢٤ی ساڵی ڕابردوو بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی‌و بوونی خۆی لەسەر کورسیی وەلی فەقیهـ هەروا بە جێگیری بێڵێتەوە. لەلایەک لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرکۆماری‌داو دوای ئەوەش ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی، محەممەدی خاتەمی‌و حەسەنی ڕووحانی بۆ پاراستنی دەسەڵات، سێکوچکەیەکیان پێک هێناوە کە هەریەک لەم کەسایەتی‌یانە ئەرکی دیاریکراوی خۆیان بە ئەستۆوە گرتوە. خاڵی ئاشکراو بەرچاو لە سێ ڕستە گوتراوەکەی ڕەفسەنجانی‌دا، بە بەردەنگدانانی نێوخۆو دەرەوەی ئێران‌و سەرنجڕاکێشانیان بۆ لای ڕۆڵی تێکدەرانەو سەرەکیی کەسی یەکەمی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کێشەو بابەتە گرنگەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران‌دایە. ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی بە قبووڵکردنی تیرۆری میکۆنووس‌و بەستنەوەی بە هێزە سەرەڕۆکان، لەڕاستی‌دا ئاماژە بە ئاڵقە

باوەڕپێکراوەکانی خامەنەیی دەکا کە ئەم کەس‌و گرووپانە بە شێوەی نافەرمی وەک ئامرازی گوشار بە دژی دژبەرە نێوخۆیی‌و دەرەکی‌یەکانی عەلی خامەنەیی زۆرجار بەکار هێنراون.

قبووڵکردنی کردەوەی دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی‌و ڕۆڵیان لە تیرۆری میکۆنۆس‌دا لەلایەن سەرۆکی دیاریکردنی بەرژەوەندی‌یەکانی ڕێژیم، یەکەم ئەوە کە درکاندن‌و پێ‌لێنانی تەواوی تیرۆرەکانی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی‌یەو دووەم ئەوە کە بە پێکهێنانی درز و کەلێن لەنێو باوەڕپێکراوانی خامەنەیی‌دا کاریگەری نەرێنیی لەسەر سێ فاکتەری هێز، مەیدان‌و زەمان بە دژی خامەنەیی‌و لایەنگرانی دادەنێ‌و بە کردەوە بە لێستاندنەوەی ڕەوایی زیاتر لە وەلی فەقیهـ ڕێگە بۆ خۆی‌و هاوبیرانی خۆش دەکا. دووهەم بابەتی گرنگ پرۆژەی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکایە کە لە هێڵی سووری ڕێژیم هێناویەتە دەرو خامەنەیی وەک گرنگترین فاکتەری بڕیاردان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا هێناوەتە ژێر پرسیار. ڕەفسەنجانی بە دروشمی»نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی« بابەتەکە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو کە بە پێی ئەو دروشمە نە تەنیا ئەمریکا بەڵکوو «ڕووسیە«و «چین»یش دەبێ لە چوارچێوەی ئەم هێڵە سوورەدا جێ‌بگرن، یان وەک دەڵێ پێوەندیی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا بە سەرنجدان بە ئاماژەیەک کە بە خومەینی دەکا، بەشێک لە هێڵی سوور نەبووەو نیە. لە نوێ‌ترین وتەکانی‌دا ڕەفسەنجانی ڕەوایی بەشار ئەسەدی هێناوەتە ژێر پرسیارو بە ئاماژەدان بە پشتیوانیی نابەجێی کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی خامەنەیی، حکوومەتی ئێستای سووریە بە هۆکاری کوشتارو سەرکوتی خەڵکی سووریە دەزانێ کە سروشتی‌یە جێگەو بەرژەوەندی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌و هەروەها داکۆکیی بێ‌ئەملاوئەولای کۆماری ئیسلامی لە بەشار ئەسەد لە بارێکی دژەمرۆیی‌دا جێ‌دەگرێ. ئاشکرایە کە ئەم لەسەرتربوونە تاکتیکی‌یە بۆ ڕەفسەنجانی و هاوپەیمانانی تێچووی زۆر قورسی بەدواوە بووە بەڵام بە سەرنجدان بە بارودۆخی هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی، لەقاودانەکانی ئەمڕۆکەو لەوانەیە داهاتووی ڕەفسەنجانی‌و هاوپەیمانەکانی نیشاندەری هەلومەرجی زۆر ئاڵۆزی نێوخۆیی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بێ. زەربە قورسەکانی کە ئەمڕۆ لەلایەن دەستوپێوەندە نێوخۆیی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بۆ لەسەرتریی تاکتیکی‌و ئیستراتیژیکی بە سیستەمی دەسەڵاتدار دەکەوێ، بارودۆخی ڕێژیمی لە قەیراناوی‌ترین هەلومەرجی مێژوویی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا دەردەخاو سروشتی‌یە کە دەبێ لەم بارودۆخەدا هەر ساتێک، چاوەڕوانی قەیران، ململانێ و کارەساتی نوێ بین.

لەم ڕەوش و بارودۆخەدا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕو ڕیفۆرمخواز کە بیر لە جێگیربوونی دێموکراسی دەکەنەوەو بۆ وەدیهاتنی تێ‌دەکۆشن، دەبێ بە ڕۆشنگەری‌و شوێندانەریی لە گۆڕەپانی نێوخۆیی‌و دەرەکیی ئێران،

ئەوپەڕی کەڵک وەربگرن‌و ئیزنی نۆژەن‌کردنەوەی پێکهاتەو بەهێزکردنی سیستەمی کۆماری ئیسلامی نەدەن‌و تەنیا پێوانەو ستانداردی هەڵسەنگاندن‌و بەشداریی خۆیان بە قازانجی کۆمەڵگەی ئێران دابنێن. یەکگرتوویی، بەشداری‌و کێبەرکێی تەندروستی هێزو لایەنە سیاسی . مەدەنی‌یەکان دەتوانێ لە هێنانەمەیدانی خەڵکو هەوڵدانی گشتی بۆ گۆڕینی سیستەم بەرەو دێموکراسی‌تەوەری ڕۆڵی ڕاستەوخۆو کاریگەریی بنەڕەتی دابنێ‌و سروشتی‌یە کە لەدەستدانی ئیمتیاز و دەرفەرتەکان تەنیا لەپێناو بووژانەوەی کۆماری ئیسلامی‌و بێهیوایی زیاتری نەتەوەکانی ئێران‌دا دەبێ.

لە ژمارە ٦١٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

---

## هەڵسەنگاندنی ڕەوتی نوێی پێوەندییەکانی ئێران‌و ئەمریکا

و: سیروان موساپوور

پێوەندییەکانی ئەمدواییانەی ئێران‌و ئەمریکا لەباری سیاسییەوە بە چ شێوەیەک شیاوی لێکدانەوەو شرۆڤەکردنەو داخوا ئەم پرۆسەیە وەک خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە بە شێوەیەکی تایبەت‌و دنیای سیاسەت بە شێوەیەکی گشتیی دێتە ئەژمار؟ ڕۆڵی وڵاتانی سێهەم لەم دانوستانانەدا چیە؟ ڕاگەیەنە گشتییەکان‌و شرۆڤەکاران چ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕەوتی وتووێژەکان هەبووەو دەبێ؟

ئەگەر بە وردی سەیری پێوەندیی ئێران‌و ئەمریکا لە ٣٥ ساڵی ڕابردوودا بکەین دەبینین ئەم دوو وڵاتە زۆرترین پێوەندییان چ بە شێوەی ئەرێنی‌و لە هێندێک بابەتدا بە شێوەی ئەرێنی، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر هەبووە. ئەگەر بە شێوەی ئاسۆیی‌و ستوونی لەم مێژووە ٣٥ ساڵەیە بڕوانین، خاڵی زەق‌و بەرچاو کارابوونی پێوندییەکان (ئەرێنی‌و نەرێنی)ی ئێران‌و ئەمریکایە. پێوەندییەک کە لەوانەیە بگوترێ ئەمریکا لە ٣٥ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ کەمتر وڵاتێک وەها پێوەندییەکی ئەکتیڤ‌و کارای هەبووەو کەمتر پێوەندییەکی سیاسیی

توانیویەتی لەم ئاستەدا کارتێکەرو کارتێکراو بێ.

کێشەی سووریەو ڕادەی شوێندانەریی ئێران لە سیاسەتی ناوچە، بەهێزکردنی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییو تیرۆریستییەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەو ڕۆڵی کاریگەری ئێران لە تێکدانی نەزمی نوێی جیهانی کە زلهێزەکان بە تایبەت ئەمریکا دەیانەوێ لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بەکاری بێنن، چەند ساڵێکە بە شێوەی یەکێک لە گرنگترین ئەولەوییەتە سیاسییەکانی ئەمریکاو زلهێزە جیهانییەکانی لێهاتووە. ئەگەر سەیری وڵاتانی دراوسێی ئێران بکەین دەبینین لە تەواوی ئەو وڵاتانەدا ئەمریکا یان هێزی جێگیر کردووە یان ئەم وڵاتانەی کردوونە دۆستو هاوپەیمانی خۆی. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دیسانەکەش کۆماری ئیسلامی توانیویەتی ڕۆڵی خۆی بگێڕێو ناوچەکە هەروا بە نائارامی بێڵێتەوە. تێپەڕبوونی لە سەدای شەست (٦٠%)ی وزەی دنیا لە گەرووی هۆرمز کە لە سنووری کۆنترۆڵی کۆماری ئیسلامی دایەو هاوپەیمانی لەگەڵ سووریەو لوبنانو هێندێک لە لایەنە گرنگەکانی فەلەستین بۆ نائارام کردنو قەیراناوی کردنی کەناڵی سوئێز، بارودۆخێکی باشو دڵخوازی بۆ کۆماری ئیسلامی خوڵقاندووەو بە ڕێکەوت نیە کەسێکی وەک مێهدی تائێب دەڵێ: ئەولەوییەتی پاراستنی سوریە بۆ کۆماری ئیسلامی لە خوزستان زیاترە.

کاریگەریی بزووتنەوەی سەوز لەسەر ڕاپەڕینەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبیو پاراستنی بەشار ئەسەد لەلایەن کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بزووتنەوەی بەربەرینی جەماوەرییو کەشی ڕەخساوی نێونەتەوەیی بۆ قبووڵکردنی ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی سووریە، پێوەندییەکانی ئێرانو ئەمریکای خستە فازێکی نوێو قۆناغێکی دیکەوە کە تێیدا دەبێ ڕەوشی هاوسەنگیی هێزو ڕادەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکاو کۆماری ئیسلامی بە هەمان شێوە کە ڕووحانیو ئۆباما لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جەختیان لەسەر کردەوە، دیاری بکرێ.

ئۆباما وەک زۆر لە سەرۆک کۆمارەکان کە لە خولی کۆتایی دەسەڵاتداریی خۆیاندا بەدوای وەدەسهێنانی میراتیی سیاسی کە ئیعتبارو پرستیژی درێژخایەنیان بۆ لەگەڵ خۆ بێنێ، لە بەرژەوەندیی خۆیو حیزبەکەیدا تێدەکۆشێو هەروەها قەیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە ٣٥ ساڵی ڕابردوودا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توندتر بووە، ئیزنی کەمتەرخەمیی یان کردەوەی نزیکو دوور بە گەورەترین هێزیی سیاسیی دنیا نادا چونکە »دوای بەهاری عەرەبی«و قەیرانی سووریە، ئەمریکاو وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەبێ بۆیان روون بێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ ڕۆڵو پێگەیەکیان هەیەو بەرژەوەندییەکانیان لە هەستیارترینو ئیستراتیژیکترین ناوچەی جیهان چۆن سەرلەنوێ

پێناسە دەکەنەوە.

هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێناو بەرنامەی ناوکی، بەهێزکردنی هێزە زەمینی، هەوایی، دەریایی، ئیتلاعاتیو ئەمنییەتییەکان کە لە بواری نیوخۆییو دەرەکی بتوانن بە شێوەیەکی کارا بێنە مەیدانو زەقتربوونەوەی ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەداو هەروەها، ئەو بوارە گونجاوەی کە قەیرانە داراییە نێودەوڵەتییەکان لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدا هێنایەئاراوەو کاتو دەرفەتی زیاتریان بۆ بەهێزکردنو ڕێکخستنەوەی هێزەکان بە کۆماری ئیسلامی دا، ئەمریکای ناچار کرد کە گەورەترینو بێ‌پێشینەترین گەمارۆ ئابوورییەکان بخاتە سەر ئێرانو تەنانەت تێچووی زۆر گەورەو گرانیش بۆ ڕازیکردنو بەشداری پێکردنی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم پرۆسەیە بدا.

ئەگەر لەم ڕووبەڕووبوونەوەو کێشمەکێشانە بڕوانین دەبینین کێشەکە تەنیا لەسەر بەرژەوەندییەکانی دوو سیستەمی دەسەڵاتدارەو لە بنەڕەتدا مافی مرۆڤو دروشمە مرۆڤدۆستییەکان تەنیا وەک دروشم دەخرێنەڕوو و بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە هەواڵدەریی فارس لە زمان کامران باقری لەنکەرانی، سەرۆکی توێژینەوەکانی سیاسەتدانانی سەلامەت لە خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی نووسی: ڕۆژانە ٦٣ کەس بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆ لە ئێران دەمرن و دوو هەزار کەسیش بریندار دەبن کە لە سەدا شەستیان لە ڕێگەوبانەکانی دەرەوەی شارەکانەو ژمارەی مردووەکانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەشت ساڵی ڕابردوو لە کوژراوانی شەڕی ئێرانو عێراق زیاترە. یان هەواڵدەریی ئیسنا لە زمان فەرشیدی یەزدانی، ئەندامی ئەنجوومەنی پشتگیری لە مافی منداڵان دەنووسێ: «ڕادەی هاوسەرگیریی منداڵان بە بەراورد لەگەڵ گشت هاوسەرگیرییەکان لە ساڵی ٨٥ بۆ ٨٩، لە سەدا ٤٥ زیادی کردووە.»نموونەی لەم چەشنە گەلێک زۆرن کە دەری دەخەن وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەت ئەمریکا هەرگیز دەرحەق بە کارەساتە مرۆییەکان کەدەتوانرێ ناوی «وەچەکوژی» لێ بنرێ، دژکردەوەیەکی شوێندانەری نیشانی نەداوە و تەنیا بەرژەوەندییەکانی هێزە سیاسییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن و تەواوی کردەوە و قسەکانیان لەسەر ئەم بنەمایە پێناسە دەکەن.

لەم نێوەدا دوو گرووپی دیکەش ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە و لە ئاراستەکردنی هاوکێشە سیاسییەکان بەشدارن. یەکێکیان وڵاتانی سێهەم وەک ئیسرائیل کە بە ئانقەست بە هەڵوێست و کردەوەگەلی لە چەشنی ناتانیاهوو هەوڵ دەدەن بە قەیراناویترکردنی بارودۆخ، هاوکێشەو ئاڵوگۆڕەکان لە بەرژەوەندیی خۆیانو هاوپەیمانەکانی وەک ئەمریکا بەکار بێننو، بە کردەوە ئەمریکاو هاوپەیمانانیشی لە هەر بارودۆخێک لە وڵاتانی وەک ئیسرائیل کە

وەک گرەنتیی کۆنترۆڵی کەناڵی سوئێز و ئامرازی گوشار لەسەر هێزە هاوپەیمانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە بۆ کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بەکار دەهێنرێن، پشتگیرییان لێ بکرێ. گرووپی دووەم ئەو شرۆڤەکارانەن کە لە ڕاگەیەنەکاندا بە ڕەخساندنی کەشەکە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا یان ئێران پەرە بە قەیرانەکان دەدەن یان بیروڕای گشتی بە ئاراستەیەکی تایبەت کە لە بەرژەوەندیی هەریەک لەم وڵاتانە دابێ، ڕێنوێنیی دەکەن.

لەم هەلومەرجەدا گرنگترین خاڵو ئەرکی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی کە وەک ئەکتەرە سیاسییەکان بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران هەوڵ دەدەن ئەوەیە کە لە بارودۆخی ئارایی لەپێناو خستنەڕووی داواکاریی‌و کێشەکانیانو پێویستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران کەڵک وەرگرنو کرەوەو هەڵسوکەوتیان تەنیا لەپێناو بەرژەوەندییەکانی تەواوی نەتەوەکانی ئێران بخەنەگەڕ و بە چاوی دەرفەت لە هەر پێشهات و قەیرانێک کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران دایە، بڕوانن بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان وەک کاراکتێر نەک تەنیا شرۆڤەکار بە دروستی بگێڕن.

لە ژمارە ٦١٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

---

## دەوڵەتی رووحانی! باش یان خراپ!؟

**و: ئاڵەشین**

ئەگەر چاوێک لە هەموو ئەو دەوڵەتانە بکەین کە لە کۆماری ئیسلامی‌دا هاتوونە سەر کار؛ دەبینین هەموویان کێشەیان دەگەڵ ڕێبەری سیستم کە وەک کەسی یەکەمی ڕێژیم پێناسە کراوە هەبووە، کە ئەو کێشانە هەمیشە قەیرانی سیاسی - ئابووری تایبەت بەخۆی لێکەوتۆتەوە. لە ڕاستی‌دا لەو سیستمانەدا کە نادیموکراتیکن کۆمەڵگەی مەدەنی لەو بەشانەدا دەگوڕێن (باس لە دەسکاری ئاکامی هەڵبژاردنو هەڵبژاردنی دیموکراتیک ناکەم،

تەنیا باس لە هەڵبژاردن تەنانەت ئەگەر شانۆییش بێ) کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، ئەو بەشانە دەبێ وەڵامدەر بن‌و بەردەوام بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن بە ئەهرومی گوشار بۆ هێنانەدی بەشێک لە داواکانیان.

کۆمەڵگەی ئێران لە دوای تەسویە حیسابی پارت و لایەنە سیاسی‌و چالاکانی مافی مرۆڤ بەهۆی کۆماری ئیسلامی دوای شۆڕشی ٥٧ و هەروەها شەڕی ٨ ساڵە، لە کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتی رەفسەنجانی‌دا بە هاوسەنگییەکی رێژەیی دەگاو بەرە بەرە بە بەدواداچوونی داخوازی و مافەکانی خۆی، رەوشەکەی بەرەو داخوازییە مرۆییەکان بردوە. سیستمی نادیموکراتیکی کۆماری ئیسلامییش وەک هەموو دیکتاتۆرەکان چونکە ئەو داواو داخوازییانەی بە دژی شوناس‌و سەقامگیری خۆی بینیوە، بەردەوام هەوڵی سەرکوتو بێدەنگ کردنی داواکارانی داوە. سیستم لە لایەکەوە بۆ پاراستنی خۆی ناچار ئەو داخوازی‌و پێویستیانەی سەرکوت کردوە و لە لایەکی دیکەشەوە رووبەرووبوونەوەی دەگەڵ دەنگی گشتی، سیستمی بەرەو تێداچوون بردوە، هەر بۆیە دەبینین لە سەردەمی چاکسازی‌دا هاوسەنگییەکی رێژەیی زەمینەکانی کۆمەڵگەی مەدنی لە ئاستی سەرەتایی سەرهەڵدەدەن‌و خۆ دەردەخەن و سیستمی کۆماری ئیسلامییش هەمیشە هەوڵ دەدا لە ڕێگەی ئەهرومە گوشارەکانییەوە دەسەڵاتی نێوخۆیی سیستم سەنترالیزە بکا و کەمترین دەسەڵات بە خەڵک و نوێنەرەکانیان ببەخشێ. رووداو و بیرەوەری تاڵی (کوی دانشگاه و قتلهای زنجیرەای) ئاکامی ئەم رووبەروو بوونەوە و دژایەتییانەی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستمی کۆماری ئیسلامی بوون کە دیارە ژمارەیەکی زۆری داخوازییە مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی وەک بایەخ و پێداویستی زەروور بە کۆماری ئیسلامی ناساند. دوای سەردەمی چاکسازیی کۆماری ئیسلامی ئەو هەلەی بۆ هەڵکەوت تا رادەیەک پێکهاتەی خۆی دارێژێتەوە و لە ژێر دروشمی کەرتی تایبەت زۆربەی کانگە و سەرچاوە ئابوورییەکان بخاتە دەستی باوەڕپێکراوانی سیستم، ئەو سەرچاوانەی کە لە دوای ئەحمەدینژاددا نەکەوتە دەست دەوڵەتی یازدەیەم و لە راستی‌دا ئاستەنگە ئابوورییەکان تارادەیەکی زۆر کارکردی دەوڵەوت و تەنانەت نوێنەرەکانی مەجلیسیش ئەگەر بیانەوێ بە ئاراستەی داخوازی‌و ویستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاو بنێن، هەنگاوەکان خاو دەکا و کێشە و ئاریشەیان دەخاتە سەرڕێ. کۆمەڵگەی ئێران کە لە سایەسەری راگەیاندن، گۆڕانی نەوە و چالاکی پارت و لایەنە سیاسی – مەدەنییەکانی نێوخۆ و دەرەوە بەرەو گەشە و روو بە بەهێزکردنی سترەکتۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەنگاو دەنێ دەوڵەتی ئێعتداڵی بەسەر کۆماری ئیسلامی‌دا سەپاند، دیارە هەڵبژاردنی رووحانی نەک لە روانگەی خودی کەسایەتی رووحانی بەڵکو لەم بوارەوە کە دروشم‌و خواستەکانی خەڵک لە زمانی سەرۆکی دەوڵەتەوە دەوترێ و نکۆڵییان لێناکرێ (هەرچەند حاشا نەکردن لەم داخوازییانە لە دڵەوە بێ یان بە ناچاری) پێشکەوتنێکە کە

سیستمی خستۆتە مەترسییەوە و سیستمی کۆماری ئیسلامی دەبێ بەرانبەر ئەو خواست و پێداویستییانە دژکردەوەی هەبێ. کۆمەڵگەی مەدەنی خواستو داواکانی لە دەوڵەتی یازدەیەم دەوێ و ئینجا ئەم دەوڵەتە چ نیازی پاک بێ یان خراپ ئارێشەیەکی گرنگە کە دەتوانێ خواست و ویستەکانی خەڵک و دیسانتراڵیزەی دەسەڵات لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا، بەرە بەرە سیستم بەرەو کەشێکی مەدەنی رەکێش بکا و بە کردنەوەی فەزاکە، رێگە لە پاوانخوازان ببەستێ و یان بە خۆڕاگری و دژایەتی کردنی خواست و داواکاریی خەڵک سیستمی کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵوەشانێکی لەسەرەخۆ و لە ناکاو بەرێ. بەو دەوڵەتە نە دەبێ گەشبین بین و نە رەشبینیش، بەڵکوو دەبێ زۆروردبینانە بەدواداچوونی خواستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین تا بتوانین رێژەی پێشکەوتن یا پاشڤەچوونی داخوازییە کۆمەڵگەتەوەرەکان وەک ئەهرومی گوشار دژی کۆماری ئیسلامی بەکار بێنین. سیاسەت هونەری مومکینە و دۆگماتیزم و چەقبەستوویی لایەنگرانی دەخاتە پەراوێزەوە و لە ریزبەندیو پۆلێنبەندی کۆمەڵگەی مەدەنیو یا دژی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەر لایەک و رەوتێک بن دەخاتە ریزی دژبەرانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. کۆمەڵگەی ئێران نیشانی داوە کە جۆرارجۆری شوناسیو فەرهەنگی و ماڤەکانی کۆمەڵگەی مەدەنەی گرنگترین فاکتەری بەشداری خەڵکە لە کاروبارە سیاسی - مەدەنییەکانداو هەر کەس یا رەوتێک کە بەم ئاراستەیە هەنگاو بنێ دەتوانێ سیستمی کۆماری ئیسلامی زیاتر تووشی کێشەو ئارێشە بکا و کۆمەڵگەی مەدەنییش زۆر جاران سەلماندوویەتی کە بە باشی بەشداری ئەم کەشەی کردوە و تەنانەت تێچووی گۆڕانەکانیشی داوە.

دەوڵەتی رووحانی سەرەڕای هەوڵە باشەکانی، دیسانیش یەکێکە لە کۆڵەکەکانی کۆماری ئیسلامیو سیستم بە فشاری ناڕەوا و نادروستی وەک ئێعدامەکان و یا زۆر کارشکێنیی دیکە، دەیەوێ سترەکتوری دەسەڵات بەرەو هەڵدێرێک نەچێ کە گەڕانەوەی بۆ نەبێو ئینجا ئەگەر ئێمە وەک دەرفەتێک بڕوانینە دەوڵەت و خۆ لە دەمارگرژی بێ جێ بپارێزین، دەتوانی کەڵک لەو (ظرفیت)انەی دەوڵەت وەرگرین کە کۆمەڵگە بەسەریدا سەپاندوە و دەوڵەت دەبێ وڵامدەریان بێو دەبێ ئەوەش بزانین کە وەڵامدەر بوونی دەوڵەت و زەق کردنەوەی خواستەکانی خەڵک یەکێکە لە مەرجە گرنگە کاریگەرەکان، چونکە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ٩٢ و هەروەها ناڕەزایەتییەکانی ٨٨ بە روونی ئەمە دەردەخەن کە خەڵک چییان دەوێ و رێگەی شوێندانان لە سەر خەڵکو راکێشانیان بۆ بەشداری کردن چییە. لێگەڕێن نەک هەر دەوڵەتی رووحانی بەڵکوو هەموو دەوڵەت و ئەو کاراکتێرانەی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن لە بەرابەر خواستە کۆمەڵگەتەوەرەکاندا هەڵوێستی خۆیان بنوێنن و کەشی سیاسی - مەدەنی بە سەر دوو بەشی کۆمەڵگەی مەدەنی و دژی کۆمەڵگەی مەدەنی دابەش بکەین، چونکە لەم حاڵەتە دایە کە دەتوانین بە دامەزرانی دیموکراسی هیوادار بین، چ لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا چ بە رووخانی ئەم سیستمە. دیارە

کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە بەو سترەکتۆرەی ئێستایەوە هەنگاو بەرەو دیموکراسی، دژایەتی قوول دەگەڵ شوناس و مەنتیقی خۆی دەزانێ و هەر ئەمەش ئەرکی چالاکانی سیاسی - مەدەنی قورستر دەکا چونکە چاکسازیی‌و گۆڕینی سیستم‌و داهاتووی ئێران پێویستی بە عەقڵانییەت و وردبینی‌و بەرنامەی ورد هەیە.

لە ژمارە ٦١٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---

## وتووێژی کوردکاناڵ لەگەڵ ڕزگار محەمەد ئەمین ناسراو بە حاکم ڕزگار

### سەبارەت بە ئێعدامەکانی ئەم دواییانەی ئێران



***پرسیار: بەڕێز حاکم حەزدەکەین نەزەر و بیروڕای جەنابت بزانین لەسەر ئەو ئێعدامانەی ئێستا لە ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوە دەبرێن!***

***حاکم ڕزگار:*** مـن وەکـوو حقـووقییەک، وەکـوو مرۆڤێـک و وەک کوردێـک و وەکـوو کەسێکی سـەر بە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست، دژی سزای لەسێدارەدانم بەشێوەی گشتی و داوام کردووە پێشتریش و ئێستاش داوا دەکەم لێرەوە لە هەموو دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سزای لەسێدارەدان لە قانوونەکانیان هەڵگرن چونکە ئەو سزایە توندە و قەسوەتی تێدایە و سزایەکی نامرۆڤانەیە، سزای تر هەیە، بەدیلی تر هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئیسلاح بکرێ، نەوەکوو تۆڵەی لێبکرێتەوە.

**پرسیار: بەپێی ئەوەی لە کۆماری ئیسلامیدا هەیە، تەعریفی زیندانی سیاسیمان نییە، وە ئەو کەسانەی شمولی ئێعدام دەبن بە تاوانی ئەمنییەتی و ئاسایشە، ئایا بە بڕوای ئێوە لە دەزگای قەزاییدا ئەوە دروستە؟**

**حاکم ڕزگار:** دیارە هەر وڵاتێک سیسمی قەزایی و قەوانینی خۆیانیان هەیە، بەدەر لە مەوزوعی دەستێوەردان لە سیستمی هەر وڵاتێک، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، مێژووی سزای لەسێدارەدان، دیارە جەدەلێکی گەورە هەیە لەسەر مەوزوعی سزای لەسێدارەدان. ئەو جەدەلە بیرمەند و موفەککیر و فەیلەسووف و دادوەر و... بە مافەکانی مرۆڤ، لەتبوونێک هەیە لە بۆچوونەکانیان بۆ مەوزوعی سزای لەسێدارەدان. زۆربەی ئەو بیرمەندانەی زیاتر گرنگیی بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن، لەسەر ئەو ڕایەن کە دەبێ سزای لەسێدارەدان نەمێنێ بە تایبەتی لە مەسائیلی سیاسی، یەعنی لە سویسرا لە ساڵانی هەزار و هەشتسەدەکانەوە، لە فەڕەنسا لە هەزار و هەشتسەدەکانەوە، لە ئەڵمانیا لە ساڵانی ١٨٤٨ و پێش ٤٨ ئەم سزایە لە مەجالی سیاسییدا هەڵگیراوە. لە هەندێ لەو وڵاتانە ئەگەر بە نموونە ئەڵمانیا بێنینەوە، لە ساڵی ١٩١٩ەوە ئەو سزایەی لە قانوونەکانی خۆی دەرکردووە تا گەڕانەوەی هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣. لە ١٩٣٣ هیتلەر سزای لەسێدارەدانی هێناوە نێو قانوون. لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە دوای ئەوە ئەڵمانیان لە قانوونە سزاییەکانیدا سزای لەسێدارەدانی نەهێشت، هەروەها ئینگلتەرا، ئینگلتەرا لە ساڵی ١٨٠١ منداڵی ئێعدام دەکرد، منداڵی ٧ ساڵ یا منداڵی ١٣ ساڵ، لە ١٨٠٨ جارێک منداڵێکی ٧ ساڵان ئێعدام کراوە، لە ساڵی ١٨٠١ جارێک منداڵێک ئێعدام کراوە لەسەر دزینی کەوچکە چایەک، بەڵام دەبینی وردەوردە عەقڵییەتی قانوونی و عەقڵییەتی تەشریعی ئەو وڵاتانە و بیرمەندەکان و فەیلەسووفەکان و ئەوانەی کە مەعنین بە ژیانی خەڵک، داوایان کرد وردەوردە ئەو سزایە نەمێنێت، لە ئینگلتەرا لە ساڵی ١٩٦٥ەوە بە یەکجاری سزای لەسێدارەدانی لە هەموو قانوونەکانی خۆیدا لابردووە. بۆیە مەوزووعی بوونی سزاکە لە قانوونی وڵاتەکەدا جارێک بە پێی تەشریعات، تەشریعاتی جەزائی، دەڵێ نە سزا و نە تاوان هیچیان نابێ بەسەر کەسێکدا بسەپێنرێن، ئەگەر دەقێکی قانوونی نەبێ. ئەوە مەبدەئێکی عالەمییە، لەسەر ئەساسی تەکفیریش ئەمەش قۆناغێکی قەدیمە، یەعنی خۆتان دەزانن سزا لە ئینتقامی فەردی هاتووە لە پێشدا دواتر بۆتە ئینتقامی جەماعی دواتر چووە بۆ تەکفیر دوایە ئەو هاتووە بۆ مەنفەعەی ئیجتماعی دوای ئەوە هاتووە بۆ ئیسلاح و تەئهیل، مەوزوعی تەکفیر. سزا لەسەر ئەساسی تەکفیر قۆناغێکی قەدیمە و ئەو قۆناغە بەشەرییەت جێی هێشتووە دەبێ لە هەر وڵاتێکی تریش کە لەسەر ئەو بنەمایە خەڵک لە سێدارە دەدرێ، دەبێ ئەو قۆناغە جێبێڵێ. تەکفیر واتە بۆ ڕازیکردنی ڕەببولعالەمین لە کەسێک. ئەوەیکە پێوەندیی بە شکاندنی دینەوە هەبێ، ئەو سزایانە لە ئاخیرەتایە و لە عیقابی ئەخرەوییە و سزای دنیەوی ناخرێتە بەر ئەو سزایانەی لە ئاخیرەتا خوای

گەورە بۆ خۆی دەزانێ، خۆی لوتفی هەیە و خۆی دەزانێ چۆن لە تاوانی عەبدەکانی خۆی خۆش دەبێ.

***پرسیار:*** *ئێران، حاکمییەتی جمهوری ئیسلامی قانوونی یاسایی بە پێی ئەسڵی ویلایەتی فەقیهی و فیقهی شیعە تەنزیم کردووە، لەلایەکی تریشەوە پابەندە و تەعەهودی داوە بە ڕەعایەت کردن و ئەنجامدانی تەعەهوداتی نێونەتەوەیی، ئایا بە نەزەری جەنابت ئەم دووشتە پێکەوە دەیخوێنێنەوە؟*

**حاکم ڕزگار:** لەڕاستیدا هەڵبژاردنی ڕێژیمی سیاسیی هەر وڵاتێک، ئەوە خۆیان ئازادن چ ڕێژیمێکی سیاسیی بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن و چ جۆرێک لە حوکم ڕەچاو دەکەن، بەڵام هەموو دەوڵەتانی دنیا دەبێ لەسەر جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کۆک بن. ئەوە بۆتە عورفێکی نێودەوڵەتی، جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و هەر دوو عەهدی دەولی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە کولتوورییەکان، بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی وا تەوقیعیان لەسەر کردووە، دەبێ پایەندی ئەو بەندانە بن و دەبێتە چ ئێعلانی عالەمی یەعنی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و عەهدە دەولییەکان، ئەو دەوڵەتانەی چوونەنێوی و تەنانەت هەندێ لەو دەوڵەتانەی تێشیدا نەبێ، بەڵام ئەم جۆرە بنەما قانوونیە سەرەکیانە دەکرێ بە نەزەری ئێعتبار وەربگیرێ، و تەنانەت هەندێ لە فقهای قانوونی _ دەستووری پێیان وایە کە ئەو بنەما دەوڵەتی و نێودەوڵەتییانە دەکرێ لەسەرووی دەستووری دەوڵەتەکانیشەوە دابنرێن. بۆیە پێویستە هەموو دەوڵەتەکان پابەندی ئەو جاڕنامەیە بن و لە ناو جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش مافی ژیان یەکێکە لەو مافە سەرەکییە گرنگەکانی کە دەبێ بپارێزرێ. ئەمە سیستمی سیاسیی هەر چۆنێک بێ دەبێ سیستمی قەزایی و سیستمی قانوونی و دەستوور ئەوە پێوەندیی بە مافە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ و بنەما سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤەوە هەیە، دەبێ ڕەچاوی هەموو ئەو جاڕ و ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانە بکرێت کە هەر دەوڵەتێک لە دونیا کە بیهەوێت دەوڵەتێکی مۆدێرن بێ و دەوڵەتێکی مەقبوول بێ، لەنێو کۆمەڵی نێودەوڵەتی و بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەوڵەتێکی گرنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتێکی گەورەیە و پێگەیەکی گرنگی سیاسی و ئیقتسادی هەیە لە ناوچەکە بۆ جمهووری ئیسلامی ئێران باشتر وایە کە هەتا سزای لەسێدارەدان کەمتر بێ لە وڵات، ئەوا بۆ سومعەی دەولی وڵاتەکەی باشترە و جوانترە.

***پرسیار:*** *هەروەک دەزانن ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی بە تایبەت زیندانیانی سیاسیی کورد چەند ساڵ لە زینداندا بەند دەکرێن دوای ئەوە بێ سەروسەدا لە زیندانـدا ئێعدام دەکرێن، بێ ئەوەی حەقی وەکیلیان هەبێ و بنەماڵەکانیان ئاگادار بن، بە نەزەری ئێوە چۆن دەتوانین کۆماری ئیسلامی مولزیم کەین، ئیلتزامی لێوەگرین کە*

***ئەو کارە نەکا؟***

***حاکم ڕزگار:*** مونەزەمماتی حقووقی هەیە، مونەززیمەی مراقبەی حقووقی ئینسان، یەعنی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و مونەززیمەی عەفوی دەولی، ئەوانە یەکێکن لەو ڕێکخراوانەی کە هەموو دەوڵەتان دەبێ ڕێگایان پێبدەن بچنە ناو بەندیخانەکانییانەوە، لەوێ ئەوان ڕاپۆرتی ساڵانەیان هەیە و مونەززیمەی حقووقی ئینسان کە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە، ئەمانە چاودێرن و کە لە بواری مافی مرۆڤ کار دەکەن ئەمانە مافی ئەوەیان هەیە کە بچنە هەر دەوڵەتێک و لەڕاستیشدا مەسەلەی گرنگیدان بە زیندانەکان و زیندانییە سیاسییەکان ئەوە پێوەندیی هەیە بە پێگەیشتنی پێگەی دیموکراسییەت لە هەر وڵاتێکدا. هەر وڵاتێک کە بیهەوێ بە دیموکراسییانە حوکمی وڵاتەکەی خۆی بکات، ئەوە دەبێ گرنگی زۆر بدا بە مەسەلەی قانوون و مەسەلەی زیندان و زیندانییەکان، دەبێ بە پێی قانوون مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بە پێی ئەو بنەما دەوڵەتییانەی کە موحاکماتی عادیلانە فەرزی کردووە لەسەر هەموو دەوڵەتێک بە تایبەتی لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤو عەهدە دەولییەکان ئەمانە دەبێ محاکماتی سەریع، محاکمەی عادیلانە، محاکمەی ئازاد و محاکمەی بێلایەن و بە حاکمی شارەزا - دەبێ لەم جۆرە دادگاییکردنانە، لەم جۆرە دادبینیانە، لە هەموو ئەو دەوڵەتانە هەبێ و پێویستیشە ئەو کەسانەی کەوا دەگیرێن، مافی حەتتا بێدەنگیان بدرێتێ و مافی ئەوەیان بدرێتێ پارێزەریان هەبێ، و ئەگەر خۆیان توانای پارێزەریان نەبوو، دەبێ دادگا پارێزەریان بۆ بگرێ و نابێ لە دەرەوەی دادگای قانوونی ئەو وڵاتە هیچ جۆرە دادگا و دادبینیەک هەبێ، دەبێ مافی موتەرجیمیان پێبدرێ و مافی وڵام دانەوە و وڵام نەدانەوەیان پێبدرێ بێئەوەی لە دژی ئەوان حیساب بکرێت و دەبێ ئەو مەحکەمەی دادگاییان دەکا، حاکمی تەبیعی بێ لە چوارچێوەی سیستمی یاسایی دادوەری ئەو وڵاتەدا بێ نابێ بە محاکماتی تایبەتمەند، بە محاکماتی ئیستسنائی و محاکماتی عەسکەری، لەو جۆرە محاکماتانە خەڵکی مەدەنی نابێ دادگایی بکرێ و دەبێ ئازادیی و دیموکراسی هەر وڵاتێک لەنێو دادگاکانی ئەو وڵاتە دەردەکەوێ چەندە شەفافیەت هەبێ لەناو دادگاکان و چەندە مافی مرۆڤ ڕەچاو بکرێ لەناو دادگاکاندا ئەمە بەرپەرچدانەوە و ئاوێنەی ئەو نیزامە سیاسییەیە. بۆیە من هیوادارم لەو وڵاتانەی ئێمە بەشێکین تێیدا، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چاو بخشێننەوە بە جۆری سیستمی دادوەری خۆیاندا و دادبینیەکانیان بچێتەوە سەر ئەو بنەما جیهانیانە، و ئەو ستانداری جیهانی و محاکماتی عادیلانە پەیڕەو بکرێ.

***پرسیار: ئێوە وەکوو کەسێک کە محاکمەی سەددام حوسێنتان کرد، خۆتان لە کاتی دادگایی کردنی سەددام حوسێندا چ فاکتەرگەلێکتان لەبەرچاو گرت؟***

**حاکم ڕزگار:** ئێمە هەموو ئەو فاکتەرانەی لە دادبینییەکی عادیلانە پەیڕەو دەکرێ بەپێی بنەما نێودەوڵەتییەکان بۆ محاکمەی عادیلە، هەموو ئەوانەم لە دادگاکە ڕەچاو کردووە و بە تایبەتیش ئەگەر ئێستاکە تەماشا کەی، چەند مەحکەمەیەکی نێودەوڵەتی هەیە، مەحکەمەی لاهای، ئەو بەپێی نیزامی رۆما بینا کراوە، دەبێ دادگا وەتەنییەکان ڕەچاوی جۆری ئەو بنەما نێودەوڵەتییانە بکەن کە لەو دادگایە و لە دادگا نێودەوڵەتییانە دروست بووە چەند جارێک بۆ دادگایی کردنی سەرانی ئەو دەوڵەتانەی کە لەناو دەوڵەتەکانیا پێشێلکاری مافی مرۆڤ هەبووە، دەبێ ئەو کەسەی کە دەگیرێ ڕاستەوخۆ، پێی بگوترێ لەسەر چ گیراوە و تۆهمەتەکەی چیە و چ ماددەیەکی قانوونی هەیە کە لەسەری تەتبیق دەبێ. چونکە ئێمە لە قانوونی سزاییدا دەبێ ماددەیەکی سزایی پێشوەخت هەبێ پێش ئەوەی تاوانەکە ڕووی دابێ دوای ئەوە سزاکەشی دیاری کردبێت. دەبێ ئەو مافە قانوونیانە مافێکی تەواوی خۆی بدرێتێ، موتتەهەم و حەقی ئەوەی هەبێ داوای شاهیدی دیفاع بکاو حەقی ئەوەی هەبێ وڵامان بداتەوە و وڵامان نەداتەوە بەبێ ئەوەی بەکاری بێنین بە دژی و بۆ موناقەشەکردنی ئەو شاهیدانەی کە بە دژی ئەو بەکار دێن، حەقی خۆی هەیە ئەویش بەکار بێنێ لە هەموو ئەو پرەنسیپانەی لە قانوونی سزایی دادبینی عێراقی و لە قانوونی ئەو مەحکەمەیەی زۆری بنەماکانی لە قانوونی نێودەوڵەتی وەرگیرابوو، لە قانوونی دادگای نێودەوڵەتی و قاتوونی دادگای ڕواندا و یۆگۆسلاڤیا وەرگیرابوو، ئێمە ئەو بنەمایانەمان بەکار هێنا.

***پرسیار:** ئەگەر ڕۆژێک بێت و خۆتان لە دەزگای قەزایی ئێران کار بکەن، بەپێی ئەو تەجروبیاتەی هەتانە و بەپێی ئەوەی ئاغای ڕووحانی ماوەی سێ مانگە هاتۆتە سەرکار، دەیان کەس ئێعدام بووە، ئایا پێت وایە جەنابت دەتوانی لەوێ کار بکەی و ئەو فاکتانەی لەبەرچاوتان گرتووە پێتان وایە لە ئێران دەتوانی ئیستیفادەی لێبکەی و لەبەرچاوی بگری و لە دەزگای قەزایی ئێراندا ئیستیفادەی لێ بکەی؟*

**حاکم ڕزگار:** لەڕاستیدا من شارەزاییم نیە لە دەزگای قەزایی ئێرانی و من قانوونی سزایی ئێرانم نەدیوە بە کوردی یان بە عەرەبی، دەقێکی قانوونی سزایی ئێرانیم دیوە قانونی مجازاتی ئێرانی، لەبەر ئەوە هەر ڕەئیەک بدەم ئێستا، ڕەئیەکەم نە دەقیقە و نە زانستیانەیە. بۆیە من نازانم بەبێ شارەزایی لەسەر دەزگای قەزایی ئێرانی، مەعلوماتم نیە هەتاوەکوو وڵامی ئەو لایەنە بدەمەوە، ئەوی دیکەش مەسەلەیەی فەرزییە و فەرزییەتیش مەسەلەیەکی دوورە و موستەحیلە و ئەگەر دادگایەکی نێودەوڵەتی، دەکرێ قازی وڵاتێ: بچێ لەو دادگا نێودەوڵەتییانە کار بکەن، بەڵام دادگای وەتەنی، دادگای هەر وڵاتێک دادوەرانی ئەو وڵاتە بۆخۆیان مەعنین بەو

هەڵسوکەوتە کە لەو دادگایە دەیکەن، بەڵام ئەوەیکە گرنگە لای من ئەوەیە دادوەری و عەدالەت هیچ سنووری نیە، دەبێ دادوەران لە هەر شوێنێکی ئەو دنیایە بن، پابەندنی قانوونەکان بن، پابەندی پڕەنسیپە دەولی و نێودەوڵەتییەکان بن، نابێ لە سیاسییەکان بترسن و نابێ بکەونە ژێر کاریگەری هیچ حکووماتێکەوە و قەزا مەفرووزە لە هەموو دەوڵەتێک کەوا فەسڵی سوڵتاتی تێدا بێ و سوڵتاتەکان کە جیا دەکرێنەوە دەبێ قازییەکان دەوری خۆیان ببینن و من داوا لە هەموو قازییەک دەکەم لە وڵاتەکانی خۆمان و لە ناوچەکەی خۆمان بەم جۆرە بەبێ لایەنانە و بەبێ گوێدانە ئەو فشارانەی کە دەکرێ.

ڕاستە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادوەری و دەزگای دادوەری زۆرجاردەکەوێتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەو بەداخەوە بە تایبەتی لە مەسەلە سیاسییەکاندا دەزگاکانمان پێویستە هەنگاوی زیاتر بنێن و بەخۆداچوونەوە بکەن و دەبێ دادوەرەکان مەبدەئەکانی خۆیان بپارێزن و قانوون وەکوو خۆی جێبەجێ بکەن، لەوە نەترسن و ڕازی بوون و ڕازی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی لەلایان گرنگ نەبێ و تەنها ڕازی بوونی ویژدان و ڕازی بوونی خوای گەورە و قانوونەکە گرنگ بێ لەلایان.

***پرسیار: مەسەلەیەکتان مەترەح کرد ئەوەیە کە قازی لە وڵاتێک ناتوانێ دەخاڵەت لە قەزاوەتی وڵاتێکی تردا بکات، ئایا هەر ئەو مەسەلەیەی کە ئێوە باستان لێوەکرد، ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی ڕووحانی و کۆماری ئیسلامی سوئیستیفادە لەمە بکات و ئیدامە بە کارەکانی بدات؟***

***حاکم ڕزگار:*** نا، خۆی مەوزوعی ڕێژیمی حوکم لە هەر وڵاتێکدا مەفرووزە عەدالەت جێبەجێ بکات. سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی ئەو بەرپرسیارێتییە و بەپێی ئەو سەلاحیاتانەی کە پێی دراوە، دیارە بەرپرسیارێتیی بە رامبەر خۆی و بەرامبەر ڕێژیمی خۆی و بەرامبەر گەلی خۆی، وەکوو هەر سەرۆک دەوڵەتێکی تر ئەوەیە کە عەدالەت فەراهەم بکا. ئەو خۆی دەبێ ئەو پرنسیپانە بپارێزێ کە قەزاییەکی عادڵ و بنەما نێودەوڵەتییەکان بۆ محاکماتی عادیلانە فەراهەم و بێنێتەدی، چونکە لە ئەخیرا بەرپرسیارێتیی سەرۆکی دەوڵەت بەرپرسیارێتییەکی قانوونییە و بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتی، دینییەو ئەخلاقییە، دەبێ هەموو سەرۆک وڵاتێک لە بەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتیانە، لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتیانە دا بن. خۆیان هەوڵ بدەن لە هەر وڵاتێک هێزی دەسەڵاتی دادوەری لە هێزی حکوومەت و دەوڵەتەکەیە، لاوازی دەسەڵاتی دادوەری نیشانەی لاوازیی دەسەڵاتی تەنفیزی و جێبەجێ کردنە، چونکە ئەم دەسەڵاتانە هەموو پێکەوە کار دەکەن و لاوازی هەر لایەکیان و

خەلەل لە هەر لایەکیان کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر بارودۆخەکەی تر. بۆیە لێرەوەو داوا لە هەموو دەسەڵاتەکان دەکەم ولاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێمە هیچمان کەمتر نیە لە وڵاتانی دنیا ئەگەر دەبینیت زیاتر لە سەد دەوڵەت یا دوو تەقسیم سێی وڵاتانی دنیا وازیان لە سزای لەسێدارەدان هێناوە و تاوانیش لەوێ کەمترە لە چاو ئەو وڵاتانەی کە سزای لەسێدارەدانی تێدایە. سزای لەسێدارەدان نە ڕەدعە و نە ئەوەیە کە خەڵک لە تاوان بتەکێتەوە ، نە ئەوەشە کە مەنفەعەتێکی تێدابێ بەڵکوو ئێستا بیری مرۆڤایەتی بۆ سزا ئەوەیە کە لە ئینتیقام لاچووە دەچێتە سەر ئیسلاح و تەئهیل، من هیوادارم قەزایی ناوچەکە بەم جۆرە بیر بکەنەوە و سوڵتاتی ناوچەکە بەم جۆرە بیر بکەنەوە، و بە هەموو جۆرێکیش سزای لەسێدارەدان بە نیسبەت سیاسییەکانەوە، دەبێ خەتی سوور بێ، نابێ هیچ کەس لەسەر بیروڕا و لەسەر فکر و لەسەر خەباتی سیاسیی خۆی، چونکە حیزبە سیاسییەکان هەموویان خەبات دەکەن بۆ کۆمەڵێ پرەنسیپی مرۆڤانەی خۆیان کە هەیانە و بە دڵنیاییەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە هەر دەسەڵاتێک کە لەسەر فکر و لەسەر سیاسەت و لەسەر ئارا هەر کەسێک لەسێدارە بدا، چونکە لە کۆتاییدا بە هەرچی سەیر بکرێت، ئەم دەبێتە شەهیدی حیزبەکەی خۆی و شەهیدی ئەو فکرەی لە پێناویدا لەسێدارە دراوە و دواتریش تۆمارێکی ناشیرین لە سجیل و لە تۆماری ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەر ئازادیی فکر و لەسەر ئازادیی سیاسی و لەسەر خەبات بۆ دێموکراسییەت هەر کەسێک لەسێدارە بدەن ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، هەر دەسەڵاتێکی تێی بکەوێت.

***پرسیار: خۆتان قازیین بە نەزەری جەنابت ئەو ئێعدامانەی دەکرێ بەبەرچاوی خەڵکییەوە، پێتان وایە ئەو هەموو ئێعدامانە بەرلەوەی ئیجرای حوکم بێ ئایا موغریزانە نیە، لەڕووی قین و تۆڵەسەندنەوە نیە؟***

***حاکم رزگار:*** ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە لە دونیا، چونکە دەبێ هەموو سزایەک مەنفەعەتێکی کۆمەڵایەتی تێدا هەبێ، هەر سزایەک مەنفەعەتی کۆمەڵایەتی تێدا نەبێ، دەبێتە تۆڵەسەندنەوە، دەبێتە قەسوەت، هەر بۆخۆی بیرمەندان تەوزیع بوون لەسەر ئەوەی ئایا لەبەرچاوی خەڵکی سزای لەسێدارەدان جێبەجێ بکرێ یان لەبەرچاوی خەڵکی نەبێ؟ زۆربەی کۆکن لەسەر ئەو رایە لە هەر وڵاتێکدا کە لەبەرچاوی خەڵکی ئەم سزایە جێبەجێ بکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی توندوتیژی و تاوان لەو وڵاتە زیاتر ببێت. تەجروبە زۆرە لەسەر ئەوە، هەیە ئیحسائیەک لە ئینگلتەرا، لە یەکێ: لە سجنەکان کە کراوە، دەڵی ١٦٧ کەس ئەوانەیکە سزای لەسێدارەدانیان لەسەر جێبەجێ کراوە، ١٦١ کەسیان ئامادەی مەراسیمی لەسێدارەدانی خەڵکی دیکە بوون، بەڵام دەبینی لەو ١٦٧ کەسە کە بەرەو ئێعدام دەچن، ١٦١ کەس هیچ ئیستیفادەیەکیان لەوە نەکردووە کە لەبەرچاوی ئەوان خەڵک لەسێدارە دراوە، بۆیە

تەجروبە هەیە لەکاتێکدا خەڵک لەسێدارە دەدرێت، لەسەر تاوانی دزی، یان تاوانی ئیغتساب، لە کاتی سزای لەسێدارەدانەکە کە لەوێ ڕاوەستاون، خەڵک هەبووە دزی کردووە ئەوە چاوی لێیە خەڵک ئێعدام دەکرێ لەسەر ئەو تاوانە، بەڵام دزی ئەکا، بۆیە ئەو مەسەلەیە هیچ مەنفەعەتێکی تێدا نییە و لەڕووی ئینسانییەوە مەقبول نیە و بۆ هەر دەوڵەتێکیش کە بیهەوێ کە هەنگاو بنێ بەرەو پێشکەوتن و بەرەو دنیای نوێ، دەبێ ئەو جۆرە شێوازانە لە سزای توند و قاسی و نامرۆڤانە واز لێبێنێ.

***پرسیار: با توجە بەوەکە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەددام حوسێن، کوشت و کوشتا لە عێراقدا لە ناوچە عەرەب نشینەکاندا زۆر بووە و زۆر هەیە، ئایا پێتان وا نیە ئەگەر بێتو سیستمی قەزایی عێراقیش بێت هەر ئەو کارە بکا، ئێعدام بکا لەبەرچاوی خەڵک، ئایا ئەمە تەئسیر دانانێ لەسەر ئەوە؟***

***حاکم ڕزگار:*** وەکو باسم کرد خۆی لە بنەڕەتدا سزا کەڵکی نیە ئەگەر تاوان کەم نەکاتەوە و ئەگەر نەبێتە هۆی عەدالەت، راستتر وایە و باشتر وایە بۆ دەوڵەتان و بۆ حکوومەتان و بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک، هەوڵ بدەن هۆکارەکانی تاوان کەم بکەنەوە نەک سزا زیاد بکەن. سزا زیادکردن تاوانی زیاتر بەدوای خۆیدا دێنێ. بەڵام پێویستە دەوڵەتان دێموقراتییەت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و عەدالەتی ئیقتسادی بەرجەستە کەن، ئەم هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی، ئێستا بیرمەندانی زانستی سزا، پێیان وایە تاوانبار بە تەنیا تاوانبار نیە، بەڵکوو هۆکاری زۆر هەیە لەوەی کە ببێتە هۆی ئەوەی تاوانێک بکات، لەبەر ئەوە کۆمەڵیش بەشێک لە بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی دەچێتە ئەستۆ، بۆیە دەبێ بەم مەنزورە سەیری تاوان و تاونبار بکرێ نابێ هەر سەیری تاوان بکرێ. دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە دەسەڵاتە سیاسییەکان چۆن بە گشت تاواندا دەچنەوە بە ڕێگەچارە سیاسییو ئیقتسادیو ئیجتماعی و دەروونی کە هۆکاری تاوانەکان کەم بکرێتەوە دواتر پێویستمان بە سزا نیە. بۆیە من بڕوام وایە لە فترەی پێشوی نیزامی حوکمی عێراقیدا زۆرترین ژمارەی ئێعدام و محاکماتی تایبەتی و خەرق کردنی مافەکانی مرۆڤ لەوێ دەکرا و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەناو زیندان و زیندانیەکاندا، دەبینی سیاسەت هەر کۆتایی پێ نەهات و تاوانیش هەر بەردەوام دەبوو، هیچ تەجروبەیەکیش نیە بڵێی لە وڵاتێک سزا زۆر بێ و سزا توند بێت تاوان کەم دەبێتەوە بەپێچەوانەوە. بۆیە چارەسەری ڕاستەقینەی کەم کردنەوە تاوان وەلەو کە مەزاهیرەیەکە لەگەڵ بەشەرییەت هاتووە، بوونی هەیە و بەردەوامیش دەبێ، تاوان دەبێ ڕێی لێبگیرێ و کەم بکرێتەوە، چارەسەر بۆ ئەم مەسەلەیە باشترە لەوەی کە چارەسەری دوای کردنی تاوانەکە، بەڕاستی کوشتنی یەکێ: کە دەکوژرێ، دوایی ئەگەر هەموو کەسیشی لەسەر ئێعدام کەی هەر حەیاتی کەسە کوژراوەکە ناگەڕێنێتەوە

دەڵـی کەسـوکاری ئەو کـوژراوەی پـێ خـۆش نـابێ. عەداڵەت دەبـێ لە مەسـەلەی سزا هەبێت و ئـێمە هەوڵ بـدەن هۆکاری تاوان کەم بکەینەوە لەبری ئەوەی سزا زیاد بکەین.

***پرسیار:*** *وەک دوایین پرسیار، وەزعییەتی ئێران وەکوو وەزعیەتی عێراق نیە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە سەرنجدان بەوەی کە وەزعیەتـی ئێـران و عێـراق جیـاوازە، لە ئێـران ئەو تەقیـنەوە و کوشـت و کوشـتارە نـیە، ئەگەر بێـین وەزعیەتی ئەو وڵاتە پێکەوە تەتبیق بدەین، ئایا پێێت وایە کۆماری ئیسلامی چ ئیستفادەیەک لەوە دەکـا و جیـا لەوە خەڵکی ئێران دەتوانێ چ بکا، ئایا ئەو کارانەی جمهوری ئیسلامی دەیکا موجازە یا توجە بەم وەزعە؟*

**حاکم رزگار:** ئێمە لە کۆی قسەکانماندا ئیشارەتمان بەوەدا، من دەڵێم هەر وڵاتێک لەنـاو سیسـتمی خـۆیدا لەنـاو نیزامی داخیلی خۆیـدا، لەنـاو نیزامی قەزایـی خۆیـدا ئەوە ئـازادە چ تەریقە و چ ئوسلوبێک بەکـار دەهێنـێ بەڵام مەجموعەیەک بنەمـای نێـوەدەوڵەتی و بنەمـا قـانوونی هەیە دەبـێ ئەو بنەمایـانە ڕەچـاو بکرێت لەنـاو سیسـتمی قەزایی هەر دەوڵەتێک دا.

***پرسیار:*** *لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت باس نەکردووە قسەیەک ماوە و پێت خۆشە باسی بکەی فەرموو.*

**حاکم رزگار:** من تەمەنـنـای ئاشتی دەکەم بـۆ هەمـوو جیهـان و بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست، من نـابینم هیچ جۆرە هۆکارێک هەبێ بۆ ئەوەی قەومەکانی ئەم ناوچانە دژی یەک بن، پێویستە فارس و تورک و عەرەب و کورد هەمـوو برای یەک بن و بە ژیانێکی کامەرانی و ئاسوودەیی و دێموکراسییانە سوود لەم سەروەت و سامانە زۆرەی نـاوچەکە وەربگرن بە هەمـوو دەوڵەتەکانیـانەوە، هیـوادارم دێموکراسییەت و پاراستنی مافەکـانی مرۆڤ و سیادەتی قـانوون ببێتە ڕەمز بۆ ئەم وڵاتـانە و هیوای سەرکەوتنیش بۆ ئێوە ئەخوازم بۆ کەنـاڵەکەتان.

لە ژمارە ٦٢٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

# یەکگرتن، عەقڵانیەت یان هەست؟

**و: م مەعرووفی**

یەکگرتن‌و بەشداریکردن یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی کۆمەڵگایەکی ساغ‌و بەرپرسە. کۆمەڵگای کوردستانیش لەم یاسایە بەدەر نیە و نابێ. نەتەوەی کورد کە هێشتا بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانی خۆی بە تایبەتی مافی دیاریکردنی چارەنووس خەبات دەکا سەرنجێکی تایبەتی دەدا بە کەش‌و هەوای سیاسی و حیزبە سیاسییەکانی خۆی. سەرەڕای پرەنسیپەکانی یەکگرتن‌و بەشداریکردن زۆربەی حیزبە کوردییەکان زۆربەی کاتەکان یەکگرتوو نەبوون‌و رادەی بەشداری‌و هاوکاری‌یان لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە. ئەگەر سەیرێکی حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانی ئێران بکەین دەبینین دوو رەوتی سەرەکی‌و بە رابردووی کوردستان « دیموکرات» و «کۆمەڵە» چەندین جار جیابوونەوەو نێوەنێوە ئەمە روو دەدا.

لەم وتارەدا سووکە ئاوڕێک لە گرنگترین هۆیە کاریگەرەکان لە پرۆسەی یەکگرتن‌و بەشداریی دوو حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک)و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) دەدەینەوەو تەنیا لەسەر چەند فاکتەری سەرەکی‌و بنەڕەتی دەدوێین.

ئەو پرس‌و بابەتانەی کە دەبێ بە شێوەیەکی وردو مەنتیقی هەڵسەنگێندرێن‌و لەلایەن نووسەران‌و شیکارانی سیاسی‌و بەرپرسەوە یان ئەوانەی ئۆگری ئەم پرۆسەیەن وەڵام بدرێنەوە، ئەم بابەتانە دەگرێتەوە کە دەبێ بزانین هۆیەکان‌و ئامانجەکانی هێنانەگۆڕی یەکگرتن چین‌و ئەم پرۆسەیە خاوەنی چ تایبەتمەندییەکی سیاسی‌و کۆمەڵناسانەیە؟ ئەم یەکگرتنە هەر لەجێدا روو دەداو ئەگەر یەکگرتنی ئەو دوو حیزبە سەری گرت داخوا یەکگرتنێکی درێژخایەن‌و کاریگەر دەبێ یان هەر لەجێدا ئەم پرۆسەیە سەر ناگرێ یان ئەگەر یەکگرتنەوەش روو بدا پاش ماوەیەکی کورت دیسان جیابوونەوە دەسە پێتەوە؟ پرەنسیپەکانی یەکگرتن‌و بەشداریی دروست‌و مەنتیقی کامانەن‌و چۆن دەکرێ بۆ ئاکام وەرگرتن‌و باشترکردنی پێوەندییەکان‌و تواناکان پلان دابنرێ؟

هەروەک گوتراو پێویستە پێی لەسەر دابگیرێتەوە کە پرۆسەیەکی سیاسیی گرنگی ئەوتۆ، گەلێک حەساسییەت‌و

پرسیاری گرنگی لەسەرە کە بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنیان پێویستیمان بە کات بەڵگەهێنانەوەیەکی زۆرە، بەڵام لەم وتارەدا بە کورتیو بە گشتی باسی گرنگترین هۆیەکانی پرۆسەی یەکگرتنو بەشداریکردن دەکەینو هەڵیان دەسەنگێنین.

ئەگەر سەیری خاڵە هاوبەشەکانی حدک و حدکا بکەین مێژووی هاوبەش، ئامانجو ستراتیژیی هاوبەش، سەرچاوەو ناوچەی نفووزی هاوبەشو هەستی هاوبەش لە گرنگترین فاکتەرە واقعییەکانن. هەردوو حیزب لە کەشوهەوای سیاسیو مەدەنیی کوردستاندا سەرەڕای جیابوونەوەکان هەمیشە بە زەینییەتی حیزبی دیموکراتی 68ساڵەوە دەناسرێنەوەو ناسنامەی حیزبی دیموکرات بۆ هەردووکیان وەبەر چاو دەگیرێ، بە جۆرێک کە رادەو گرنگیی ئەم خاڵە هاوبەشانە دادوەری لەبارەی جیاکردنەوەو لێکهەڵاواردنی ئەو دووانەی وەزەحمەت خستوەو هەر لەجێدا زۆر جار دیتراوە کاروکردەوەی هەرکام لەو دوو حیزبە کاریگەریی راسەوخۆ یان ناراستەوخۆی لەسەر حیزبەکەی دیکە هەیە.

بۆ تێگەیشتن لە بوارەجیاوازەکانی رێگەچارەی دوو حیزبی حدک و حدکا دەبێ هۆیەکانی جیابوونەوەو پێگەی ئەمڕۆی هەردوو حیزب شیبکەینەوە تاکوو بتوانین بە باشی لە جیابوونەوەکانی رابردوو و هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی ئەمڕۆ بگەین.

بە پێی پێناسەی چەمکە سیاسییەکانو کۆمەڵناسیی سیاسی، لەبنەڕەتدا هەر رەوتێکی سیاسی بە دوای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیو پێویستییەکانی کۆمەڵگادا دەگەڕێ. رێگاکانی پێکهێنانی ئەم گۆڕانە دەکرێ لە رێگەی شۆرش یان ریفۆرم یان تێکەڵێک لە هەردووکیان روو بدا. حیزبێکی سیاسی کە دەیەوێ تەنیا لە رێگای رووخاندنەوە گۆڕان پێک بێنێ وەک حیزبێکی شۆرشگێڕ دەناسرێ. ئەو حیزبە لە بنەڕەتدا باوەڕی بە رێفۆرمی سیستمی زاڵ نیە (لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە)و دژیەتی، پێی وایە سیستمەکە رێفۆرم هەڵناگرێ. رەوتی دووەم، حیزبێکە کە تەنیا لەگەڵ رێفۆرمی هەنگاوبەهەنگاو هاودەنگەو مەنتیقەکەی بریتییە لە هەوڵدان بە مەبەستی کەمترین تێچوو بۆ کۆمەڵگاو ئەم حیزبە لێکهەڵوەشانی یەکجاریی سیستمی زاڵ بە کارەساتێک بۆ کۆمەڵگا - بۆ وێنە ئێران - دەزانێ. هەمیشە هەوڵ دەدا کەڵک لە دەرفەتە نێوخۆییەکان وەربگرێو دەرفەتی نوێ پێک بێنێ (وەک حیزبو رەوتە رێفۆرمخوازەکانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی). سەرەنجام سێیەمین رەوت یان حیزب، پێی وایە دەبێ بەگوێرەی هەلومەرج کەڵک لە تاکتیکی جۆراوجۆر وەربگیرێ و کۆمەڵگا

وەک تەوەری سەرەکی دەبێ گرنگترین فاکتەر بێ کە رەنگە ببێتە هۆی شۆرش یان رێفۆرم کە زاراوەی تێکەڵ بۆ ئەم جۆرە حیزبانە بەکار دێ(ئاکامگەرایی بە مەبەستی دانانی کۆمەڵگا بە تەوەر).

ئەگەر سەرنج بدەینە حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرنجدان بە بڵاوکراوەکانیان کە بە گشتی لە راگەیاندنی هەردوولادا بە ئاشکرا دەبینرێو بمانەوێ پۆلینبەدیی بکەین، حدکا لە ریزی حیزبە شۆرشگێڕەکاندایەو حدک لە ریزی حیزبە تێکەڵەکان دایە. بۆ نموونە دەکرێ سەیری هەڵوێستی ئەو دوو حیزبە لە بەرامبەر هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ١٣٨٨ و ١٣٩٢ بکەین. حدکا هەردوو هەڵبژاردنەکەی تەحریم کردو بە ئاشکرا رای گەیاند سیستمی کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆر چاک ناکرێو تەنیا دەبێ لە فکری رووخانی سیستمەکە دابین، بەڵام حدک هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ی تەحریم نەکردو پشتیوانیی لەوە کرد کە بە باشی کەڵک لە کەشوهەوای هەڵبژاردن وەربگیرێ بە مەبەستی سازکردنی گوتارێک بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانو مافەکانی خەڵک. هەروەها لە ساڵی ١٣٩٢دا سەرەڕای تەحریمی هەڵبژاردن بە ئاشکرا لە بەشێک لە بەیاننامەکەیدا هاتبوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان رێز لە ئیرادەی خەڵک دەگرێ تەنانەت ئەگەر دەنگیش بدەن. کەوابوو زۆر روونە ئەو دوو هەڵوێستە بە تەواوی لێک دوورن. گەلێک نموونەی دیکە هەن کە ئەم پۆلینبەندییە دەسەلمێنن.

دووەمین خاڵی جێگەی سەرنج بریتییە لە هەڵوێستی هەر حیزبێک لە بەرامبەر لایەنەکی دیکەی لە پرۆسەی یەکگرتندا.حدکو حدکا بە پێکهێنانی کۆنگرەو پەسندکردنی پێڕەوی نێوخۆ و گەلاڵەو بەرنامەی سەربەخۆ، هەروەها هەڵبژاردنی نوێنەرانو بەرپرسان لەلایەن ئەندامانی حیزبەوە بە رەسمی لە کۆڕوکۆمەڵی کوردستانیدا (هەر چوار پارچەی کوردستان)، ئێرانی، ناوچەییو جیهانی وەک دوو حیزبی جیا ناسراونو خەریکی تێکۆشانو لە زۆر کۆڕوکۆمەڵی سیاسیدا لەو ماوەیەدا وەک دوو حیزبی سەربەخۆ بەشدار بوون. بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە خۆی لە بە رەسمی ناسینی سەربەخۆی حیزبی دیموکرات پاراستووە تەنیا کەڵکی لە زاراوەی «هاوڕێیانی پێشوو» بۆ ئەو بەشە وەرگرتوە. لە کاتێکدا هەر حیزبێک دروشمو تایبەتمەندیی سیاسیو مافی تایبەتیی خۆی هەیە.

قبووڵ نەکرانی حدک لەلایەن حدکاوە وەک حیزبو هەروەها جیاوازیی تاکتیکیو هەڵسوکەوتی ئەو دوو حیزبە کۆسپێکی زۆر گەورەن کە بەبێ ناسینو لێکتێگەیشتنی مەنتیقیو بناغەیی، دەبنە کۆسپی بنەڕەتی لەسەر رێگای هەر

پرۆسەیەکی یەکگرتن، یان ئەگەر هەر وا بە سادەیی سەیری پرۆسەی یەکگرتن بکرێ، یەکگرتنەکە دوای ماوەیەکی کورت دەبێتە هۆی جیابوونەوەی سەرلەنوێ.

پرسیارێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە هەر لەجێدا ئەم یەکگرتنە بەچ ئامانجێکە و بەدوای چ دا دەگەڕێ؟ ئەگەر گوێ بدەینە قسەی بەرپرسانی هەردوو حیزب لە راگەیەنە جۆراوجۆرەکان کە هەردوو حیزب هۆی سەرەکی دەبەنەوە سەر پێویستیی خێرای کۆمەڵگای کوردستانی ئێران (رۆژهەلات) و بەردەوام دەڵێن کە هەم کۆمەڵگای کوردی داخوازێکی وای هەیەو هەم هەردوو حیزب بەو ئاکامە گەیشتوون کە دەبێ بە یەکگرتن بە شێوەیەکی بەهێز لە کەشوهەوای کوردستاندا دیار بنو وەڵامی پێویستییە خێراکانی سیاسی - مەدەنیی کۆمەڵگای کوردی بدەنەوە، پێویستییەک کە تەنیا لەسەر تەوەرەی ناسنامەی کوردیو قازانجەکانی کورد پێناسە کراوەو دەناسرێ.

لە کاتێکدا ئەگەر پێویستییەکانی کۆمەڵگای کوردو هەردوو حیزبەکە لەبەرچاو بگرینو سەیری خاڵەهاوبەشەکانو جیاوازییەکان بکەین، ئەوکات تەنیا چارەسەری مومکینو رێگا چارەی دروست، بریتییە لە پلاندانانی ستراتیژی لەسەر بنەمای سەرەکیی قازانجەکانی نەتەوەی کورد. هەردوو حیزب دەتوانن بە بنامادانانی قازانجەکانی نەتەوی کوردو هەنگاوی بە کردەوە لەو پێناوەدا کە گیروگرفتو جیاوازییەکان و تەنانەت ناکۆکییەکان بە پێوانەی بەدیهێنانی خاڵە سەرەکییەکانو قازانجەکانی نەتەوەی کورد هەڵبسەنگێندرێنو بایەخیان بۆ دابنرێ، پرۆسەی یەکگرتن دەتوانێ پێک بێو بە شێوەیەکی کاریگەرو پتەو قۆناغی نوێی تێکۆشان دەست پێبکا.

دیارە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو پرۆسەیەی کە زیاتر لە ساڵێکە هەردوو حیزب بۆ یەکگرتن دەستیان پێکردوە، دەبینین دوو گیروگرفت،»

١- قبووڵ نەکرانی حدک لەلایەن حدکاوە وەک حیزب،

٢- جیاوازیی تاکتیکیو رەفتاریی ئەو دوو حیزبە» بە شێوەیەکی جیددی لەو ماوەیەدا دەبینرێن. ناچار دەبێ بۆ گەیشتن بە یەکگرتنێکی مەنتیقیو پتەو وا باشە هەردوو حیزبەکە لەسەرەتادا ماوەیەک بە کارو پرۆژەی هاوبەش لە بواری جۆراوجۆردا بە مەبەستی یارمەتی بە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی یەکگرتن بکەن، چونکە هاوبەشیکردن دەتوانێ جیاوازییەکانو ناکۆکییەکان بەرەبەرە کاڵ بکاتەوەو بواری لێکتێگەیشتن، بەسراوەیی، یەکگرتنو یەکبوون پێک بێنێ. لە پرۆژەی هاوبەشدا تواناکانی هەردوو لا پاش چەندین ساڵ جیایی باشتر دەردەکەونو دەناسرێن.

هەروەها لە رەوتی باشداربوونندا بایەخەکانو نەریتەکانی هەردوو حیزب بە ئاسانیو بە جارێکی تووشی گۆڕانو تەنانەت رووخان نابن.

تێبینی:

ئەم وتارانەی لە لینکی" بیروڕای ئازاد" دا بڵاو دەبنەوە، تەعبیر لە راو بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و "کوردستانوکورد" وەک رێز دانان بۆ بیرورای ئازاد دەیانخاتە بەر نەزەریخوێنەران.

لە ژمارە ٦٢٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## وتووێژی کوردکاناڵ لەگەڵ محەممەد نووریزاد لە پێوەندیی لەگەڵ «سەفەری ئاشتی»




و: سیروان موساپوور

دیمانە: محەممەد نوریزاد بۆ کوردستان لەژێر نێوی «سەفەری ئاشتی و دۆستی» بابەتێکە سەرنجی زۆرکەسی بۆ لای خۆی راکێشاوە و زۆر کەسیش لە کوردستان پێشوازییان لەم کارەی ناوبراو کردوە. لە لایەن بەرنامەی کاوش»ەوە پێوەندیمان بە بەڕێز نوریزادەوە کردو لەبارەی ئەم سەفەرەوە وڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە و

*بۆچوونەکانی بخاتەڕوو.*

***ئارەش لوڕستانی:*** *بەڕێز نوریزاد تکایە بفەرموون ئامانجی ئێوە لە سەفەری «سوڵح و دۆستی» چیە و بۆ کوردستانتان هەڵبژاردووە؟*

***محەممەد نوریزاد:*** ئەمن نزیکەی ساڵێکە بیر لەم پرۆژەیە دەکەمەوە کە بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسیو ئازادیی میرحوسێن موسەوی، هاوسەری ناوبراو و ئاغای کەڕووبی دەتوانرێ چ بکرێ. وا بۆتە باو کە ژمارەیەک زیندانیی ناسراو و بەناوبانگ ئازاد دەکەن بەڵام لە شارستانەکانو ئەو پارێزگایانەی کە لە ناوەندەوە دوورن هێندێک زیندانیمان هەن کە لەبەر نوسراوەیەک یان کارێکی فەرهەنگی، بە هۆی نارەزایەتی و لەبەر «نا» گوتن بە ڕەوتێک بە زیندانی درێژخایەن مەحکووم کراون و دەنگ و هاواریان نە تەنیا لە پارێزگا بەڵکوو لە چوار دیواری بەندیخانەش ناچێتەدەر. کەواتە بیرم کردەوە بە نییەتی ئازادیی زیندانیی سیاسی لە هەر شوێنێک کە هەن، لە تاران یان شارەکانی دیکە، بە دروشمی «سوڵح و دۆستی» بۆ هەموو ناوچەکانی نیشتمانەکەمان سەفەر بکەم و بەڵام ئەوەکە بۆ لە کوردستانەوە دەستم پێکرد، بەهەرحاڵ بمانەوێ و نەمانەوێ سەبارەت بە کوردستان شەرمێکی گەورەمان هەیە و مەبەستم لە ئێمە واتە کەسانێک کە لە دەوروبەری رێژیمن و پشتیوانیمان لە ریژیم کردووە و، لە هەمبەر هەموو ڕەنج و نارەحەتییەکاندا ڕاوەستاین، لە بەرامبەر تەواوی خەڵکی کوردی وڵاتەکەمان قەرزێکی گەورە و شەرمێکی گەورەمان هەیە. یەکێک لەو ناحەقییە گەورانەی دەرحەق بە کوردستانمان کردووە ئەوەیە کە دوورەدیمەنێکی زۆر خراپی ئەمنییەتیمان لە کوردستانی بەڕێز، کوردستانی تێگەیشتوو، کێشاوەتەوە و کاتێک قسە لە کوردستان دەکرێ خەڵک وا دەزانن لە هەموو شوێنێکی کوردستان خەڵک تیرۆر دەکرێن، تووشی خەسار دەبن، چەکیان هەیە و ئەمن بە نۆرەی خۆم لەم سەفەرەدا باری ئەم شەرمەزارییەم لە کۆڵ ناوە و بە تکا و پاڕانەوە هاتوومەتە دەرکی ماڵەکان و سەردانی خۆشەویستانێکم کردووە کە بە ئاواتەوەن وڵاتیان ئارام بێ و بتوانن بژین. لەم سەفەرەدا هەنگاوەکانم بە شەرمەوە هەڵدێنمەوە و دەچمە هەر شوێنێک باسی دەکەم و دەری دەبڕم و هیچ داوا و ڕوانینێکی دیکەم نیە و تەنیا ئازادیی بەندییە سیاسییەکانم لە هەموو ناوچەکانی ئێران دەوێ.

***ئارەش لوڕستانی:*** *ئاغای نوریزاد بە سەرنجدان بە سەفەری ئێوە بۆ کوردستان، ئەو ڕاستیانەی چاوتان پێکەوتوون، ئەزموونگەلێک کە بەدەستت هێناون، چ تاڵ و چ شیرین، کام خاڵانە زیاتر سەرنجی ئێوەیان ڕاکێشاوە؟*

*محەممەد نوریزاد:* گەورەترین ڕەنجی کوردستان بێمتمانەیی بە ناوەندنشینانە کە ئێمە دەبێ حەقی پێبدەین، ئەمن تووشی خەڵکێک بووم کە خۆشەویستیی و دۆستایەتیی خۆیان بۆ من دەردەخست بەڵام لە قووڵایی ناخیاندا نیگەرانیو بێمتمانەیی هەبوو و حەماسەتێک کە کەمێک پەڵەی کەوتبۆیە کەچی هەرگیز شتێکی جیا لە ڕێز و حورمەتم لێنەدین و لێنەبیستن بەڵام لە هەر حاڵدا بێمتمانەییەکە خۆی دەردەخا و ئەم حەقەیان پێدەدەم چونکە ئەوان نانوانن بە دڵسۆزییەوە باوەڕم پێبکەن بەو هۆیەی کە چەندین جار ڕووبەڕوویان بووینەوە و ڕاستیمان لە هەڵسوکەتماندا نەسەلماندووە. بارودۆخێک لە کوردستان هاتەئاراوە کە حیزبە سیاسییەکانیش تێیدا خەتابار بوون و دەسەڵاتی ناوەندیی ناچار کرد کردەوەکانی دوای شۆڕش لەخۆی نیشان بدا بەڵام ئەم کێشانە دەیانتوانی تەنیا لە ١٠ ساڵی سەرەتای شۆڕشدا ڕوو بدەن، ئەوەیکە دروست یان هەڵە بوو، بەڵام دەسبەجێ دوای ئەم ساڵانە دەبوایە تەواوی وزە و توانایی دەسەڵات بەو ئاقارەدا بڕوا کە ئەم برین و خەسارانە سارێژ بکاتەوە و ئێمە ئەم بەشە لە خەڵکەکەمان بۆ ژیان کردن بانگهێشت بکردایە و بارودۆخمان بۆ ژیان و خوێندنی خەڵکی کورد ڕەخساندبا و لە بەرپرسایەتییەکاندا بەشدارمان کردبان. بەهەرحاڵ پێم وایە ئێمە کە لایەنگری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووین یان هەین سەبارەت بەم بابەتە هەست بە شەرمێکی گەورە دەکەین و بە گوتنی ئەم شەرمە دەبێ دەستەوداوێنی خەڵک بین و داوای لێبوردنیان لێ بکەین.

بۆ نابێ لە سەقز و بانە کارگە و کارخانە هەبێ بۆ نموونە ئەمن ئەمڕۆ لە بانە دیتم لاوێکی کۆڵبەر بە زەبری گوللە کوژراوە و لە چۆلگەیەک فڕێدراوە. ئەگەر کارخانەیەک هەبووایە ئەم لاوە هەرگیز ملی لە کۆڵبەری نەدەنا. کاتێک دەچینە شارە گەورەکان [فارسنشین] دەبینین ناوچەگەلی زۆر بەرینیان بۆ شارۆچکەی پیشەسازی تەرخان کردووە بەڵام لە کوردستان شتی وا نیە. دابەشکردنی خەڵک بۆ هاووڵاتی پلە یەک، دوو و سێ زوڵمێکی گەورەیە. خەڵکی کورد لەبەر ئەو خۆشەویستییە زۆرەی کە نیشانیان داوە، زیانیان پێگەیشتوە، ئەم خەڵکە خەڵکێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستین و بە هۆی ئەو سۆزە بەهێزەیە کە دەسەڵات هەمیشە کەڵکی خراپی لەو مێهرەبانییەی ئەوان وەرگرتووە. ڕاست بێژانە، هۆشیارانە، دۆستانە و ئاقڵانە دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم خەڵکە بکرێ و ئەگەر ئەم خەڵکە متمانەیان بە کەسێک یان دامەزراوەیەک بوو و باوەڕیان پێکرد بێگومان لەپێناوی بیروباوەڕیاندا فیداکارییان کردووە. ئەمن نەهاتووم درزی نێوان ئەم ساڵانە پڕ بکەمەوە بەڵام دەڵێم ئێمە دەتوانین بەندییە سیاسییەکان لە هەر شوێنێک کە هەن ئازاد بکەین و هەنگاوی یەکەمی خۆشەویستی و دۆستایەتی هەڵگرین، هەر بەم هۆیەوە بە ئانقەست کوردستانم هەڵبژارد. دەمتوانی ئەم سەفەرە لە ناوچەکانی دیکەوە دەست پێبکەم، بەڵام لە پارێزگایەکەوە دەستم پێکرد کە ئێمە قورسترین مەسەلە ئەمنییەتییەکانمان لەسەر شانیان داناوە و کارێکمان

کردوە ئەم خەڵکە هەرگیز باوەڕ بە دۆستایەتیی و هاوڕێیەتیمان نەکەن و هەمیشە بە گومانەوە لێمان بڕوانن.

***ئارەش لورستانی:*** ***بە سەرنجدان بەوە کە کوردستان ئەزموونی تاڵی حوزووری کەسانێکی وەک خەڵخاڵی هەیە، کاتێک کوردستان تەنیا شوێنێکە فەرمانی جیهاد بە دژی کوردەکانی تێدا دەردەچێ کە خەساری زۆری مرۆیی لێکەوتۆتەوە و بە پێی وتەی ئێوە و شایەتیی مێژووی نەتەوەی کورد زەبری زۆری وێکەوتووە، بەڵام بەم حاڵە کوردەکان هەمیشە ئاشتیخواز و دژی توندوتیژی بوون کەچی سەرەڕای ئەمەش ڕۆشنبیران و چالاکانی غەیرە کورد بە تایبەت ناوەندنشینان ڕوانینی ئەرێنیان سەبارەت بە کوردستان نەبووە و هەتا ئێستا دەرسیان لەو ئەزموونانە وەرنەگرتووە و کوردەکانیان بە دۆستی خۆیان نەزانیوە و ئەوانیان بە جیاییخواز و ناو و ناتۆرەی لەم چەشنە تۆمەتبار کردووە. بە بۆچوونی ئێوە هۆکارەکە چیە و ئێوە بۆ ئەو دۆستانەی کە بە دڵسۆزییەوە کار دەکەن بەڵام لەوانەیە میتۆدی کارەکەیان هەڵە بێ، چ پەیامێکتان هەیە؟***

***محەممەد نوریزاد:*** دەبێ ڕاستییەکان لەبەرچاو بگیرێن، خەڵکی کورد لە وڵاتی ئێمە ڕەنج و نارەحەتیی تایبەت بە خۆیان تاقی کردۆتەوە بۆ نموونە ئەمڕۆ قسەم لەگەڵ پیاوێکی شەریف دەرچووی زانستگە دەکرد کە لە ئیدارەکەی شوێنی کاری دەرکرابوو. دەیگوت سەرەڕای ئەو گرفتانە ئەگەر بیانهەوێ لە ئێرانمان جیا بکەنەوە قبووڵی ناکەین و خۆمان بە ئێرانی دەزانین. لاوانی ڕادیکاڵ و کەسانێک هەن کە خوازیاری جیابوونەوەن و ئەم ڕاستییە بوونی هەیە، بەڵام بەشێکی زۆر خۆیان بە ئێرانی دەزانن و هەر نابێ قسە لەم مەسەلانە بکرێ. بڕوای من ئەوەیە کە ئەگەر کوردستان بەو شێوەیەی کە هەیە، بڕوای پێبکەین کوردستانیش باوەڕ بە ئێمە دەکا. دڵسۆزانە دەڵێم لەو کاتەوە هاتوومەتە کوردستان خۆم بە کوردێک دەزانم و خەم وشادیی ئەم خەڵکە بە خەم و شادیی خۆم دەزانم. ئەم خەڵکە بە ئاسانی دەتوانن باوەڕمان پێبکەن ئەگەر ئێمە ڕەفتاری ڕاست لەخۆمان نیشان بدەین.

بەداخەوە ڕۆشنبیرانی ئێمە لە هەر دوو گرووپ، چ ئەوانەی قسە و باسی ڕادیکاڵیان خستۆتە بەردەمی خەڵک و بە نوێنەرایەتیی لە خەڵکی کورد خوازیاری جیابوونەوە و دابەشکردنی وڵاتن کە هەر لە بنەڕەتدا دروست نیە و چ ئەو سەرکۆنەکارانەی کە شێوازی ناراستیان دەرحەق بە خەڵکی کورد ڕەچاو کردووە، هەر دوو مەسەلەکە هەڵەن و ئێمە دەبێ لە واقعییەتی کوردستان و کێشەی کورد تێبگەین. خەڵکی کورد دەیانەوێ بە زمانی خۆیان دەرس بڵێنەوە و بخوێنن و فێر بن و ئەگەر ئێمە ڕێز بۆ ئەمە دابنێین، کارەسات ڕوو نادات یان بۆ نموونە دەیانەوێ

بەرپرسەکانیان لەخۆیان بن یان کورد بتوانێ ببێتە سەرۆک کۆمار، وەزیر یان پارێزگار. ئەمە چ ئیرادێکی هەیە چونکە ئەوانە لە مادده و پەسندکراوەکانی یاسای بنەڕەتین کە لەبەرچاو نەگیراون. بۆ نابێ کوردێک لە بالاترین پۆست و پێگەکانی وڵاتدا بەشدار بێ؟ ئەم ڕەشبینیە دەبێتە هۆی ئێمە خەڵک وەک هاووڵاتی پلە چەند لەبەرچاو بگرین و تووشی گرفتیان بکەین کە ئەمە خۆی دەبێتە هۆی تووڕەیی و ناڕەحەتی و لە ئاکامدا ئەم خەڵکە دەڵێن ئیمە چۆن باوەڕتان پێبکەین، کاتێک ئێمە لە هەموو ئەو دەرفەتانەی کە دەبێ هەبن، بێبەش دەکرێین؟ بۆ نموونە هەبوونی مزگەوت بۆ سووننەکان لە تاران بۆ دەبێ ببێتە هۆی تووڕە بوونی بەرپرسان؟ بۆ دەبێ حەشیمەتێکی زۆر کە لە تاران دەژین نابێ مزگەوتی خۆیان هەبێ. ئەم ڕوانینە نائەقڵانییە بۆتە هۆی ئەوەی کورده خۆشەویستەکان ناڕەحەت و ڕەشبین بن و ئەمن بە کارەساتی دەزانم. لەگەڵ ئەوەیکە سەردەمێک لە کوردستاندا کوشت و کوشتار هەبووە بەڵام ئەگەر ڕاستگۆیانە هەڵسوکەوت بکەین ئەم خەڵکە بە گەورەیی خۆیان دەمانبوورن، چونکە ئەم خەڵکە دەیانەوێ بژین و قەرار نیە کورد بە چەک پێناسە بکرێ یان کورد هەمیشە چریک و چەک لەشان بێ. ئەو خەڵکە بەدوای ژیانەوەن و ئێمە بەشێکی زۆری ژیانمان خەوشدار کردوون. پێم وایە ئەگەر لەنێو ڕۆشنبیران و دەسەلاتدارانمان تێگەیشتن هەبێ، بە ئاسانی دەتوانرێ ئەم ناڕەحەتی و بێمتمانەییانە وەلا بنرێن و بەرەو پێکەوەژیانی دروست و ئاشتیانە هەنگاو بنێین.

***ئارەش لورستانی:** ئاغای نوریزاد ئەگەر سەیری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی ئێران بکەین دەبینین تەنیا لایەنێکی سیاسی خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بووە و حیزبە سیاسیەکانی دیکە بە ئاشکرایی خۆیان بە بەشێک لە ئێران دەزانن و خوازیاری وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی کوردن و دەیانەوێ خۆیان کاروبارەکانیان بەڕێوەبەرن و ئەگەر لە سەفەرەکەتان بۆ کوردستان سەرنجتان دابێتێ زۆرترین ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستانی ئێران چالاکیی دەکەن و کوردەکان بە شێوازی جۆراوجۆر پەیامی ئاشتی و دۆستایەتیی خۆیان ڕاگەیاندوە بەڵام نە سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕاستیە قبووڵ دەکا و نە ژمارەیەک لە چالاکە سیاسیی و مەدەنییەکانی ناوەندگەرا. بە سەرنجدان بەم قسانە داخوا ئێوە پرۆژە و بەرنامەیەکتان بۆ گرنگی دانی زیاتر بە نەتەوەکانی ئێران هەیە یان لە داوا لە چالاکە سیاسی . مەدەنییەکان دەکەن لەم پێناوەدا چالاکی بکەن؟*

***محەممەد نوریزاد:*** ئەمن تەنیا باوەڕم بە خاڵێک هەیە و ئەویش ئەوەکە دەبێ هاووڵاتییەکانمان هەربیروباوەڕێکیان هەبێ بە کوردە شیعە و سووننەکان، مەسیحییەکان، بەهائییەکان و تەنانەت کومونیستەکان دەبێ قسە و داواکارییەکانیان بخەنەڕوو و نابێ جیاوازییان لەگەڵ شیعەکان هەبێ. ئێران وڵاتێکە کە تێیدا شیعە

زۆرینەیە، بەڵام ئەم زۆرینەیە نابێ ئەوانی دیکە ڕەت بکاتەوە. ئێمە دەبێ لە پێناو گرنگیدان بە داخوازییەکانیان هەنگاو هەڵبگرین و تا کاتێک کە مافەکانی هاووڵاتیبوونی خەڵکی خۆمان بە فەرمی نەناسین هەڵسوکەوتمان زاڵمانە دەبێ . کاتێک ڕێگە بە کوردە سووننەکان نەدەین لە تاران مزگەوتێکیان هەبێ یان لە پۆستە باڵاکاندا چالاکی بکەن یان زۆر بابەتی دیکە، کەواتە حاشامان لە بەشێک لە شوناس و هەوییەتی ئەوان کردووە. پێم وایە ئەگەر ئێمە خوازیاری داهاتوویەکی باش بۆ وڵاتەکەمانین چارەیەک نیە و ڕێگەی ڕاست ئەوەیە، دەبێ قبوول بکەین خەڵک بەهەر ئاراستەیەکی فکری یان هەر شوناسێک کە هەیانە، لەباری مافی شارۆمەندییەوە وەکیەک چاو لێبکرێن و یاساش لەسەریان بەیەکسانی پیادە بکرێ. دابەشکردنی خەڵک بۆ خودی و غەیرەخودی و لێک هەڵاواردنیان زۆر هەڵەیە. دابەشکردنی خەڵک بۆ هاووڵاتی پلە یەک و پلە چەند ناڕاست و تابڵێی هەڵە و کارەساتبارە. خەڵکی کورد شتێکی جیا لە مافی خۆیان ناوێ. بۆ نموونە کاتێک بە زەبری زۆر کەسێک ناچار بە لەبەرچاوگرتنی باڵاپۆش بکەین، پێمان خستۆتە نێو ژیانی تایبەتی ئەو کەسەوە. ئەمن پێم وایە تا کاتێک شتێک بە ناوی ڕەنج و ڕەنجاندن لە دڵی خەڵکدا بچێنین نابێ چاوەڕوانی بزە و ڕەزامەندییمان لێیان هەبێ. بە ئاسانی دەکرێ دڵیان بدەینەوە و ڕابردووی تاڵ و خوێناوی تیمار بکەین تەنیا بە مەرجێک، بە مەرجی ئەوەی نیشان بدەین لەبڕیاری نوێدا ڕاست دەکەین و تا کاتێک ئەم ڕاستی و ڕاستگۆییە نیشان نەدەین هۆکارێک نیە کە بڕوامان پێبکەن.

***ئارەش لوڕستانی:** بە سەرنجدان بەوەیکە ئاماژەتان پێکرد کە سەردانی پارێزگاری کوردستانتان کردووە لەحاڵێکدا دەبینین چەند بەشێک لە ئازەربایجان ناوچەی کوردنشینن، ناوچەکانی کرماشان، ئیلام کوردن و تەنانەت بەپێی بەڵگە مێژووییەکان هێندێک بەش و ناوچەی لوڕستان خۆیان بە کورد دەزانن، بۆئێوە تەنیا کەڵک لە ناوی پارێزگای کوردستان وەردەگرن و داخوا بەرنامەتان بۆ سەفەر بۆ کرماشان، ئیلام و لوڕستان هەیە؟*

***محەممەد نوریزاد:*** ئەمن کاتێک وشەی کوردستان بەکار دێنم مەبەستم هەموو ئەو شوێنانەیە کە خەڵکی خۆشەویستی کورد تێیدا ژیان بەسەر دەبەن و مەبەستم تەنیا پارێزگای کوردستان نیە و کوردستان بە واتای هەموو ناوچە کوردنشینەکانە و بەرنامەم هەیە بچمە ئازەربایجان و لە گەڕانەوەدا سەردانی کرماشان و ئیلام دەکەم و هەر لە بنەڕەتدا وا نیە کە لە کوردستان ڕاوەستم. منیش وەک زۆر لە هاووڵاتیانی کورد تووشی زیان بوون و وەک کەسێک کە لەگەڵ بنەماڵەکەی ئیزنی چوونەدەرەوەی نیە و ڕێگەی چالاکیی پێنادرێ، وەک کەسێکی بریندار و زیان دیتوو هاتووم بڵێم بریندارەکانیش توانای لێبوردنیان هەیە و بریندارەکانیش دەتوانن دەست بدەنە دەست

یەکتر و بڵێن ئەوە ئێمەین کە دەبێ لە ئێوە ببورین و ئەوە ئێوەن دەبێ داوای لێبوردنمان لێ بکەن. ئەمن وەک کەسێکی زیان پێگەیشتوو تا ئەو جێگەیەی لەتوانام دابێ بێ ئەوەی نیازی وروژاندنی خەڵکم هەبێ، بە تەنیا و لە ڕێگەی ئوتوبووسەوە وەڕێ کەوتووم و هیچ کەسم لەگەڵ نەهاتووە و خۆم ڕێگەم نەداوە کەسم لەگەڵ بێ و بەنیازم سەردانی هەموو ناوچە کوردنشینەکان بکەم.

***ئارەش لوڕستانی**: ئاغای نوریزاد وەک دوایین پرسیار کاتێک ئێوە سەردانی دایکی ئاغای عەدنانی حەسەنپوورتان کرد، کاتێک چوونە ماڵی ئاغای موفتیزادە، کاتێک کۆڵبەرەکانتان دیتن و کاتێک کە چوویە گۆڕستانی سنە، چ شتێک بۆ ئێوە زەق و بەرچاوتر بوو و پێتان وابوو ئەگەر دۆستانی دیکە جارێک سەردانی کوردستان بکەن و کەسانی داخ دیتوو و ڕاستیەکانی کوردستان لە نزیکەوە ببینن چ خاڵگەلێکی ئەرێنی و باشی بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی و دۆستایەتی دەبێ؟*

***محەممەد نوریزاد**:* دڵسۆزانە دەڵێم ئەمن هەست دەکەم بەرژەوەندییان لە پێکهێنانی ناکۆکی و ڕاپۆرت دانەوەی هەڵە بە ناوەندە، لە کێشانەوە دوورەدیمەنی ترسناک لە کوردستان بۆ ناوەندنشینان و دەسەڵاتدارانە و لەم ڕێگەوە خەریکی کار و کاسبین مانەوەیان لەو کارانەدایە. ئەمن کاتێک سەیری سیمای دایکی عەدنانی حەسەنپوورم کرد هەستم دەکرد دایکی منیشە و دڵنیام یەک بە یەکی بەرپرسان کاتێک ڕوخساری ئەم دایکانە و ئەو بنەماڵانە ببینن، زەڕڕەیەک باوەڕ ناکەن ئەوانە بە نیازی ڕووخاندنی حکوومەت بن یان بە مەبەستیان کوشتنی خەڵک بێ، هەرگیز شتی وا نیە. بۆ نموونە ڕۆژنامەنووسێک دەگرن و تۆمەتی دژە شۆڕشی دەدەنە پاڵ و دانپێدانانی بێجێی لێ وەردەگرن، ئەم شێوازانە بە باشی دەزانین و تەنیا لەبەر ئەوە ئەم کارانە دەکەن کە سیما و وێنەیەکی مەترسیدار بکێشنەوە. من و ئێوە وەک ئێرانی قبوڵمانە کە هیچکەس ناتوانێ ئارامیی و ئاسوودەیی خەوشدار بکا و لە هیچ شوێنێک ئەمە شیاوی قبووڵکردن نیە. کاتێک لاوێک بە هۆی نارەزایەتی دەسبەسەر دەکرێ و لەبەر نووسراوێک یان چەند قسەیەک بەزۆری دانپێدانانی سەیر و ناڕاستی لێ وەردەگرن و زیندانیی درێژخایەنی بۆ دەبڕنەوە، ئەوە نامەردییە. ئەم مەسەلەیە لە تاران، خوراسان و ناوچە جیاجیاکانی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر سازمانەدەیی دەکرێ بەڵام لە کوردستان لە هەموو شوێنێک مەترسیدارتر و ترستاکترە. هەر بۆیە دەڵێم ئەگەر بەرپرسان و نوێنەرەکانمان تەکانێکیان بە تێگەیشتنیان دەدا جووڵەیەکیان بە غیرەت و پیاوەتییان بدایە، سنوورێکیان لەبەینی ئاژەڵبوون و مرۆڤبوونی خۆیان دانابایە و سەردانی کوردستانیان کردبا، دەیانزانی کوردستان لانکەی ژیانە نەک بێشکەی ترس و تۆقاندن و تیرۆر. بۆ نابێ ئەم وڵاتە لیپاولیپ لە ژیان و خۆشی و شادی بێ؟ بۆ نابێ

ئەم خەڵکە چێژ لە ئێرانی بوون ببەن و بە شەوقەوە بەرەو داهاتوویەکی باش بچن. ئێمە کاتێک خەڵکێک لە ژاکان و خەمۆکیدا دەخنکێنین کەواتە نابێ چاوەڕوانی مۆعجیزە بکەین. بەم هۆیەوە ئەمن بە پلەی یەکەم دووسەد و نەوەد نوێنەرەکەی مەجلیس کە وەک مەڕ لەسەر کورسییەکانی مەجلیس دانیشتوون بە خەتابار دەزانم، چونکە دەیانتوانی پێش بە کردەوەکانی دەزگا ئەمنییەتییەکان بگرن. بەڵام بە هۆی ئەوەی ترسنۆکن و پەروەندەیان هەیە هیچ کارێک ناکەن. ئەگەر دامودەزگاکانی یاسادانانی دروستمان هەبوایە، ئەم چەشنە ڕووداوانە نەدەهاتنە پێش. ئێمە جیاوازیی و هەڵاواردنی زۆر لەنێوان ناوەندنشینان و ناوچە سنوورییەکان دادەنێین و تەنیا هۆکاریشی ئەو دزییانەیە کە ڕێگە نادەن ناوچە سنووری و غەیرە ناوەندنشینەکان ئاوەدان بکرێن. کاتێک بە میلیارد پووڵ بە خەڵکی سووریە، ئەفغانستان و حیزبوڵڵا دەدەین یان لەڕێگەی پرۆژەی نادروستی ناوکیدا بەکاری دێنین، خەڵکی ناوچە سنوورییەکان دەبێ بە ناچاری کۆڵبەری بکەن و پێی ڕۆڵەکانیان بە مین لێ ببێتەوە و لە بارودۆخێکی دژواردا ژیان بەسەر بەرن و لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوان بین ئەم خەڵکە سپاسمان بکەن.

***ئارەش لورستانی:*** *ئاغای نوریزاد سپاستان دەکەم و بە هیوای ئەوەکە هەموو نەتەوەکانی ئێران و تەواوی چالاکە سیاسیی و مەدەنییەکان، دەستی دۆستایەتی کە لەلایەن کوردەوە درێژ کراوە ببینن و ئەم دەستە بە توندی بگوشن. بە ئاواتی دۆستایەتیی.*

***نووریزاد:*** سەرکەوتوو بن.

**لە ژمارە ٦٢١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣**

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

## چاوخشاندنێک بە سەر پێکهاتەی کۆماری کوردستان و شرۆڤەیەکی کورت

و: ئاڵەشین

گەر بمانەوەێ تایبەتمەندییە بەرچاوە پێکهاتەیی و بنەماو بنەڕەتییەکانی کۆماری کوردستان باس بکەین، بە سەرنجدان بە دوو هۆکاری تەمەنی ١١ مانگەو کارکردی کۆماری کوردستان لەو ماوەیەداو هەروەها تاک حیزبی بوونی دەسەڵاتی سیاسی کۆماری کوردستان، شرۆڤەی ئەم سترەکتۆرە مەنتیقی و روون دەردەچێ

گرنگترین پێوەرەکانی شرۆڤەی کۆماری کوردستان، تاووتوێ فەلسەفی، سیاسی، مەدەنی، سەربازیو ئابووریین کە دەبێ بەدەر لە دەمارگرژیو ئیحساساتەوە هەڵسەنگێندرێن. دیارە بەهۆی کورت بوونی بابەتەکە، ناچار بە شێوەیەکی گشتی مژارەکان باس دەکەینو هەڵسەنگاندنەکە ناچێتە نێو وردەکارییەکانەوە.

بزووتنەوەی نەتەوەیی دەکرێ بە سێ قوناخی نەریتی، مودێرن و هاوچەرخ پێناسە بکەین.  ئەم نووووسراوەیە تەنیا باسی رۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران) دەکا. بە سەرنجدان بە مێژووی دووروودرێژی خەباتی کورد، سەرەتا دەبێ شوناس (هۆویەتی) ئەم خەبات و بزووتنەوەیە کە سەرچاوەی وزەکەیەتی شەنوکەو بکرێ. هەموو بزووتنەوەیەک شووناسەکەی بنەمای فەلسەفی چالاکی و بەردەوامییەتی کە بە سەرنجدان بە شوێنەدانەری و ناکارامەیی، سەرکەوتن و شکستی رێژەیی یان بڕاوەو یەکجاری بۆ بزووتنەوەکە بە دیاری دێنێ. بزووتنەوەی کورد، لە سەرەتاوە هەتا دامەزرانی حیزبی دیموکراستی کوردستانەوە لە قۆناخی نەریتی دابووە، لە کاتی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە تا ئەو کاتەی خەباتی چەکداری وەک تاکتیک ئیدی لە ئەولەوییەتدا نیە، واتە هەتا ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی تا ئەمڕۆ، قۆناخی مودێرنی خۆی تێپەڕاندووەو لە ساڵی ١٣٧٥یشەوە تا ئەمڕۆکە قۆناخی هاوچەرخی خۆی تێدەپەڕێنێ.

ئەگەر بڕوانینە ئەم سێ قۆناخەی بزووتنەوەی کورد، دەبینین نەتەوەبوونی کوردو تێکۆشان لەپێناو بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان بەرچاوترین تایبەتمەندی شوناسی کورد بووەو ئەو شوناسە بنەمای فەلسەفەی بزووتنەوەکە پێکدێنێ. کۆماری کوردستان کە هێمای دەسەلاتی کوردە لە ئێران بە شێوەی بەڕێوەبەریو پراگماتیکی هەموو چالاکییەکانو رێکخراوەکانی لەسەر ئەم سەروەرییە دادەمەزرێنێ. بە هوویەتو شوناسی تەمەنی یازدە مانگەی کۆماری کوردستان، گەلی کورد روونی کردەوە چی دەوێو ئەو شوناسەتەوەرییە هەمیشە لە دیپلۆماسیو راگەیاندنەکانی کۆماری کوردستاندا بەڕوونی رەنگی دایەوەو ئێستاکەش لە بزووتنەوەی هاوچەرخی ئەم گەلەدا ئەم شوناسخوازییە بنەمای هەموو چالاکیو بەرنامەڕێژییەکانێتی.

دووەمین فاکتۆر هەڵسەنگاندن لە بواری فۆرم و نێوەڕۆکەوەیە. میتۆدی سیاسی کۆماری کوردستان هەمان چەمکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە دێموکراسی بە ئامرازی گەیشتن بە ئازادی، یەکسانی و خۆشبژیوی و ستراتژیک دەناسێنێ. کۆماری کوردستان بە شێوەیەکی پراکتیکی نیشانیدا دیموکراسی بۆ هەموو هاوولاتییانی کوردو غەیرە کورد پێویستییەکەو کۆماری کوردستان خۆی لە ئاست بەرگریکردن لە بایەخە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی گەلی کوردو ئەو کەمایەتییانەی لە خاکی کوردستاندا دەژین بە بەرپرس دەزانێ. کۆماری کوردستان پێوەندییەکی دۆستانەی دەگەڵ هەموو دراوسێکانی خۆی هەبووو قەت دەستدرێژی نەکردنە سەرو هەرەشەی لە هیچ کامیان نەکرد. سەردانی ئەو ولاتانەیان کرد کە هەڵگری دروشمی دۆستایەتی بوونو لەو نێوەشدا دۆستایەتی یەکیەتی سۆڤییەتو ئەڵمانی کرد، دیارە نەک بەهۆی ئەوەی کوردستان کۆمۆنیستی بکا یان گوێڕایەڵ بوونی کۆماری کوردستان بۆ سۆڤییەت، بەڵکوو لە سۆنگەی ئەو دروشمانەی یەکیەتیی سۆڤییەت سەبارەت بە داکۆکی لە نەتەوە ژێردەستەکانو ئەو نەتەوانەی بەدوای سەربەخۆییەوە بوون دەیدا، کۆماری کوردستان بڕیاریدا وەک دۆستایەتی سۆڤییەت هەڵبژێرێ. دیارە جگە لە یەکیەتیی سۆڤییەت نە ئێران خودموختاری بۆ نەیەوەی کورد قەبووڵ بوو و نە رازی بوو بەوەی لە رێگای دۆستایەتیو دیپلۆماسیو پێکەوەژیانێکی کێشەکان حەل بکا، نە ولاتەکانی دیکەش کە لە قەیرانی شەڕی جیهانییە گلابوون ئەو دەرفەتەیان هەبوو دەگەڵ ولاتانی دیکە یەکیەتیی پێکبێنن و هاوکارییان بکەن. خاڵێکی گرنگی دیکە کە دەبێ باس بکرێ، ئەوەیە پاش وتووێژی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لەگەڵ یەکیەتی سۆڤییەتو ئەو بەڵێنانەی یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ پشتیوانی کردن لە گەلی کورد بە بەرپرسانی کۆماری کوردستانی دابوو، بە پێشکەشی ئیمتیازی نەوتی باکوور بە یەکیەتیی سۆڤییەت لە لایەن رێژمی شاوە، زۆر سادەو ساکار بەرەی رۆژهەلات پشتگوێی خستنو بەرژەوەندییەکانی خۆی خستە سەرەوەی دۆستایەتی کۆماری کوردستان و حکوومەتی دیموکراتیکی ئازەربایجان. خاڵێکی دیکەی بەرچاوی بنەماکانی سیاسەتی کۆماری کوردستان،

کۆمەڵگەتەوەر بوونی سیاسەتی کۆماری کوردستانە، بە جۆرێک کە لە ماوەی تەمەنی کۆماردا هیچ زیندانییەکی سیاسی نابینریٚو نوێنەرانی هەموو چینەکانی کوردستان لە سیاسەتدا بەشدار دەبن تا سیاسەت بکەوێتە خزمەت کۆمەڵگەوەو دیموکراسی دامەزرێ.

بایەخە مەدەنیو خواستو پێویستییەکانی کۆمەڵگە خاوەن شوێنێکی تایبەتن لە کۆماری کوردستاندا. دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان و زۆر بلاڤۆگی دیکە بۆ منداڵان و ژنان، فێرکردنی زمانی کوردی و تەنانەت ئازەریو کردنەوەی قوتابخانەی کوردیو ئازەری، دامەزراندنی رادیۆ، دامەزراندنی رێکخراوی یەکیەتیی لاوان، یەکیەتیی ژنان، پەرەپێدانی فەرهەنگ بەتایبەت موسیقا، تئاترو شانۆ و... نیشاندەری بایەخ و گرنگی کۆماری کوردستانن وەک حکوومەتێکی دیموکراتیک.

بە سەرنجدان بەوەی کورد تا ئێستاش گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی دنیایەو هەمیشە بە شێوەیەکی بێبەزەییانە سەرکوت کراوە، فێربوونی تاکتیکەکانی شەڕ بۆ ئەو گەلە زۆر پێویستە. کۆماری کوردستان بە دامەزراندنی هێزی سەربازی بۆ بەرگری لە خۆی، لەڕاستیدا ئەزموونی پرش و بڵاوی چەکداری هۆزەکانی تاڕادەیەکی باش دەگەڵ تاکتیکی سەربازی و شەڕ ئاشنا کرد. بە چەشنێک کە دەبینین دواترو کاتێ خومەینی فەرمانی جیهادی دژی کورد دەرکرد، گەلی کورد بەکەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ و هەروەها ئەو بنەما سەربازییانەی کە لە کۆماری کوردستان وەک بایەخێک مابوونەوە بۆ بەرگری لە خۆی لە بەرانبەر هێرشی کۆماری ئیسلامیدا بەکار هێناو هەروەک سەردەمی کۆماری کوردستان جگە لە خاکی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکان هیچ چالاکییەکی نیزامی بەڕێوەنەبرد.

ئابووری و کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەکان بەهۆی تەمەنی کورتی کۆمار ئەو دەرفەتە بۆ کۆمار نەهاتەپێش کە بە شێوەیەکی جیددی بەرنامەڕێژی بۆ بکریٚو پەرەبستێنێ. تەمەنی کورتی کۆماری کوردستانو هەروەها دواکەوتوویی جیهانی سێیەم لە باری ئابوورییەوە ئەو فاکتەرە گرنگە کە دەتوانێ ببێتە هۆی درێژبوونەوەی تەمەنی حکوومەتو لە هەموو بوارەکانەوە کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن بەرێ، بوو بە هۆی ئەوەی کۆماری کوردستان نەتوانێ لەم دەرفەتە گرنگە کەڵکوەرگریٚو کۆمەڵگەی ئەو کات هەر بە کەڵکوەرگرتن لە شێوەو میتۆدە نەریتییە ئابوورییەکان بە ئاقاری ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بەشداری دەسەڵاتی کرد.

ئەگەر بڕوانینە پێنج فاکتەری فەلسەفە، سیاسەت، کۆمەڵگەی مەدەنی، بنەما سەربازیو ئابوورییەکانی کوماری کوردستان کە تاووتوێمان کرد، دەبینین بزووتنەوەی شوناسخوازی کورد بزاڤی قۆناخێک نییە، بەڵکوو پێویستییەکە کە بەردەوام زیندوو بووەو کۆماری کوردستان باشترین ئیدیعای ئاشتیخوازی کوردەو گەلی کورد لە کۆماری کوردستانەوە دەرسی یەکگرتوویی‌و بڕوابەخۆبوون بووە.

لە ژمارە ٦٢٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٤

---

## لێکدانەوەیەک بۆ وتاری ساڵانەی ئۆباما لە گۆنگرەی ئەمریکا لەبارەی ئێران

### و: سیروان موساپوور

بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر سەبارەت بە وتارەکە، سەرەتا قسەکانی ئۆباما سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لێرەدا دادەنرێن و دواتر ڕا و بۆچوونەکانی خۆم دەخەمەڕوو بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ ئاسانتر لە گەڵ ناوەرۆکی شیکارییانەی وتارەکە پێوەندی دروست بکا. خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە بە ئانقەست وشە و دەسەواژە گرنگ و سەرەکییەکانی نێو وتارەکە کە بنەما و پێوانەی لێکدانەوەکەن، خەتیان بەژێردا کێشراوە تا خوێنەر بتوانێ باشتر لە مەبەستی نووسەر ئاگادار بێ.

باراک ئۆباما: «ئەمە دیپلۆماسییەتی ئەمریکایە کە بێجگە لە گوشار، ڕێگەی لە بەرەوپێشچوونی بەرنامەی ناوەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرتووە و بۆ یەکەم جار لە یەک دەیەی دواییدا پاشەکشەی بە هێندێک لە بەشەکانی ئەو بەرنامەیە کردووە. لەحاڵێکدا ئێمە لێرە کۆ بووینەوە کۆماری ئیسلامی دەستی بە کۆکردنەوەی تونێشووی ئۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئاستی سەروودا کردووە و سانتریفیوژی پێشکەوتووی نوێی وەڕێ نەخستووە. پشکنینە بێ‌پێشینەکان دەبنە هۆی ئەوەی هەموو ڕۆژێک پێداچوونەوە بە کارەکاندا بکرێ و دڵنیا بین ئێران خەریکی دروست کردنی بۆمب

نیه. ئێمه لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان خەریکی وتوێژێکین که بزانین داخوا دەکرێ لەڕێگەی ئاشتیانه به ئامانجەکەمان، که پێشگرتن له گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران به چەکی ئەتۆمیه، بگەین. ئەمه ئامانجێکه هەموومان تێیدا بەشدار و پشکدارین. ئەم وتووێژانه دژوارن و لەوانەیه تێیاندا سەرکەوتوو نەبین. ئێمه له پشتیوانیی ئێران له ڕێکخراوه تیرۆریستییەکانی وەک حیزبوڵلا ئاگادارین که هەڕەشه له هاوپەیمانەکانمان دەکەن. هەروەها بێمتمانەییەک که لەنێو وڵاتی ئێمه دایه که تەنیا به ئاوات و ئارەزوو ناکرێ پاک بکرێتەوه بەڵام ئەم وتووێژانه لەسەر بنەمای متمانه نین. هەر ڕێککەوتنێکی درێژخایەن که لەسەری هاوڕا بین دەبێ پشت ئەستوور به کردەوەی شیاوی لێڕوانین و پێداچوونەوه بێ که ئێمه و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دڵنیا بکا که ئێران بەڕاستی بەدوای دروستکردنی چەکی ئەتۆمییەوه نیه. ئەگەر جان ئێف کەنەدی و ڕۆناڵد ڕەیگان توانیان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت وتووێژ بکەن کەواته ئەمریکای بەهێز و دڵنیا لەخۆ دەتوانێ لەگەڵ دوژمنانی لاوازتری ئەمڕۆیی دابنیشێ. ئەو گەمارۆیانەی بەسەر ئێرانماندا سەپاندن، دەبنه هۆی ئەوەی ئەم دەرفەته بێته کایەوه. بەڵام ڕێگه بدەن به ڕاشکاوی بڵێم ئەگەر ئەم کۆنگرەیه ئێستا گەڵاڵەیەکی تەحریمی نوێ بۆ لای من بنێرێ که ڕەوتی دانیشتنەکان بگۆڕێ، ئەمن ڤیتۆی دەکەم. لەڕێگەی ئاسایشی نەتەوەییماندا دەبێ دەرفەتی سەرکەوتن به دیپلۆماسیی بدەین.

ئەگەر ڕێبەرانی ئێران کەڵک لەم دەرفەته وەرنەگرن ئەمن یەکەم کەس دەبم که خوازیاری گەمارۆی زیاتر دەبم و تەواوی بژاردەکانی پێویست بەکار دێنم بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێ چەکی ئەتۆمی دروست بکا، بەڵام ئەگەر ڕێبەرانی ئێران سوود لەم دەرفەته وەرگرن لەو حاڵەتەدا ئێران دەتوانێ هەنگاوێکی گرنگ بۆ پەیوەست بوون به کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ئێمه هەڵگرێ و ئێمەش یەکێک له چالشه ئەمنییەتیه گەورەکانی سەردەمی خۆمان بێ مەترسیی شەڕ چارەسەر بکەین».

زۆر له شرۆڤەکارانی جیهان و سیاسەتمەداران و ڕاگەیاندنەکان لەسەر ئەم بڕوایەن وتارەکەی ئۆباما که لەژێر نێوی «وتاری ساڵانەی سەرۆک کۆمار» پێشکەش کرا، له بارودۆخی ئاسایی گرنگترین وتاری سەرۆک کۆماره که ڕێباز و پرەنسیپەکانی یەک ساڵەی دەوڵەتی ئۆباما دیاری دەکات. لەم وتاره نزیک به یەک کاتژمێرییەدا، باراک ئۆباما نزیکەی سێ خولەک و نیو لەبارەی هەڵوێستەکانی خۆی له بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران قسەی کرد. ئەگەر سەنج بدەینه تەواوی وتارەکەی ئۆباما، دەبینین هەڵوێستەکانی دەوڵەتی ئەمریکا له بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەستیارترین بەشی ئاخاوتنەکەی ئۆباما لەخۆ دەگرێ که تەنانەت له هەندێک شوێندا

هەڕەشەکردنیشی تێدا بوو.

لە سەرەتای قسەکانیدا، ئۆباما لەبارەی هەڵوێستی دەوڵەتەکەی سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران قسە لەسەر دیپلۆماسیەتی ئەمریکا دەکا کە بێجگە لە فشار، ڕێگەی لە بەرەوپێشچوونی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی گرتووە. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەم دیپلۆماسییە ئەمریکاییەو گوشار لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکا بە کام ئاقار و بە چ ئامانجێک خراوەتەگەڕ کە ئەوەندەی سەرکەوتن بەدەست هێناوە کە بێجگە لەوەی توانیویەتی بەرنامەی ناوکیی ئێران ڕابگرێ. بە واتایەکی دیکە ئەو فشارەی بە هۆی دیپلۆماسیی ئەمرکایی پیادە کراوە، ئامانجێکی سەرەتایی هەبوو و ڕاگرتنی بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامی، لە شکڵ و فۆرمدا ئامانجی دووەمە کە وەدی هاتووە. بەڵام ئەم ئامانجە سەرەتا و یەکەمینە چیە؟ ئامانجێک کە لە سەرەتای گوشار و تەحریمەکانەوە تا ئێستا ئاماژەیەکی پێنەکراوە بەڵکوو لە ڕاگەیاندنەکاندا تەواوی کردەوەکانی دەوڵەتی ئۆباما و دامەزراوە سیاسیی و یاساییەکان تەنیا وەک هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی بەرنامەی نائاشتیانەی بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کۆمەڵگەی جیهانی ناسێنراوە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئۆباما ئیددیعای ئەوە دەکا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی بە هەڵگرتنەوەی ئۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئاستی سەرەوەدا کردووە. پرسیار ئەوەیە لەسەر بنەمای چ پێوەرێک و بە پشت بە کامە بەڵگانە وەها ئیددیعایەک دەکرێ لەحاڵێکدا ئەو پشکنینە ورد و ڕێکوپێکانە کە دەسبەجێ دوای ئەمانە ئاماژەی دەکا تا ئێستا بە شێوازێکی دروست و سیستماتیک لەلایەن کارناسانی نێونەتەوەیی ئەنجام نەدراون و تەنانەت بە فەرزی ئەوەکە هەڵگرتنەوەی ئۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئاستێکی سەرووودا لەلایەن پشکنینە وردەکانەوە دروست بێ، پرسیاری دیکە ئەوەیە ئۆرانیۆمی پیتێنراوی ئاستی سەرووی کۆماری ئیسلامی لە ئیختیار کامە دامەزراوە یان ڕێکخراوی نێونەتەوەیی نراوە کە دەبێ بە بیستنی هیوادار و خۆشحاڵ بین؟

لە درێژەدا ئۆباما قسە لەسەر ئەم پشکنینە وردانە دەکا کە دڵنیایی پێویستیان پێک هێناوە کە «ئێران» بەدوای دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمییەوە نیە. دەربڕینی وشەی «ئێران» لەجێگەی « کۆماری ئیسلامیی ئێران «دەتوانێ بەهەڵە یان بەئەنقەست بێ. ئەگەر بەهەڵە گوترابێ لە سەرۆک کۆماری بەهێزترین وڵاتی دنیا چاوەڕوان ناکرێ نەزانانە تووشی وەها هەڵەیەک بێ و دەبێ لە داهاتوودا ڕاست بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر بە ئانقەست یان بە بەرنامە ئەم وشەیە دەربڕیبێ، دوو حاڵەتی هەیە: یەکەم ئەوەکە دەوڵەتی ئەمریکا پێی وایە کۆماری ئیسلامیی

ئێران و «ئێران» هەریەکن و حکوومەتێکی ڕەوا و پابەندی پرنسیپە دێموکراتیکەکانە و خەڵکی ئێران دەبێ وڵامدەری شەڕفرۆشییەکانی کۆماری ئیسلامی بن. دووەم ئەوەکە لەبەرچاوگرتنی بنەما دێموکراتیکەکان بۆ دەوڵەتی ئەمریکا لەگەڵ هەبوونی ناڕەزایەتیی توندی خەڵکی ئێران لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرنگ نیە و ئەمریکا بێبایەخدان بە بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێران بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانی کەڵک لە هەموو ئامرازێک وەدەگرێ. کەواتە کاتێک ئۆباما لە درێژەدا باس لە هەوڵی ئاشتییانە بۆ پێشگرتن لە گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە چەکی ناوکی دەکا، دەبێ پرسیار بکرێ ئاشتییانە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران یان بۆ خەڵکی ئێران؟

لە بەردەوامیی ئەو خۆشبینی و سەرکەوتنە دیاریکراوانەدا، بە دەستەواژەی «لەوانەیە سەرکەوتنی بەدواوە نەبێ»، حاڵەتێکی نوێ دێنێتە کایەوە کە دەبێتە جۆرێک لە «سوپاپی دڵنیایی» بۆ شکست یان سەرنەکەوتن و، پاساو بۆ ئەو تێچووە ماددیی و دەروونییانە دێنێتەوە کە بە فیرۆ چوون. ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ دەستەواژەی دواتر «پشتیوانیی ئێران لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان» بەڵگەی زیاتر بۆ شکستی شیمانەیی یان دەرکەوتنی دەرەنجامی نادڵخواز بەدەستەوە دەدا. دیارە لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵگەی ئەمریکا و کۆمەڵگەی جیهانی ڕووبەڕووی ترسێکی زیاتر کردۆتەوە و خوازیاری لەسەرخۆیی و تێچووی زیاتر دەبێ. بێجگە لەمەش بیسەری ئەو وتانە دەیەوێ وڵامی دوو بابەتی دیکەش وەربگرێتەوە: یەکێکیان ئەوەکە داخوا پشتیوانی لەلایەن ئێرانەوە دەکرێ یان کۆماری ئیسلامیی ئێران ، دووەم ئەوەکە لەبەرچی نەهێشتنی پشتیوانی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کە بە ڕادەی بەرنامەی ناوکی گرنگیی هەیە، هیچ باس، گەمارۆ یان فشارێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی بۆ جێبەجێ نەکراوە؟ ئایا کەڵک وەرگرتن لە وشەی «ئاشتیانە» کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە، بۆ کەسانێک کە پشتیوانی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکەن، دروستە و ئەمە لە سیاسەتی ئەمریکادا چۆن پێناسە دەکرێ؟ لە درێژەدا ئۆباما کەڵک لە وشەی «دوژمن» وەردەگرێ کە ئەم وشەیەش دەتوانێ ئاڵۆزیی زیاتر و ڕەخنەی زیاتر بخاتە سەر وتەکانی.

ئەو ڕاشکاوییەی کە ئۆباما لە درێژەی قسەکانی بەکاری دێنێ و باسی «ڤیتۆ»کردنی گەڵاڵەی گەمارۆ نوێیەکان دەکا، تەنانەت ئەگەر لەلایەن گۆنگرەشەوە پەسەند بکرێ، نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کات و تێچوویەک کە دەوڵەتی ئەمریکا بۆ پێشگرتن لە دەستراگەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پەرەپێدانی ئاستی بەرزی بەرنامەی ناوکی بەکاری هێناوە، زۆر قورس و زۆر بووە و نوێکردنەوەی سەرچاوە ئابووری، سیاسی و تەنانەت کاتی پێویست بۆ گەیشتنی دەوڵەتی ئەمریکا بە ئامانج، تووشی گرفتگەلی زیاتر دەبێ. ئۆباما پێداگریی لەسەر ئەوە دەکا تەواوی ئەم کردەوە و تێچووانە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بووە. وشەیەک کە زۆربەی سیاسەتمەدار و سەرۆک

کۆمارەکان کاتێک دەیانەوێ کارێکی سەروو یاسایی بکەن، کەڵکی لێ وەردەگرن. لە درێژەدا بۆهیوابەخشین و دڵنیاکردنەوە، بە کۆنگرە دەڵێ لە حاڵەتێکدا رێبەرانی ئێران کەڵک لەم دەرفەتە وەرنەگرن، خۆی وەک یەکەم کەس خوازیاری گۆمارۆی زیاتر بە دژی ئێران دەبێ، بەڵام کۆنگرەی ئەمریکا و هێندێک لە هاوپەیمانانی پێیان وایەئەگەر فشار و تەحریمی زیاتر نەکرێ و دانیشتنەکان دەرەنجامی باشیان نەبێ، لەو حاڵەتەدا دەبێ پرۆسەی تەحریمەکان دەست پێبکاتەوە یان تەسلیمی ئیرادەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەیشتنی بە بەرنامەی ناوکیی پێشکەوتوو بن.

لە کۆتاییدا ئۆباما قسە لەسەر پەیوەست بوونی سەرلەنوێی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و لەنێوبردنی یەکێک لە گرنگترین قەیرانە ئەمنییەکانی ئەمڕۆی جیهان بەبێ مەترسیی شەڕ دەکا. پرسیاری گرنگ ئەوەیە لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا لە چ قۆناغێکدا کۆماری ئێسلامی ئێران ئیزنی داوە وڵاتی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە پەیوەست بێ و ئەگەر مەسەلەی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەبێ مەترسیی شەڕ چارەسەر بکرێ، ئایا کۆماری ئیسلامی بەپێی قسەکانی ئۆباما کە پشتیوانیی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکا، بەهیچ چەشنێک کێشەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکا یان کۆمەڵگەی جیهانیی دروست ناکا؟ لەوانەیە هێندێک کەس پێیان وابێ ئۆباما تەنیا بۆ مەسرەفی نێوخۆیی ئەو قسانەی کردووە، بەڵام نابێ لەبیر بکرێ ئامانج لە وتارە چ بووە و لە داهاتووی سیاسیی ئەمریکادا چ کاریگەریگەلێکی جیددیی دەبی.

لە کۆتاییدا تەنیا ئاماژە بە ڕستەیەکی خومەینی، یەکەم ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین کە دەیگوت: «ئەگەر پێویست بێ بۆ پاراستنی حکومەت واز لە ئەرک و کردەوە واجبەکانی ئیسلامییش دێنین». دروستترین و دڵنیاترین ڕێگەیەک کە کۆمەڵگەی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی بتوانن سیستمی کۆماری ئیسلامی بە ئاقاری شۆڕش یان ڕیفۆرمدا بگۆرێ، میحوەربوونی ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەموو کردەوەکان دایە، چونکە پێشێلکردنی ئاشکرا و شاراوەی مافی مرۆڤ لە ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەوڵدان بۆ جێگیربوونی یاساو ڕێساکانی مافی مرۆڤ (پاشنە ئاشیل) حکومەتە کە لەگەڵ هۆوییەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە دژایەتییەکی بنەڕەتی دایە.

لە ژمارە ٦٢٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٤

# ژن، پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکان و رەنگدانەوەکانی

**و: مەسعوود رەواندوست**

لە دنیای ئەمڕۆدا هەموو کۆمەڵگاکان ـ بە دێموکراتیک و نادێمۆکراتیکەوە ـ ئازادی، خۆشبژیوو یەکسانی وەک دروشمی سەرەکی و ئامانجی ستراتیژیکی خۆیان دەناسێنن، بەڵام راستییەکان و ئامارەکان پێچەوانەی ئەوەمان پێنیشان دەدەن. راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان و لە ساڵی ٢٠١٣دا، ئەمساڵی بە یەکێک لە خراپترین ساڵەکان ناوبردوە کە بەهۆی هێندێک لە دڵتەزێنترین جینایەتەکان هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. ئەوە لە حالێکدایە کە زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتەکان جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤیان پەسند کردوە کە بناغە و بنەماکەی بریتییە لە ئازادی و یەکسانیی مافەکانی هەموو مرۆڤەکانە لە رۆژی لە دیکبوونیانەوە. ئەگەر چاوێک بە رێکەوتننامە پەسندکراوەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پێوەندیی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا بخشێنین، دەبینین پارێزگاری کردن لە مافی ئەو گرووپە لە مرۆڤەکان کە بە گوێرەی ئامارەکان خەسارگەڵگرترن، زیاتری پێ لەسەر داگیراوەتەوەو وەک تەبسەرەو پەیماننامەی دیاریکراو تۆمار کراون. گەورەترین گرووپ کە زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی جیهان پێک دێنن، بەڵام زیاترین پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤیان لەبارەدا تۆمارکراوە، ژنانن. بارودۆخی ژنان لە حکوومەتە نادێموکراتیکەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر خراپتر و نالەبارترە و لە زۆربەی کاتەکاندا حکوومەت هەڵاواردنێکی سیستماتیک بەرامبەر بە ژنان پێڕەو دەکا.

گرنگترین بوارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لە ئێران بریتین لە دەسەڵاتی خۆیان، مافی خاوەنداریێتی و یەکسانی کە هەرکام لەم خاڵانە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی‌دا بەسەر چەند لق و بەشدا دابەش دەبن.

سەرەتاییترین پێداویستیی هەر مرۆڤێک هەبوونی دەسەڵاتی خۆیەتی، بەڵام لە ئێراندا منداڵانی کچ یان کوڕ بەرامبەر بە دەسەڵاتی خۆیان، دوو جۆرە هەڵسەکەوتی جیاوازیان لەگەڵ دەکرێ. ئەگەرچی کچان زووتر لە کوڕان دەگەنە تەمەنی بلوغ و دەبێ ئامادەیی تەواویان هەبێ بۆ پێنانە نێو تەمەنی بلووغەوە، بەجۆرێک کە بە

دەسەڵاتی تەواو و بێ ترسەوە بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان لە وڵاتانی دیمۆکراتیکدا چاکە و خراپە لێک جیا بکەنەوە و ئەو ڕێگە راستە هەڵبژێرن کە سڵامەت و بەختەوەریی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دابین دەکا، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئێران زۆربەی بنەماڵەکان بە شێوەی نەریتی و تەنانەت بەهۆی ترس لە پێکهاتەشکێنیی کۆمەڵایەتی، کچەکەیان وەک بوونەوەرێکی ملکەچ و گوێ لەمست پەروەردە دەکەن (واتە ملکەچی بنەماڵە و بەهاکانی کۆمەڵگای نەریتی) و، کوڕەکان ئەوەندەی دەکرێ زووتر دەنێردرێنە نێو کۆمەڵگا بۆ ئەوەی بتوانن لە کەمترین ماوەدا سەربەخۆیی و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی وەدەست بێنن. بەمجۆرە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک زیان بە هەستی بوونی دەسەڵات و خاوەندارێتی و یەکسانیی کچان لە بەرامبەر کوڕاندا دەگەیەنن و بوار بۆ نەهادینەکردنی هەڵاواردنەکانی دواتر خۆش دەکەن. ڕەوتی دۆزینەوەی دۆست و هاوڕێ و گۆڕینەوەی زانیاری و ئەزموونەکان لە نێوان کچان و تەنانەت لەگەڵ کوڕانیش دواتر دەبێتە قوربانیی هەڵاواردن و، بەها کۆمەڵایەتییەکان لە بەرتەسک کردنەوەی پێوەندییەکانی کچان لە چوارچێوەیەکی تەسک و دیاریکراودا پێناسە دەکرێن. لەم حاڵەتەدا کچ وەک مرۆڤێک کە کەوتبێتە دۆخی بەرگری کردن لە خۆیەوە، تووشی قەیرانی شوناس و کەسایەتی دەبێتەوە و ئەگەر لە داهاتوودا بتوانێ هەلومەرج و ژینگەی خۆی بگۆڕێ، بە ناچاری لە بەرامبەر لۆژیکی کۆمەڵگای نەریتی دەوەستێتەوە و ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە لەوانەیە تێچووی قورسی بەسەردا بسەپێنێ. هەڵاواردن و خەوشدارکرنی دەسەڵات، خاوەندارێتی و یەکسانیی ژن لە قۆناغی پێوەندی گرتن بە ڕەگەزی بەرامبەردا و تەنانەت لە کاتی زەماوەنددا، ژن دەکاتە بوونەوەرێکی زۆر هەستیار یان دزەهەڵنەگر (نفوذ ناپذیر)، بەجۆرێک کە لە پێوەندی کردن بە ڕەگەزی بەرامبەر یان شووکردندا چەند جار تووشی شکست دەبێ و، بە پێی ڕوانگەی بە ئامراز زانین یان تەنانەت هێندێک جار بە کاڵا زانینی پیاوان بەرامبەر بە ژنان، ژن قورسترین تێچوو و هەزینە دەدا و، لە دەستپێکردنەوەی دووبارەی پێوەندییەکی دیکەدا ناچار دەبێ بەربژێری زۆر خوارتر و قەیراناویتر هەڵبژێرێ.

شوێنی پەروەردە لە سەرەتاییەوە هەتا زانکۆ و تەنانەت دامەزراوە تایبەتەکان، ڕاگەیەنەکان و ئامرازەکانی پەروەردەیی و پێوەندییە گشتییەکان لە ئێران، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان فەرهەنگ و کولتووری حکوومەتی بە ژنان بناسێنن و حکوومەت دەیهەوێ ژن لە کۆمەڵگادا بە شێوازی دڵخوازی سیستمی حاکم هەڵسوکەوت بکا، بەجۆرێک کە بە تەواوی ملکەچی خواست و ویستەکانی حکوومەت بێ. بەڵام ئامار و ئەزموون نیشانیداوە کە شوێنە پەروەدەییەکان، بە تایبەت زانکۆ، سەرەڕای هەوڵ و پلانەکانی حکوومەت، بەردەوام یەکێک لە گرنگترین و چالاکترین ناوەندەکانی گەشەی وشیاری و ئاگایی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا بە تایبەت ژنان بوونە و ئەم هێزە خوێندەوارانە، پتانسیەلێکی بەهێزن کە بەردەوام لە بەرامبەر پاوانخوازی و سەرکوتی سیستمی حاکمدا

دەوەستنەوە. بۆ وێنە گەلاڵەی جیاکردنەوەی رەگەزیی زانکۆکان کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ رووخاندن و خەوشدارکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و زانستییەکانی توێژی لاو دارێژرا یەکێکە لە هەوڵەکانی حکوومەت لەم پێوەندییەدا.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پلانداڕان و بە رەسمی ناسینی دەسەڵات و خاوەنداریّتی و یەکسانی بۆ ژنان، زەنگی مەترسی و هەڕەشەیەکە کە دەبێتە هۆی ئازادبوونی وزەی ئەرێنی و بنیاتنەری نیوەی کۆمەڵگا، واتە ژنان و، لە ئاکامدا ژنان دەتوانن لە کەمترین ماوەدا ویست و ئامانجەکانی خۆیان بە کۆمەڵگا و بە تایبەت بە پیاوان بناسێنن و، خولێکی نوێ لە رکەبەرایەتی و گەشەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای ئێران بەرەو ئەو رێڕەوە دەبا کە وڵاتانی سێکۆلار بڕیویانە.

راگەیەنەکان بەهێزترین ئامرازی پێوەندیی گشتین لە هەزارەی سێهەمدا کە بەردەوام بە بۆمبارانی زانیارییەکان لە هەوڵی راکێشان و کارتێکەری لەسەر بیر و زەینی بەردەنگەکانیاندان. هەربۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدا بە قورسترین تێچووی ئابووری کۆمەڵگای ئێران، بە تایبەت ژنان، بکاتە بەردەنگی راگەیەنەکانی و پێش بە دزەی زانیارییەکانی هێزی دژبەری سیستمی حاکم و، تەنانەت پێش بە بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوە جیهانییەکان لە نێوخۆی ئێراندا بگرێ و، هەلومەرجەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکا. بەڵام خەڵکی ئێرانو بە تایبەت ژنان نیشانیانداوە کە لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن بۆ ئاگاداربوون لە مافەکانیان و بردنەسەری ئاستی ئاگایی و وشیاری کۆمەڵگاکەیان و دەیسەلمێنن کە جیهان بە هیچ شێوەیەک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بە رەوا نازانێ. ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە کۆمەڵگا تەنیا ئەوکاتە بە دێمۆکراسی دەگا کە دەسەڵات و خاوەنداریّتی و یەکسانی بۆ هەموو ئینسانەکان دابین بکرێ و بێگومان ژنیش کە نیوەی زیاتری کۆمەڵگا پێک دێنێ، هەتا مافە ئینسانییەکانی خۆی وەدەستنەهێنێ، بە دێمۆکراسی و داهاتوویەکی گەش ناگا.

لە ژمارە ٦٢٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٤

# ساڵی ١٣٩٢، ساڵی قەیران‌و سیاسەت

**و: ئاڵەشین**

ئەم وتارە بنچینەی قەیران‌و کاروکردەوە سیاسی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت دەوڵەتی یازدەیەم لە ساڵی ١٣٩٢دا بە کورتی راڤە دەکاو دەپرژێتە سەر بنەما سترەکتۆری‌یەکانی قەیرانەکان‌و تەنیا راپۆرت‌و شی کردنەوەی قەیران‌و رووداوەکان نیە.

لە دەستپێکی ساڵی ١٣٩٢دا ئێران‌و سیستمی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ کیشەو ئارێشەی زۆر جیددی رووبەروو بوو. قەیرانی ئابووری، کێشەی ناوکی‌و گەمارۆ نێونەتەوەی‌یەکان، هەڵبژاردنی سەرکۆماری، پرسەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، پرسە ئیکۆسیستمی‌یەکان، قەیرانی پەروەردەی زانکۆکان، هەڵکشانی لە ڕادەبەدەری تاوان‌و جینایەت، کۆنترۆڵی حەشیمەت‌و پەرەگرتنی شارنشینی، قەیرانی ئیتلاعاتی‌و ئەمنییەتی بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگەو تەنانەت هەناوی سیستمی دەسەڵاتبەدەست، هەڵکشانی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی‌و کۆچ بەشێکن لە قەیرانەکانی سەرەتای ساڵ ١٣٩٢ی کۆچی هەتاوی.

سەرەڕای ئەم گیروگرفتانە عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ساڵی ٩٢ بە ساڵی «حەماسەی سیاسی‌و ئابووری» ناودێر دەکا. پۆلێنی ئەم قەیرانە لە دوو گرووپی سیاسی‌و ئابووری‌دا کە دوو کۆڵەکەی سەرەکی سڵامەتی کۆمەڵگەن، نیشانی‌دا کۆماری ئیسلامی بۆ دەسەڵاتدارێتی کۆمەڵگە دەستەویەخەی قەیرانی بنەڕەتی‌ترە، هەروەوەها کاتێک چەمکو زاراوەی «حەماسە» بەکار دەهێندرێ کە؛ چاوەڕوان بین خەڵکو ئەندامانی کۆمەڵگە - چ خەڵکی ئاسایی‌و چ هێزەکانی بەدەسەڵات - فیداکاریی بکەن‌و بارودۆخی ئەستەم لە گۆڕێ‌دا هەبێ، تاقەڕێگەی دەربازبوونیش لە قەیران «حەماسە»و لەخۆبووردەیی بێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەحمەدی نژاد سەرۆک کۆماری ئەوکات، لە لێدوان‌و ئاخاوتنەکانی سەری ساڵی خۆی‌دا نیشانی دا نەک هەر کێشەی بنەڕەتی‌و بنەمایی دەگەڵ خامنەیی هەیە، بەڵکوو خۆی هێڵو مکانیزمی تایبەت بە خۆی هەیە. کێشەو ئارێشەکانی نێوان ئەحمەدی نژادو خامنەیی لە دوو ساڵی دوایی سەرکۆمارییەکەی‌دا زیاتر دەرکەوتو

هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی ئێران تێچویەکی سیاسیو ئابووری زیاتر شانیان بچەمێنێ.

لە ماوەی ٨ ساڵ سەرکۆماری ئەحمەدی نژاددا، لە بواری ئابووری، ئەسڵی ٤٤ی قانوونی بنەڕەتی جەختی کرایەوە سەریو تەوەری سەرەکی چالاکیەکانی دەوڵەت بوو.

**ئەسڵی ٤٤ی قانوونی بنەڕەتی بەم گوێرەیە:**

«کەرتی دەوڵەتی هەموو پیشەسازیە گەورەکان، بازرگانی دەرەکی، کانگە گەورەکان، بانکداری، بیمە (سیگۆرتا)، وزە، ئاوبەندەکانو تۆڕی ئاوگەیاندن، رادیوو تیڤی، پۆستەو تلێگرافو تەلەفۆن، فڕۆکەوانی، پاپۆڕەوانی، ریگاوبان بە گشتیو... هتد دەگەڕێتەوە کە خاوەنداری گشتینو لە دەسەلاتی دەوڵەت دان». بەلام ئەم ئەسڵە بە پێی لێکدانەوەی رێبەریی کە پووشپەڕی ١٣٨٥ خرایە بەرباسو سەپێنرا، لە لایەن کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندیی سیستم نووسرابوو، دەوڵەتی ناچار کرد سەدا هەشتای پشکی دەوڵەت بە کەرتی تایبەت بدا، کە لە راستیدا پێدانی پشکەکانی کەرتی دەوڵەتی بەتایبەت بەشی پیشەسازی مەزن (صنایع بزرگ) بە کەرتی تایبەتی دژایەتیو پارادۆکسی دەگەڵ ٤٤ی قانونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی هەیە، کە زیرەکانەو بە مەبەستی تەرخانی سەچاوە ماکرۆ ئابووریەکانی وڵات بۆ سوپای پاسدارانو هەروەها کەمڕەنگ کردنەوەو سنوورداری دەوڵەتی ئەحمەدینژادو دەوڵەتەکانی دوای ئەو، جێبەجێ کرا.

کۆنترۆڵ نەکردنی سامانە ئابووریەکانی وڵات لە سەردەمی ئەحمەدینژاد، بە کردەوە بارودۆخی بۆ دەوڵەتی دوای خۆی- دەوڵەتی روحانی - ئەستەمترو ئاستەنگتر کرد.

گەندەڵیە داراییە سیستماتیکەکانی سەردەمی سەرکۆماری ئەحمەدینژاد لە بواری ئابووری، فەرهەنگییو تەنانەت سیاسیدا، گەیشتبوونە قۆناغی ئاناریشتیو هەرجو مەرەجی دەوڵەتیو، لە سەرەتای ساڵی ٩٢شدا دارمانو ناکاریی سیستم زیاتر روون دەبوویەوە، هەر بۆیە پێویستی نۆژنکردنەوەی پێکهاتەو سترەکتۆری بیاڤە نێوخۆییو دەرەکییەکانی کەوتە بەر چاوپێداخشاندنەوەی سیستمی دەسەلاتدار.

بارودۆخی قەیراناوی سیاسیی کۆماری ئیسلامی، رەوشی قەیراناوی ئابووری، هەماهەنگ نەبوونو چالاکی دژەکۆمەلایەتی سێ دەسەلاتی دەوڵەت، پارلەمانو دادوەری، گەمارۆ نێونەتەوەیەکانو کێشەی ناوکیو هەروەها

پشتیوانی بۆ ئەملاولای کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد، لە سەرکوتی خەڵکەکەی داو سپۆنسەری ئابووری، سیاسی، سەربازیو زانیاریی کۆماری ئیسلامی لە گرووپە تیرۆریستییەکانی جیهان، بەتایبەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤینو ئەفریقا هەلومەرجەکەی هێندەی دیکە بۆ کۆمەڵگەی ئێرانو دەوڵەتی یازدەیەم نالەبار کرد، چونکە ئەم پشتیوانیانە پێویستیان بە سەرچاوەی ئابووریو مرۆیی بەربەرین هەبوو بۆیە سروشتییە کە لەم بارودۆخە قەیراناوییە نێوخۆییو دەرەکییەی کۆماری ئیسلامیدا بارودۆخەکە دووهێندەو زیاتریش ئاستەنگتر بکا کە هەتا ئەمرۆکەش درێژەی هەیە.

لە ئاکامدا ئەم هەموو کردەوەی نادروستەی دەسەڵاتدار، تێچوویەکی راستەوخۆی زۆری بەسەر خەڵکدا سەپاند، بەڵام خەڵک کە زانییان توانای گۆڕینی سیستمیان نیەو هەروەها بۆ دابینکردنی بنەڕەتیترینو سەرەکیترین پێویستیو پێداویستییەکان ژیان، تووشی تەنگو چەڵەمەی زۆر دەبن، لەرووی ناچارییەوە پشتیوانیان لە رەوتو لایەنگەلێک کرد کە رەنگە بیر لە چاکسازی سیستم بکەنەوەو هەروەک دیتمان لە هەڵبژاردنی خولی ١١یەمی سەرکۆماریدا، حەسەنی روحانی سەرەڕای هەموو ئەم قەیرانانە بە دروشمی «تدبیرو امید»ەوە هاتە مەیدانو دانی بە ناکارامەییەکانی پێشوو داناو رێگەی دەربازبوونی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی بە لێکدانەوەی دروستو هیوا بە گۆڕان بەستەوەو ئاکامی هەڵبژاردنی بردەوە. سەرکەوتنی روحانی ئاکامی پشتیوانی ئیسلاحتەڵەبەکانی وەک محەممەدی خاتەمیو محەمەدرەزا عارفو کۆنزەرڤاتیڤەکانی وەک ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانیو باڵی لایانگری بوو، چونکە دەسەڵات چەندین رێکخستنو کاری موهەندیسی بۆ دانەشکان بەرەو گۆڕان کردبوو.

هاوکاتکردنی هەڵبژاردنی شووڕای شارەکان دەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری، دەرنەچونی ئەوکەسانەی خوازیاری گۆڕان بوون لە پاڵوێنەی شووڕای نیگابانو تەنانەت ئەکبەری هاشمی کە ئەوکات سەرۆکی کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندێکانی سیستم بوو، هێنانەمەیدانی ٦ کاندیدو پاڵێوراوی ئوسوولگەرا لە بەرامبەر دوو ئیسلاحتەلەبو کۆنزەرڤاتیڤدا ـ میانەرەو- درێژەخایاندنی ئاکامی هەڵبژاردن، ئیزن نەدان بە زۆربەی نوێنەرانی روحانی بۆ چاوەدێری سندووقەکان، سانسۆری راگەیاندنو دەنگی دژبەرانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتێکاندا، پچڕاندنی ئینترنێت لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران، ئیزن نەدان بە چاوەدێرو میدیا نێونەتەوەیییەکانو ئەمنیەتی کردنی وڵاتو تەنانەت گرووپە باوەڕپێکراوەکانی خودی سیستم، گرینگترین کارکردەوەکانی دەسەڵات بوون لە پێناو کاناڵیزەو مهەندیسی هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی سەرۆک کۆماری، دیارە سەرەڕای ئەم هەموو تووند کردنو توند گرتنە، دیسانیش بە هۆی نارەزایەتی قووڵی خەڵکو ئەو حاڵەتە تەقینەوەیەی کە کۆمەڵگەو سیستمی دەسەڵاتداری تووشی هاتبوو،

عەلی خامنەیی‌و گەورەبەرپرسانی رێژیمی ناچار کرد دان بەسەرکەوتنی روحانی‌دا بنێن.

بەڕێوەبەری قەیران دەبووا کێشە گرینگەکانی وەک بەری گۆڕانکاری بنەڕەتی لەو تاکتیکە هەستیارو ستراتژی‌یانەی کۆماری ئیسلامی گرتبا کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە مانو نەمانی سیستمی دەسەڵاتدارەوە هەیە. لەم لاشەوە دروشمە پڕوپاگەندی‌یەکانی حەسەنی روحانی لە کاتی هەڵبژاردندا، کە کۆمەڵگە چاوەڕوانی وەدیهاتنی بوو، سیستمی دەسەڵاتداری ناچاری کرد مل بۆ لانی کەم گۆڕانکاری‌یەکان رابکێشێ. پاش هەڵبژاردنو هاتنە سەرکاری دەوڵەتی روحانی سەرەڕای رەدی سەلاحیەتی چەند بەربژێری سەرەکی ئەو وەزیرانەی روحانی پێشنیاری کردبوون، دەوڵەت بە دابەشینی رێژەیی کارەکانو رێککەوتن دەگەڵ خامنەیی‌و دامەزراوە ئوسولگەراکان دەستی بەکار کرد.

دەوڵەتی روحانی لەچاو دەوڵەتی پێشتر لە بیاڤی سیاسەتی دەرەکی دا دەست ئاوڵەتر بوو، چونکە فایلی دانوستانی ناوکی لە ئەنجومەنی باڵای ئاشایشی نەتەوەی‌یەوە راگوستە وزارەتی دەرەوەو ئەمەش نشانەی پشتڕاستکردنەوەی تێکۆشانەکانی کۆماری ئیسلامی بوون بۆ دەربازبوون لە گوشارەکانی رۆژاوا کۆمەڵگەی جیهانی. عەلی خامنەییش بە جەخت کردنەوە لە سەر میتۆدی «نرمش قهرمانانە» کە کۆتای‌یەکانی خەرمانان، وەک بڕیاری حکومەتی (حکم حکومتی) خستییە بەرباس، رێگەی بۆ کاری دەوڵەتی روحانی‌و تیمی دانوستانی ناوکی خۆش کرد. دانوستانی لەگەڵ رۆژاوا خۆشحالی لە ڕادەبەدەری گەورەبەرپرسانی سیستم لە رێککەوتنەکانی سەرەتای دانوستان، سەرەڕای کارشکەنی‌و نارەزایەتی ئوسوولگەراو توندڕەوەکانی نێوخۆی سیستم، بەرروونی پەردەی لەسەر دەبێ‌و نابێ (خط و نشان کشیدنهای) شانۆی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لاداو نیشانی دا ئەو سەرکەوتنەو دەبێ تا قۆناغی کۆتایی رێگەیەکی زۆر بپێوێن‌و لەهەمان کاتیش‌دا رێگەی بۆ دەوڵەتی روحانی خۆش کردەوە تا لە بیاڤە نێوخۆی‌یەکانیش‌دا، شوێندانەر بێ‌و ئەو گۆڕانانەی کە مانو نەمانی سیستم ناخەنە بەرمەترسی‌و هەڕەشەوە، بە شێوەیەکی رێژەیی‌و بەهەمان دروشمی (اعتدال)ەوە جێبەجێ بکا.

قەیرانو کێشەکانی سیاسەتی نێوخۆیی زۆر لە سیاسەتی دەرەوە ئاڵۆزترو قەیراناویترن. رادەی زۆری دامەزراوو رێکخراوە ئوسولگەرا پاوانخوازەکانی وەک بەیتی رێبەری، سوپای پاسدارانو بەسیجو کارتێلە شاراوەکانیان، حوزەی علمیەو ئیمامانی جومعە، پارلمان کە زۆرینەی ئوسولگەران، هێزی دادوەری، کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستم، شووڕای نیگابان، مەجلیسی زانایانی رێبەری، راگەیەنەکان کە نزیکە زۆربەیان لە کۆنترۆڵی ئوسولگەرایان دان و... هتد، بوون بەهۆی ئەوەی‌کە هەرکام لەم گرووپانە، خۆیانو بە پێی توانایی خۆیان لە ماوەی ئەم ٣٥ساڵەی

رابردوودا سنوورێکی تایبەت بخەنە ژێر دەسەڵاتەوەو بە شێوەیەکی سەربەخۆیان هاوتەریب کار بکەن‌و، لە ئاکامدا سیستمی دەسەڵاتدار بە جۆرێک ئاڵۆزو قەیراناوی بکەن کە، زۆر جاران تەنانەت بچوکترین گۆرانیش، بە گشتی سیستم بلەرزێنێ. لەم بارودۆخەدا سەرەڕای دروشمەکان، ئەگەر دەوڵەتی تازە بیشی‌هەوێ چاکسازیی بکا هەروەک لە نیوەی دووەمی کۆتایی ساڵدا دەرکەوت کە بەکردەوە کاری جیددی بۆ نەکراوە، دەگەڵ ئەوەی لە هێندێک بواردا وردەچاکسازی‌یەک کرا، بەڵام ئەو کارو چاکسازی‌و گۆڕانانە لە دروشمەکانی روحانی، کاتی پرۆپاگەندەی پێش هەڵبژاردن لەسەر مافو داخوازی‌یە راستەقینەکانی کۆمەڵگە زۆر لێک دوورن.

گرینگترین دوورەدیمەنی ساڵی ۹۲ ئەوەیە کە ئەمساڵیش نموونەی ۳۵ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌یەو، دەوڵەتی روحانی‌و دەوڵەتەکانی پێش ئەوو، تەنانەت کەسانی وەک میرحوسەینی موسەوی‌و مێهدی کەڕووبیش بڕوایان بە پاراستن‌و بەرگری لە کۆماری ئیسلامی هەیەو چونکە مافو داخوازی‌یە راستەقینەکانی کۆمەڵگە کە، داخوازی‌و ویستی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و دامەزراوو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤیشن، دەگەڵ مانی کۆماری ئیسلامی وێک هەڵناکەن، کەواتە ئەگەر دەوڵەتی روحانی بە شانسی کۆمەڵگە بۆ چاکسازی دابنێین، ئەم دەوڵەتە دەبێ دەست بکا بە پێکهاتەشکێنی تا کۆمەڵگە پشتیوانی بێ.

لە ئاکامدا دەبێ بڵێین پارلمان‌و هیزی دادوەری‌و دامەزراوە ئوسولگەراکان لە ساڵی ۹۲ دا هیچ مەیلێکیان بۆ باشتر کردنی بارودۆخ‌و چارەسەری قەیرانەکان لە خۆ نیشان نەداوە، هەروەها کارکردی ۲۲۰ رۆژەی دەوڵەتی روحانی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا تا ئێستا ئەرێنی هەڵسەنگاندراوە، بەڵام لە بواری سیاسەتی نێوخۆیی‌و ئابووری و کۆمەڵایەتی‌دا کارێکی شایانی بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە، مافو داخوازی بەرهەقی خەڵک نەکردوە، کەواتە ساڵی ۹۳ ڕەوشەکە بۆ دەوڵەتی روحانی ئاڵۆزتر دەبێ، چونکی قەیران‌و کێشەکانی پێشوو دەگەڵ پێداویستێکانی کۆمەڵگە لە ساڵی تازەدا وڵامی جیددی‌و دەمودەست دەخوازێ کە ئەگەر کارێکی پۆزەتیڤ‌و ئەرێنی بۆ بەدی هاتنی مافو داواکانی کۆمەڵگە نەکرێ، ڕەنگە دەنگی ئەم زەنگی مەترسی‌یەی ئەمڕۆ، لە داهاتوودا داڕمان‌و لێکهەڵوەشانی هەنگاو بە هەنگاو، یان رووخانی لە پڕتاوی سیستمی لێ بکەوێتەوە.

لە ژمارە ٦٢٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۰ی مارچی ۲۰۱٤

## ئاغای کۆنسوول کوردستان پاشنە ئاشیلی ئێوەیە!

و: تەهای رەحیمی

ئەو ماوەیە بڵاوبوونەوەی وتارێک لە ماڵپەڕی کۆنسولگەری ئێران لە سلێمانی، نارەزایەتیی توندی خەڵکی کوردی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستانو کوردەکانی هەندەران لێکەوتەوە. نامەوێ لەم کورتە نووسینەدا وڵامی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بدەمەوە، بەڵکوو ئامانجو مەبەستێکی گرنگترو بەبایەخترم بەرسەرنجە، کە ئەویش شرۆڤەی بارودۆخی کوردو گرنگی ئەو پێگەیەیە کە ئەمڕۆکە کورد لە هاوسەنگی ناوچەییدا هەیەتی. هیوادارم خوێنەر پاش خوێندنەوەی ئەم کورتەوتارە، واقیعبینانە لە ناسیونالیزمی کورد بگاو باشتر لە ئامانجو بەڵگەی ئەم هێرشە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانەی پاوانخوازان یا ئۆپۆزیسیۆن بگا.

پرسی کورد لەم ١٠٠ ساڵەی رابردوودا، بە تایبەت دوای کۆماری کوردستان، هەمیشە لە سەرووی گرنگترین هەواڵو شۆڕشو خەباتاندا بووە. لە دوای کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا ناسیۆنالیزمی کوردیو خەباتەکانی لە پێناو بەدەسهێنانی مافە رەواکانی خۆی بە سێ قۆناخی نەریتی، مودێرنو هاوچەرخدا تێپەڕیوە، کە فۆرمو شێوەی خەبات بەگوێرەی پێداویستیو حەساسییەتەکانی هەر قۆناخێک گۆڕاوە.

کوردان لە وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە، سووریە، بەرێژەیەک لە ئەرمەنستانو هەندەران، وەک ئورووپا و ئەمریکا و... دەژین. گەلی کورد بە حەشیمەتێکی زیاتر لە ٤٠ میلۆن کەسەوەو رابردووی خەباتی ناسیۆنالیستی دووروودرێژ کە قۆناخەکانی نەریتیو مودێرنی تێپەڕاندووەو لە قۆناخی هاوچەرخدا هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانی دەدا، بووەتە خاوەن پێگەو ئەکتیڤییەک، کە بکەوێتە سەرووی لێکدانەوە سیاسییەکانی ئەو دوڵەتو ئۆپۆزیسیۆنانەی، کوردستان بە بەشێک لە خاکی خۆیان دەزانن‌و بەردەوام لە شرۆڤەو لێکدانەوەی دان. لە لایەکی دیکەوە ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە و لاتگەلێکن لە لایەن زلهێزەکانەوە بە هەستیارترین ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین دەژمێردرێن‌و ئەو زلهێزانە هەوڵ دەدەن دەستیان بەسەر ئەو وڵاتانەدا بڕوا، کەواتە کوردستان خاڵی هاوبەشی ئەو وڵاتانەیە کە هەمێشە بەرسەرنجی تایبەتی هێزە ناوچەییو جیهانییەکان بووەو هەیە. هەر بۆیە شرۆڤەی ناسیۆنالیزمی کورد پرسێکی زۆر گرنگو بایەخدارە کە بچووکترین هەڵە لەم بوارەدا دەبێتە هۆی

خەوشدارکردن و نەزۆک کردنی هەموو ئەو لێکدانەوانە.

ئەگەر لە روانگەی کوردەوە بڕوانین، دیارە گەلێک کە، گەورەترین گەلی بێ دەوڵەتی دونیایەو هەمیشە لە مافە مرۆییەکانیو مافی دیاریکردنی چارەنووسی بێبەش کراوە، خاوەن چ هەستیارییو ئامانگەلێکە. سەرنجدانو تێگەیشتن لە راستییەکانی مێژووی گەلی کورد، جوانتر سەنگی لێکدانەوەکانمان روون دەکاتەوە. لە ئێران، لە ماوەی دەسەڵاتی پەهلەویو کۆماری ئیسلامیدا کارەساتەکانی وەک، ئێعدامی سەرکۆماری کوردستانو هاورێکانی، فەرمانی جیهادی خومەینی دژی کورد، شەڕی ٨ ساڵە کە ئەوسەرو ئەمسەری کوردستانی کردبووە گۆڕەپانی تەڕاتێنی سەربازیو بۆمبارانو کاولکاریی، بۆمبارانی شیمیایی شارەکانی سەردەشتو گوندەکانی وەک (زردە) کە دوای ئەو ژینۆسایدەش ئاورِ لە تووشبووانو بەرکەوتووەکانی نەدرایەوە، کوشتنی رۆژانەی کۆڵبەرانی کورد، میلیتاریزەو ئەمنییەتی کردنی هەموو کوردستان کە ئاکامەکەی پشکی شێری ٦٠ لەسەدی ئێعدامەکانو زیندانییە سیاسیو مەدەنییەکانی کوردە لە ئێران لەچاو هەموو ئەو وڵاتە، رێژەی سەسوورِهێنەرو باڵای بێکاری، گیرۆدەیی بە ماددە هۆشبەرەکانو هەژاریو کێشەو ئارێشەی سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی گەلی کوردی لە ئێران، کوردی هێناوەتە ئەم بڕوایەی کە تەنیا بیر لە دیاریکردنی مافی چارەنووسو کۆنترۆڵو بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بەدەستی هێزی کوردی بکاتەوە. کوردستانی عێراقیش لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی رێژیمەکانی عەبدولکەریم قاسمو سەدام حسێندا کارەساتەکانی ژینۆسایدی ئەنفالی بەخۆیەوە بینی کە ١٨٠ هەزار قوربانی تێچوو، بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، جینایەتە لە ئەژمارنەهاتووەکانی دەستدرێژی کردنەسەر ماڵو حاڵو کچ و ژنی کورد، کوشتنی بەکۆمەڵ، ئێعدامو زۆر کارەساتی دڵتەزێنی نامرۆیی دیکە، ئەم بەشەی کوردستانی بەرەو هەوڵی جیددی بۆ بەدەستهێنانی مافی مرۆیی خۆی لە چوارچێوەی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم دا هان دا. لە کوردستانی تورکیەش سەدان هەزار کەس ژینۆساید کران، هەزاران کەس بێسەرو شوێن بوون، ئاخاڤتن بە کوردی قەدەخە کرا، ناوە کوردییەکان، تەنانەت ناوی شارو گوندەکانیش بە زەبری چەک کرانە تورکی، میلیتاریزەکردنی باکووری کوردستان هەزاران میلیۆن دولاری هەڵگرت، بەڵام گەلی کورد لەم بەشەشدا بە زیندوو راگرتنی رۆحی ناسیۆنالیزمی کوردی توانیویە ئەمرۆکە ئەردۆغان ناچار بکا ئیمتیاز و پووان بدا بە کوردو بە مەبەستی تۆلێرانسو پێکەوەژیانی ئاشتیانە مل بۆ دانوستانو بە فەرمی ناسینی مافی گەلی کورد دانەوێنێ. لە سووریەش، لە سەردەمی دەسەڵاتی حافز ئەسەدو کوڕەکەیدا، بارودۆخی کورد زۆر نالەبارو قەیراناوی بووەو ئەم بەشەی کوردستان تاڵترین ئەزموون بیرەوەریی لە ژیانی ژێردەستەیی خۆیدا تۆمار کردوە. کوردان لەم وڵاتە لە سەرەتاییترین ماف، واتە ئاخاوتن بە زمانی زگماکیو هەبوونی پێناس بێبەش بوون، هەمیشە سەرو ماڵیان لە مەترسی دابووەو لە مەترسی دایە،

تەنانەت دوای سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانو ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی ئەسەدیش، کوشتنی خاوخێزانی کورد لە ڕێگەی چەکە شیمیاییو تۆپ و تانک و فڕۆکە شەڕکەرەکان، ئاوارەبوونی سەدان هەزار کوردو هانا هێنان بۆ باشووری کوردستانو تورکیە، تەڕاتێنی هێزەکانی دەوڵەتی سووریەو سوپای قودسی کۆماری ئیسلامیو چالاکی ئسیلامگەرا زێدەڕۆکان لە ڕۆژاوای کوردستان، ڕاستییەکی تاڵی دیکەن لە ژیانی کورددا. ئاماری کۆچی بەرزی چەندین میلیۆن کەسی پارچەکانی کوردستان بۆ ئورووپاو ئەمریکاو بە دوای ئەویشدا قەیرانی شووناس (هویت) خاڵێکی زۆر گرنگە کە دەبێ بایەخی بدرێتێ.

ئەگەر لەو ڕاستیانە وردبینەوەو سەرنج بدەینەوە ئەم بابەتە گرنگەی کە پارتو لایەنە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان - چ پارت و لایەنە چەپ یان ڕاستەکان - تەوەری سەرەکی خەباتیان دروشمی ناسیۆنالیستیو دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینەو لەم چوار وڵاتەشدا گرنگترینو بەرابردووترین لایەنە سیاسییەکانن، هەروەها ئەگەر سەرنج بدەینەوە هەستی هاودەردیو هاوخەمی کوردان لە هەموو کوردستانو هەروەها وڵاتانی ڕۆژئاوایی، دەبینین کورد لە هەر کوێیەک بێ، پەرۆشی دەنگوباسی کوردستانە، کە دەمانگەیەنەتە ئەم ڕاستییەی ناسیۆنالیزمی کورد هۆی یەکیەتیو هاوپێوەندی کوردەو لە ڕاستیدا وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیەو سووریە بیانەوێ پێکەوەژیانێکی ئاشتیخوازانەیان هەبێو بەرەو دیمۆکراسی هەنگاو بنێنن، دەبێ ڕێز لە ناسیۆنالیزمی کوردی بگرن و بەرەو دابینی مافەکانی گەلی کورد هەنگاو بنێن.

ڕوونو ئاشکرایە ڕێزگرتن لە مافی کوردان، مەرجی پێویستی ڕووەو دیمۆکراسییە بەڵام پێویستترە ڕێز لە ئیرادەی هەموو نەتەوەکانی چوارچێوەی ئەو وڵاتانە بگیرێو دان بە بوونو مافەکانیاندا بنرێ. ڕێزگرتن لەو نەتەوانەی کە دەتوانن ببنە هۆکاری گەشەو پێشکەوتنی تواناییو پوتانسیەلی نەتەوەکانی ئێران، تورکیە، عێراقو سووریە، کە هەنگاوێکی نوێ بۆ هەوێنگرتنی ڕۆژهەڵاتی ناڤینێکی نوێیە، ئەگەرنا بە سەرنجدان بەو زەنگە مەترسییەی بۆ دیکتاتۆران و پاوانخوازان دەنگی بەرز بۆتەوە، دەبێ چاوەڕوانی تەقینەوەی ناڕەزایەتی سیاسی و مەدەنی هەموو ئەو نەتەوە چەوساوەو بێبەشانە بین.

لە ژمارە ٦٣٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٤

## وتووێژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ مەولوود سوارە

### ئەندامی رێبەری حدکو بەرپرسی کۆمیتەی یادی ۲۵ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن



*دوکتور قاسملوو یەکێکە لەو رێبەرانەی کورد، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەکەی متمانە بەخۆیی رەچاو کرد. ئەو رێبەرە مەزنە، پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ وەک سکرتێری گشتی حیزب و سەرپەرشتی تیمی دانوستانکار، لە پێناو هێنانە دی ئاشتی و چارەسەریی ئاشتیخوازانەی پرسی کورد چووە ڤییەن پێتەختی ئوتریش. بە پێچەوانەی چاوەڕوانی گەلی کورد، دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزب و دوکتور فازل رەسووڵ بە دەستی تیرۆریست دیپلۆماتەکانی ئێران لە سەر مێزی دانوستان شەهید کران. لەم کورتە وتووێژەدا هەوڵمان داوە لە ٢٥ ساڵەی تیرۆری ئەم کەسایەتییە مەزنەدا، مەولود سوارە بەرپرسی «کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن» بدوێنین.*

***ئارەش لورستانی:** کاک مەولود سوارە! دەکرێ بفەرموون یەکەم جار لە لایەن کێوە پێشنیاری دروست بوونی ئەم کۆمیتەیە کرا؟*

***مەولوود سوارە:*** **سڵاو و رێز، کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەمەبەستی یادکردنەوەی شەهیدانی ڤییەن، پێشنیاری کۆمیتەیەکی کردو بۆ ئەو مەبەستە ٥ کەس دیاری کران بۆ هاسانکاری و هەروەها بۆ بەرنامەرێژی ئەم یادە.**

***ئارەش لورستانی:** تکایە ئەگەر دەکرێ لە سەر کات و شوێنی بەرێوەچوونی رێورەسمە زیاترمان بۆ بدوێن؟*

**مەولوود سوارە:** لەپێوەندی لەگەڵ کاروباری کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن، ئێمە ئەمساڵ بۆ یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن لەو سێ شوێنە بەرنامە ڕێژیمان کردوە:

١- لە نۆرویژ ئۆسلۆ ڕێکەوتی ١٢ی جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ٢ بۆ ٦ی ئێوارە هەر بەو بۆنەوە سمینارمان دەبێت، هەریەک لەبەرێزان کاک مستەفا شەلماشی و کاک سمایل بازیار، دکتور گلمراد مرادی و کاک ئەحمەد ڕەفعەت بەشداری دەکەن.

٢- پێرلاشێز ڕێکەوتی ١٣ی جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ١بۆ ٥ی پاشنیوەڕۆ کە کۆمیتەکانی فەرانسە، بریتانیا، ئالمان، سویس، ئوتریش و بلژیک بەشداری دەکەن و وتارو برنامەمان دەبێت، لەم بەرنامەیەدا بەرێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب وتاری دەبێت، دوکتور فردریک تیسۆت دۆستی لەمێژینەی کورد، کاک عەزیز ماملی، دکتور حوسین لاجوردی، دوکتور حوسین قاسمی و دوکتور حەسەن کیانزاد وتاریان دەبێت.

٣- پارلمانی بریتانیا ڕێکەوتی ١٤ی جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ٧ی ئێوارە لە ژووری کۆمیتەی ژمارە ٢ لە پارلمانی بریتانیا سمینارمان دەبێت و هەریەک لە بەرێزان جێرمی کۆربین ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری مافی مرۆڤ لە پارلمان،کیت فاز ئەندامی پارلمانی بریتانیا، دوکتۆر فردریک تیسۆت سەفیری پێشوی فەرانسە لە کوردستان، لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست و کاک ئاسۆی حەسەن زادە وتاریان دەبێت

**ئە ئارەش لورستانی:** *گەر پێتان وایە زانیارییەکی زیاتر پێویستە بوترێ، بفەرموون.*


**مەولوود سوارە:** کۆمیتەکانی سوئێد، نۆرویژ، فینلەند و دانمارک بەشداری سمیناری ئوسلۆ دەکەن جێگای ئاماژەیە کە ئێمە بەهاوکاری ناوەندی پەرەسەندنی کورد لەبریتانیا ئەم کۆبونەوەیەی پارلمانمان ڕێکخستوە.

پۆستری تایبەت بە وێنەی کە تائیستا بلاو نەبۆتەوە پۆستەری تایبەتمان ئامادە کردوە و هەروەها فەیس بووکی تایبەتمان بەنێوی دوکتور قاسملوو ئامادەکراوە کە زیاتر لە ٧ هەزار کەسی تێدایە.

لە ژمارە ٦٣٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٤

# عەلی قویتاسی: مافی دیاریکردنی چارەنووس هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی نیە



## دیمانە

**ئارەش لوڕستانی:** ڕووداوەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان چ گرنگییەکی بۆ گەلی کورد هەیە؟

**عەلی قویتاسی:** ئەوەڵەن ئەو شەڕە، شەڕی کورد نیە. شەڕی تسفیە حیسابی سوننەکان لەگەڵ حکوومەتی نووری مالکی شیعەیە. کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٥ حکوومەت پێک هات، لە لایەک سوننەکان پەراوێز خرانو بگرە بەشێکی بەرچاو لە سەرکردە دیارەکانی سوننەکان تۆمەتبار کران بە تیرۆرو بەشێکیان پەرتەوازە بوون. لە لایەکی دەیکەش مادە یاساییەکانی پێوەندیدار بە کورد نەخرانە بواری جێبەجێ کردنەوە.

هەروەک ئاگاداریشن لە ماوەی ٣ ساڵ شەڕی نێوخۆیی سووریە، هێزێکی نوێ سەری هەڵدا کە زۆر توکمەو بە بەرنامە کاریان کرد بۆ بەهێز کردنی ڕۆڵو پێگەی سوننەکانی سووریەو عێراق لە بەرامبەر شیعەکاندا.

هەموو ئەو رووداو و گۆڕانکاریانە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندی بە کوردستانەوە هەیە بە تایبەتی جوغرافیای ناوچە جێ ناکۆکەکان کە خاکی کوردستانی نەخرابووە سەر هەرێمی کوردستان. بە حوکمی ئەوەش ئێستا دەبینین سوپای عێراق لە بەرامبەر هێرشو پەلاماری داعشدا نەیانتوانی خۆیان ڕابگرن، یان هەڵاتن یان خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کرد.

لەو پێوەندیەشدا سەرکردایەتی سیاسی کورد بەوپەڕی هەست کردن بە لێپرسراوی لە بەرامبەر گیانو ماڵی

هاونیشتمانانی کورد، هێزی پێشمەرگەیان بەرەو ئاخرین سنووری ناوچەی کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم جوولاند، کەواتە ئەو گۆڕانکارییانە بۆ کوردستان گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ وێنە مادەی ١٤٠ کە دوای نیزیکەی ١٠ساڵ حکوومەتی بەغدا لە جێبەجێ کردنی خۆی دەبوارد، کە ئێستا دەبینین دوای ئەم رووداوانە هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە جێگیرە.

***ئارەش لوڕستانی:*** ***پێگەو رۆڵی باشووری کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان هەیە؟***

***عەلی قویتاسی:*** بێ گومان سەرکەوتنی جووڵانەوەی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان، راستەوخۆ کاریگەری پۆزەتیڤی هەیە لەسەر جوڵانەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

هەروەک ئاگادارن کوردستان بە هۆی دابەشبوونی ناچاری بە سەر چەند وڵاتدا، لە رووی سیاسیو جوغرافیاوە ئاڵۆزییەکی پێوە دیارە، گۆڕانکارییە سیاسی‌یەکانی ناوچەکەو مەعادلاتی سیاسی ناوچە، کاریگەری لەسەر چارەنووسی کوردستان هەیە، بۆ وێنە لە سەردەمی کۆماری کوردستان، بەشداری راستەوخۆی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە دامو دەزگا حکوومی‌یەکانی کۆماری کوردستان دەبیندرا. هەروەها گواستنەوەی هزرو بیری کۆمارو پێشەوای مەزن بۆ پارچەکانی دیکە ئێستا بە روونی دەبیندرێ. کەواتە، ئەمرۆکە ئەگەر پارچەیەک لە نیشتمان رزگاریو ئازادی بە خۆیەوە ببینێ بێگومان کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر یەکیەتیی نەتەوەییو کۆدەنگی سیاسی لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەبێ.

***ئارەش لوڕستانی:*** ***بە بڕوای ئێوە رووداوەکانی ئەم دواییانە، دەتوانن چ کەریگەرییەکیان لەسەر پرۆسەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیو سەربەخۆیی لە باشوور هەبێ؟***

***عەلی قویتاسی:*** دوای رووخانی حکوومەتی سەدام، کوردەکانی باشوور یارمەتی‌دەر بوون بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی پلۆراڵو نیشتمانی لە نێو عێراقدا و بە کردەوە نیشانیاندا، بەڵام هەڵوێستی سەرەرۆیانەو تاکڕەوانەی سەرۆک وەزیرانو حکوومەتی ناوندیو پابەند نەبوونیان بە یاسا بەرامبەر بە کوردو سوننە، بواری خۆش کرد بۆ لێک ترازانو هەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا کە هەموو لایەنەکانی عێراق قەبوولیان کردبوو. جێبەجێ

نەکردنی مادەی ١٤٠ و پەراوێز خستنی سوننە وای لە دۆخەکە کرد سوننەکانی عێراق بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان پەنا بەرن بۆ پشتیوانی کردنی داعش. هەروەها کوردەکانیش بۆ پاراستنی ناوچەکانی پێوەندیدار بە مادەی ١٤٠ هەنووکە وای کردوە کە خەریکە عێراق بە سەر ٣ ناوچەدا دابەش بێ. هەروەها دوا بە دوای ئەوە کە حکوومەتی ناوندی بۆ گوشار خستنە سەر کوردستان، بەشە بودجەی هەرێم کە لە سەدا ١٧%ە بڕی. گەلی کوردو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بەڕێوەبەری ئەرکەکانی حکوومەتداری خۆی بە پێی یاسا دەستی بە فرۆشتنی نەوت کرد.

بە سەرنجدان بە سەقامگیری سیاسیو ئەمنی هەرێمی کوردستان، وەک تەنیا دورگەیەکی ئارام لە عێراقداو، کۆی ئەم ڕووداوانەی ئێستای عێراقو دروستبوونی نائەمنی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، دەتوانن فەکتەرێک بن بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەم ناوچەیە. هەروەها ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لەم دۆخەی ئێستای عێراقدا، پێش بە تەشەنە کردنی شەڕ بۆ ناوچە کوردنشینەکان دەگرێو زامنی سەقامگیری سیاسیو ئەمنی زیاترە لە ناوچەکە.

لە لایەکی دیکەش بە پێی بڕیاراتو پرەنسیپە پەسەند کراوە نێودەوڵەتیو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد، مافێکی ڕەواو بەرحەقەو هیچ ناتەبایەکی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی نیە. بۆ وێنە بڕیارنامەکەنی ژمارە ٢٥٤٤ی ساڵی ١٩٥٠و بڕیاری ١٥١٤ی ساڵی ١٩٦٩و بڕیاری ژمارە ٣١٠٣ی کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان شەرعیەتو حەقانیەت بە کۆتایی هێنان بە داگیرکاریو داپلۆسین دەهێنێو کۆی ئەو بڕیارنامانە مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی بندەست بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، ئایینی، زمانی پەسەند دەکات.

***ئارەش لورستانی: تواناییو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ ئەم پرسانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

***عەلی قویتاسی:*** بە بڕوای من حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەرسێک ڕوی سیاسی، ئابووری، نیزامی توانایەکی باشی هەیە، کە ئەوە جێگەی خۆشحالیە.

***لە ڕووی سیاسییەوە:*** ئەزموونی زیاتر لە ٢٠ ساڵ حوکمڕانی هەیە کە بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ناوچەکە،

قوناغی شەڕی نێوخۆو سیاسەتی نادۆستانەی وڵاتانی دراوسێ، گەمارۆی ئابووری و... هتد. حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەربڵند هاتەدەر، بە تایبەتی کە هەمیشە هەڕەشەی تۆپبارانو بووردمانی سنوورەکانی لە لایەن ئێرانو تورکیە لە سەر بووە. هەروەها هەڕەشەی تیرۆرو تەقاندنەوەی لە لایەن گرووپە جیهادیو تەکفیریەکان لەسەربووە، دیسانیش حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ سەقامگیری سیاسیو ئەمنی دەستەبەر بکات. هەروەها لە رووی سیاسیەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی پێوەندی باشی دیپلۆماتی لەگەڵ وڵاتانی جیهان بە تایبەت زلهێزەکان دروست بکات. هەر ئێستا دەبینین بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان بنکەو دەفتەری نوینەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان لێیە. هەروەها بە هۆی بارودۆخی باشی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان، بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان نوینەراتیو کۆنسولخانەیان لە هەولێری پایەتەختی هەرێم هەیە.

*لە رووی ئابووریەوە:* بە خۆشییەوە هەرێمی کوردستان خاوەن کانو کانزای باشی ژێرزەویو سەرزەوییە، بە تایبەت خاوەنی نەوت گازی سروشتییە کە ئەوە دەتوانێ بەرگەیەکی بەرەندە بێ لە دانوستانی سیاسیو دیپلۆماتەکان. هەروەها سەدان بگرە زیاتر کۆمپانیاکانی بیانی هەر ئێستا لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیەو خەریکی کاری بازرگانیو تجارەتن، گەشەی ئابووریو ئاستی ژیانی خەڵک لە رووی رفاهییەوە لە چاو ساڵانی زوو، زۆر بەرزەو بە هەزاران پرۆژەی خزمەتگوزاریو نیشتەجێ بوون لەم هەرێمە ئەنجام دراونو هەنووکەش ئەنجام دەدرێن. هەزاران کرێکاری بیانیو ئێرانی، تورکی، عەرەبی لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، کە هەمووی ئەوانە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی دەوڵەمەندەو لە رووی ئابوورییەوە گەشەی زۆر باشی بەخۆیەوە دیتوە.

*لە رووی نیزامییەوە:* بە خۆشییەوە، هەرێمی کوردستان بۆ بەرقەرار کردنی ئاسایشو ئەمنیەتی خۆی هێزی باشی هەیە بە تایبەت لە رووی هێزی ئینسانیەوە، هێزی پێشمەرگە وەکوو گەورەترینو بەهێزترین هێزی گەلیی هەر ئێستاو لە ڕابردووشدا نیشانی داوە، پارێزەری گیانو ماڵو خاکی کوردستان بێ. هەروەها هەموو هەرێمی کوردستان هێزەکانی ئاسایش، دژە تیرۆر و... هتد هەیە کە هەموویان توانیویانە بی سەلمێنن کە توانای پارێزگاری کردن لە خاکی پیرۆزی نیشتمانیان هەیە.

لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، گەلی کورد بە هۆی دەیان ساڵ خەبات و بەربەرەکەنی رەواو شەڕ کە بەسەری دا سەپاوە و بۆ پاراستنی مەوجودیەتی خۆی ئەزمونێکی زۆر بەرزی لە بەرەنگاری و پوچەڵکردنەوەی هەمو پیلانێک

هەیە کە ئەوەش دەیسەلمێنێ گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە بەرامبەر پێشهاتە سیاسی و رووداوە چاوەروانکراو و نەکراویان دا توانایەکی باشی هەیە.

***ئارەش لورستانی: لە بواری مێژووی دەروونناسییەوە خەبات و بەرخۆدان لە باشووری کوردستان، لە چی دادەبینن؟***

***عەلی قویتاسی:*** ئەگەر چاو لە رابردووی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بکەین بە تایبەت لە ٢٠٠ ساڵی ڕابردووە کە ناسیۆناڵیزمی کوردی بەرە بەرە گەشەی کردوە، دەبینین زۆربەی شۆڕشو بزووتنەوە نەتەوەیەکانی گەلی کورد، لە ئەو بەشە لە کوردستاندا بووە کە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عوسمانیێکان دا بووە. بۆ وێنە شۆڕشی ئەحمەد شای بابان شۆڕشی میرمحەمەد رەواندز، شۆڕشی میر بەدرخان، شۆڕشی یەزدانشیر، شۆڕشە گەورەکەی شێخ عەبیدوڵلای نەهری و بارزانییەکان هەموویان لە سەدەی ١٩ دا بون. هەروەها لە سەردەمی ٢٠ - شورشی شێخ مەحموودو راگەیاندنی حکوومەتی کوردی . هەروەها شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانو کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردو شۆڕشی گەورەی ئارارت و شۆڕشی مەلامستەفا بارزانی لە ئارادا بون لە رۆژهەلاتی کوردستانیش شۆڕشی گەورەی سمکۆ کە بۆ پێکهێنانی کیانی سیاسیو سەربەخۆیی کوردستان بەرێوە چووە. هەروەها بە هۆی هەلومەرجی سیاسی جیهانو ناوچەکەو زیاتر گەشەکردنی بیری ناسیوناڵیستی کوردی، دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاڤ و حیزبی دێموکراتی کوردستانو راگەیاندنی کۆماری کۆردستانو دەست پێ کردنی خەبات بۆ رزگاریو وەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنووسین. جا لە هەر کام لە شکڵو شێوەکانی دابێ، بەردەوام بووە بەردەوامە.

شتێکمان نابێ لە بیر بچێ، رەوانشناسیو سایکۆلۆژی گەلی کورد ئەوەیە کە هەتا لەگەڵی خەشنترو توندوتیژتر بەرخورد بکرێ، روحی بەربەرەکانیو سەرسەختی زیاترە، هەر چەند کە هەر کام لە حکوومەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستان ئەنواعی سیاسەتیان بە نیسبەتی گەلی کورد پێڕەو کردوە.

وەک ژینوسایە، ئاسمیلاسیون... بەراوەردێکی ئاشکرا: بۆ نموونە هەرچەند لە زەمانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو فتوای جیهاد بەدژی گەلی کورد، دیتمان روحی بە رەنگاریو خۆراگری لە کوردستان زیاتر بوو شۆڕشی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان خویناویتر بوو. واتە بەرخوردی حکوومەتی ناوەند زۆر توند بوو. لە بەرامبەریشدا پەرچەکردایان بەربەرەکانیش توندتر بوو.

له باشووری کوردستانیش به تایبه‌تی له دوای هاتنه سه‌رکاری حیزبی به‌عس، دیتمان به سیاسه‌تی پاکی و کردن و نیژادی و ئه‌نفال چۆن له‌گه‌ڵ گه‌لی کورد به‌رخوردی کردو راوه‌ستا له به‌رامبه‌ریشداگه‌لی کورد، به‌عه‌زمێکی به‌رزو شۆڕشگێڕی له به‌رامبه‌ر حکوومه‌تی عێراقدا وه‌ستاون و به‌ربه‌ره‌کانیان کرد. که ئه‌وه ده‌توانین به‌ڵێین له مه‌رکه‌ز یان ناوه‌ند چۆن سیاسه‌ت له‌گه‌ڵ گه‌لی کورد کراوه، گه‌لی کوردیش به پێی هه‌لومه‌رجی مه‌وجود په‌رچه‌کرداری خۆی هه‌بووه هه‌روه‌ک باکووری کوردستانیش، دیتمان حکوومه‌تی تورک چۆن به توندی کوردستانی سه‌رکوت کرد، ئاواش به توندی وه‌لامی دراوه و روحی به‌ربه‌ره‌کانی به‌هیزتر بوو.

له ژماره ٦٣٥ی رۆژنامه‌ی "کوردستان"دا بڵاو بۆته‌وه

سه‌رچاوه: ماڵپه‌ڕی کوردستان و کورد - ڕێکه‌وتی: ٨ی جوولای ٢٠١٤

## شرۆڤه‌یه‌ک بۆ بنه‌ماکانی خه‌باتی دوکتور قاسملوو

و. سیروان موساپوور

دوکتور قاسملوو رێبه‌رێکه له سه‌رده‌می هاوچه‌رخ دا ژیاوه‌و زۆر له هاوخه‌باته‌کانی هه‌نووکه‌ش له ژیاندا ماون. به‌ڵام بۆ نه‌وه‌ی ئه‌مڕۆو که‌سانێک که چالاکانی سیاسیی ئیستاو داهاتووی کۆمه‌ڵگه‌و نه‌ته‌وه‌که‌یانن، رێبه‌رێک که نێوی له مێژووی خه‌باتی مرۆڤایه‌تی به زیندوویی ماوه‌ته‌وه، چۆن ناسراوه‌و چۆن لێی تێ ده‌گه‌ن؟

له‌م وتاره‌دا هه‌وڵ دراوه به کورتی به‌ڵام به شێوه‌یه‌کی سه‌ره‌کی‌و به لۆژیکی کۆمه‌ڵگه‌خوازو مافته‌وه‌ر، گرینگترین پایه‌و بنه‌ماکانی خه‌باتی ئه‌م رێبه‌ره مه‌زنه شی بکرێته‌وه. له پێناو زیاتر نزیککردنه‌وه‌و روونکردنه‌وه‌ی ئاسۆی فکریی خوێنه‌ر، سه‌ره‌تا ١٠ بنه‌مای گرنگ ده‌خه‌ینه روو، که ئه‌مڕۆکه‌ش کارایی و بایه‌خی زۆریان له کاروانی خه‌باتدا تێدا به‌دی ده‌کرێ‌و، دواتر هه‌ر کامیان به شێوه‌یه‌کی کورت شرۆڤه ده‌که‌ین:

١- بەردەوامیی خەباتی نەتەوەییو شوناستەوەری کورد لە سەر بنەمای ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو راپەرینی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ بەڵام بە شێوازێکی نوێ،

٢- پرۆفیشنالیزە کردن و پەرەپێدانی بزووتنەوە لە ڕێگەی «سیاست کاربردی»یەوە،

٣- دانانی ئۆتۆریتەی تایبەت بە پێی بارودۆخی راستەقینەی خەبات،

٤- بەربڵاوی و بەرفراوان بوونی پانتایی خەبات لە کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی بێ وێنە،

٥- کەڵکوەرگرتن لە دەروونناسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگە،

٦- پراگماتیزمی دەرئەنجامخواز،

٧- بەشداریی ژن بە شێوەیەکی بەربڵاو و جیددی لە خەباتدا ،

٨- تێپەڕین لە سۆسیالیزمی کلاسیک و خستنە ڕوی سوسیالیزمی دێموکراتیک بە شێوەی پراکتیکی،

٩- دامەزرانی پێوەندیی بەربڵاو لەگەڵ حیزبە ئێرانی و کوردستانییەکان،

١٠- هێنانەگۆڕو جێخستنی پرسی نەتەوەی کورد لە ئاستی نێونەتەوییدا،

## شیکردنەوەی کورتی ئەم خاڵانە:

١- دوکتور قاسملوو لە سەردەمێکدا بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب، کە حیزبە سەرانسەرییە ئێرانییەکان خاوەن هێزو نفووزێکی زۆر بوون. شۆڕشی ٥٧ یش لەو فاکتەرانەیە کە دەیانتوانی خەباتی نەتەوەیی کورد بخەنە ژێر بارودۆخی خۆیانەوە. سێهەمین فاکتەر شەڕی ٨ ساڵەی ئێرانو عێراقە، کە ئەوەش کاریگەریی تایبەتی خۆی لەسەر بیروڕای گشتی هەبوو. فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستانو سەرکوتی نەتەوەی کوردیش دەیتوانی لە حاڵەتی ناکارامەیی پارت و لایەنە کوردستانییەکان پاشهاتی زۆر خراپی بەدۆاوە بێ. لە لایەکی دیکەوە کۆماری کوردستانو شۆڕشی ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ کە راستەوخۆ بە بەشێک لە شانازیەکانی حیزبی دیموکرات دێنە ئەژمارو بێجگە لەوانەش، مێژووی دووروودرێژی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە تەواوی بەشەکانی کوردستان، هەستیاریی بەردەوامی خەباتی نەتەوەییان زەقتر دەکرد. و... لەگەڵ هەموو ئەو فاکتەرە زۆر هەستیارانە، دوکتورقاسملوو بەردەوام بوو لە خەباتی نەتەوەییو شوناستەوەری کورد لە سەر بنەمای ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو ئەمڕۆکە دوای ٢٥ ساڵ دەبینین کە دروستترین ریگەی خەبات، هەروا هەوڵدان بۆ دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسو بەرگری لە شوناسو بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردە.

٢- لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک، تا سەردەمی ڕێبەریی دوکتور قاسملوو لە حیزبی دمکراتدا بەردەوام خەبات بە شێوەیەکی پچڕپچڕو (ناتخصصی) بەڕێوە دەچووو لۆژێکی بزووتنەوە زیاتر لە سەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە نەبوو کە بەشێوەی زانستی گشتێنرابوون، بەڵام بە هۆی ئەزموونو شارەزایی بەرزی دوکتور قاسملوو لە تواناییەکانی بزووتنەوە، لە ئەگەری پرۆفشناڵیزە و تەکنۆکراتیزە بوونیو، هەروەها تێگەیشتنی دروستی دوکتور قاسملوو لە لایەنە سیاسییە ئیرانی، کوردستانییەکانو پرۆسەی خەباتو لۆژێکی سیاسیی نێونەتەوەیی، بزووتنەوی نەتەوەی کورد لە کورستانی ئێران بەڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو لە ماوەیەکی زۆر کورت دا پرۆفشنالیزەو لە ڕێگەی سیاسەت کارامەوە پەرەی گرت.

٣- یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی تێپەڕ بوون لە خەباتی پچڕپچر بۆ خەباتی بەردەوام، هەمیشە هەبوونی خەباتی ئۆتۆریتە بە واتای توانایی پیادەکردنی دەسەڵات بە شێوەی هەرەمی لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی سیاسییە. ئەو ئۆتۆریتە تایبەتە کە دوکتور قاسملوو بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنەوە لە حیزبدا بەکاری هێنا، ئۆتۆریتەیەک بوو بە ناوەرۆکی سانترالیزمی دێموکراتیکەوە کە دوو لایەنی بە پێوەندییە نێوخۆییەکانی حیزب دەبەخشی کە بە پێی بارودۆخی راستەقینەی خەبات ئامادەو گەڵاڵە کرابوو. هەر ئەم ئۆتۆریتەیە بوو بە هۆی ئەوە کە لە ماوەی دوو دەیە خەباتی چەکدارانە ئاماری کوژراو و بریندار و وێرانکارییەکان بۆ حیزبی دێموکرات بگاتە لانی کەمی خۆی.

٤- سروشتییە کاتێک ئەو سێ فاکتەرەی هاتنە بەرباس، وەگەڕ کەوتن، پانتایی نفووز و بەربڵاوی بزووتنەوە لە کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار بە شێوازێکی بێوێنە بە تەواوی کوردستانی ئیرانی گرتەوە. ئەم نفووزەش هێزی مرۆیی، مادیو مەعنەویی زۆری بۆ بزووتنەوەی کوردو بە تایبەت حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی خەبات دا کۆ کردەوە.

٥- ناسینی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەک گرینگترین فاکتەری بردنەسەری بەشداریی سیاسی یان وەرێخستنی نافەرمانییە سیاسیو مەدەنییەکانە. زاراوەکانی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی بنەما پتەوەکانی شکڵگرتنی کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگە پێکدێنو ئەم کلتورە سیاسییە دەتوانێ هێزێک بێ لە بەرژەوەندی بزووتنەوە یان دژی ڕەوتی جووڵانەوەکە. دوکتور قاسملوو توانی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی ئێران بناسێو کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ شوناسی بەرژەوەندییە

نەتەوەییەکانی کورد جێگیر بکا.

باشترین بەڵگەش کەشوهەوای چالاکو پیشەی سیاسیو مەدەنیی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێرانە، کە هەمیشە کوردستانی لە سەرەوەی هەڵسەنگاندنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دادەناو دادەنێ. بەڵگەی دیکەی جێگەی سەرنج پێدان، رادەی هۆگریو هەستیاریی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە دوکتورقاسملووو حیزبی دێموکراتو کارو کردەوەکانییەتی.

٦- پراگماتیزم ( کردەوەخوازی) کە دەکرێ لەگەڵ پێوانەی ئەنجامگیریی ئەرێنی هەڵبسەنگێندرێ، یەکێکە لە دەسکەوتەکانی سەردەمی دوکتور قاسملوو کە لەو کاتەوە تا ئەمرۆ بە شێوەیەکی بەردەوام لە کۆمەڵگەی کوردستانو حیزبی دێموکراتدا بەباشی بەرچاو دەکەوێ، پراگماتیزمیش حیزبو بزووتنەوەی لە حاڵەتی ئارمانیو درووشمخوازی هێنایەدەرو بە شێوەی هێزێکی کارامە لە پێناو ئامانجو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە خستە کارەوە. پراگماتیزمی سەردەمی دوکتور قاسملوو تەنانەت تا ئەمرۆ زۆر جار بۆتە پێوانەی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەو چالاکییە حیزبییەکان.

٧- یەکێک لە گرینگترین پێوانەکانی بزووتنەوەی سیاسیی یان مەدەنیی هاوچەرخ، بەشداریی ژنان بە شێوەی بەربڵاوو جیدییە لە چەقی خەباتدا. لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا ژنان بە شێوەی سیستماتیکو پیشەیی هاتنە ریزی خەباتەوە، بە شێوەیەک ئەمرۆ دەبینین ژن تەنانەت لە پێگەی بڕیاردانو بەڕێوەبەرێتیی ئۆرگانو پێکهاتەی رێبەریی حیزبی دێموکراتدا بایەخی تایبەتی خۆی هەبووەو ئەم کارە بۆتە هۆی دڵگەرمیو راکێشانی نیوەی کاریگەرو زۆر هەستیاری کۆمەڵ لە بەشداریی سیاسیو مەدەنیو هەمیشە لە حاڵی گەشەو پێشوەچوون دایە.

٨- تێپەڕین لە سوسیالیزمی کلاسیکو خستنەڕووی سوسیالیزمی دێموکراتیک بەشێوەی زانستی لە حیزبی دێموکراتدا کە لەلایەن دوکتور قاسملووە خرایە روو، لەسەردەمێکدا بوو رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هزری چەپی کلاسیکو راستی میانە تا توندڕۆ، باری چالاکیو سەنتەری کۆمەڵگەی تووشی گەنگەشە ئەبستراکتەکان دەکردو لەڕاستیشدا تووشبوون بەو ئەندێشە تئۆریکانە، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگە پێویستی بە هەنگاوو بڕیاری جیددیو دەرەنجامی کردەیی هەبوو، دەیتوانی خەباتی نەتەوەیی کورد خەوشدار بکا یان بە لاڕێیدا بەرێ. بەڵام دوکتور قاسملوو توانی بە خستنەڕووی گەڵاڵەی سوسیالیزمی دێموکراتیک کە ئازادییەکانو مافە کۆمەڵایەتیو تاکەکەسییەکان

هاوسەنگ رابگرێ، سڵامەتی بزووتنەوەو رەوتی بەرەوپێشی حیزبی دێموکرات بپارێزێ.

٩- دەتوانین بڵێین پێوەندییو تێگەیاندنو رێکخستنی هێزە خەباتگێرە کوردو ئێرانییەکان لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا شێوازو ناوەرۆکێکی نوێی بە خۆوە گرت، بە شێوەیەک کە نە نەتەوەی کورد لە ئامانجەکانی خۆی پاشگەز بۆوەو نە لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان لەلایەن خەباتگێڕانی کورد هەستیان بە مەترسی دەکرد تەنانەت کاتێک کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە پاکتاوو وەدەرنانی هێزە سیاسییەکان لە تارانو شارەکانی دیکەی ئێران کرد، کوردستان بوو بە پەناگەیەک بۆ ئەو کەسانەی لە بەرامبەر حکوومەتدا ئامادەی رێککەوتنی کوێرانە نەبوون. بێجگە لەوە حیزبی دێموکرات بە رێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت کوردە خەباتکارەکانی کوردستانی عێراق پێوەندییەکی دۆستانەی زۆر نزیکی هەبووو زۆر جار لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا یارمەتیی ئەو حیزبو هێزانەی دەدا.

١٠- ئامادەبوونی دیپلۆماتو هەواڵنێرە رۆژئاواییەکانو تەنانەت کادرە دەرمانییەکانی وڵاتانی بیانی لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات، هەروەها ئەندامبوون لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست بۆ یەکەم جار لەلایەن دوکتور قاسملۆوە، هەنگاوێکی درەوشاوە بوو کە روخساری راستەقینەی کوردی بە بیروڕای گشتیی دنیا نیشانداو پەردەی لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لادا.

بەو هیوایەی ئەم وتارە توانیبێتی گۆشەیەک لە بەهاو بایەخی دوکتور قاسملووی بە خوێنەری بەڕێز بەتایبەت وەچەی ئەمڕۆ نیشان دابێ، رێبەرێک کە تا زیندوو بوو خەباتی بۆ مرۆڤایەتیو مافە مرۆییەکان کردو تەنانەت شەهیدبوونیشی بوو بەهۆی ریسوابوونی هەمیشەیی دوژمنانی ئازادیو دادپەروەری.

لە ژمارە ٦٣٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٤

# قەیرانی سیاسیو بارودۆخی نوێیگۆڕانە سیاسی ـ کۆمەڵایەتی یەکان

و: ئاڵەشین

گەورەترین کێشەی سەقامگیری دێموکراسی لە رۆژهەڵات، رووبەرووبوونەوەی رۆژئاواچێتیو ئیسلامی سیاسییە کە بەناوی بەربەرەکانی مودێرنیتە لە ئارا دایە.

راپەرینی نەتەوەکانی سووریە، بەهاری عەرەبی، یاخیگەریی گرووپە بنئاژۆخوازە ئایینییەکان، رووداوەکانی عێراقو مەیل بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی رۆژهەڵات رووبەرووی ململانێو، بەرژەوەندیخوازی زلهێزەکان بووەتەوەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە سەرنجدان بە گرینگترین فاکتورە زانستییە سیاسییەکانی خۆی، رەوگەی پڕ لە هەوراز و نەشێوی خۆی دەپێوێ. گرینگترین فاکتۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتین لە رێژەی حەشیمەتی، تەکنیک یا تکنۆلۆژی، پاشخانی ئابووری، بایەخە فەرهەنگییەکان، ئایدیۆلۆژیو پارادۆکسو ناکۆکییە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان.

رێژەی حەشیمەتو فرەچەشنی ئەتنیکی هەمیشە فاکتەری دابەشینی کارو زیادبوونی حەشیمەتو مەدەنین. بە سەرنجدان بە بەربەرینی جۆراو جۆری حەشیمەت لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی، دابە شینی کار هەمیشە جۆراوجۆر بووەو ئەم دابەشینەی کار، بنەمایی دابەشکردنی دەسەڵاتو سامان لە ناوچە جۆراو جۆرەکانی وڵات لەبەرچاو دەگرێ. ئەگەر نەریت زاڵ بێ، پێوەندییە نەریتییەکان، سیستمیکی دارزاو و نادادپەروەری نادیموکرات برەو پێدەداو پێوەرو بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە سەر بنچینەی خانەدانی نەریتی، لە چوارچێوەیەکی سەقتو پاشڤەڕۆیی دادەمەزرێ کە مافی مرۆڤ فیدای بەرژەوەندیو قازانجی دڵخوازی نەریت دەکاو، رەوشتی مەدەنیش کە بەرهەمی سیاسی-کۆمەڵایەتی حەشیمەتە، دەبێتە قوربانی پێوەندییە پێناسەکراوو نوێ داوەشاوەکانی نەریت. یەکدەست کردنی حەشیمەتیو گرنگی نەدان بە بوونو وجودی نەتەوەکانی وڵاتیک، یەکێکی دیکە لە کەمو کوریو نایەکسانی یەکانی حکوومەتی نەریتییە؛ کە هەوڵ دەدا یەکیەتیو یەکپارچەیی وڵاتەکەی لە چوارچێوەی یەک دەوڵەت ـ نەتەوەو بە ئاراستەی بەرژەوەندیی و قازانجی خۆی بەکار بێنێ. ئەو حکوومەتانەی وەک حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە لە سەر بنەمای ئیسلامی برەو بە نەریت و ڕێبارو ئایدۆلۆژی دڵخوازی خۆی دەدا، بە پرۆسەی یەک دەوڵەت ـ نەتەوە تێری نەخواردوە و چەمکی ئۆمەتی وەک بازنەی تەسکی گەمارۆی کۆجێیی کردنەوەی حەشیمەت

بەکار دێنێ و، لەم فۆرمەدا دابەشێنی کارو کەڵەکەی ڕەوشت دەکرێتە ئاراستەی بەهێزکردنی میلەتێکی یەکگرتوو.

تەکنیکو تکنۆلۆژی وەک فاکتەری دوای حەشیمەت بە ئاقاری گەشەو تەڤگەری حەشیمەت بەرەو دیموکراسی و بایەخسالاری هەنگاو دەنێ، لە سیستمی تاک دەوڵەت ـ نەتەوەیی یا ئۆمەتی یەکگرتوو، نەک هەر نەبووەتە فاکتەریکی پێشەنگ، بەڵکوو وەک هۆکاری کۆنترۆڵی حەشیمەتو ئامرازی گوشار بۆ سەر چینو توێژە جیاوازی خەڵک لە پێناو پاراستنی سیستمی نەریتی زاڵ بە کار هاتووەو هەموو داهێنانو نوێکاریەک لە بیاڤە سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستیەکان تەنیا سترەکچەری پاوانخوازی نەریتی زاڵی بە هێز کردوە.

ژێرخانی ئابووری وەک دیاریکەری سنووری تەکنیکو تکنۆلۆژی لە پێناو شوێندانان لە سەر حەشیمەت و ئامانجی کۆتاییشی دامەزراندنی خۆشبژیوی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریە، تەنیا لەو بیاوڤانە دا دەجوڵێ کە سیستمی دەسەڵاتدار پێناسەی کردوە و لەم نێوانەشدا سروشتیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی تا ئەو جێگەیەی دەلوێ بە کۆنترۆڵی ئەو فاکتەرانەی لێیان دواوین بە ئاقاری مەوجودییەت و سەقامگیری نەریتی زال دا بچێ.

بایەخە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکەی بایەخ دانان و راکێشانی بەشداری هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە راستەوخۆ سێ فاکتەری پێشتر کاریگەرن لە سەری و، ئەم بایەخە کۆمەڵایەتییانەش کاریگەریی دەکەنە سەر فاکتۆرەکانی پێشتر. بایەخە کۆمەڵایەتییەکانیش بە سەرنجدان بە کانالیزە بوونی فاکتەرەکانی حەشیمەت، تەکنیک و ژێرخانی ئابووری لە پێناو ویستی سیستمی زاڵ، لە سەر هەمان بەستێنی پێداویستی یە بیچم دەگرێ و سروشتیشە هەر هێزێکی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی بایەخە بەرمەبەستەکان هەنگاو بنێ، وەک دژە نورم دەناسرێ و سیستمی دەسەڵاتدار بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی گوشار هەوڵ دەدا کاریگەرییە نادڵخوازەکانی بەتاڵ بکاتەوە.

ئایدیۆلۆژی وەک پێنجەمین فاکتەرەی گرینگی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی خۆی وەک پرۆگرام و لۆژیکی سیستمی زاڵ، ڕێکخەری پیوەندیەکانی چوار فاکتەرەکەی پێشووە و راگەیەنەرو جێبەجێکارییانە لە کۆمەڵگەدا. ئایدۆلۆژی بە سەرنجدان بە چەشنی هێزی دەسەڵاتدار، پێوەندی نێوانی دەسەڵات و ئایدۆلۆژی ئەو ڕێگەچارانەی دەیخاتەروو و گرەنتی نێوەرۆکی خودی ئایدۆلۆژی، بەردەوامی یا لاوازی دەسەڵاتە.

شەشەمین و دوایین فاکتەری کاریگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پارادۆکس و ناکۆکییەکانن. دژایەتی پارادۆکسەکان؛

کۆمەڵە ناهەماهەنگی و نارەزایەتییەکانی خەڵکی وڵاتیک و، یان کۆمەڵە ناهاوئاهەنگی و ناکۆکی‌یەکانی نێوخۆی سترەکچەرەی هێزی زاڵن، کە دەبنە هۆی سستی و لاوازی پێکهاتەی حکوومەتی‌و پێوەندیی‌و رەوتو لۆژیکی نێوان پێنج فاکتەرەکەی پێشتر دەفەوتێنی. لەم قۆناخەدا دژایەتییەکان بە گشتی توندوتیژی‌یان لێ دەکەوێتەوەو پێویستی گۆرانی کۆمەڵایەتی‌و گۆرینی سیستەم‌و میتۆدی نۆیی سیاسی . کۆمەڵایەتی خۆلێنەبوێر دەبێ.

کاتێک گۆرانی کۆمەڵایەتی خێرا دەبێ‌و لێکهەڵوەشانی هەموو سیستەمی حکوومەتی و سترە کچەرە بنەماییەکانی لێ بکەوێتەوە، شۆرش روو دەداو ئەگەر بوارو بەستێنی گۆرانکارییەکان و هەلومەرجی تێپەرین لە قۆناخی خوارەوو بە بەرەو نێوەراست وتەنانەت باڵا دابین نەکرێ، قەیرانی سیاسی . کۆمەڵایەتی ئارایی بواری هاتنە ئارای هەرەج‌و مەرەج‌و شەری نێوخۆی شاراوەو نهێنی دەرەخسێنێ.

هەموو کۆمەڵگەیەک بە سەرنجدان بە فۆرم‌و چەشنی گۆرانی خۆی‌و دامەزراندنی سیستەمی نوێ، تێچووی کۆمەڵایەتی، رەوانی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی دەدا. ئەزموونەکانی بەهاری عەرەبی و زاڵبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی بەسەر بیرورِاو سیستەمی حکوومەتی هەندێک وڵاتانی عەرەبی‌و رۆژهەڵاتی نێوەراست زۆربەیان هێژمۆنی و سەقامگیریی دەسەڵاتی ئایین و یان باشتر بڵێین دەسەڵاتی نەریتی لێکەوتۆتەوە، کە بەسەرنجدان بە لێکهەڵنەڵاواردن و نارِوونی فاکتەرەکانی گۆرانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی فۆرمی مودێرن‌و دێموکراتیکی هۆکارەکانی گۆران، وزەی کۆمەڵگە و خەڵک بەستێنی پێشخستنی و پێشکەوتن ناپێوێ و بەرەی دژە رۆژئاوایی و داکۆکییەکەری بایەخە نەریتی . مەزهەبییەکان بە شێوەیەکی توندوتیژو نالۆژیکییانە، کەش و سەرچاوە ماددی و هزری‌یەکانی کۆمەڵگە لە پێناو بەرگری لە نەریت و زەبروەشاندن لە مۆدرنیتە دەخاتە گەر.

نارەزایەتی گرژ و دژکردەوەی توندو تیژی وڵاتانی ئیسلامی کە تەنانەت ئەزموونی بەهاری ئیسلامیشی تیپەراندوە، لەبەرابەر بڵاوبوونەی فیلمی (بێتاوانی موسڵمانان) داو هێرش کردنە سەر باڵوێزخانەی وڵاتانی رۆژئاوایی و ئازارو ئەزێتو دەستدرێژی کردنە سەر دیپلۆماتو باڵوێزخانەکانیان‌و لە کۆتایی دا کوشتنی بێ بەزەییانەی ئەوان، تەقینەوەو هێرشی خۆکوژی، کە هێرشی ١١ی سیبتامبر باشترین نموونەیەتی، ئاگرتێبەردانی مەشروب فرۆشی‌و دەرکردنی بریاری کوشتنی کەسانی وەک سەلمان روشدی و... نموونەیەکن کە رادەی ناهەماهەنگی و پێنەگەیشتوویی گۆرانی کۆمەڵایەتی زۆربەی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان لە سەر بەستێنی نەریت دەردەخا و بە بێ نەزمی خۆی، نەزمی نوێی جیهانی و تەنانەت داهاتووی دیموکراسیخوازیش دەخاتە مەترسی‌یەوە.

دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و بەریانی نەریتی و وڵاتانی رۆژهەڵاتی بە ئامادەکردنی هێزەکانیان لە بەرامبەر فەرهەنگی رۆژئاوا، بە ناوی داکۆکی لە ئایدێنتیتیو فەرهەنگی ئیسلامیو کەڵک وەرگرتن لە پڕو پاگەندەی نەریتی و شێواندنی ئەندێشە دژە رۆژئاواییەکان بە مۆرکی دوژمنانی ئایین و کافران و... هێز و پوتانسییەلەکانی وڵات لە ژێر ناوی سەبازو فیدایی دەخەنە رێگەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

کوردستان بە هۆی پێکهاتەی ئەتنیکی خۆی و بە سەرنجدانی بە فاکتەرەی گرینگ نەبوونی ئەزمونی پێویست لە سیستم و سترەکچەری حکوومەتداری، دەبێ هەمیشە لە هەلومەرجی گۆڕانی کۆمەڵایەتیو دامەزراندنی نەزمی نوێ ورد بێتەوەو لە ئێستاوە هەوڵ بۆ دامەزراندنی پێوەندی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی زیاتر و لۆژیکی تر لە کۆمەڵگەی کوردی بدرێ و هەروەها فاکتەری ئایین (نەریت) وەک پوتانسییەلێک کە توانای پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی لە کەشی دوای گۆڕانی کۆمەڵایەتی کوردستانو دامەزراندنی دەسەڵاتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردی بە دەستی خۆی هەیە و رەنگە بە هۆی نەبوونی پێوەندی و بەستێنی سازی دروست، کوردستانیش ببێ بە گۆڕەپانی گەشەو پێگەیشتنی بەریانییە ئایینیو نەریتی رەوتە سیاسییو یان خەڵکێک کە ماوەیەکی زۆرە لە حکوومەتێکی ئایینی دڵخوازی خۆیان بێبەش بوون.

لە ژمارە ٦٣٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٤

---

## خەسارناسی دانوستانە ناوکی‌یەکان کۆماری ئیسلامی

و: ئاڵەشین

ئەگەر بمانەوێ خەسارناسیی دانوستانە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی بکەین، ئەم بابەتەلە روانگەی جۆراوجۆرە جێگەی تێڕامان و تاوتوێ کردنە. ئەم نووسینە بارودۆخی ئەمڕوی سیستمی دەسەڵاتداریی ئێران لەدوو بیاڤی

سیاسەتی نێوخۆیی‌و دەرەوە لەبێژینگ دەداو راڤەدەکا. هەوڵ دەدەم ئەم فاکتەرانە بخەمەبەرباس کەلەسەر هەر چەشنەکردەوەیەکی ئێران سەبارەت بە دانوستانە ناوکییەکان بەگوێرەی هەلومەرجی ئەمڕۆی سیستمەکە شوێندانەرن.

**ئەلف) سیاسەتی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران:**

بۆ تاوتوێی کارکردی سیاسەتی نێوخۆی، باشترین پێوەرو پێودانگ تاوتوێی واقیعی و ئەمرۆیی بواری کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. ئەم دوو فاکتەرە سەرەکییە رەوشی دڵخوازنە، یان قەیراناوی سیستمی دەسەڵات لەسیاسەتی نێوخۆییدا ئاشکرا دەکەن. وەک دەزانین کۆماری ئیسلامی تا ئەوجێیەی بۆی بکرێ خۆی لەبڵاوکردنەوەی ئاماری فەرمی‌و جێگەی باوەڕ دەبوێرێ، کەواتەئەگەر سەرنج بدەینە ئامارە نێونەتەوەیییەکان‌و تەنانەت ئەو ئامارانەی رەخنەگرانی سیستم بڵاوی دەکەنەوە، دەبینین ئەمرۆکە کۆماری ئیسلامی ئێران لەخراپترین هەلومەرجی مەدەنیدا دەژی. بەگوێرەی ئامارە نێونەتەوەییەکان، ئێران لەزۆر بواری وەک بێکاری، زۆربوونی جینایەت‌و تاوان، گیرۆدە بوون بەمادە هۆشبەرەکان، نەبوونی میدیای ئازاد، نەبوونی ئازادیی رادەربڕین، پێشێلی مافی ژنان، خەمۆکی، خۆکوژی، پیس بوونی ژینگە، ئاستی نزمی خۆشبژێوی، رێژەی بەرزی کۆچبەر، گەندەڵی، ئازاردانی منداڵان و... هتد، یا لەسەرووی هەمووانەیان دەکەوێتەریزی خراپترین وڵاتانەوە.

لەبواری ئابووریشدا دەبێ بڵێین، نەخۆشیی هولەندی (چەمکێکی ئابوورییە کە هەول دەدا پێوەندیی نێوان هەڵگرتنەوەو بەکارهێنانی بێ‌ئەندازەی سەرچاوە سروشتییەکان و وەستانی بەشی پیشەسازی شی بکاتەوە. ئەم چەمکەدەڵێ بەرزبوونەوەی داهاتی سەرچاوەسروشتییەکان دەتوانێ ئابووری نیشتمان لەحاڵەتی پیشەسازی دوور بکاتەوە) لەبیاڤی نەوت‌و هەروەها تێچوی بەرزی ئابووری لەبەشەکانی ئیتلاعاتی، ئەمنیەتی‌و سەربازی کەبەهیچ جۆریک ئاکامی گەشەو قازانجی کۆمەڵایەتی لێ ناکەوێتەوە، وەک دوو فاکتەری رووخێنەر بیاڤی ئابووری بەرەو وێرانی و مایەپووچی دەبەن.

کەواتەروون و ئاشکرایە سیاسەتی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتەواوی لەکەڵک کەوتووو قەیراناوییەو لە ئاکامی ئەو هەڵومەرجەدا زیاتر بوون و بەردەوامیی ئاکامی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان دەتوانن وەک بزوێنەرێکی بەهێز، شۆڕشە کۆمەڵایەتی‌و نافەرمانەیە مەدەنییەکان چالاکتر بکەن‌و دەسەڵاتی ئیسلامی بەرەو پرۆسەیەک بەرن کەرێگەی گەڕانەوەی نەمێنێ.

**ب) سیاستی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی:**

سیاستی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لەبیاڤی جیهانیو رۆژهەڵاتی ناڤیندا لێک جیانو لەئاکامدا پێوەندی ئەم دوو بیاڤە، کۆی سیاسەتی دەرەکی ئەم وڵاتە پێک دێ.

* سیاسەتی دەرەوە لەروانگەی جیهانی، لەم بەشە زلهێزەکانو بیروڕای گشتی نێونەتەوەیی هەن.

* زل هێزەکان: وڵاتانی ئەمریکا، رووسیە، بریتانیا، فەرانسەو ئاڵمان لایەنی بەرامبەری کۆماری ئیسلامین کە هەرکامیان لە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان دەگەرێنو دەیانەوێ دژکردەوەی جیهانی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ئێران هەماهەنگ بکەن. ئەم ئەهرومە فشارانەی کەئەم گروپەدەتوانن دژی ئێران بەکاری بێنن بەگوێرەی هەلومەرجەکان گۆڕاوەو زۆر جاران ئەم وڵاتە بە هێزانە لە پرۆسەی رووبەروو بونەوە دەگەڵ پرۆژەی پیتاندنی ئۆرانیوم لەئێران، تووشی لێک ترازانو لێک نزیک بوونەوە بوون. لەئاکامدا زۆربەی گوشارەکان لەلایەن ئامریکاوە بە هەماهەنگی زۆرینەی ئەو وڵاتانەی کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشن خراونەتە سەر ئێران. لەبیاڤەکانی هەناردەو هاوردەی ماددەی خاو، خواردەمەنی، ئەرز، تێکنولوژی ئیتلاعاتیو ئەمنییەتی، کەلوپەلی سەربازی، کەرەستەی هێنانو بردنو راگواستن؛ کە کۆڵەکەی سەرەکی پێوەندی دەرەوەن و تەواوی دیپلۆماسییەکان لەسەر ئەوان پێک دێن گەمارۆیەکی نێونەتەوەیی لەئاستێکی بەرین، جیهانیو بێ وێنە بەسەر ئێراندا سەپان. ئەو گەمارۆیانەی زۆر جار بوونەتە بابەتی دامەزراوە نێونەتەوەییە کانو ماشێنتی میدیاکانو چالاکیی شرۆڤەکاران. بەچەشنێک ئەم جۆرەگەمارۆیە، سەرچەشنێکی دڵخوازی لەدەروونناسی سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکان بەجیهانو بەمێژوو دا. خاڵێکی دیکەش، کە نیشاندەری لەرزۆکیو رزیوی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییەو لاوازیو قەیرانی جیددی سیستمی دەسەڵاتی ئێران دەردەخا، باسی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکایە کەماوەی 35ساڵە لەلایەن گەورە بەرپرسانی رێژیمەوە بووەبە هێڵی سوور. بەڵام لەهەلومەرجی ئەمرۆکەدا دەبینین گەمارۆکانو قەیراناوی بوونی پرسی ناوکی بووەتە هۆی ئەوەی کەڵێن بکەوێتە نێوان گەورە بەرپرسانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەپێدانی دوژمنایەتیی ئەمریکا. نەخۆشیی هۆلەندی لەکەرتی پێترۆڵیشدا هۆکارێکی گرنگەکە رێژیمی زیاتر لەجاران بەهەناردەی نەوتو هاوەردەی جۆراوجۆر بۆ دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ببەستێتەوەو لەدانوستان دەگەڵ وڵاتە پیشەییە پێشکەوتووەکانی جیهان لاوازبێ.

بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی: وڵاتێکی وک ئەمریکا کەتوندترین هەڵوێستو حەساسییەتی دژ بە ئێران هەبووەو

هەیە لەڕێگەی میدیاییو دامەزراوەکانی مافیمرۆڤەوە، پاڕادۆکسو قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی زەق کردۆتەوەو گۆڕەپانی رووبەروو بوونەوەی خۆی دژی ڕێژیم هەراوتر کردووەو ئەم دەسەڵاتەی لەبواری سیاسی- ئابووری خستۆتەتەنگانەو تەریکی خستۆتەوە.

ڕوونو ئاشکرایە کۆی کارو هەڵوێستی زلهێزەکان لەگەڵ بیروڕای گشتی جیهانی دژی کۆماری ئیسلامی کارتێکی براوەی گەورەیەکە تەنیا بژاردەی ئیعتمادسازی بۆ باشکردنەوەی هەلومەرج بەسەر ئێراندا دەسەپێنێو لەم پرۆسەیەدا سێ فاکتەری گرینگی هێز، کاتو (مەیدان) کۆنترۆل ناکرێن.

- سیاسەتی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی(ناوچەیی): کۆماری ئیسلامی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەورو ڕۆڵێکی تەواو رووخێنەرو ئاژاوە گێڕانەی هەبووە. پشتیوانی لەگرووپەتوندڕۆو تیرۆریستییەکان، بەشار ئەسەد، حیزبووڵڵای لوبنان، حەماسو... دەستێوەردان لەکاروباری نێوخۆییو سیاسیو ئابووری زۆربەی وڵاتانی دراوسێ، هەڕەشەکردن لەهەندێک وڵاتی وەک ئیسراییل، دانی پوانو ئیمتیازێکی زۆر بەوڵاتانی وەک رووسیەو چین لەپێناو پیشتوانی کردنیان لە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەو زۆر فاکتەری گرینگی دیکە کە تێچووی قورسو میلیاردی ئەوان بۆتە هۆی داڕووخانی ئابووری ئێرانو وڵاتانی ناوچەکە و ئابوورییەکی داڕماو. سیاسەتی قەیران خوڵقێنیو دروست کردنی ئاڵۆزی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەقامگیریی ناوچەیەک کەنزیک بە ٦٠% وزەی جیهانی دابین دەکا.

بەسرنجدان بەو فاکتەرانەی باسیان کرا دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامی تا ئێستا ئابووریو پوتانسیەلی ئێرانی زیاتر بۆ قەیران خوڵقێنی و ئاژاوەگێری بەکار هێناوە، پرۆژەیەک کە سەرەتایی شۆڕش بەناوی «هەناردەی شۆڕش» هاتەبەرباس. لەگەڵ ئەوەی کە دانوستانە ناوەکییەکان کە گەیشتوونەتە دوایین قۆناغو کاتەکانی خۆیان، کۆماری ئیسلامی دەبێ بە قەبووڵی هەموو پاشهاتەکان، هەڵبژاردەکانی خۆی بکا. ئەو هەڵبژاردنەی کە دەتوانێ هەڵسوکەوتی سیاسیو ئابووری لەگەڵ جیهان بەدواوە بێو یان بەردەووامی مێژووی ٣٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە قەیرانی کردەوەکانی خۆی بەدواوە بووە.

لە ژمارە ٦٣٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## وتووێژ ی ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ دوکتور مەحموود عوسمان،

### ئەندامی پێشووی پارلمانی عێراق‌و سیاسەتمەداری ناوداری کورد،

***لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق‌و شام ( داعش) بۆ سەر کوردستان***



***ئارەش لورستانی:*** *دوای سڵاو و ماندوو نەبوون تکایە بفەرموون بە ڕای جەنابت چ هۆکارێک بۆتە هۆی سەرهەڵدانی داعش؟*

***د. مەحموود عوسمان:*** لەسەرەتا داعش لە شەڕی سووریا دروست بوو، دەسەڵاتی داعش (دوڵەتی ئیسلامی عێراق‌و شام)، بەرەبەرە لە گەڵ ئەو تیرۆریستانەی کە لە گەڵ عێراق تایان دەکرد واتە (القاعیدە و..) پەیوەندییان گرتو هەروەها لە ناوچە(عێراق) کێشە دروست بوو کێشەی سوننەو شیعە بەتایبەت لە ناوچەی موسڵ، ئەم ناوچانەش سنووریان لەگەڵ سووریا هەیە و هەروەها خەڵکی ئەو ناوچانە پشتیوانی لە هەموو ئۆپۆزیسیۆنێک دەکات، چ داعش بێ ،چ بەعس بێ، هەروەها نزیک بە ساڵێک لەمەوپیش ئوپۆزستونێکی زۆر و خۆپێشاندان لە دژی مالکی لە موسڵ و ناوچە سوننی‌نشینەکان سازبوو، سەرەتا لە موسڵ دەستی پێکردو بەرەبەرە خەڵکی ناوچەکانی دیکە و ئەوانە وا دژ بە دەوڵەت بوون هاوکاریان لە گەڵ کردن و دەتوانین بڵێین بە جورە داعش دروست بوو. مومکنە کە دەستی دەوڵەتی دەرکیشی تێدابێ بۆ ئەوەی کە وەزعی عێراق تێک بچێت. وەزعی کوردیش تێک بچێت. سەرەتا کە داعش سەری هەڵدا کوردەکان وایان هەست دەکرد کە (داعش) عیلاقەی بە ئەوانەوە نیە، بەڵام وردە وردە پەلاماری ئەوانیشی داو، ئێستا کوردەکان لە شەری داعش دان.

***ئارەش لورستانی:*** *وەک ئاگادارن سەرچاوەی بە هێزبوونی داعش هەبوونی چەکوچوڵ وکەرەسەی شەڕکەری مودیرنە.*

***بەڕای جەنابت ئەم چەکە مودێرنانەیان لە کوێ هێناوە کە زۆر یاریدەدەریانە لەشەڕو پێکدادانەکان؟***

**د. مەحموود عوسمان:** سەرچاوەی چەکوچوڵی مودێرنی داعش لە دوو شوین تەیار کراوە. یەکەم ئەمە کە خۆیان لە سەرەتادا ئەم چەکانەیانە هەبووە، هێندێکیان لە لەشکەری سووریا وەدەست هێناوە دووهەم کە هێرشیان کردە سەر عێراق و لەشکەری عێراق شکستی هێناو هەموو ئەو چەکە بە جێماوانە لە ئەرتەشی عێراق کەوتە دەستی ئەوانو سوودیان لێ وەردەگرن.

***ئارەش لورستانی: بۆچی داعش هێرشی کردە سەر دووپارچە لە کوردستان (باشوورو رۆژئاوا)و دەستی دایە رەشەکوژی کە دەتوانین بڵێین؛ لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناڤێندا بە دەگمەن ڕووی داوە؟***

**د. مەحموود عوسمان:** بۆ زۆر کەس شکوگومان بوو کە بەو توندییە لە گەڵ کوردانی باشوور بەشەر بێن کوردی رۆژئاوا لەگەڵ (ی.پ.گ)و(پ.ک.ک) کەوتنە بەرەیەکەوەوگرووپی (ی.پ.گ)هاوکاری لەگەڵ بەشارئەسەد هەیەو گرووپی داعشیش هەروا کە پەلاماری رێژیمی ئەسەدییان دەدا هەر بەو شێوەیش پەلاماری کوردیان داو لە رۆژئاوا زۆریان کوشت. بەڵام پرسیارە بۆ زۆر کەس کە بۆچی لە کاتێکدا داعش خۆیان بە دژی شیعە دەزانن و دژی مالکی، بۆچی ئێستا پەلاماری کوردانی باشوور ئەدەن؟ هۆکاری ئەمەیە ڕەنگە ئەم حکوومەتە کە لە باشووردا هەیە بە حکوومەتێکی نائیسلامیی دەزانن‌و لە هەمان کاتیشدا دەیانهەوێت ئەم سەقامگیرییە کە لە باشوور هەیە تێکی بدەن و مومکینە دەستێ هەبێ کە وەزعی باشووری کوردستان تێک بدەن. بەڵام کاتێک داعش هاتنە ناو عێراق‌و لەشکەری عێراق کشایەوە لەو ناوچانە، لە نێوانی داعش و پێشمەرگە بەربەست پەیدا بوو. ئەوان دەیانهەوێت ئەو ناوچانەی کە کەوتە دەستی پێشمەرگە، بە دەستی بێننەوە. چونکە ئەو ناوچانە، بە ناوچەی کوردی نازانن بەڵکوو بە هی عەرەبی دەزانن.

***ئارەش لورستانی: بە ڕای جەنابت یەکێک لە هۆکارەکانی هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان ئەمە نیە کە کوردەکان ڕایان گەیاند کە لە پێکهێنانی حکوومەتی ئیتلافی عێراق بەشداری دەکەن؟ هەر بەو جۆرە کە بەرێز جەلال تاڵەبانی ئەمەی ڕاگەیاند و دکتۆر فوئاد مەعسووم بوو بە سەرۆک کۆماری عیراق. ئایا ئەگەر لەسەرەتای ئاڵۆزییەکان سەربەخۆیی کوردستانیان پێڕەو بکردبا، لەم شەڕو مەترسییە پێشگیری نەدەکرا؟***

**د. مەحموود عوسمان:** ڕەنگە ئەمەش هۆکارێک بێت، بەڵام پاساوێکی تەواو نیە. چونکە داعش دژی شیعەکانن بە گشتیو دژی مالکین بە تەواویی کە بیژن؛کورد هاوکارییان دەکا. چونکە مالکیش نەبێ یەکی دیکەش هەبێ بۆ نموونە »حەیدەر عیبادی» ..کورد لە گەڵ حکوومەت دەبێ. بەهەر حاڵ ئەوەی کە کورد هاوکاری بەغدا دەکاتو هەرێمی کوردستان لە حکوومەتی عیراقدا بەشدارە، ڕەنگە ئەمیش هۆکارێک بێت بۆ ئەم هێرشانەو تەعسیری هەیە.

***ئارەش لوڕستانی:** ئەگەر شەڕی داعش لە گەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەو شێوە درێژەی هەبێ، چ مەترسییەکی بۆ کوردەکان هەیە؟*

**د. مەحموود عوسمان:** زەرەروزیانی زۆر خەراپی هەیە، چونکە لە ناکاو کورد تووشی ئەوە شەڕە بووە. لە هەموو بەرەکان زیاتر لە میلیونو نیوێک خەڵکی عێراق دەربەدەر بووە روویان کردووتە ناو هەرێمی کوردستان توانای هەرێمیش لەئاستێکدا نیە بتوانێ کێشەکانیان چارەسەر بکات. بەڕاستی ئەم شەڕە کێشەی گەورەی بۆ حکوومەتی هەرێم دروست کردووە. هەروەها وڵاتانێک وەکوو ئەمریکا نایەن کێشەی کورد حەل بکەن. یانێ شەڕەکەو قوربانی بوون وکوشتنەکە یەخەی ئێمەی گرتووە و ئەمریکاش لە ئاسمانە بە فرۆکە یارمەتیدەرمانە کە زۆر یارمەتیێکی کەمە..لە ئاسمانەوە تەقە کردنی پرش‌وبڵاو ئەم کێشە چارەسەر ناکات، بەڕاستی ئەم شەڕە کە کورد نەویستووە بەڵکوو تووشی بووە زۆر شتێکی خراپەو ماوەیەکە یەخەی ئەم میللەتەی گرتووە زەرەوخەسارێکی زۆری هەیە بۆ کورد، ئومێدەوارین کورد بتوانێ بەسەر ئەم کێشەدا زاڵ بێو بەهاوکاری کوردوحکوومەتی عێراق بتوانن گرووپی داعش بنبڕ بکەنو ئەوشوێنانەی کە گرتوویانەتەوە لێیان بستێننەوە.

***ئارەش لوڕستانی:** تائێستا حکوومەتی ناوەندیی عێراق چ کارگەلێکی بۆ حکوومەتی هەریم کردووە، ئەگەر لەم بارەوە حکوومەتی ناوەندی (عملکردی)لاوازبێت، ئەمە لەسەر بڕیارەکانی دیکە وەکوو مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان کاریگەریی هەیەیا نە؟*

**د. مەحموود عوسمان:** نە ئەم شەڕی داعشە کە روویدا پتر هاوکاری لە بینی حکوومەتی بەغدادو حکوومەتی کوردستانی دروست کرد. ئەمریکایش بە میانجیگەری هەوڵ ئەدا کە پتر هاوکاریمان هەبێ پێکەوە. بە گۆڕینی نووری مالکیو هاتنی سەرۆک کۆماری تازە ئەم هاوکارییانە زیاتر دەبێ، ئەمریکاش بڕیاری داوە لەو شوێنانە کە

داعش هەیە بەفرۆکەی شەڕکەر لێیان بداو بە دروست بوونی حکوومەتی تازە لە عێراقیش ئەم هاوکاری ئەمریکاش لەم بارەوە زیاتر ئەبێ، هەروەها ئێرانیش، چونکە ئێرانیش پێی‌خۆشە هاوکاری هەبێو لە نێوان کوردوشیعەکان جۆرە هەماهەنگیەک هەبێ.

***ئارەش لورستانی:*** *ئەگەر سرنج بدەین دەزانین کە وڵاتی عێراق بۆ ئێرانو سووریا یەکجار گرینگەو دەبینین سەرهەڵدانی شەڕی داعش پەیوندییەکانی ئەم دوو وڵاتەی بە هێز کردووە! ئەمە شکوگومان دروست ناکات کە ڕەنگە ئێران لەم ڕووداوانەدا دەستی هەبێت؟*

***د. مەحموود عوسمان:*** بە دووری نابینم، چونکە ئێران زۆر دژی ئەو دروشمانە بوو کە هەرێمی کوردستان باسی کرد وەکوو «سەربەخۆیی و مافی چارەنووس وریفراندوم...» ئێران بە ئاشکرا بە دژی ئەم دروشمانە وەستاو هەڵویستی گرت، مەبەستیان بوو کە کوردستان کێشەی هەبێو لەمەبەر ئەوە دووری نابینم کە بە شێوەیکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەم بارەوە تەئسیری هەبێ لە هەمان حاڵدا ئێران دۆستی حکوومەتی بەشارئەسەدەو بەشار ئەسەدیش دژی داعشە.کە ئەمە لەگەڵ ئەو شکە یەک ناگرێتەوە.

بەهەرحاڵ بەڕای من وڵاتانی دەوروبەر چ تورکیا، چ ئێران و چ سووریا و چ بەغداد هەمیشە ویستوویانە کە هەرێمی کوردستان لاواز بێو تەنها ئەم سێ پارێزگایە هەبێ (دهۆکو سلێمانیو هەولێر) کە دییان پێشمەرگە چۆتە ناو ناوچەکانیتر (کەرکوکو خانقینو موسڵ...) ئەم هەڵمەتەیان پێ خراپ بوو، ڕەنگە هاوکاریشیان کردبێ پێکەوە کە پێشمەرگە لەو ناوچانە بەرنە دواوەکە لە سنووری سێ پارێزگای هەرێم نەتوانن زیاتر بچنە پێشەوە

***ئارەش لورستانی:*** *هەروا کە ئاگادارن کاتێک داعش هێرشی کردە سەر سنوورەکانی کوردستان (باشوور) کوردەکانی پارچەکانی دیکە ئامادەگیی خۆیانیان دەربڕی بۆ بەشداری کردن لە بەرەکانی شەڕو پاراستنی کیانی کوردستان، بەڵام ئیزن بە پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات نەدرا کە بەشداربن، بە ڕای جەنابت ئەگەر ئیزنیان پێ بدرایە بۆ بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیی قازانجی نەدەبوو؟*

***د. مەحموود عوسمان:*** ئەم شەرە کە لە باشوور رووی دا کوردی هەموو پارچەکان ئەمادە بوون بەرگریی بکەن لە

باشوور دژی داعش، جەماعەتی (پ.ک.ک) کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دیمۆکراتو لایەنەکانی دیکە. وەکوو بیستوومە کە کوردی ڕۆژهەڵات بەشدارییان کردووە هێندێک شوێنیانیش گرتووە تەنانەت شەهیدشیان هەبووە. بەڵام داوایان لێدەکرێ کە بکشێنەوە، ئەڵێن تەئسیری ئێران هەبووە بەسەر ئەوە. ئێران پێ خۆش نیە کوردی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکە تێکڵاوی هەبێ لەم چەشنە.

تورکیاش بە تەواویی ڕوون نیە کە لەم بارەوە دەوری هەبێو نەقشی هەبێ وەک لەقسەکانی وەزیری بەرگریی تورکیاو وتەبێژی ئوردۆغان کە وتیان: ئەوە ئەمریکا لەم شەڕە بەشدارەو مۆڵگەکانی داعش تۆپ باران دەکات بەفرۆکە. ئێمە لەم شەڕە بەشداری ناکەین و رەنگە پێشیان ناخۆش بێ کە ئەوە (پ.ک.ک) رۆڵی هەیە لەم شەڕە و هاوکاری خەڵکی باشوور دەکا. گەرچی هیچیان (ئێرانو تورکیا) لەم بارەوە بە فەرمی شتێکیان ڕانەگەیاندووە، بەڵام دڵنیام نایانهەوێت کوردی ئەوان لەو شەڕەدا بەشدار ببێ. چونکە ئەم بەشداریکردنە یەکیەتیی ڕیزەکانی کورد و یەکیەتیی نەتەوەیی دروست دەکات. ئاساییە کە سیاسەتی ئەم وڵاتانە لە گەڵ هاوریزییەدا یەک ناگریتەوە.

***ئارەش لورستانی: وەکوو دوایین پرسیار تکایە بفەرمون کوردەکان بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە سیاسیە و سەرکەوتنیان بەسەر داعش دەبێ چ بکەن؟***

***د. مەحموود عوسمان:*** لە ئێستا یەک دوو ڕێگا هەیە، ڕێگایەک ئەوەیە کە بێگومان لە بەرانبەری داعش بوەستنو بەرگریی بکەن لە خۆیان. لەلایەکتریش لە گەڵ حکوومەتی عێراق هاوکاربن و بەگفتگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی تازەی عێراق پاش مالکی کە مانگێکتر دروست دەبێ مافەکانی خۆیان بچسپێننو کێشەکانی خۆیان حەل بکەنو دەستوور جێبەجێ بکەن. هەوڵیش بدەن گەرانتی نەتەوەیی هەر داوا بکەن ئەمە لایەک. لەلایەکتر بتهەوێ و نەتهەوی ئێمە خەباتی نەتەوایەتیمان زۆر چێشتووە هەموو پارچەکان هاوکاری یەکن. لەبەرئەمە پێویستە خەباتی نەتەوایەتی بەردەوام بێ بۆ مافی چارەنووس بۆ ئەوەی حەقی خۆی هەبێ. ئەم دوو جۆرە خەباتە لە سەر ئاستی عێراقو ئاستی نەتەوە دژی یەکتر نین بەڵکوو تەواوکەری یەکن. دەتوانین لە عێراق سیستمی راستەقینەی فیدرالیزم بچسپێنین. خۆی لە خۆی ئەمە ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس ومافەکانی دیکە.

***ئارەش لورستانی: وێرای سپاس وماندوو نەبوونتان***

**سپاس بۆ ئێوەش**

**لە ژمارە ٦٣٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٤**

---

# وتووێژی ڕۆژنامە کوردستان لەگەڵ یوسف بەنی ترۆف

## لەسەر کاریگەرییە سیاسییەکانی چالاکییەکانی داعش لەسەر موسلمانانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین



**و: تەها ڕەحیمی**

***پرسیار:* *ئەگەرچی گرووپ و تاقمی بناژۆخوازو توندوتیژی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەن، هۆکاری دەرکەوتنی دیاردەی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و شام (داعش) دەتوانێ چ بێ؟***

***وەڵام:*** **لە عێراق لە ١٤٠٠ ساڵ پێشەوە، واتە لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە هەتا ئێستا سونییەکان دەسەڵاتیان بەدەست بووەو شیعەکان لە ماوەی ئەم چاردە سەدەیەدا نزیک بە ٧٠ یا ٨٠ ساڵ دەستیان ڕۆیشتوە. شیعەکان لە سەردەمی ئالی بویە، لە سەردەمی سەفەوییەکان و ڕەنگە یەک دوو زنجیرەی بچووکی دیکەش هەبووبن کە دەسەڵاتیان هەبووبێ بەڵام ئەو ماوەیەی دیکە واتە سێزدە سەدە سونییەکان لەم کەوشەنە دەسەڵاتبەدەست**

بووون. کەواتە هەر بۆیە ئەو ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییانەی لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە تا ئێستا لە ئێراق روویان داوە بۆ عەرەبە سونییەکان هەرس کردنی دژوارە. واتە لەپڕ سوننەکان لێدەکەونو هاوبەشی وەک شیعەو کوردەکانیان لێ پەیدا دەبێ. هاوبەشی کورد لە دەسەڵاتی ئێراقدا بەهۆی رابردووو خەباتی دوروودرێژیان گەنگەشەخوڵقێن نییە. پرسی کورد لە ئێراق کەم کەم جێکەوتووە هەمیشە لە بیری چارەسەریدا بوون، هەروەها لە بواری مەزهەبیشەوە جیاواز نین، بەڵام لەبابەت شیعەکانەوە جیاوازە. کە ئەمانە بەبڕوای من ریشە مێژووییەکانی کێشەکەن. دەسوەردانو دەسڕۆیشتوویی بێوێنەی ئێران بەتایبەت لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی مالکیدا بەو کێشانەوە زیاد بکەن. ئەو دەسوەردانو دەسڕۆیشتوورییەی ئێران بارەکەیان قورسترو ئاوەکەیان لێڵتر کرد. بەتایبەت لە پەراوێزخستنی سونییەکانو رێبەرانی سونی کە لە سەردەمی مالکیدا بە لووتکە گەیشت. لەو بەرنامەو نەخشە سیاسییەی کە ساڵی ٢٠٠٣ دارێژرا جێگەو پێگەی سونیش لەبەر چاو گیراو ئەوانیش بەشدارییان کرد. کە سەرۆک پارلمان درا بە سونیو سەرکۆماریش بەکورد، کە ئەویش هەر سونییە. کەواتە تا ئێرە سونە نەدەبوو کێشەیان هەبێ. بەڵام ئەم دابەشینە بە سەرنجدان بە هێژمۆنیو دەسەڵاتدارێتی مێژووی سونەکان زۆر کەمڕەنگ بووو لە دڵیان گران بوو. بەڵام لە سەردەمی مالکیدا ئەم پەراوێزخستنو لەسەر کار لابردنانە بەتایبەت دوا ساڵەکان بەوپەری خۆی گەیشت. واتە بە چەشنێک بوو کە تەنانەت حیزبی ئیسلامی کە بە حیزبی سونەکانی ئێراق ناسراوە کەوتە بەر شاڵاوی پرۆسیسی پەراوێزخستن. بۆ وێنە بینیمان کە چ بارودۆخێکیان بۆ تاریق هاشمی جێگری سەرۆکوەزیران پێکهێنا. هاشمی ناچار پەنای بردە هەولێرو لەوێشەوە بەرەو تورکیە دەرچوو، ئێستاش هەر لە تورکیەیە. تاریق هاشمی یەکێک لە سەمبۆل و نوێنەرە میانەڕۆیەکانی سونی بوو لە دەسەڵاتی ئێراقدا کە لە ئاکامی ئەو کارانەو لە راستیدا سەرەڕۆییانەدا ئەم دۆخەی بەسەر هات. یا ئەوەی کە ئەحمەد ئەلوانی نوێنەری شاری رۆمادی لە پارلمانی ئێراق دەسبەسەر دەکەنو بەر لە دەسبەسەرکردنیشی براکەی لە خۆپێشاندانی هێمنانەی شاری رۆمادی کە ناوەندی پارێزگای ئەنبارە دەکوژنو ئەحمەد ئەلوانی هێشتاش لە زیندانە. لە ئاکامدا رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانەی مالکی دژی خۆپێشاندان و نارەزایەتی شارەکانی رۆمادی و فەلوجە بۆوە کە ساڵێک درێژەی هەبوو، بەم کێشانەوە زیاد بکەن. ئەم هەمووە هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەیکە عەرەبە سونییەکان هەست بە ستەم بکەن. لە ئاکامدا ئەم خەڵکە دەگەڵ یەکەم رەوتێکی بەهێز کەوتن کە سەریهەڵدا. من پێم وایە ئەمانە هۆکاری بەدیهاتنی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراقو شامن.

***پرسیار: کۆمەڵگەی عەرەبو بەتایبەت موسلمانانی سونی لە ئێراقو سووریە کە ساڵهایە دەچەوسێنەوە چۆن دەڕواننە داعش؟ رادەی کاریگەریی داعش لەسەر ئەو خەڵکە چەوساوەیە چۆن بووە؟***

***وەڵام:*** داعش یان دەوڵەتی ئیسلامی لەڕاستیدا ئەو بەربژێرە دڵخوازەی خەڵکی سوننی نیە. لە نێوان خراپو خراپتردا، خەڵک بە ناچاری ئەوانیان هەڵبژاردوە. خراپترین، هەمان بارودۆخی ئارایی‌و دەسەڵاتی پاوانخوازانەی شیعەکان بەدەستی مالکی‌و هاومەزهەبو هاوبیرانێتی. من پێم‌وایە عەرەبە سونییەکان وەک هێزێک کە دەسەڵاتی فیرقەیی- مەزهەبی شیعە تێکدەشکێنێ‌و نفووزی ئێران لە ئێراق تووشی گرفت دەکا دەڕواننە داعش، ئەگینا پێم‌وانیە هەموو سونییەکان لەگەڵ داعش بن. هێزە تاییفەیی شۆڕشگێڕو بەعسییەکان بە ئاشکرا رەخنە لە داعش دەگرن. من دیومە رێبەری هۆزەکان کە خاوەن دەسەڵاتو دەسڕۆیشتوون زۆر جاران لە تلویزیۆنەکاندا رەخنە لە داعش دەگرن‌و تەنانەت هێندێکیان ئێستا لە هەولێرن. جا بۆیە ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە دەسەڵاتی بەغداو بەتایبەت لەویش گرنگتر لە قانوونی بنەڕەتی ئێراقدا بکرێ‌و چۆرێک یەکسانی ماف بۆ سونی لەبەرچاو بگیرێ، واتە لە پەراوێز نەخرێن‌و بە گوێرەی حەشیمەتیان لە دەسەڵات و سامانی وڵات پشکیان بدرێتێ، عەرەبە سونییەکانیش ئەنگیزەیەکیان بۆ مانەوە لە بەرەی داعشدا نامێنێ‌و تەنانەت رەنگە بە پێچەوانەوە دژیشی بن. هەر ئێستاش هەندێک هەواڵ لە موسلو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە دەگەن کە باس لە دژایەتی گرووپە سونییەکان ئەو شارانە دژی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن. دیارە ئەم گرووپ و بزاڤانە زۆر بەربەرین نین بەڵام لە داهاتوودا دەتوانن رۆڵیان هەبێ‌و داعش لاواز بکەن.

***پرسیار: بوونی ئەو رەوتە ئیسلامییانەی وەک داعش بەگشتی کۆمەڵگەی عەرەب لە میسرەوە بگرە هەتا رۆژهەڵاتی ناڤین بەرەو کوێ دەبەن؟***

***وەڵام:*** بوونی ئەم جۆرە گرووپە ئیسلامییە توندڕۆیە، نەک هەر بۆ کۆمەڵگەی عەرەب، بەڵکوو بۆ گشتی رۆژهەڵاتی ناڤین مەترسیدارن. ئەم رەوتانەو بەتایبەت داعش لە بنەڕەتدا دژی ژن، دیموکراسی، هونەرو مافی نەتەوەکانن. ئەوانە لەڕاستیدا توێژە خامۆش‌و شاراوەکانی کۆمەڵگەی عەرەبن کە بەهۆی جمان‌و نەجمانی سیاسی لە قووڵایی مێژووە سەریانهەڵداوە. دیارە بەهێز بوونیشیان نیشاندەری لاوازبوونی هێزە لیبراڵ، دیموکراتو چەپەکانی وڵاتانی ئێراقو سووریەشە. بەبڕوای من داعش نەک هەر هێزێکی مەترسیدارە بۆ گەلانی ئێراق و سووریە، بەڵکوو بۆ لوبنان، ئۆردۆن‌و سعودیەش مەترسیدارن. ئەم رەوتە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ئێرانیش هەبێ کە دە تا پازدە لە سەدەی خەڵکەکەی سوننین. ئەگەر چارەسەرێک بۆ بەرگری لەو گەشەسەندنی ئەو رەوتە ئیسلامییە توندڕۆیە نەدۆزرێتەوە لەراستیدا دەبێ بە فرانکنشتاین. بەبڕاوی من هێزە پێشکەوتووەکان لەبەرابەر ئەم هێزە تاریکبیرانە دەستەونەزەر نابن بەڵام بەداخەوە لەم کاتەدا لاوازی و پرشو بڵاوی بووەتە هۆی بەهێز

بوونی دەوڵەتی ئیسلامی.

***پرسیار: یەکیەتیی عەرەب چۆن دەگەڵ مەسەلەی داعش دەجووڵێتەوە؟ ئەم یەکیەتییە دەتوانێ بە قازانجی کۆمەڵگەی عەرەبو دژی داعش چ بکا؟***

*وەڵام:* تا ئەو جێیەی من بەدواداچوونی رووداوەکانی جیهانی عەرەبم کردوە هیچ هەڵوێستێکی نەبووە، یا لانی کەم من گوێم لێ نەبووە. بەڵام لە گوتاری پێشووی ئەم یەکیەتییە سەربارەت بە رووداوەکانی سووریە لە سێ ساڵی رابردوودا پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی وەک سوپای ئازادی سووریەو ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵو دیموکراتی کردوە. بە هەر حاڵ گوتاری یەکیەتی عەرەب دەزانمو بەبڕوای من بەداخەوە یەکیەتی عەرەب بە هەموو هەوڵەکانییەوە بۆ چارەسەری قەیرانی سووریە هیچی پێ نەکراوە. سەرەڕای ئەوە ئێستا کۆمەڵگەی جیهانی لە مەسەلەی داعشدا ماوەتەوە. بەبڕوای من هەوڵو تێکۆشانی کۆمەڵگەی جیهانی، یەکیەتی عەرەبو وڵاتانی کاریگەری ناوچەکە لە بەرگری لەگەشەی داعشدا ئەو کاتە دەسکەوتی دەبێ کە ئەم هەماهەنگییە لە نێوانیان بێتە دی.

***پرسیار: بەگوێرەی گرنگی مێژوویی‌و ستراتیژیکی ئێراقو سووریە بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین، کاریگەریی چالاکییەکانی رەوتەکانی وەک داعش لەسەر ناوچەو بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناڤین چۆن لێکدەدەنەوە؟***

*وەڵام:* ئیدە مەزهەبییەکان نزیکترین ئیدەو ئیدیۆلۆژییەکانی مرۆڤی ئاساییین. واتە مرۆڤێکی ئاسایی، هاووڵاتییەکی ئاسایی لە رۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەت عێراق و سووریە، بەر لەوەی بەلای هەر ئیدیۆلۆژییەکی دیکەدا بشکێتەوە، ئەو شتەی بە شێوەی نەریتی لە ناخی دایەو لە دایەو بابانەوە بۆی بە میرات جێ ماوە مەزهەبە کە رەکێشی خۆی دەکا. ئەم دیاردەیەی کە دەیبینینو لە ئاکامدا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ئیدە ئیسلامییەکان لە ئێرانو وڵاتانی ناوچەکە. نابێ لەبیریشی بکەین کە دوو وڵاتی ئێراقو سووریە لە ماوەی سەدو چەندی ساڵی رابردوودا ئەندێشەو رەوتگەلی جۆراوجۆری ناسیۆنالیست، سیکۆلار، لیبراڵو چەپیشی تێدا هەڵکەوتوە. ئەگەرچی ئەم رەوتانە ئێستاکە لاوازن، بەڵکوو لە داهاتوویەکی نە هێندە دووردا لەبەرانبەرر شەپۆلی قوورسی داعشدا تۆکمەتر دەبنەوەو دژکردەوەیان دەبێ. رەنگە بەرەبەرەکانییەکانی نێوخۆیی ئیسپانیاشمان دیبێ کە لە لایەک فالانژەکانی دیکتاتۆر فرانکۆو لە لایەکی دیکەش هێزە پێشکەوتووو کۆماریخواز خەباتیان دەکرد کە لە لایەن کەسایەتی‌و پارتە پێشکەوتووو دیموکراتە نێونەتەوەییەکانەوە پشتیوانی دەکران. دیارە ئەمە قسەی چەند دیە

پێشە. بەلام جیاوازی ئەم سەردەمە مێژووییەیە لەوەدایە کە ولاتە دیموکراتەکانی جیهان پشتیوانی هێزە دیموکراتەکانی ئێراق‌و سووریە دەکەن. کە دەسپێکەکەی لە شەڕی کورد دژی داعش‌دا دەبینرێ. واتە کورد وەک هێزی دیموکرات و دژی پاشڤەڕۆیی دژی داعش شەڕ دەکا. دیارە مەترسی راستەوخۆی داعش دژی گەلی کورد لە پێکدادانانەدا هەبووە. بەلام مەبەستم ئەوەیە کە لە داهاتوودا رەنگە هێزەکانی دیکە لە خودی عەرەبە سیکولار، چەپ‌و لیبرالُ دژی داعش شەڕ بکەن ئەگەر داعش بەراستی ناوچەی ژێردەسەلاتی بەرینتر بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر داعش لەم ماوەیەدا زەبرێکی قورسی لێنەدرێ لە درێژخایەن‌دا رەنگە شەڕو بەربەرەکانیی ئەم هێزە پاشڤەڕۆخوازەو هێزە پێشکەوتووەکانی ئەو دوو ولاتەی لێبکەوێتەوە بەپشتیوانی هێزەکانی ولاتانی دراوسێ‌و تەنانەت هێزە جیهانییەکانیش. رەوشی ئێراق‌و سووریە دەگەلُ ئەفغانستان جیاوازە. ئەگەر لێرەدا بمانەوێ سەرهەلدان داعش‌و تالیبان پێک بگرین، هێزەکانی دژی داعش لێرە بەرابردووترن‌و لە هەر دوو ولاتدا بەریانی ناسیۆنالیستی و رەوتگەلی چەپ هەن ئەگەرچی ئێستا تووشی لاوازی هاتوون.

***پرسیار: بەسەرنجدان بە بارودۆخی قەیراناوی گەلی عەرەب لە ئێراندا، کاریگەریی کورتخایەن و درێژخایەنی گرووپەکانی وەک داعش لەسەر داهاتووی گەلی عەرەب چۆن دەبێ؟***

***وەلام:*** پرسیارێکی زۆر باشە. بەبڕوای من کاریگەریی داعش لە سەر گەلی کوردو رەنگە بەلووچ‌و بەگشتی سونی ئێران لە عەرەبی ئێران زیاتر بێ. چۆنی هاومەزهەبن‌و دەتوانن بە درووشم‌و هێماکانی وەک خەلافەتی ئیسلامی و ئەم چەشنە وتارانە هەست و ئیحساساتی سونییەکان هەلْخرێنن. چونکی سونییەکان لە ئێران بەردەوام سەرکوت کراون رەنگە بەشێک لە کۆمەلْگەی کورد، زیاتر لە بەلووچ‌و سونییەکانی دیکەی ئێران رەگەلُ ئەم رەوتە کەون. بە هەر حالُ ئەگەرچی نموونەکانی بچووکن، بەلام دەرکەوتوون. لە سنە خۆپێشاندان هەبووە بۆ پشتیوانی داعش کە سەلەفییەکان رێکیان‌خستوە. لە مهابادو سەقزیش دژکردەوە هەبووە کە وتەکانی من پشتڕاست دەکەنەوە. کەواتە کاریگەریی داعش لەسەر عەرەبی ئێران کە زۆریان شیعەن زۆر کەمەو لەچاو کاریگەریی لە سەر سونی وسەلەفییەکان کوردستان و بەلووچستان کەمتریشە. بەلام بەگشتی بێ کاریگەریش نییە.

***پرسیار: لە کۆتاییدا ئەگەر پێتان وایە شتێک بۆ وتن هەیە، بفەرموون؟***

***وەلام:*** پێم وایە پەرەسەندنی لەنەکاو داعش لە پشتگوێ‌خستن و سستی کۆمەلْگەی جیهانی‌و لاوازی یەکیەتی

عەرەبەوە لە چارەسەری قەیرانی سووریەوە سەرچاوە دەگرێ. واتە لە ساڵی سەرەتای شۆڕشەوە ساڵی 2011 كە لە مانگی مارس لە سووریە دەستی پێكرد، ئەو كاتەی بەشار ئەسەد بەو پەری بێرەحمی و دڵڕەقی دەستی كرد بە سەركوتی خۆپێشاندانی ئاشتیخوازانەی خەڵكو بە جۆرێك بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە گەورەكردنەوەو سەرهەڵدانی گرووپە ئیسلامخوازە توندڕۆكانی وەك دەوڵەتی ئیسلامیو ئەوانی دیكە رۆڵی هەبووو ئیستخباراتی سووریە هەوڵی دروستكردنی ئەو گرووپانەی دەدا بۆ ئەوەی كە بە كۆمەڵگەی جیهانیو ئەمریكاو ئورووپا بڵێن لایەنی ئێمە سوپای ئازاد یا هێزە دیموكرات و لیبراڵەكان نین، بەڵكو توندڕۆە بناژۆخوازەكانن. دیارە بەبڕوای من رێژیمی سووریە لەو كارەشدا تاڕادەیەك سەركەوتوو بووەو كۆمەڵگەی جیهانی هەڵفریواندوەو بەتایبەت ئۆباما لەم پرسەدا سستی كردوە.چارەسەر نەكردنی پرسی سووریەو نەڕووخاندنی بەشار ئەسەد كە ئەگەر ساڵی ٢٠١١ یا لانی زۆر ٢٠١٢ رووی دابا، دەیتوانی بەر بەو گەشەو پەرەسەندنی هێزە توندڕۆیە مەزهەبییانە بگرێ. ئەگەر ئەو مەسەلەیە ئەو كات چارەسە بووایە هێزە سیكۆلار، لیبراڵ و دیموكراتەكان و تەنانەت ئیسلامگەرا میانەڕۆیەكان بەهێزتر بوون. بەڵام چارەسەر نەكردنی مەسەلەی سووریە و درێژە شەڕ و خوێنڕێژی نێوخۆیی بوو بەهۆی ئەوەی كە ئەو دوو هێزە بەهێز بن. ئەم دوو هێزەش یەكیان بەشار ئەسەدە كە بوو بەهۆی ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوەو ئەی دیكەش داعش و هێزە توندڕۆ ئیسلامییەكان كە هەنووكە بە هزر و بیرە وشك و تاریكەكانیان هەڕەشە لە هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤینو بەتایبەت ئێراقو سووریە دەكەن

(*) یوسف بەنی ترۆف سكرتێری گشتیی رێكخراوی خەبات دژی نیژادپەرستی و دژە عەرەبی لە ئێرانە

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٤

# وتووێژی تایبەتیی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ شەهرام ئەمیری،

## گەورەکارناسی بوومەلەرزەناسیو پسپۆڕی تۆماری لەرزە لە دۆزینەوەی نەوت - سەرچاوە ژێرزەوییەکان



**و: ئاڵەشین**

***ئارەش لوڕستانی: دەکرێ لەسەر چۆنیەتی ڕوودانی بوومەلەرزەو پێوەندیی دەگەڵ جموجۆڵی توێیەکانی زەوی بدوێن؟***

***شەهرام میری:*** **لە ڕاستیدا بوومەلەرزە لەرینەوەیەکە بە درێژایی توێکڵی زەوی. دەکرێ زیادبوونی لەڕادەبەدەری بەردو توێژەکانی نێوەوەی زەوی بە هۆکاری ڕوودانی بوومەلەرزە بزانین، کە دەبنە هۆی گوشارێک، بەرد دەشکێنێو دوو پارچە بەردی شکاو لە قووڵایی زەوییەوە لە شوێنی شکانەوە بەرەو توێیەکانی سەروو هەڵدەکشێن، ئاستی شکانی بەرد کە جێگۆڕکێی دەگەڵە قەڵشت (گسل)ی پێ دەڵێن. پێوەندیی بوومەلەرزەو قەڵشت زیاتر دوو لایەنەیە، بەو واتایەی هەر ناوچەیەک زەوییەکەی قەڵشی زۆر بێ، بوومەلەرزەشی دەبێ کە ئەم بوومەلەرزەیەش خۆی قەڵشت لە زەوی دەخاو ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی پچڕانو قەڵشتو بەم جۆرە ئەگەری بوومەلەرزە لە ناوچەکەدا زۆر دەکا.**

***ئارەش لوڕستانی: لە ئێران بوومەلەرزە بە چ شێوەیەکەو هۆکاری بوومەلەرزە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران چین؟***

***شەهرام میری:*** **ئێران وڵاتێکە زۆر بوومەلەرزە لێیدەدا، ئەگەر ئەو بوومەلەرزانەی ئەو چەند ساڵەی دوایی**

هاتوون لەسەر نەخشەی زەوی دیاری بکەین دوو پشتێنەی گەورە دەردەکەوێ کە شوێنی هاتنی بوومەلەرزەن، کە پشتێندەی دەوری زەریای ئارامو ئاڵپ - هیمالیان، ئێران دەکەوێتە نێوەڕاستی پشتێنەی بوومەلەرزەی ئاڵپ - هیمالیا، کە ئەم پشتێندە لە ڕۆژئاوای ئورووپاوە دەست پێدەکاو دوای تێپەڕین لە تورکیە، ئێران، ئەفغانستان تا تەبەتو ڕەنگە تا نزیکی بانووی بێرمەو ئەندۆنێزیو بکشێ. بانووی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەکەوێتە نێوان لاپەڕەکانی ئوراسیا (ئاسیاو ئورووپا)و هند (هندو ئوسترالیا)و عەڕەبستان (عەڕەبستانو ئەفریقا)و لەلایەن ئەم لاپەڕانەو جموجۆڵیانەوە گوشاری لەسەرەو، هەروەها لەبەر ئەوەی تویکڵی زەوی لە بانووی ئێران لاوازترە لە شوێنەکانی دراوسێی، لەم مەڵبەندە فۆرمەکان بە شێوەی جۆراجۆر دەگۆڕدرێنو، لە ئاکامدا ئەم گوشارانەو تێکشکانی توێیەکانی زەوی وزەیەکی زۆر لە قەڵشەکانی زەوی کۆ دەبێتەوە، کە لە پاشان دەبنە هۆی هاتنی بوومەلەرزەی گەورەو بچووک لە ناوچەکانی ئێران. شێوازی ئەم خزینو تێکشانو تەڤگەرەی تویکڵی زەوی لە بواری بوومەلەرزەوە دەکا بە سێ بەشی ( زاگرۆس، ناوەندی ئێران (لوت)، ئەلبورز).

***ئارەش لوڕستانی: دەکرێ بە گشتی بوومەلەرزەی ئەم دواییانەی ئیلامو خەساراتو زەرەرو زیانەکانی باس بکەن؟***

***شەهرام میری:*** ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٣ کاتژمێر ٠٥:٠٢:٠٧ بوومەلەرزەیەک بە پلەی ٦,٢ لە قووڵایی دە کیلۆمێتری زەوی ڕووی دا، کە چەقی ئەم بوومەلەرزەیە ٣ کیلۆمێتری مورموری (ئابدانان)، ٣٦ کیلۆمێتری موسیان و ٤١ کیلۆمێتری دێهلۆران لە پارێزگای ئیلام بوو. بوومەلەرزەکە لە پارێزگاکانی دیکەش وەک لۆرستانو خوزستان هەستی پێکرا، کە بە خۆشییەوە تا ئەو جێیەی من ئاگام لێیەتی زیانی گیانی نەبووەو تەنیا زیانی دارایی هەبووە. ٣٧٥ بریندار، ٨ گوندیش خراپ بوون.

***ئارەش لوڕستانی: هەڵکەوتەی جوگرافیاییو سترەکتۆری زەویناسی ناوچەی ئیلامو هۆکاری بوومەلەرزە لەم ناوچەیە چۆنە؟***

***شەهرام میری:*** پارێزگای ئیلام دەکەوێتە ڕۆژئاوای داوێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، ئەم پارێزگایە لەلای باشوورەوە دەگەڵ خوزستانو لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دەگەڵ لۆرستانو لە باکوور دەگەڵ کرماشانو لە ڕۆژئاواوە دەگەڵ ئێراق دراوسێیە. بەرزو نزمییەکانی ئەم پارێزگایە دەگەڕێتەوە بۆ بنەنیشتەکانی قۆناغی یەکەم تا چوارەمی زەوی، بەڵام پێکهاتنیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخەکانی دووەم و سێیەمی زەوی ناسی. لە بواری تەکنۆتنیکی بەشێکە

لە ئەیاڵەتی لەرزینەوەی زاگرۆس، کە یەکێکە لە ئەکتیڤترین ناوچەکانی بەر بوولەرزەی بانووی ئێران.

پێویستە ئەوەش بڵێین قەڵشتی زاگرۆس لەم ناوچەیە زیاترین هەژانو بوومەلەرزەی هەیەو زۆربەی ئەو بوومەلەرزانەی ئەم سەردەمەی ئێستا بە درێژایی ئەم قەڵشتە ڕوویان داوە. چونکی ئیلام، خوزستان، بەندەر عەبباس، لۆرستانو کرماشانیش کەوتوونەتە سەر ئەم هێڵە، بەهۆی گوشاری هێڵی عەرەبستان کە هۆکاری سەرەکی ئەم بوومەلەرزەیە بوو، بۆسەر هێڵی زاگرۆسو هێڵە لاوەکییەکانی دەورووبەری، دەبێتە هۆی هەژانو لەرزینی ئەم ناوچەیە. هێڵی زاگرۆس لە باکووری بەندەر عەبباسەوە تا پارێزگای سنە درێژەی هەیەو پاشان بەرەو باشووری کوردستان دەکێشێو دیسان دێتەوە سەردەشتو، لەوێشەوە دەگاتە باکووری کوردستانو تورکیە.

***ئارەش لوڕستانی: بوومەلەرزەکانی پێشتر لە ناوچەی ئیلام یان کوردستان چۆن بوون؟***

***شەهرام میری:*** ئیلام لەسەر ئەم هێڵە لە بواری بوومەلەرزەوە ناوەندە، هەر بۆیە بەپێی زانیارییەکانی ٥٠٠ ساڵ لەمەوپێشەوە، بوومەلەرزەیەکی کاولکار لەم ناوچەیە ڕووی نەداوەو هیچ بەڵگەیەک نییە نیشاندەری کاولکاریو وێرانی بێ لە شارە مێژووییەکانی ئیلام، بەڵام لە مێژووی تەبەریدا بوومەلەرزەیەک لە ژێر ناوی بوومەلەرزە لە باکووری « کەبیر کوە» لە ساڵی ٢٥٨ی کۆچی مانگی ئاماژەی پێکراوە، کە بۆتە هۆی کوژرانی بە هەزاران کەسو کاولکارییەکی زۆر کە ئەویش هۆکارەکەی خزینی کێو لە داوێنی باکووری «کەبیر کوە» بووەو پێوەندیی بە بوولەرزەی کاولکاری سروشتی نەبووە.

***ئارەش لوڕستانی: بڵێی ئەم بوومەلەرزەیە بە هۆی تەقینەوە یان تاقیکردنەوەی چەکو تەقەمەنی سەربازییەوە نەبووبێ؟***

***شەهرام میری:*** بوومەلەرزەیەکی ئەوها گەورە ناتوانێ بە هۆی تەقینەوە بێ، چونکە تەقینەوە ئاکامی لەرینەوەی دەسکردە، تەقینەوە جگە لە سەرچاوەی شەپۆلەوە، لە بواری وزەی دەرچووەوەو میتۆدی پێکهاتنی لەرینەوەکانیش دەگەڵ بوومەلەرزەیەک کە بە شێوەی سروشتی ڕوو دەدا، جیاوازە. واتە ڕێژەو خێرایی ئەم وزەیەی لە ڕێگەی لەرینەوە دەسکردەکانەوە دەردەچن دەگەڵ بوولەرزە بۆ پێکگرتنو هەڵسەنگاندن نابێ. بوولەرزە سروشتییەکان لە قووڵایی ٥ تا ١٥ کیلۆمێتری ڕوو دەدەنو ناوچەیەکی بەرین دەلەرزێننەوە، کەچی بەری لەرینەوەی دەسکرد کورتەو

تەنیا دەورووبەری خۆی دەگرێتەوە، دیارە دەبێ بڵێین تەڤینەوەش دەتوانێ ببێ بە هۆکاری بوومەلەرزە، بەڵام نەک زۆر بە هێز، واتە لە پێوەری ۳ تا ٤ کە هەموو کەس هەستی پێناکا، بەڵام سیستمە نوێیەکان دەتوانن ئەو بوومەلەرزانە دیاری بکەن کە هۆکاریان تەڤینەوەیە. بە شیتەڵکاریو لێکدانەوەی سیگناڵی شەپۆلەکان، تا رادەیەک جۆری بوومەلەرزەو جۆری تەڤینەوە لێک دیاری دەکرێن.

**ئارەش لورستانی:** *ئەگەری پاش لەرزەی دیکە لە رۆژئاوای وڵات، بەتایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؟*

***شەهرام میری:*** پاش لەرزەکان رەنگە چەندین کاتژمێر، رۆژو تەنانەت مانگیان پێبچێو زیاتریش دوای بوومەلەرزەی سەرەکیو لە دەوری ناوەندی هەمان بوومەلەرزەوە ڕوو دەدەن. لە دوای بوومەلەرزەی سەرەکی مورموری ئیلامەوە تا ئێستا نزیک بە ۳۰۰ پاشلەرزە تۆمار کراون کە گەورەترینیان نزیک پلەی ٥ پلە بووە. بە بڕوای من تا دوو سێ مانگی تریش پاشلەرزەکان درێژەیان دەبێ، کە دواتر پاشلەرزەکان خاوتر دەبنەوە، چونکی قەڵشتە لاوەکییەکان وردە وردە وزەیان دادەبەزێو پاشلەرزەکانیش دەبڕێن.

**ئارەش لورستانی:** *بۆچی لە ئێران هەمیشە هەست دەکرێ جۆرێک کەمتەرخەمی لە یارمەتی گەیاندن بە بوومەلەرزە لێدراوەکان هەیە؟*

***شەهرام میری:*** دیارە کێشەی بنەڕەتی لەم ڕەوتەدا مودیرییەتی لاوازی قەیرانەکەیە، ئەگەرچی بەرپرسانی ئیلام ڕایانگەیاند لە بوومەلەرزەی مورموریدا بە وەخت، قەیرانەکە مودیرییەت کراوە هەر بۆیەش زیانی گیانی نەبووە، بەڵام دەبێ بڵێین نەبوونی زەرەرو زیانی گیان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی زەویناسیو تۆپۆگرافیو پرۆسەو زەمانی ڕوودانی بوومەلەرزەکەش، لە بوومەلەرزەکانی دیکەی ئێراندا کەم کاریو کەمتەرخەمی بینراوە پێویستە بڵێین مودیرییەتی قەیران ٤ قۆناغە:

١- پێشگیری و زانیاری پێدان،
٢- ئامادەیی،
٣- بەرەنگاریی،

٤- چاککردنەوە، ئەم قۆناغانە تەواوکەری یەکترینو هەر چەشنە کەموکوڕییەک لەم قۆناغانەدا دەبێتە هۆی خاوی یارمەتی گەیاندنی بە وەختو دروست بۆ ئەو ناوچەیەی بوومەلەرزە لێی داوەو بە داخەوە لە زۆربەی بوومەلەرزە کاولکارەکانی پێشتردا ئەم کەموکوڕییانەمان دیوە.

***ئارەش لوڕستانی: وەک پسپۆڕێکی بوری بوومەلەرزە، پێشنیارتان بۆ بەرەنگاری بوومەلەرزە چییە؟***

***شەهرام میری:*** بە بڕوای من گرینگیدان بە چۆنییەتی سازکردنی بیناو بە تایبەت ڕەچاوی قانوونە ستانداردەکانی بیناسازی دەتوانێ هۆکارێکی کەمکردنەوەی زەرەرو زیانەکانی بوومەلەرزە بن. بابەتێکی دیکە بەرگری لە کۆچ بۆ ئەو ناوچانەی مەترسیی هاتنی بوومەلەرزەیان لەسەرە. گرینگیدان بە نۆژنکردنەوەو قایمو پتەو سازکردنی ئاوەدانییەکان، زانیاریی پێدان لەسەر چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی بوومەلەرزە، پەرەپێدان بە ناوەندە لەشساغییەکان. ڕەچاوی ئەم بابەتانە تا ڕادەیەکی زۆر زەرەرو زیانی بوومەلەرزە کەم دەکەنەوە.

***ئارەش لوڕستانی: لە کۆتاییدا ئەگەر بابەتێک ماوە باسی بکەن، فەرموون؟***

***شەهرام میری:*** بەداخەوە ناکرێ ریسک و کاتو شوێنو پلەی بوومەلەرزەکان بەربێژیی بکەین، بەڵام بە پێی توێژینەوەکان لەسەر ئەکتیڤی هێڵو درزو قەڵشە ناسراوەکانو سترەکتۆژی زەویو تەکتۆنیکی و تاوتوێی تەکنیکە ژێئۆفیزیکییەکان و پێشینەی هاتنی بوومەلەرزە لە ناوچەکەدا، دەتوانین بڵێین لە کام ناوچە ئەگەری ڕوودانی بوومەلەرزە هەیە. خاڵێکی دیکەش کە بووەتە هۆی شڵەژاندنی بیروڕای گشتی؛ بابەتی بەستنەوەی ئەم بوومەلەرزەیەی ئیلام بە بوومەلەرزەیەکی شیمانەیی کاولکارە لە تاران، کە دەبێ بڵێین هیچ جۆرە هاوچەشنییەک لە نێوان ئەم دووەدا نییە چونکە ئەیالەتی لەرزەی پێکهاتەی زەویی تارانو ئیلام بە تەواوەتی لێکجیان.

لە ژمارە ٦٣٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

# دوکتۆر شەرەفکەندی، وجوودێکی جیانەبۆوە لە شوناسخوازیی نەتەوەی کورد

## کەسایەتیی هەر مرۆڤێک حاڵەتی پڕاکتیکی فەلسەفەی ئەو و، سیاسەتەکەی هونەری بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی فەلسەفەکەیەتی

**و: سیروان موساپوور**

هەر مرۆڤێکی خەباتکار خاوەن چوار رەهەندی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و سیاسییە. دوکتۆر شەرەفکەندی وەک یەکێک لە گەورە رێبەرانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستان رەهەندە وجوودییەکانی خۆی لەسەر شوناسی کوردی چڕ کردبۆوە و بە هاوئاهەنگیی لایەنە وجوودییەکانی خۆی لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردستان تا کاتی شەهیدبوونی هەروا قورس و قاییم مایەوە و ئەمڕۆکە دوای تێپەڕبوونی 20 ساڵ بەسەر شەهیدبوونیدا، یەکێک لە ئۆلگوو و سەرمەشقەکانی بزاڤ و خەبات لە رێگەی شوناسخوازی و مافویستی نەتەوەی کوردە.

رەهەندی تاکەکەسیی ژیانی دوکتۆر شەرەفکەندی لە کۆماری کوردستان و هاونشینی لەگەڵ براکەی، سیمای بەرچاو و ناوداری نێو وێژە و ئەدەبیاتی کوردستان و، بەوای ئەویشدا خوێندن و وەدەسهێنانی بڕوانامەی دوکتۆرای شیمی، دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ شەهید دوکتۆر قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان، چالاکیی بەردەوام لە دژوارترین هەلومەرجەکانی خەباتی بزووتنەوەی شوناسخوازیی کورد و سەرەنجام رێبەرایەتی کردنی حیزبی دێموکرات هەتا کاتی شەهیدبوونی شکڵی گرتوە و درێژەی کێشاوە. دوکتۆر شەرەفکەندی وەک تاکێک، پابەندی بنەما و بەها مرۆییەکان بوو، زۆر چالاک و ماندوویی نەناس، لە پێوەندیی دۆستانەدا سادە و دڵۆڤان بەڵام دەرحەق بە ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبی زۆر جیددی و تێکۆشەر بوو. دوای هاوکاری و بوونە ئەندام لە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک کەسێکی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرای شیمی، سەرەڕای ئەوەیکە دەیتوانی داهاتوو و پاشەڕۆژێکی خۆش و ئاسوودەی هەبێت، خەباتی شوناسخوازانەی کوردی هەڵبژارد و رێگەیەکی گرتەبەر کە هەتا کۆتایی تەمەنی سەرانسەر هەوڵ و خەبات و رەنج و ماندووبوون بوو. ئەو رەنج و ماندووبوونەی کە لەبەر داهاتووی کوردستان قبووڵی دەکرد و لە پەنا هاوسەنگەرە ئازادیخوازەکانی ئەرکی خۆی لە بەرزترین ئاستی گونجاودا بەڕێوە دەبرد.

بەرچاوترین بەشی لایەنی کۆمەڵایەتی ژیان و چالاکیی دوکتۆر شەرەفکەندی، تەواوی پێوەندییەکان و هەوڵ و هاوکارییەکانی ناوبراو لە سەرەتای خوێندنی باڵا هەتا کاتی شەهیدبوونیەتی کە بەردەوام لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە بە ئاسانی لەبەرچاو دەگیرا و بەردەوامیش هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد. دوکتۆر شەرەفکەندی خۆی بە ئەندامێکی کۆمەڵگە دەزانی کە دەبووایە ڕۆڵی خۆی بەڕێوە ببات و ئەم خاڵە گرینگە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی ناوبراویشدا کەم تا زۆر بەرچاو و شیاوی گرینگی پێدان بوو

ڕووحیەی بەهێز و بیری بەرزی ناسیۆنالیستی (نەتەوەیی)ی دوکتۆر شەرەفکەندی یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە لە زۆربەی نووسراوە و وتارەکانیدا بەردەوام دووپات بۆتەوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە. ڕەمزی سەرکەوتنی کورد لە خەباتی شوناسخوازی و مافویستی لە ڕوانگەی دوکتۆر شەرەفکەندییەوە، بەهێزبوون و بایەخ پێدان بە هزری ناسیۆنالیستیی بوو. بیرکردنەوەی ناسیۆنالیستیی دوکتۆر شەرەفکەندی و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگترین هۆکاری پاراستن و بەردەوامیی خەبات و چالاکیی بوو کە سەرەڕای هێرشەکان و لەسەرتربوونی سەربازیی و ئابووریی ڕێژیمەکانی باڵادەست، حەڵقەی مافخوازیی کورد لێک هەڵنەوەشا و هەتا گەیشتن بە شوناسی سەربەخۆی کورد درێژەی هەیە.

لایەنی سیاسیی ژیان و چالاکیی دوکتۆر شەرەفکەندی پێکهاتوو لە سێ ڕوحییە و فاکتەری پێشوویە. سیمایەک لە ژیان و کەسایەتیی ناوبراو کە سیاسەتی بە واتای دروست و لە جێگەی دروستی خۆیدا پێناسە کرد و لە ژیانی سیاسیی ئەودا لە سەردەمی ئەندامبوون هەتا ڕێبەریی حیزب، بەردەوام لە ئاستە جیاوازەکاندا لە خزمەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێویستییەکانی نەتەوەی کورد لە سەردەمی ژیانی خۆی و داهاتووی بەردەمیدا بوو.

پێشەوا قازی محەمەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوای کۆماری کوردستان، ناسیۆنالیزمی لە چوارچێوەی کوردستان و لە پێوەندی لەگەڵ مافە مەدەنییەکاندا پێناسە کرد. دوکتۆر قاسملوو فۆڕمی ڕاستەقینەتر و مۆدێرنی حیزبی سیاسیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و حیزبی لە حاڵەتی مانەوە لە چوارچێوەی کوردستان هێنایەدەر و بە لایەن و خەباتی ڕزگاریخوازانەی جیهانی ناساند و ئیعتباری نێونەتەوەیی بە حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد بەخشی و، ناسنامەی خەباتی نەتەوەیی کورد شوناسێکی جیهانی وەرگرت. دوکتۆر شەرەفکەندی بە نەهادینەکردنی بەڕێوەبەریتی و کردەوەخوازیی ناو حیزب و پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب، بە تایبەت لە بیاڤی ڕاگەیاندندا جۆرێک سەقامگیریی بە دەسکەوتەکانی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و

لە دژوارترین و قەیراناویترین بارودۆخەکاندا، کە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە کوردی و غەیرە کوردییەکان تووشی گۆشەگیری و تەریککەوتوویی ببوون، چالاکی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان نە تەنیا رانەوەستا، بەڵکوو دەتوانین بڵێین سەردەمی ڕێبەرایەتیی دوکتۆر شەرەفکەندی یەکێک لە کاریگەرترین قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتە.

پێشەوا قازی محەممەد، دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی سێ کۆڵەکەی بزووتنەوەی مۆدێرنی سیاسیی کوردن کە بە پێکهاتەشکێنیی سیاسی ـ فەلسەفی لە شێوازی نەریتی ناڕەزایەتیی کەم کاریگەر بۆ سیستەمی بەردەوام و شوێندانەر، بوون بە هۆی گەیشتن بە قۆناغی نوێی شوناسخوازی و مافویستیی کورد. ئەم سێ ڕێبەرە گەورەیە، کار و چالاکییەکانیان بە ڕادەیەک پێکەوەبەستراو و تێکهەڵکێشراوە کە لەبەرچاو نەگرتنی هەر یەکێکیان کەموکوڕی لە پرۆسەی ئاماژەپێدراودا پێک دێنێت.

دوکتۆر شەرەفکەندی چ ئەو کاتەی کە جێگری دوکتۆر قاسملوو بوو و چ لە سەدەمی ڕێبەرایەتی کردنی حیزبدا، ڕۆڵێکی کاریگەری لە کلاسیک کردنی سیستەم و کاری حیزبیدا هەبوو. جیاکردنەوەی چالاکیی حیزب لە بیاڤە جۆراوجۆرەکاندا، یەکپارچەکردن و یەکگرتوویی ناوخۆیی حیزب و هاوئاهەنگیی زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی، گرینگیدان بە پێوەندی و هاوکاریی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردی و غەیرە کوردییەکان، بەردەوامیی هاوکاری و درێژەدانی چالاکی لە ئاستی نێوتەنەوەیی بە تایبەت لە کۆنگرەکانی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست و زۆر کار و کردەوەی دیکە دەرخەری جێگە و پێگە و کەسایەتیی سیاسیی دوکتۆر شەرەفکەندییە.

دەرکردنی فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان لەلایەن خومەینی و قۆناغی شەڕی 8 ساڵەی ئێران و عێراق و بەرگری لە بەرامبەر هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو بارودۆخە هەستیارە بوو کە بە بچووکترین سستی و کەمتەرخەمییەک لە بەڕێوەبەرایەتیدا، ئاکام و ئاسەواری مەترسیداری مرۆیی بەدواوە دەبوو کە دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی بە باشی توانیان توانایی بەرزی ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبەریی خۆیان لە کۆنترۆڵکردنی هەلومەرجەکە و بەرەوپێشبردنی خەباتی شوناسخوازانەدا نیشان بدەن و شێوەی شەهیدبوونیان بە ڕوونی دەرخەری حەساسییەت و مەیلی کۆماری ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووانە بوو.
چالاکی لە سەردەمی خەباتی چەکدارانە و پێویستیی بەردەوامیی میتۆدی سیاسی ـ فەلسەفیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێویستبوونی کولتوورسازییەکی تایبەتی لەم قۆناغەدا بە ڕوونی دەخستەڕوو. پێویستییەک کە لەو

ڕابردووە مێژووییەدا، بارودۆخی ڕۆژ و دانەبڕانی خەبات و چالاکی لە داهاتوودا دەبووایە لەبەرچاو بگیرێت و کەڵکوەرگرتن لە تەواوی تواناییە ماددی و مەعنەوییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج کە هەمان شوناسخوازی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە ئێراندایە دەبێ بە وردی و بە دروستی هەڵسەنگێنرێ و بەرنامەی بۆ دابنرێت. بێجگە لە فاکتەرەکانی سەرەوە، باوەڕ بەخۆ بوون و پێویستیی نوێکردنەوەی ڕێکخستن و پەرەپێدانی پێگە و شوێنگە لەنێو کۆمەڵگەی کوردییش هەلومەرجەکەی هەستیارتر دەکرد.

دوکتۆر شەرەفکەندی ڕێبەرێکە کە توانی ڕۆڵی خۆی لە بەرزترین ئاستدا بەڕێوە ببات و تەنانەت شەهیدبوونی ناوبراو چ لە کوردستان و چ لە ئێران بوو نارەزایەتیی بەربڵاو و بەرچاوی لێکەوتەوە کە توانی وزەیەکی نوێ بە ڕەوتی ئازادیخوازی و شوناسخوازی بدات و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دادگای میکۆنۆس بۆ یەکەم جار سیمای کۆماری ئیسلامی و تایبەتمەندیی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمەی، نیشان دا و دەسەڵاتداریتیی کۆماری ئیسلامیی ناچار بە پاشەکشە و قبووڵکردنی تێچووی زۆری سیاسی . کۆمەڵایەتی بکات و لە روانگەی ئایدۆلۆژیکەوە شوناس و ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆی جارێکی دیکە لەسەر بنەمای زوڵم و گەندەڵی نیشان دایەوە.

"ئەو وتارە لە یادی بیست ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی دا بڵاو بۆتەوە"

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

---

## وتەکانی چوار چالاکی سیاسی لەپێوەندیی لەگەڵ تیرۆری میکۆنووس

*ماوەیەک پێش ئێستا لە تەلەویزیۆنی کوردکاناڵ، بەرنامەی کاوش لەپێوەندیی لەگەڵ شەهیدبوونی دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس کە بە پەروەندەی میکۆنۆس ناسراوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند کەس لە کەسایەتییە سیاسییەکان ئەنجام دا. لێرەدا قسەکانی چوار کەس لە بەشداربووانی ئەو بەرنامەیە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویستی ڕۆژنامەی کوردستان.*

**محەمەد نوریزاد**: لەبارەی تیرۆری میکۆنووس پێم وایە بەرپرسە حکوومەتییەکانی ئێمە هەڵسوکەوتێکی زۆر

نابەجێیان لەبەرامبەر دژبەرانمان ئەنجام دا کە ئابڕووی ئێمەیان لەسەر ئاستی دنیادا بردو سیمایەکی ترسێنەریان لە ئێمە نیشان دا. لەگەڵ دژبەران زیاتر دەبێ قسە بکرێ نەک ئەوەکە لە دەرەوەی سنوورەکان بیانکووژین کە بەداخەوە ئەمە شێوازێکە بەرپرسە حکوومییەکانمان گرتوویانەتە پێش بەتایبەت سەبارەت بە دژبەرە کوردەکانمان. ئەمە خەسارێکی گەورەیە کە لە سەرەنجام دادگای میکۆنۆسی لێکەوتەوە و هێندێک لە بەرپرسەکانمان تۆمەتبار کران و لە دادگای میکۆنووسدا بڕیاری مەحکووم بوونیان دەرکرا. تا کاتێک ئەم شێوازە لەلایەن بەرپرسەکانی ئێمەوە قبووڵ نەکرێ‌و بە فەرمیی داوای لێبوردن نەکەن‌و قەرەبووی زیانەکان نەکەنەوە، ئەمە هەروا بابەتێکی گەرمە کە بە نێوچاوانی ئێمەوەیەو ناتوانرێ حاشای لێ بکرێ. کەسانێکی زۆر لە وڵاتدا لەبەر دژایەتی کردن، لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەتیەکانی ئێمەوە کوژراون‌و هێندێک لە بەرپرسەکانمان ئیزنی سەفەرکردن بۆ وڵاتانی دیکەیان نیەو ئەم بەرپرسانە دەزانن لە ئەگەری چوونەدەر لە وڵات، لەلایەن دەزگا دادوەرییەکان و پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە قۆڵبەست دەکرێن و نەتیجەی ئەم کردەوانە ئەو تێچووە قورسانەیە کە دەکەوێتە سەرشانی خەڵکی ئێمەو هەمووان وەک تیرۆریست لێمان دەڕوانن.

**مێهرنەنگیزی کار**: ئەو تیرۆرەی لە ڕیستۆرانی میکۆنۆس ڕووی دا، دوای تیرۆری پێشوو بوو کە دەرحەق بە ڕێبەرانی کورد ئەنجام درا. ئەگەر بمانەوێ بەدوای بنەما سیاسییەکان‌و پاڵنەرەکانیدا بگەڕێین، سرووشتییە دەگەینە ئەوەی کە هەرچەشنە بەربەرەکانییەک لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی‌دا بەتایبەت ئەو بەربەرەکانییانەی کە کەمایەتییە ئیتنیکی- نەتەوەییەکان یان کەمایەتییە ڕەگەزییەکان دەیانەویست نیشانی بدەن، لەگەڵ ئەوەی نیازی دابەشکردنی وڵاتیان نەبوو و بە تەما بوون داخوازییەکانیان لە بواری کولتووری‌دا بێننەگۆڕێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی دەیەویست لەجێگەی چارەسەرکردنی مەسەلەکە، خودی مەسەلەکە بسڕێتەوە وەک هەموو ئەو بابەتو دژایەتییانەی کە لە بەرامبەریاندا ڕاوەستابوو. کۆماری ئیسلامی لەجێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان بەردەوام بەدوای لابردن و سڕینەوەی پرسیارەکەدا بووە کە هیچکات سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە چونکە ئەسڵی مەسەلەکە وەک خۆی ماوەتەوە و لەجێی خۆی دایە. ئەگەر توانیویەتی لەباری جەستەییەوە ڕێبەرانێک یان خەڵکێک بکووژێ‌و لەنێوی بەرێ یان تووشی ئاوارەبوونی بکا، بەڵام ڕەنگدانەوەکەی بەرۆکی خودی کۆماری ئیسلامی گرتۆتەوە بۆ نموونە سەبارەت بە مەسەلەی میکۆنۆس دادگاییەکی نێونەتەوەیی لانیکەم لە هێندێک شوێنی جیهان بەتایبەت ئورووپا وەک تیرۆریزمی دەوڵەتیی بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فەرمی ناسراو زەربەی زۆری لە پرستیژی نەتەوەیی ئێران‌و کۆماری ئیسلامی دا، بە ڕادەیەک کە کەسە یەکەمەکانی ئەو کاتی لە دادگای میکۆنۆس‌دا حوکمی جەلب و گیرانیان بۆ دەرچوو. ئەمڕۆ دوای چەندین ساڵ ئاغای ڕەقسەنجانی دەڵێ تیرۆری میکۆنۆس لەژێر

چاوەدێری مندا بەڕێوە نەچووە و کاری گرووپە خۆسەرەکان بووە چونکە لەو سەردەمەدا ئەو سەرۆک کۆمار بووەو ئاغای فەللاحیان وەزیری ئیتلاعات، بەڵام بە هەر هۆکارێک ئاغای ڕەفسەنجانی لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی خۆیدا وەها قسەیەکی نەکرد و دیارە لەوە تێگەیوە ئەم چەشنە کردەوە تیرۆریستیانە تا چ ڕادەیەک زیان بە سەقامگیریی‌و پرستیژی ئەوان دەگەیەنێ.

**حەسەن شەریعەتمەداری:** لە تیرۆری میکۆنۆس‌و گشت تیرۆرەکاندا ئیددیعای ڕێژیم ئەوە بوو کە بە پێدانی ئیمتیازە ئابوورییەکان بە ئورووپا دەتوانێ تیرۆرەکان لەوێ ئەنجام بداو لە دواهات و لێکەوتەکانیشی پارێزراو بێ. لەڕاستیدا ئازایەتیی دادگای میکۆنۆس بوو کە بە مەحکووم کردنی هەیئەتی دەسەڵاتداری ئێران‌و بە نێوهێنانیان کارەکەی گەیاندە جێگەیەک کە کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی مەیلی دەوڵەتی ئەوکاتی ئەڵمان، تۆمەتبار بکرێ‌و زیانی قوورسی ئابووریشی وێبکەوێ و ناچار بەوە بکرێ کە لە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەست هەڵگرێ.

دیارە ئۆپۆزیسیۆن بۆ ماوەیەکی زۆر بەهۆی ئەم تیرۆرە سەرسوڕهێنەرانەوە پاسیڤ ببوو و کاریگەریی قووڵی لەسەر ئۆپۆزیسیۆن دانابوو، بەڵام ڕاگیرانی تیرۆریزمی دەوڵەتیی دوای پەروەندەی میکۆنۆس بوو بەهۆی ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن بتوانێ ئاراستەی خۆی بدۆزیتەوەو ئازایەتیی زیاتر پەیدا بکا کە لەڕاستیدا دوکتۆری شەرەفکەندیی‌و هاوڕێیانی بە شەهیدبوونیان ئەم دەسکەوتەیان بۆ ئۆپۆزیسیۆن وەدەست هێنا. ئەم ئیددیعایەی ڕەفسەنجانی کە کوژرانی دوکتۆر شەرەفکەندی‌و چەند کەسی دیکە لە ڕیستۆرانی میکۆنۆس بە ئاگادارییی ئەو نەبووە، ئیددیعایەک نییە بتوانرێ بە ئاسانی قبووڵ بکرێ. ئەم کوشتنانە لەژێر چاوەدێریی ئاغای فەللاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئێران ئەنجام دراون کە ئەم بەرپرسایەتییە لەژێر چاوەدێری‌و فەرمانی سەرۆک کۆماریی دایە هەرچەند لەوانەیە ئاغای فەللاحیان لەژێر کاریگەریی ئاغای خامنەییدا بووبێ بەڵام سەرۆک کۆمار لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا بەشدارە و ئاگاداری بارودۆخەکەیە. شایەتی لەدادگا ناوی ئاغای ڕەفسەنجانیشی هێناوەو بە ئاگاداربوون لە قەتڵەکان تۆمەتباری دەکاو بەڵگەکانیش ئەوە دەردەخەن کە ئاغای فەللاحیان‌و ئاغای ڕەفسەنجانی پێوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەبووە.

تا سەردەمی دوکتۆر شەرەفکەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێوەندییەکی زۆر گەرمی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبوو و کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنی ڕێکوپێک لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی بە یارمەتی

دۆستە هاوبەشەکانمانو یەک لەوان خوالێخۆشبوو نووریی دێهکوردی ئەنجام دەدرا. دوای شەهیدبوونی دوکتۆر شەرەفکەندی ئەم کۆبوونەوانە پچڕان و لەسەر هەردوو لایە کە خۆ لە گرژییەکان بپارێزنو بۆ دروستکردنی ئێرانێکی دێموکرات و ئاوەدان هەوڵ بدەن. ئەم ئەرکە یەکلایەنە نیەو دەبێ لە هەر دوو لاوە کاری بۆ بکرێ بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان کە حیزبێکی مێژوویی زۆر گەورەو گرینگە، لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵ و بەرپرسایەتییەکی تایبەتی لەسەر شانە.

**یوسف عەزیزی بنی تۆرۆف**: ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیو بەرپرسە سیاسییو ئەمنییەتییەکانی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوەکان بەشێوەیەکی گشتیو مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی تایبەتی، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەڕادەبەدەر توندوتیژانە بووە و تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندیی شلەم چوارچێوەیەدا شایانی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنە. ئەم تیرۆرە کە دوابەدوای تیرۆری چەند ساڵ پێشتر واتە تیرۆری دوکتۆر قاسملوو ئەنجام دراوە، بە بۆچوونی من بە چەند هۆکارێک، بە چەشنێک تۆڵەسەندنەوە لە خەباتی نەتەوەی کورد بوو. یەکەم ئەوەکە ئەم نەتەوەیە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیو ئایدۆلۆژیای ئیسلامی، ئالاهەڵگری سێکۆلاریزم و دێموکراسی بۆ هەموو ئێران بوو و لە هەمووش گرینگتر ئالاهەڵگری مافی نەتەوە غەیرەفارسەکان بوو. کەواتە دەتوانرێ لەم چوارچێوەیەدا ئەم تیرۆرە هەڵسەنگێنرێ. کاتێک لە هاوینی ١٣٥٨ ئاغای خومەینی بڕیاری هێرش بۆسەر کوردستانی دەرکرد کە لە٢٨ی گەلاوێژدا بەڕێوەچوو، لەبیرمە لە تاران چ هێزگەلێکی دەمارگرژ هاتنەسەر شەقامەکان کە دروشمیان دەدا « حیزبی دێموکرات لە خاکو خوێن وەردەدەین» و ئەم لە خاکو خوێن وەردانە لە ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ دەست پێکراو تێچووەکەشی لەلایەن نەتەوەی کوردو ڕێبەرانیەوە درا. تەنانەت لە دەرەوەی وڵات کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرێکیش ڕانەوەستا و چەند ساڵ دوای تیرۆری خوالێخۆشبوو دوکتۆر قاسملوو، جێگرەکەشی واتە دوکتۆر شەرەفکەندیشیان تیرۆر کرد. دوکتۆر شەرەفکەندی ئاوێتەیەک لە کەسایەتیی سیاسییو فەرهەنگی بووکە لە کتێبو بەرهەمە بەجێماوەکانیو کەموزۆر لە وتارەکانیدا دەیبینین. ئەم کوشتنو تیرۆرانە سەرەڕای ئیدديعای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە دەڵێ بەشێوەی خۆسەرانە بووە، لە هەر حاڵەتدا زەربەی زۆری لە یەکگرتوویی نەتەوەیی داوە و لەڕاستیدا برینی قووڵی خستوونەتە سەر ئەم پەیکەرە کە بە ئاسانی دەرمان ناکرێ.

لە ژمارە ٦٤٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**

## وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ کاک حوسێن مەدەنی سیاسەتمەداری کورد

### شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و شوێنەواری لەسەر خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان



**ئارەش لورستانی:** شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی سەرکوتی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەبوو؟

**حوسێن مەدەنی:** ئەگەر باش لەو شەرە ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوەێ شەڕێکی تەواو خەستی ئایینی ـ ڕەگەزی بوو. پێشینەکەشی بۆ سەردەمانی دوو ئیمپراتوری سەفەوی‌و عوسمانی‌یەکان دەگەڕێتەوە کە لە سەرەتای سەدەی ١٦ی زایینی لەم مەڵبەندەدا بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ لە دژی یەکتری دەشەڕ دابون.

عێراقی ئیستاش هەمان پاشماوەکەی ئیمپراتوری عوسمانی‌و، کۆماری ئیسلامیش میراتگری ئەمەگداری ئایینی شیعەی دامەزراوی دەستی شا ئیسماعیل سەفەوی بووە.

لە شەڕی ئێران‌و عێراق دا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەمارگرژییەکی تۆخی شیعەی دوازدە ئیمامی ئاوێتەی سۆزی ئێرانچێتی کراوە، لایانە بەرامبەرەکەشی رژیمی سەددام حوسێن سوننە مەزهەب بوو کە بە ئیدئۆلۆژیی چەپی پان عەرەبیسمی ناسری خۆی پێناسە کردبوو، لە بەر یەکتری دامەزرابوون‌و بە شێوازێکی مۆدێرنتر مێژووی سەدەی ١٦یان دووپات کردەوە.

لە ئانالیزمی دژەئایینی‌یەکان مەودادری چەندین سەدەن، کە لە دوانەزمی سیاسی ـ کولتوریی کۆمەڵگەکانشینان لەگەڵ خۆیان راماڵیوە.

هەر ئێشتاش بەسەرهەڵدانی دیاردەی داعش کە ( سوننەی تۆخی دژی شیعەو دژی یاسا مروڤیەکانە لە وڵاتی عێراقو شامو سوریا، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین یان نەک هەر شێواندوە بەڵکوو مەترسی تێرۆریان خستۆتە ناو ئورووپاو وڵاتانی مەسیحی ناوچەکەدا بەرەو چ ئاقارێکی هەڵدەدرێت هەتا ئێستاش روون نیە چی بەسەر دێت؟!

لە هەلومەرجێکی وا قەیراناویدا کوردستان لە نێو بەندی شەرە ئایینیەکاندا نەک هیچ قازانجێکیان بە خەڵکی کوردستان نەگەیاندوە، بەڵکوو هەموو جارێش خەسارەتی هەرە قورسی گیانیوماڵیشیان وێکەوتووەو کراوەنە سوتێنەری شەڕە ئایینیەکانو سەرو ماڵیان تێدا بردوە.

***ئارەش لورستانی:*** ***حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای شەڕو خەباتی چەکداری دەستەویەخەی چ کێشەو ئارێشەیەک بوو؟***

***حوسێن مەدەنی:*** حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بە فەرهەنگی ئاشتیخوازیو تەباییو پێکەوە ژیان مشتو ماڵ دراوە، بۆیە هەمیشە نەفرەتی لە شەڕ کردوە باش دەیزانی لە شەڕدا هەڵوا دابەش ناکرێ تەنیا ڕقو قینو تۆڵەو ماڵوێرانی لێدەکەوێتەوە. هەمیشە لایانی شەڕ فرۆشەکان بوون شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاندوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بو دەفعی شەڕ لەسەر خۆی، دەستەوستان دەستی لە کراسی شۆڕ نەکردۆتەوە خۆ پارێز بووە.

لە شەڕی بەرگریدا خۆڕاهێنانی گیانیو جەستەیی لە بەگژداچوونەوەدا خەڵکی کوردستانی پەروەردەو پوختەو کارامەتر کردوە وفامی سیاسیو وشیاریی نەتەوەییش لە چاو گەلانی دیکەی ئێران بردۆتە ئاستی سەرتر.

***ئارەش لورستانی:*** ***پرسی ناسیونالیزمی کوردی لە ماوەی شەڕی هەشتساڵەو دوای ئەویش، تا ئەو کاتەی پارتە کوردستانییەکان لە خەباتی چەکداری بەردەوام بوون چ ئاڵوگۆڕێکی کرد؟***

***حوسێن مەدەنی:*** کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵە؛ زۆربەی پێوەرەکانی سیاسەتی ئیقلیمیو جیهانی گۆڕانی

بەسەردا هات.

عێراقو ئێران لە سەر دوژمنی هاوبەشیان کە ئۆپۆزسیونی رێکخراوە کوردستانیەکان بوو، و وەک کارتی فشار دژ بە یەکتری کەڵکیان لێوەرگرتن، دەستیان لە هاندانیان هەڵگرتو یارمەتی ماڵیو خەتی پشتی جەبهەشیان لێبڕی. بەمەش شەڕە ناوخۆیەکان لە کزبیانداو بە بارێکی دیکەدا کەوتن.

*ئارەش لورستانی: بە سەرنجدان بەو بابەتانەی هاتنە بەرباس، قسەی کۆتایی و ئاکامگیری خۆتان لەسەر شەڕی هەشت ساڵە و شوێنەوارەکانی لەسەر خەباتی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی بۆ خوێنەران باس بکەن؟*

*حوسێن مەدەنی:* پێویست دەکا ئەوەش بڵێم؛ ئێرانو عێراق هەر چەند ٨ ساڵ لە شەڕی بێبەزییانەدا روحمیان بە یەکتری نەکردو هەرچی لە توانای نیزامییاندا بوو دژی یەکتری بەکاریان هێناو یەکتریان قەتڵو بڕ کرد. بەڵام لە دەسەڵاتو سیاسەتو پێکهاتە رەگەزیو ئایینیدا خاڵی هاوبەشو دژبە یەکەکانیشیان بە چڕی تێکبەزیون، لێک هەڵاواردنیشیان هەر وا سوکو هاسان مەیوس نابێ کە بە کورتی ئاماژە بە هێندیکیان دەکەم:

**یەکەم**: دوو وڵاتی عیراقو ئێران لە ئاییندا شیعە مەزهەبنو خاوەندەسەڵاتن لە بواری ژیئۆپولتیکی شیعە گەرییەوە زۆر بەهێزن.

**دووەم**: مەرقەدی زیارەتکەرانی شیعە با لە نەجەفو کەربەلاو سامرای عێراقدا هەڵکەوتوونو خاوەنی ماڵی خۆیانن ئەوەش بەسترانەوەی ئێرانو عیراقی زۆر بەهێز کردوە.

**سێهەم**: زۆربەی شیعەی عێراق لە رەگەزدا عەرەبن بەڵام لە بەرامبەر دەسەلاتی سوننەی عەرەبدا خۆیان بە غەدرلێکراو دەزانن‌و دژی زاڵیەتی ناسیونالیزمی عربین لە عێراقدا.

**چوارەم**: شیعەی ئێرانی لە بەرامبەر دەسەڵاتی سوننەی عەربدا تەواو ناسیونالیزمی ئێرانینو دژی حاکمیەتی ناسیونالیزمی عەرەبن لە بەغدا.

**پێنجەم**: شیعەی کوردی عێراقی لە بەرامبەر دەسەلاتی شیعەی عەرەبو ناسیونالیزمی عەرەبدا تەواو لە هێڵی ناسیونالیزمی کوردیدا خۆی پێناسە کردوەو تێیدا قاڵ بۆتەوە.

**شەشەم**: ناسیونالیزمی کوردی لە کوردستانی عێراق بۆ راگرتنی بالانسی سیاسی خۆیان لە گەڵ دەسەلاتی سیاسی دەوڵەتی عێراق کە بە زۆربە شیعە مەزهەبن هاو پەیمانی یەکترین لە بەرامبەر ولاتانیی عەرەبی سوننە لە ناوچەکەدا لە بەرەیەکی هاوبەشدا خۆیان توندو تۆڵ کردوە.

**حەوتەم**: لە حاڵێکدا کە شەڕی نێوخۆیی کوردستانی ئێران روویدا رێبەری شۆرشی ئیسلامی ئێران حوکمی جیهادی بە دژایەتی خەڵکی کوردستانی ئێران راگەیاندبوو . ئەو پارادۆکسە لە حیزبو رێکخراوە سیاسی‌یەکانی هەردوو پارچەی کوردستانی ئێرانو عێراق بە مەبەستی ڕاگرتنی سەری خۆیانو دەربازبوونیان لەو تەنگەژەیەی خەباتدا کە تێیکەوتبوون بە دوو بەشی لایانگری لە رێژیمی بەعسو جەمهوری ئیسلامی راکێشابوو. ئەم یەکبانو دوو هەوایە کێشەی کوردی لەو دوو ولاتەدا زۆر ئالۆزتر کردو تیژی دوژمنی هاوبەشیان لە بیرو دەمارەکانی لەش رێکخراوە سیاسی‌یە کوردستانیەکان داماڵێ ورێکخراوەسیاسیەکان لە بەرژەوەندیی رێکخراوەیی یان قەتیس‌مانەوە بەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌یاندا زاڵ بون.

**هەشتەم**: ئەزمونی خەباتێکی کوردستان ئەو دەرسەیان بە کوردو رێکخراوە کوردستانی‌یەکان دا کە کورد لە هیچ خەباتی نەتەوەیی‌دا، بە ڕەوای نازانێ خۆی تووشی شەڕە ناییینی‌یەکان بکات خەباتی کوردستان خەباتیکی رزگاریخوازانەی نەتەوەییەو بۆ دابین کردنی مافەکانی سیاسی، فرهەنگی‌و ئابوریی کوردستان لە قەوارەیەکی بنکە فروانی نیزامێکی دێموکراتیکدا ئامانجە کانی خۆی دەبینێو دابینیان دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

# خەسارناسیی لێکدابڕان و کێشەی بزووتنەوە سیاسییەکانی ئەمرۆ

و: ئاڵەشێن

لەم کورتەوتارەدا هەوڵ دەدەین سەرەکیترین کێشەکانی بەردەم داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان کە لەمپەرێ بەر بزووتنەوە سیاسییەکانن‌و دەبنە هۆی دابڕان‌و کێشەی بنەڕەتی نێوانیان تاووتوێ بکەین. خوێنەر بە خوێندنەوەی سەرپێیی‌و کورتەشرۆڤەیەک باشترو ئاسانتر لە چەمکەکان دەگا.

مرۆڤ بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییە تاکەکەسی‌و کۆمەلایەتییەکانی خۆی‌و گونجاو دەگەڵ زانستو کاریگەریی لەسەر جیهان، دۆمینویەکی ناسکی پێکهێناوە کە دەگەڵ خزینی هەرکامیان گشتی پێکهاتەو ستراکتۆر دەڕمێ.

یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی کۆمەلناسی‌و سیاسەت، پێوەندیی تاکو کۆمەڵگەیەو ئەم هاوسەنگییە بەردەوام گۆڕانێکی هێند سەیری بەسەر داهاتووە کە قەت هاوسەنگیی ئەم پێوەندییانە بە بنەما وەرنەگیراوە، بەڵکو تاکو کۆمەڵگە دەبن بە ئامێر بۆ گەیشتن بە ئامانج‌و مەبەستە مەزن‌و بچووکە سیاسی-ئابوورییەکان و، زانستیش لە نێوەدا تەنیا پاساوهێنەرەوەو ڕازێنەری ئەم خواستانەیە.

مێژوو وەک لقێکی زانست بە سەرنجدان بە فاکتۆرە نابڕاوەکانی خۆی، یەکێکە لە کێشەخولقێنترین بنەماکانی زانستە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان‌و بە سەرنجدان بە گێڕانەوەو لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی دەبێ بە پێگەی حەقوێژیی‌و حەقخوازیی بیرمەندان‌و چالاکان.

زۆربەی چالاکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی، پێیان وایە مێژوو پێوەستە بە ڕابردووەو تەنیا هەندێکی کەمیان مێژووی داهاتوو بە تەواوکەری گشتی مێژوو دەزانن. مێژوو کاتێک دەکەوێتە مەودایەکی زەمەنییەوە و زانستەکانی دیکە بە رازاندنەوەی مەشرووعیەت پەیدا دەکەن، روون و ئاشکرا مەتەلی زەقبووەوەی پێوەندی تاکەکەس و کۆمەڵگە تا ئەو جێیەی کە رەسەنایەتی مێژوو بووە بە سەنگی مەحەکی راست و دروستی هەموو ئەندێشەیەک. کەسایەتی‌پەرستی، چین‌پەرستی (طبقه‌پرستی)، دەسەڵاتپەرستی و... ئەو بەرزەکانن ئێمە بەرەو پێگەیەکی

مەزنتر لە تاکەکەس و کۆمەڵگە دەفرێنن، دەبین بە ئیلیت و لە سەرەوە لە خەڵک دەڕوانین، بە ڕواڵەت خۆمان بە نوینەری ئەوان دەزانین بەڵام نوێنەرگەلێک کە پۆڵا لە ناخیاندا خاراوە و پێمان وایە توانای مرۆڤ دەکەین بە توانای دێوو درنج، مەزنەمرۆڤ دەبێ بە مەنتقمانو حەق تەنیا لە ڕوانگەی ئێمە پێناسە دەکرێ. ئازادی و دادپەروەری، دیموکراسیو مافی مرۆڤ وتوویرێکی زروقەو بروقەدارن کە زۆر زیرەکانە مافخوازیو رەوابوونمان لە نێو خەڵکێکی ئازارگەستە، بۆ داهاتوو مزگێنی دەدەن.

زیاتر لە سەت ساڵە چووینەتە مەیدانی هزرمەندی نوێی زانستییەوە و بەردەوام خەبات بۆ دروشمانە دەکەین کە رێژیمە ملهوڕو سەرەڕۆکانیش بەرزی دەکەنەوە.

لە بەرانبەر هێزی دەسەڵاتداری کۆمەڵگە کە تاکە سیستمی حکوومەتی نییە، بەڵکو هەژاریو لاوازی فەرهەنگیو جۆرەکانی هەڵاواردنیش لە کۆمەڵگەدا دەسرۆیشتوون لە »ئێمە« لە بەرانبەر «ئەوان»دا کەڵک وەردەگرن. «ئێمە« کێیەو تایبەتمەندییەکانی چین؟

کاتێک «ئێمە« بە هەموو دژبەرانی سیستمی زاڵ دادەنرێ، «ئەوانیش» بە ئاشکرا دوژمنی «ئێمە«ن. بەڵام «ئێمە» خەڵکیش دەگرێتەوە؟ ئەرێ ئەو دژبەرانەی لە قوژبنی زیندان دان بەڕاستی نوێنەریان هەیە؟ گەلۆ «ئێمە« یەکیەتی راستەقینەی هەموو دژبەرانە بۆ رووخاندنی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ و پەنا بردن بۆ زۆرینەی «ئێمە« کە دەبێ هەمەن خەڵک بێ، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیەتی؟ ئەگەر وایە کەواتە ئەو شەڕانە بۆ هەڵفریواندنی خەڵک و تۆمەت هەڵبەستن بۆ یەکتری لە پێناو چی دایە؟ ئەگەر بەڕاستی خەڵک شوێندانەرترین هۆکاری هەڵبژاردنن ئەدی زەقکردنەوەی مێژوویی، کە هەمووی زوڵم و ستەمە بۆ چییە؟ ئەرێ کوروش و داریوش و .... یەکیەتیخولقێنن، ئەدی قازی محەمەد، بابەک، مەزدەک، رەئیس ئەلی دلواری، شیر عەلیمەردان، میرزا کوچەکی جەنگەلی، سەتارخان و باقرخان و... نوێنەری راستەقینەی خەڵک نین؟ زۆر جێگەی داخە سیستمە دەسەڵاتدارەکان بە هەموو جۆرێک هەوڵی چەوساندنەوەی خەڵک و پەراوێزخستنی چالاکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی دەدەن و لە بەرانبەر جیابیراندا هەمیشە یەکگرتوون، بەڵام دژبەرانی ئەم سیستمە دیکتاتۆرانە دەگەڵ یەک یەکگرتوو نین. بنئاژۆخواز، ریفۆرمخواز، پێڕەوی هێڵی ئیمام و... هەموان لەسەر گوێڕایەڵی کۆماری ئیسلامی کۆکن کەچی زۆربەی «ئێمە« چ لەبەرانبەر «ئەوان» و چ لە بەرانبەر خۆشمان «ئێمە«دا تووشی هەڵە و ڕەشبینین.

ئەگەر یەکپارچەیی و ڕەسەنایەتی مێژوویی و مەزهەب پێوەری حەقە، کەواتە بۆ باسی دیموکراسی دەکرێ؟ مرۆڤی ئازاد و مافی مرۆڤ لە بەرابەر شارستانییەتی لێلی چەند هەزار ساڵەدا چ واتایەکی هەیە؟ ئەگەر پێشکەوتن و لانی کەمی هەلومەرجی ئاشتیخوازی لە سەر پێوەری بەستێنی قانوونەکانی مافی مرۆڤ بێ، دیارە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کۆمەلگەتەوەر لە دانانی قانوونەکانی مافی مرۆڤ و ئەو ئیدانەی کە ئاسۆیەکی روون بۆ ئەمڕۆ وێنادەکەن، هیچ گرنگییەکیان بە مێژوو و ڕەسەنایەتی مێژوویی لە سەرەتی سەرەکی خۆیان نەداوەو هەوڵ دەدەن ئەو قانوونانە بۆ مرۆڤەکانی جیهان لە هەلومەرج و ژینگەی جۆراوجۆردا وەک پێوەری دادوەری و بایەخ پێدان بەکاربێ و بە جێی دروست کردنی مەزنەمرۆڤو یۆتۆپیا، مرۆڤ ئەو جۆرەی هەیە وەک تاکەکەسو لە چوارچێوەی کۆمەلگەدا تاووتوێی بکەن و هەر بەو مرۆڤە ئاساییەوە کە بناغەی هەموو پێشکەوتنو هەوڵ و کۆششەکانە، کۆمەلگە بەرەو داهاتوویەک بەرن کە مرۆڤ تێیدا لە خۆی نامۆ نەبێو هەروەها تووشی خولیای بوونەوەری خەیالی یۆتۆپیایی نەبێو بەرەو راستییەک کە شایانی شەنوکەوێکی راستەقینە بێ، بە سەرنجدان بە هاوسەنگی پێوەندیی تاکەکەس و کۆمەلگە بێ پێناسە بکەن.

نەتەوە، ئیتنیک و... ئەو سنوورە هزرییانەن مرۆڤ بۆ ناساندنی شووناسی خۆی کەلکیان لێوەردەگرێ و ئەگەر ئەم چەمکانە زیان بە ئازادی و شووناسی مرۆڤ بگەیەنن - چ لە بابەتەکانی دژبەران و چ لە باسەکانی لایەنگران - دا دەبێ بزانین لاڕێ ڕۆیشتووین و دەبێ بە هزر و بیروبۆچوونی خۆمان و دژبەرانماندا بچینەوەو هەروەها دەبێ بزانین هەموو گرێبەستە کۆمەلایەتییەکانی وەک حکوومەت، نەتەوە، ئیتنیک و... تەنیا بۆ یەکیەتی و ئاسانکردنەوەی پێوەندییەکان، گرەنتی بەرتەسکنەبوونەوەی ئازادی و پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی توانای سیاسی-کۆمەلایەتی پێکیهاتوون و ئەگەر ئەم چەمکانە و هەر پێناسەیەکی دیکە بۆ فەوتاندنی بایەخ و مافی مرۆڤ و جووڵان بەرەو روانین گشتی و تاکتەوەری بچێ بەبێ شک «ئێمە» دەبێتە قیلی کەوای سپی کە لە سەد فەرسەنگییەوە لێککنەهاتنی دیارە.

کاتێک «ئەوان» بە هەموو توانا ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، سەربازی و زانیاریی هەوڵی بەردەوامیناکۆکیی نیروی انتظامی و سوپاو بەسیج لە میرەدیی سەقز تەقە و پێکهەلپڕژانی لێ دەکەوێتەوەو سەقامگیریو برەوی دەسەلاتی خۆیان دەدەن و شەوورۆژ لە ڕێگەی میدیاییەوە خەلکی جیهان بۆمبارانی زانیاری دەکەن و تئۆریسییەنەکانی «ئەوان» هەمیشە بەدوای ئابدەیتی ئامێر و ئامرازەکانی دەسەلاتەوەن، لە بەرانبەردا «ئێمە» دژکردەوەی چییە و یان لە بەرانبەر تۆکمەیی کارکردی «ئەوان» دا دەتوانێ براوەی ئەم شەڕە نایەکسانە بێ؟

ڕەنگە بە سەرنجدان بە دژکردەوەی خەڵکو ناڕەزایەتییەکانی دوای سەرکۆماری ١٣٨٨، کاتێک «ئێمە« نەیتوانی هێزی ئەڵتەرناتیڤ بۆ رووخاندنی ڕێژیم بخاتە روو، «ئێمە» تەنیا درووشمی رواڵەتی و فڕوفیشاڵییەکە کە خۆپەرستی و نەزانی و چەقبەستوویی و سەرەڕۆیی هزری دادەپۆشێنێ.

له ژماره ٦٤١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوه

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---

## سەرکوتو توندوتیژیخوازی بەرەوکوێمان دەبات؟

### و: سیروان مووساپوور

دیک چینی جێگری دەبلیۆ بۆش: « شەڕ بە دژی تیرۆریزم لەوانەیە پەنجا ساڵ یان زیاتریش بخایەنێ».

بەپێی توێژینەوەی ٢٠٠٢، ١١ Sydne MorninB Herald, February لە ڕێکەوتی ١٧ی ئۆکتۆبر تا ١٠ی دیسامبری ٢٠٠١ دوور لە چاوی کامێراکانی تەلەویزیۆنی لانیکەم ٣٧٦٧ کەس لە هاووڵاتیانی ئەفغان بەهۆی بۆمبە ئەمریکییەکانەوە کوژراون واتە بەشێوەیەکی مامناوەندی ڕۆژانە ٦٢ مرۆڤی بێتاوان گیانیان لەدەست داوە. ئەمەش لە وڵاتێکدا کە ڕێژەی بودجەی ساڵانەی ٨٣ میلیۆن دۆلار واتە یەک دەیەمی نرخی بۆمب هاوێژێکی ب ٥٢یە.

پرۆفیسۆر ڕوک پزیشکی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بەرپرسایەتیی پاکسازیی کوەیتی لەئەستۆ بوو، لە چاوپێکەوتنی کە لەگەڵ جان پیلجێر بۆ کتێبی ئەربابە نوێیەکانی جیهان - بەشی دووەم، دانی نرخ - کردوویەتی، لە ڕێکەوتی ١٤ی ژانوییەی ٢٠٠٠ دا دەڵێ لە شەڕی کەنداوی فارسدا زیاتر لە ٣٠٠ تۆن ئۆرانیۆمی لاوازکراو بەسەر ئێراقدا ڕژێنرا. فرۆکە شەڕکەرەکانی وارتۆگ ئا - ١٠ زیاتر لە ٩٠٠٠٠٠ گوللەیان هاویشت. هەر دەسڕێژێک گوللە ٣٠٠ گەرەم ئۆرانیۆمی پیتێنراوی ٢٣٨ی تێدابوو. هەر تانکێک کە بۆمبارانی دەکرد هەریەک لە

بۆمبەکانی ٢٥٠٠ گەرەم ئۆرانیۆمی خالیسی تێدابوو. ئەم بۆمبانە سەرپۆشیان نەبوو بەڵکو ئۆرانیۆمی تەواو بوون. بێجگە لەوەش ئێمە چەند بەڵگەیەکمان لەبەردەستدان کە دەریدەخەن پلۆتۆنیشیان تێکەڵاو کراوە. ئەوەی لە شەڕی کەنداودا ڕوویدا، جۆرێک شەڕی ناوکی بوو.

دەنیس هالیدی بەهۆی نارەزایەتیی لە شوێنەوارەکانی سەرچاوەگرتوو لە گەمارۆی ئابووریی ڕۆژئاوا لەسەر هاووڵاتیانی عێراق، لە ساڵی ١٩٩٨ دەستی لە بەرپرسایەتیی هاوئاهەنگیی « یارمەتییەکانی مرۆڤدۆستانە»ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کێشایەوە و بێجگە لەوەش زۆر لە بەرپرسانی دیکەی ئەم ڕێکخراوە هەنگاوی لەم شێوەیان هەڵێنایەوە.

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن کە سیاسەتی زلهێزەکانی دنیا بەتایبەت ئەمریکا لەهەمبەر توندڕەویخوازی زیاتر ئیسلامیی گرووپە توندڕەوەکان دەردەخا. لایەکەی دیکەی دراوەکە، گەشە و پەرەسەندنی نفووزی گرووپە ڕادیکاڵەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە ڕێگەچارەکانی ڕۆژئاوا نەتەنیا لەناویان نابات بەڵکوو ئەم گرووپە توندڕەوانە بەردەوام بەدوای گونجانیان لەگەڵ هەلومەرجی نوێ و تەنانەت بەدوای دەس‌پێشخەری و داهێنان لە کار و چالاکییەکانیان‌دان.

٧٠ میلیۆن کوژراوی شەڕی دووەمی جیهانی کاریگەریی زۆری لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دانا. بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میتۆدەکانی دوورکەوتنەوە لە توندوتیژیی و بابەتەکانی مافی مرۆیی کەم کەم لە تویژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا گرنگیی پێدەدرا. بەدوای ئەویشدا گۆڕینی دامەزراوەی کۆمەڵی نەتەوەکان بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە ئامانجی پێشگرتن لە کارەساتگەلێکی وەک شەڕی جیهانیی دووەم لەلایەن ٥١ وڵاتەوە دامەزرا. بەڵام وڵاتانی ئەمریکا، بریتانیا، چین، ڕووسیە و فەڕانسە کە بە بەهێزترین وڵاتانی دنیا دێنە ئەژمار، وەک ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی ڤیتۆیان بۆخۆیان دیاری کرد کە لە بیاڤی مەسەلە نێونەتەوەییەکاندا ئازادیی کردەوەی زیاتری پێدەدان. ئەم وڵاتانە لەژێرناوی هەڕەشە ئەمنییەتییە جیهانییەکان زۆرجار دەست لە سیاسەت و ئابووریی وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی دواکەوتوو و لەحاڵی گەشە وەردەدەن و فۆرم و شێوازی گەشەی ئابووری، سیاسیی و کولتووریی جیهان کۆنترۆڵ دەکەن. بۆ باشتر بەرەوپێش‌بردنی ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٤٩ و بە ئامانجی بەرگریی بەکۆمەڵ ڕێکخراوی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور (ناتۆ)یان لە واشینگتۆن دامەزراند کە گرنگترین ئامانجی ئەم ڕێکخراوە ماددەی ٥ی بوو. لەو پەیمانەدا

وڵاتانی ئەندام لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە هێرشی سەربازیی بۆسەر یەک یان چەند وڵاتی ئەندام لە ئورووپا یان ئەمریکای باکوور وەک هێرش بۆ تەواوی وڵاتانی ئەندام دابنرێ و بە دژی بوەستنەوە. کردەوەی ئەم وڵاتانە لە ئەفغانستان، عێراق، ویتنام، چیچان، پاکستان، ئەندۆنیزیا و... پێوانە و نموونەیەکی زۆر ڕوونی سیاسەتی یەک ڕەهەندی و تێکدەرانەی ئەوان نیشان دەدا و جێی هیچ شک و گومانێک ناهێڵێتەوە.

پشتیوانیی و بەهێزکردنی گرووپە توندڕەوە ئایینییەکان لە زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هاندان و یارمەتیدانی ڕێژیمی بەعسی سەددام بۆ هێرشکردنە سەر ئێران بە مەبەستی پێشگرتن لە پەرەسەندنی کۆمۆنیزم، ڕادیکالیزمی ئیسلامی هەتا قۆناغێک سەرکێش و بێکۆتوبەند کردووە کە ئەمڕۆکە هەر ئەو وڵاتانە لە فکری سەرکوتی ئەو مەترسییە نوێیەدان. داعش نوێترین و پێشکەوتووترین شەپۆلی تێکدەرە کە ڕەنگدانەوەی کردەوەکانی هەم میلیۆنان کەسی بێتاوانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردۆتە قوربانی هەم دەسکەوتەکانی ڕۆژئاوا بەردەوام تووشی مەترسی دەکاتەوە. دیاردەی داعش دەریخست توندڕەوی و بناژۆخوازیی مەزهەبی و ڕۆژئاوایی هیچ کامیان کۆتاییان نیە و جاریکی دیکە دەبێ بەدوای ڕێگەچارەیەکی نوێ بۆ تێپەڕبوون لەم مەترسییە پێشبینی نەکراوە بدۆزرێتەوە. دروستترین و لۆژیکیترین ڕێگەچارە، دێموکراتیزەبوون و شکڵگرتنی دەوڵەتە سێکۆلارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام تا ئەو کاتەی هێزە دەسەڵاتدارەکانی جیهان بە چاوی بازاڕی بەکارهێنان، هێزی کاری هەرزان، خەزێنەی کانگا سرووشتییە مفتەکان و تاقیگەی مرۆیی لە وڵاتانی دواکەوتوو و لەحاڵی گەشە بڕوانن، شەڕی نێوان توندڕەویی گرووپەکانی وەک داعش و ئەلقاعیدە و ئەو مندااڵنەی کە لە ئەزموون و کردەوەکانی ئەم لایەنانە لەدایک دەبن لەگەڵ بەرژەوەندیخوازیی هێزە جیهانییەکان، هەرگیز کۆتایی پێنایەت. پەیوەستبوونی سەدان هاووڵاتیی ڕۆژئاوایی بە گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکانی وەک داعش و هەڕەشە میدیاییەکانی وەک سەربڕینی هەواڵنێرە ڕۆژئاواییەکان لەلایەن هاوشارییەکانییانەوە بەڵگەیەکە کە وتەکانی سەرەوە بە باشی نیشان دەدا، هەڕەشەگەلێک کە وەک ئۆکسیژن، ترس لە تەواوی دنیادا لەنێو پەیکەری کۆمەڵگەی مرۆیی بڵاو دەکاتەوە و دەیسووڕێنێتەوە.

دەبینین کە سەد ساڵ دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، جیهان ڕووبەڕووی شەڕ و کێشەگەلی زۆر توندوتیژتر و نامرۆڤانەتر بۆتەوە کە تەنانەت هیچ بەزەییەکی بە منداڵانیش دانایەتەوە. ڕۆژ نیە کە ڕاگەیەنە نێونەتەوەییەکان هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بڵاو نەکەنەوە. کۆیلەداری و کڕین و فرۆشتنی ژن و منداڵ و تەنانەت ئەندامانی جەستەیان بۆتە پیشە و ئەمڕۆکە تەنیا چاڵە نەوتەکان و سامانی نەتەوە ژێردەستەکان

ناسووتێ بەڵکو تەواوی بوون نەبوونی ئەم نەتەوانە لەژێر چەرخەکانی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا و گرووپە توندڕەوەکاندا دەپلیشێتەوە.

ئەمڕۆ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا گەیشتوونەتە خاڵی تەقینەوە و لێبڕاوانە دەتوانین بڵێین ڕێز و یارمەتیی و هەوڵدان بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی خەڵکێک کە هەموو شتێکیان هەیە بەڵام لە نەبوونی و نەداریدا ڕاگیراون و ژیان بەسەر دەبەن، بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی و بواری مافی مرۆڤ پێویستییەکی حەیاتییە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سڵامەتی جیهان و تەواوی مرۆڤەکانی گۆی زەوییەوە هەیە و هەر چرکەیەک وەدرەنگکەوتن لە کاردا وەک ڕابردوو زیانی قەرەبوونەکراو بە مرۆڤ و ژیان دەگەیەنێ.

لە ژمارە ٦٤٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---

## هۆکاری توندوتیژیخوازی سیستمی کۆماری ئیسلامیو ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی

و: ئاڵەشین

دەستداگرتن بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨و، سیودوو ساڵ پاش ئەوە دەستداگرتن بەسەر باڵوێزخانەی بریتانیا لە ٨ی سەرماوەزی ١٣٩٠، تێرۆری دژبەران لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، پشتیوانیو یارمەتیو پەروەردەی تاقمو دەستە بناژۆخوازەکانی وەک حیزبوڵڵا، ئەلقاعیدە، تالیبانو ئیخوانولموسلمینو...، تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکان (ئامیا) لە ئارژانتین؛ کە لەسەر ئەم کردەوە تێرۆریستییە تا ئێستا ئارژانتین سێ جاری ئێران تۆمەتبار کردووەو هەروەها خرانە لیستی تێرۆرەوەی سوپای پاسداران، وەزارەتی بەرگریو چەندین بەرپرسی پێگەبەرزو باڵای کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئەمریکاو هەندێک وڵاتی ئورووپایی وەک ئاڵمان، چەند نموونەیەک لە توندوتیژیخوازی و بنئاژۆخوازی کۆماری ئیسلامین کە ئەم پرسیارە گرنگە دەورووژێنن ئایا توندوتیژیخوازی لەم سیستمەدا وەک ستراتیژی چاوی لێدەکرێ؟ یان وەک تاکتیکی کاتیو بە گوێرەی پێداویستیو

هەلومەرجی جۆراوجۆری قۆناخێکی سیستم دێتە ئارا؟

ئەگەر بڕوانینە قسەکانی «ئایەتوڵلا خومەینی» لەسەر «پێکهێنانی سوپای بیست ملیۆن کەسی»، «شەڕ نیعمەتە»و» پاراستنی نیزام سەرەکیترین ئەرکە»، کە ئاکامی شەڕی ٨ ساڵە دەگەڵ عێراقو کوژرانی چەندینهەزار زیندانی لێکەوتەوە، یان ئەگەر لە وتەکانی «نەقدی» سەرۆکی ڕێکخراوی بەسیج لە یەکی سەرماوەزی ١٣٩٢ دا، بەر لە وتاربێژی نوێژی هەینی تاران وردبینەوە کە باسی لە ڕێکخستنی بیست ملیۆن ئەندامی بەسیجی کرد، دەبینین قەتڵە زەنجیرەییو ڕووداوەکانی کوی زانکۆو سەرکوتی ناڕازییانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ساڵی ١٣٨٨و ئازارو ئەزیەتی ژنانو کچان، ئەسید پێداکردنو زۆر ڕووداوی تاڵی دیکە، هەمووان لە ئیدئۆلۆژی ویلایەتی فەقیهەوە سەرچاوە دەگرن، کە هەمیشە توندوتیژیو سەرکوت، وەک گرینگترین ستراتیژی خۆی دەکار دەکا.

دووەمین پرسیاری گرینگ ئەوەیە، ئایا ئەو توندوتیژیانە کە وەک ستراتیژ لە ناخو هەناوی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا جێگیر کراون، چ کاریگەرییو ئەنجامێکیان لەسەر کۆمەڵگە دەبێ؟

کاتێک کۆمەڵگە دەگەڵ سەرکوتو توندوتیژی سیستماتیکو لە پێشدا بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەسەڵاتی ناوەندیی ڕووبەڕوو دەبێتەوە دەکەوێتە قەیرانێکەوە کە زیاترین خەسار هەڵدەگرێو ئەم خەسارو کێشەو ئاریشانەش هەڕەشەو مەترسی ریشەیین بۆ سەر بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان کە گرەنتی سلامەتی گرووپییو جەماوەرین، چونکە ئەم زەبرو خەسارانە لەلایەن بەهێزترین دامەزراوی وڵاتەوە کە دەسەڵاتە دادەسەپێن. حکوومەت بە بەڕێوەبەرییو وەگەڕخەریی سەرچاوە سروشتیو ئابووریو مرۆییەکان، دەتوانێ لە هەموو ئامرازو ئامێرێک لە سەربازیڕا بگرە تا زانیارییو میدیاییەوە بۆ ریشاوژۆکردنی ستراتیژی توندوتیژیخوازی خۆی ترسو تۆقاندن بە شێوەو فۆرمی جۆراوجۆرو لە ئاستی جیاوازدا بەسەر کۆمەڵگەدا داسەپێنێو بەرژەوەندییە بازنەییەکانی باوەڕپێکراوانی سیستم بخاتە سەرووی مافو خواستە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکەوە.

کەواتە ئەو تیپو دەستە هێزە سیاسیو مەدەنییانەی خوازیاری دامەزرانی دێموکراسیو داکۆکیکاری مافی هاووڵاتیی هەموو خەڵکن، دەبێ چ ڕێگەو شێوازو ڕێگەچارەیەک بۆ هێنانە ژێر پرسیاری حکوومەتی ناوەندیی بەکاربێنن کە توندوتیژیو رادیکالیزمی لە هەناوی خۆی گرتوە..

بە سەرنجدان بەو راستییەی کە خەڵکی کۆمەڵگە هەمیشە سەرەکیترین فاکتەری گۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانن، دەبێ بەشداریی پێکردنی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ئاگاییەوەو چالاکی ئەو خەڵکە بکەوێتە بەرنامەی کاری پارتو لایەنە سیاسیو گرووپەکانی مافی مرۆڤو مەدەنییەوە. لە یەکەم ڕوانیندا، شۆڕشی ٥٧ کە بە هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی خراپتر لە ڕێژیمی پەهلەوی بوو بە ئەزموونێکی شکستخواردوو، بە ڕەچاوی فرەنەتەوەیی ئێران کە ئەم نەتەوانە ساڵانێکە لە مافی مرۆیی خۆیان بێبەش بوونو بێبەشن، خەمۆکی بەربەرینی کۆمەڵایەتی، هەژاری، گیرۆدەیی بە مادده هۆشبەرەکان، بێکاریو هەڵاواردنی نامرۆییانەی قووڵ لە بیاڤە فەرهەنگیو ئابوورییەکاندا گرینگترینی ئەو پرسانەن کە دەبێ لەلایەن پارتو لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیستەم و گرووپە مەدەنی و مافی مرۆییەکان خەسارناسی و شرۆڤەو راڤەو تاووتوێ بکرێن.

بە سەرنجدان بەوەی کە غرور، ڕێزو ئابڕووی کۆمەڵایەتی زۆربەی چینو توێژەکانی خەڵکی ئێران شکاوەو هەروەها بە سەرنجدان بە ئاماری دامەزراوە جیهانییەکانیو تەنانەت هەندێک جار ئاماری فەرمی ڕێکخراوو دامەزراوەکانی خودی سیستمی کۆماری ئیسلامی کە باس لە قەیراناوی بوونی سلامەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، دەبێ راکێشانی متمانەو تازەکردنەوەی هانەو پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەشداری گشتگیری خەڵک لە پێناو سڕینەوەی ئەهرۆمەکانی گوشارو تەنانەت گۆڕینی سیستم، ڕەنگە یەکەمین هەنگاوو ئەستەمترین چالاکی پارتو لایەنە سیاسیو دامەزراوە مەدەنیو مافە مرۆییەکان بێ.

لە حکوومەتە پاوانخوازو دیکتاتۆرەکاندا بواری چالاکی دژبەرانو ئۆپۆزیسیۆنی سیستم تا ڕادەیەک تەوقێنەرە، چونکە لەم سیستمانەدا تەنانەت چالاکییە مەدەنییەکانیش لەلایەن ڕێژیمی دەسەڵاتدارو دامەزراوە ئەمنیەتیو قەزاییەکانی بە گێرەشێوێنیو تێکدانی تەناهی نەتەوەییو یا دژبەری سیاسی دەزنرێو قورسترین سزا بۆ هەر چالاکییەکی مەدەنی کە بە دڵی سیستم نەبێ لەبەرچاو بگیرێ. کەواتە هونەری ئەو پارتو لایەنە سیاسیو مەدەنییانەی بەدوای گۆڕانکاریی یان گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتدارەوەن، لەوەدایە دەبێ دەگەڵ پشتیوانی لێککردنو یارمەتیکردنی یەکتر، سەرەکیترین ئەرکی خۆیان لە بیر نەکەن، چونکە ئەگەر کارکردو چەشنی چالاکی پارتە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکانو دامەزراوە مەدەنییەکان تێکئاڵقێو لێک دیاری نەکرێن، بە هەمان ئەندازە وزەو کاتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی خوازیاری گەشەی سیاسی یان کۆمەڵایەتین بە فیڕۆ دەچێو درێژەی ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی جاڕزیو هیوابڕاوی هێزە گۆڕانخوازو تەنانەت خەڵک لەم هێزانەی دەبێ گورزێک بن بۆ بەرگری لە مافو خواستە کۆمەڵایەتییەکانیان لە بەرانبەر سیستمی دەسەڵاتدا.

ئەگەر بڕوانینە نارەزایەتیو ئامادەیی نەتەوەکانی ئێران بۆ گۆڕینی هەلومەرجەکە لەم چەند ساڵەی رابردوواو بەتایبەتیش دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری ساڵی ١٣٨٨، دەبینین بواری گۆڕانە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان زۆر لەبارە. بەڵام لە کوردستان، پارتە سیاسییەکان چالاکانە لە نێو خەڵکو دامەزراوەکانی مافی مرۆڤدا ئامادەنو ناوچەکانی دیکەی ئێران لەچاو کوردستان ئامادەییەکی کەمتریان بۆ پێشەڤەچوونی گۆڕانە سیاسییەکانی کۆمەڵگەتەوەر لەخۆ نیشان داوە، کە ئەم فاکتۆرەش بووەتە هۆی ئەوە کۆماری ئیسلامی زیاتر لەسەر سەرکوتی بزووتنەوەی گەلی کورد چڕ بێتەوەو بەرنامەو پیلانی بۆی هەبێ.

**لە ژمارە ٦٤٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤**

---

## چاوخشاندنێکی کورت بەسەر مودێرنیتەو رۆڵی لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران

**و: ئاڵەشین**

ئەگەر بڕوانینە یەکەم قۆناغی پێکهاتنی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ئێران، رەزا شای پەهلەوی مودێرنیزم سەرەکیترین فاکتۆر بۆ سەقامگیر کردنی حکوومەت و دەسەڵاتی خۆی بەکاردێنێ. ئەو مودیرنیزمەی کە پاشەکشە بە گرینگترین بەربەستی خۆی واتە نەریت لە ڕێگری ئەهرومی حکوومەتی ناوەندییەوە دەکاو هەوڵ دەدا شوناسی نەتەوەیی و ئەتنیکە جیاوازکانی ئێران لە یەکەم هەنگاوی فۆرمگرتنی دەولەت - نەتەوەدا بتوێنێتەوە. دوای رەزاشاو هاتنە سەرکاری کوڕەکەی محەمەد رەزا شا، پرۆژەکەی رەزاشا درێژەی پێدەدرێ مۆدێرنیزم بە هەمەن بیچمی حکومەتی خۆیەوە رووڵەگەشەیە. لە سردەمی پەهلەوی دوویەمدا دەگەڵ سەرکوتی نەریت، شوناسی نەتەوەیی و تەنانەت هزرە مودێرنە ناحکوومەتییەکان کە زیاتر لە لایەن پارتو لایەنە چەپەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرا، مودیرنیتە ناتوانێ ئەو گەشە ئوسولیو لۆژیکییەی خۆی بپێوێ.

ئەو هیزو لایەنانەی کە لەو پرۆسەیە شوناسو تەنانەت بوونی خۆیان لە مەترسیدا دەدیت، درێژەیان بە دژایەتی حکوومەتی ناوەندی داو بەرەبەرە پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆیان بەهێز کرد. پارتە چەپەکان، پیاوانی ئایینیو هێزە ناسیۆنالیستییەکان کە زیاتر کورد و تورک بوون، سەرەکیترین و گرینگترین دژبەرانی حکوومەتی محەمەد رەزا شا بوون. چالاکی هاوکات و بەربەرینی هێزە دژبەرەکانی سیستمی دەسەڵاتدار، کە خاوەن پێگەیەکی قووڵ بوون لە نێو چینەکانی کۆمەڵگەدا بە چەشنێک پەرەی ساند کە محەممەد رەزا شا لە ئێران هەڵاتو دەسەڵاتەکانی بە شاپوور بەختیار سپارد کە ئیدی بۆ ئەم کارەش درەنگ بوو. کۆمەڵگە ئامادەی تەقینەوەی ئێران بە شۆڕشی ١٣٥٧، حکوومەتی پەهلەوی لێخستو قۆناغێکی دیکەی دەست پێکرد.

ئاخوندو پیاوانی ئایینی کە خۆیان بە نوێنەری ئیسلامو بە گشتی چینی نەریتیو تەنانەت مودێرنی ئیسلامگەرای ئێران دەناساند، توانییان کەڵک لە کێشەو ئاریشەی نێوان پارت و لایەنە چەپەکان و هەروەها هەژاری و دواکەوتوویی هێندێک گەلی ئێران وەرگرن و بە بەڕێوەبردنی گشتپرسی(ڕێفراندۆم)ی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دابمەزرێنن.

بزوتنەوەی چەپ لە ئێران بە هۆی نەبووونی ئەزموونی بەشداری لە پروسەی حکوومەتدا، گەشەنەسەندووی مودێرنیتە لە چەپدا کە دەگەڵ پێداویستییە راستەقینەکانی خەڵکی ئێران گونجاو بێو کۆمەڵگە بتوانێ بە شێوەیەکی گونجاو پێوەندی دەگەڵ دامەزرێنێو هەروەها سەرەڕای ئەوانەش کاریگەری نەریتی چەپی کلاسیک کە زیاتر لە لایان یەکیەتیی سۆڤییەتەوە پرۆپاگەندەی بۆ دەکرا، لە کۆتاییدا هەنگاوبە هەنگاو لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە کە دەسەڵاتیان بەدەست بوو یان پەڕاوێز خران یان بە گرتنو ئێعدام و تیرۆرێکی بەربرینتر لە حکوومەتی پێشوو سەرکوت کران.

هێزە نەتەوەییەکانی وەک کورد و تورک و ئازەرییەکان لە ئامادە نەبوونی نەتەووەکانی دیکەدا بوونە کەمایەتیو بە چارەنووسی ڕەوتە چەپەکان چوون، بەڵام حیزبی دێموکڕات وەک ئەو بەشە شوناسخوازو ناسیونالیستەی کورد کە مودێرنیزاسیۆن و تێگەیشتنی لە مافی گەلی کورد لە ڕێگەی ئەزموونی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی قازی محەممەد بە کۆمەڵگەی کوردی گەیاندبوو، لە ژێر باری سەرکوتو شەڕی بەتەواو مانای حکوومەتی ناوەندییدا نەک نەبەزی، بەڵکوو بە جۆرێک بوو بە پێگەو پەناگەی خەباتگێڕانی غەیرە کورد بە تایبەت رەوتی چەپ، کە چەندین ساڵ وەک پێشەنگی خەبات و شۆڕش دژی سیستمی ئایینی و پاوانخوازی دەسەڵاتدار دەناسرا.

بە گشتی لە دەیەی یەکەمی پاش شۆڕشی ١٣٥٧ جگە لە چەند مانگێکی سەرەتایی، ڕەوتی مودێرنیتە دەوەستێ، بەڵام دوای شەڕی ٨ ساڵە بە سەرنجدان بە زەرەرو زیانو کاولکاری زۆری ئابووریو فەرهەنگی و پێویستی ئاوەدانکردنەوەی وڵات، ڕەوتی مودێرنیزاسیونیش دەستی پێکردەوە. ئەسڵی ویلایەتی فەقیهـ لە چوارچێوەی سیستمی شیعەدا، خسڵەتگەلێکی تایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی پێک هێنابوو کە دەبوو مۆدێرنیتە بە هەمان ڕادەی ئاراستەدار و بە ئارستەی خواست و داخوازییەکانی سیستمی دەسەڵاتبەدەست کۆنترۆل و لغاو بکرایە . بەو ئاقارە میدیا و سیستمی پەروەردە باشترین ئامرازێک بوون کە کۆماری ئیسلامی بۆ خستنە خزمەت خۆی و کۆنترۆلی مۆدیرنیتە کەڵکی لێوەرگرت.

دەیەی دوویەمی دوای شۆرشی ١٣٥٧ خراپترین و ناخۆشترین قۆناغی چالاکی ڕەوتە چەپەکان بوو، چونکە تەنانەت وەک سەردەمی پەهلەوییش نەیاندەتوانی لە نێوخۆ چالاک بن، میدیاو سیستمی پەروەردە بە تەواوی لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی دابوون، بەڵام بارودۆخی پارتە شووناسخوازە کوردستانییەکان باشتر بوو، چونکە تا ڕادەیەک تا کۆتایی سەردەمی یەکەمی سەرکۆماری محەمەدی خاتەمی چالاکی ڕێکخستن و سەربازی بەرینیان هەبوو گەلی کوردیش لە هەموو کوردستان پشتیوانیان بوو.

دەستپێکی دەیەی سێیەمی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی هاوکات بوو دەگەڵ هەوێنگرتن و پەرەساندنی ڕەوتی بەجیهانیبوون کە بە هاتنە ئارایی بەرچاوی کۆمپیتەرو پێویستی بەکارهێنانی، پاشان ئینتەرنێت و سەتەلایت لە سەرانسەری جیهاندا ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی لە پاوانی دەوڵەتەکان دەرهێناو هێژمۆنی و ئەنجامدانی خستە دەست کۆمپانیا گەورەو فرەنەتەوەییەکانەوە.

بەم جۆرە حکوومەتەکانی وەک کۆماری ئیسلامی کە نوینەرایەتی بەرژەوەندی هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی نەدەکرد ڕووبەڕووی مودێرنیتە بوویەوە کە وەک ئەهرومێکی گوشاری بەهێز دەبووە هۆی داڕمانی دەسەڵاتەکەی. ڕووخانی هێندێک دەوڵەتی عەرەبی لە ماوەی شۆرشی ناسراو بە بەهاری عەرەبدا نموونەیەکە لە هێزی مودێرنیتە کە کۆمەڵگە توانیویە بە ئاقاری ئامانج و مەبەستە گرووپییەکان کەڵکی لێ وەرگرێ.

لە جیهانی ئەمرۆدا مودێرنیتە لە گۆڕەپانی بەرهەمهینان و دابەشینی کالا ئابوورییەکان، زانیاری، سەربازی، تەنانەت فەرهەنگیدا وەک پێوەری هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان هێندە هەستیارو پێویستە کە هیچ

وڵاتێک ناتوانێ حاشا لە گرینگبوونی بکاو لە لایەکی دیکەشەوە رۆژ بە ڕۆژ لە پاوانی دەوڵەتان دەردەچێ و دەگاتە داواکەرانی سەرەکی خۆی کە کۆمەڵە مرۆییەکانە.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئیسلامی شیعە بە ئاخێزگەی سەرەکی خۆی دەناسێنی لە نێوەڕاستەکانی دەیەی سێیەمی خۆیەوە تا ئەمرۆ بە تایبەت دوای نارەزایەتییەکانی ناسراو بە بزوتنەوەی سەوز تووشی قەیرانی قوڵی پێکهاتەیی بووە کە روو لە بنەماکانی دەسەڵاتەو چونکە ئەم قەیرانانە نیشاندەری دژایەتی نێوان بەرژەوەندی نەتەوەکانی ئێران و خواستەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆیە رووخانی سیستمو یان گۆڕانکاری زۆر قوڵو بنەمایی لە دەسەڵاتدا شتێکە ناکرێ خۆی لێ ببوێردرێ. پارتو لایانە سیاسییەکانی دژبەر یان ڕەخنەگری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەگەر بتوانن لە پێداویستی و پێویستیە راستەقینەکانی کۆمەڵگە بگەنو لە ڕێگەی ئەو دەرفەتانەی ڕەوتی مودێرنیزم خستویەتییە دەسەڵاتیانەوە زانیاری بە کۆمەڵگە بگەیەننو ئەرک و رۆڵی خۆیان بگێڕن، بێگومان کۆمەڵگەش هاوهەنگاو دەگەڵیان بیر لە دابەشینی میتۆدێکی نوێ بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران دەکەنەوەو بەشداری ئەم پرۆسەیە دەبن.

لە ژمارە ٦٤٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## پێشمەرگە لە بوونەوە تا پێگەیشتن

و: ئاڵەشین

ئەو وتارە چاوخشاندنێکە بە رابردووی ٦٩ ساڵێکدا، کە پێشمەرگە تێیدا لە دایک دەبێ، گەشە دەکا و لە بواری سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە پێدەگا. لێرەدا گرنگترین خاڵەکانمان وەک چەمکێک هێناوەتە بەرباسو بە وردی ڕۆنەچووینەتە نێو واتاکانیانەوە، بەو هیوایەی خوێنەرانی بەڕێز بتوانن زیاتریان لەسەر بخوێننەوەو ئەم فاکتەرە

گرنگەی پێشڤەبردنی بزووتنەوە نەتەوەیی - دیمۆکراتیکی کورد زیاتر بخەنە بەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوە.

ئەگەر بە قۆناخی مودێرنی خەباتی نەتەوایەتی کورددا بڕوانین کە روونە دامەزرانی حیزبی دیموکرات، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤، وەک خاڵی دەسپێکی ئەم پرۆسەیە دەناسرێ، لێکدانەوەی هەڵومەرجی پێکهاتن و دامەزرانی حیزبی دیموکرات، یەکەم فاکتەرێکە دەتوانێ یارمەتیدەری ناسینی بنیاتەکان و ئەو ئەهرومانەی تەڤگەری سەرەکی بزووتنەوە بێ کە گرەنتی بەردەوامی چالاکی بوونێو بۆ نەوەی ئەمڕۆ و داهاتووی دیاریی بکا.

دەسپێکی حکوومەتی پەهلەوی و داڕشتنی بناخەی نەتەوە - دەوڵەتی یەکگرتوو کە بە ئامانجی مودێرانیزسیۆنی ئێران لە لایەن رەزاشاوە پراکتیزە کرا، شەڕی دووەمی جیهانی و راگەیاندنی بێ لایەنی ئێران لە لایەن رەزاشاوە ٩ی گەلاوێژی ١٣١٨، داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی سوپای هاوپەیمانان لە سێیەمی گەلاوێژی ١٣٢٠ دا، کە دەست لە کارکێشانەوەی رەزاشاو دەسەڵاتدارێتی محەمەدرەزا شای لێکەوتەوە، بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی لە رۆژاوا، لە لایەکی دیکەشەوە سەرکوتی بەردەوامی بزووتنەوەکانی کورد لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە هەمووی بوونە هۆی پێکهاتن و چەکبەدەستەوە گرتنی هێزی بەرگریکاری کورد لە فۆرم و شێوەی مودێرندا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوە، کە بۆ یەکەم جار لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە ئەو خەباتگێڕو پارێزەرانە «پێشمەرگە» ناودێر کران.

پێشەوا قازی محەممەد لە وتووێژێکدا لەگەڵ بڵاوکراوەکانی تاران، کە لە ژمارە ١ی رۆژنامەی «کوردستان»یشدا چاپ کراوە دەڵێ: ئێمە ماوەی ٤ ساڵە خاوەن ئۆتۆنۆمی نێوخۆیینو، هەروەها سەید محەممەد حەمیدیش لە هەمان ژمارەدا لە بەشی «ئامانجی ئێمە»دا دەڵێ: دوای گەلاوێژی ١٣٢٠ ئێمە توانیمان ئیدارەی کاروباری خۆمان بەدەستەوە بگرین و حیزبی دیموکرات دابمەزرێنین، کەواتە ئەزموونی چوار ساڵەی، دوای دەست لە کارکێشانەوەی رەزاشاو ئەزموونەکانی پێشوو، بەڕوونی نیشان دەدا لەو هەڵومەرجە هەستیارو قەیرانادوییەدا پێکهێنانی هێزی «پێشمەرگە» زۆر دروست و لە جێی خۆیدا بووە.

ئەگەر بڕوانینە گرنگترین فاکتەرەکانی مودێرنیتەی کوردستان کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و پاشان کۆماری کوردستان ئاڵاهەڵگری بوون، دەبینین هەر سێ هۆکاری سەرەکی بۆ دامەزراندنی مودێرنیتە واتا بازار، پیاوانی ئایینی و چینی روناکبیر کە دەبوو بۆ گەیشتن و وەدیهاتنو بەردەوامی ئۆتۆنۆمی کوردستان تێبکۆشنو

هاوئاراستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی - دیموکراتیکی گەلی کورد بن، ئەو کات پێکنەهاتبوون یا لەوپەڕی لاوازیو پرشو بڵاویدا بوون، کەواتە پێشمەرگە وەک گرنگترین هێزی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکرات، نەک هەر دەبوو بە جێی ئەو فاکتەرانە رۆڵی بەمودێرنیتەکردنی کۆمەڵگە بگێڕێ، بەڵکوو دەبوو جۆرێکیش خۆبنوێنێ کە ئەم هۆکارە گرنگانەش بە شێوەیەکی خۆڕسک و سرووشتی و ناوچەیی پێکبێن. بەم جۆرە دەوری هەستیارو گرنگی پێشمەرگە کاتی دامەزرانی حیزبی دیموکرات و راگەیاندنی کۆماری کوردستان کە ١٥٩ رۆژ دواتر راگەیاندرا بە روونی ئەم راستییە نیشان دەدا کە رادەی دەسەڵات و یان لاوازی هێزی پێشمەرگە تا چ رادەیەک لەو قۆناخەداو تەنانەت پێکهاتنی نەوەکانی دواتری پێشمەرگەو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کاریگەر بووە.

تێپەڕین لە کۆمەڵگەی نەریتی و گەیشتن بە کوردستانێکی مودێرن بە ئەندامانی حیزبی دیموکراتەوە کە یەکەم ئەزموونی مودێرنی سیاسی کوردستانیان بەرەو پێش دەبرد، پێویستی بە هێزی مرۆیی، فاکتەری ئابووری و گەشەی فەرهەنگی زۆر بەرین بوو، کە دەبوو لە کورتترین ماوەدا پراکتیزە بکرێن. بەهۆی نەبوون یان لاوازیی ئەو سێ فاکتەرە بنەڕەتییەو هەروەها تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان کە ١١ مانگی خایاند، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی هەڵومەرجی نالەباری ئێران، نەبوونی پێشینەی دیموکراسی لە وڵات و ئەو قەیرانانەی رۆژاوا و رۆژهەڵات بۆ کۆمەڵگەی ئێرانیان خوڵقاندبوو، هەموویان بوون بە هۆکارێک کە مودێرنیتەو پەڕینەوە لە کۆمەڵگەی نەریتی لەسەر بەستێنی پێویستییە راستەقینەکانی گەلی کورد لە لایەن حیزبی دیموکراتەوەو هێزی پێشمەرگەوە خاو و تەنانەت لە هەندێک بواردا راوەستێو ئەندامانی حیزب ناچار بوون بە شێوەی نهێنی چالاکی و ئەرکەکانیان راپەڕێنن. دوای ٢٠ ساڵ چالاکی نهێنی و گەشەی هەنگاو بە هەنگاوو خاوی پێشمەرگە کە هەلومەرجی خراپی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران کاریگەریی لەسەری هەبوو، چەخماخەی خەباتی چەکداری ١٨ مانگەی ئەندامانی حیزبی دیموکرات، کە بە بزووتنەوەی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ ناسراوە نیشانی دا پێشمەرگە دەتوانێ بە شێوەیەکی نوێ بە ئامانجی وەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد هەنگاو بنێ. هەرچەند ئەو قۆناخە مێژووییە زیاتر رەهەندی سەربازی هەبووو پێویستی پێکهاتنی هزری مودێرنتر بۆ باشترکردنی کارکردی پێشمەرگەو گشتگیرکردنی بزووتنەوە لە ئاستی کوردستاندا بە تەواوی هەست پێدەکرا.

بوونی د.قاسملوو بە سکرتێری گشتی حیزب، بوو بەهۆی مودێرنیزەبوونی سترەکتۆری حیزبو بوارێکی رەخساند تا پێشمەرگە لە مەیدانی سیاسی و سەربازیشدا بتوانێ بە بەرزکردنەوەی تواناییەکانی هەماهەنگی پێویست دەست بخاو حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک هێزی یەکەمی کوردستان بە پێگەی کۆمەڵایەتی بێوینەو بەربەرین لە

تەواوی کوردستانی ئێراندا چالاکی بنوێنێ. میتینگی ١١ی رەشەممەی ١٣٥٧، کە جەماوەرێکی نزیک بە ١٠٠ هەزار کەسی تێدا بەشدار بوو، خاڵی وەرچەرخانی خەباتی نەتەوەیی کوردە لە ئێران، ئەو میتینگە بە ئامادەبوونی بەربەرین و بێوێنەی ئەو بەشە لە لایەنگرانی حیزبی دیموکرات بەرپێوەچوو کە دەیانتوانی ئەو رۆژە لەو شوێنە ئامادە بن. بەشداری چین و توێژو گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لەو میتینگەدا خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بەرزکردنەوەی چۆنیەتی و چەندێتی بزووتنەوەو هێزی پێشمەرگە، چونکی هەر ئەو خەڵکە بەرەبەرە لە جلوبەرگی پێشمەرگایەتیدا بۆ وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتیو مرۆییەکانی خۆیان تێکۆشانو هەموو تەنگو چەڵەمەکانی ژیان و خەباتیان بە دڵ و گیان کڕیو بزووتنەوەیان بەرەوپێش هێنا.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین، ئەمڕۆکە ئەگەر ناوی پێشمەرگە لە جیهاندا وەک هێزێک دەناسرێ کە بەرگری لە مرۆڤایەتی و مافی مرۆیی خەڵکی کورد دەکا، ئەم سەرکەوتنو خۆشەویستییەی قەرزداری ئەو تێکۆشان و فیداکارییانەیە کە بۆ یەکەم جار ئەو چەمکە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئیدەو هزرو وشەوە پراکتیزە کراو لە کاتی بوونەوە تا پێگەیشتن وەک دایکێکی دڵسۆز تەنەخی لە هیچ تێکۆشان و ماندووبوونێک نەکردوە.

لە ژمارە ٦٤٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

# بابەتەکانی ساڵی: ۲۰۱۵

## وتوویژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ حۆسام حەیدەری،

### ئەندامی رێکخراوی سەربەخۆی دیپلۆماتیکی جیهانیو ماموستای پەیوەندیەکانی دەرەوە لە کۆلێژی فرە کلتوری (فینیسکا هێکوسکۆلاند) لە سوئێد

### ناردنی «سەحرا روودی» پێش هەموو شتێک شکاندنی هەیمەنەتی هەرێمی کوردستان بوو



***ئارەش لورستانی: بۆچی لەم قۆناخەدا کۆماری ئیسلامی کە تووشی قەیرانی نێوخۆیی و دەرەکی بۆتەوە ئەم حەساسییەتە لە نێو کورددا بەتایبەت کوردی رۆژهەڵاتدا دەورووژێنێ؟***

**حۆسام حەیدەری:** بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە حوکمی ئەوەی کە میللەتی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بە زۆر بە مافەکانی خۆی گەیشتوە بەو حوکمەش خەباتی میللەتەکەمان لە رۆژهەڵاتدا چۆیە قۆناخێکی یەکجار حەساسو مەسئلەساز بۆ رژیمی کۆماری ئیسلامی - دیارە کۆماری ئیسلامیش بۆ بە چالش کێشانی ئەو مەسەلەیەو لە هەمان کاتدا دەزانێ کە هەرێمی باشووری کوردستان نوقتە قوەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانەو گرینگی تایبەتی هەیە بۆ رۆژهەڵات، بۆیە رێژیم بەناردنی ئەو ترۆریستە - ئامانجێکی گرینگی پێکا، ئەویش ئەوەیە کە هەستی کۆمەڵانی رۆژهەڵاتی بریندار کردو ئەو هەڵەیە سەرکردایەتی باشووریشی تێکەوت. بمانەوێ و نەمانەوێ بۆشاییەکی خستە ناو هەستی کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانو ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان مەسەلەی کوردی لە لەحازی (نوقتە نیگای) جیهانییەوە

زۆرتر بەرەو ڕووی دونیای دەرەوەی ناساندو مەسەلەی کوردی کرد بە مەسئەلەیەکی جیهانیو لە هەمان کاتیشدا میدیای جیهانی کە ڕۆڵی پاراستنو پەرەپێدانی ئازادیو دیموکراسی لە جیهاندا بە ئەستۆیە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ناساندنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی معادلاتی ناوچەییدا بە جیهان ناساند. کاتێک کە باسی کۆبانێ دەکرێت، بۆ هاووڵاتیانی دونیای ئازاد، مەسەلەی کورد بە تەواویەتی هەر چوارپارچەکە چاوی لێدەکرێت - ئەم یەک گرتنەوەی نیشتمانییە کە لە نێو میللەتی کوردستاندا لە چوارپارچەکە پێک هاتووە- چوارچێوەی سنووری حیزبایەتی، تێپەڕاندووەو جبهەیەکی نیشتمانی بە خۆیەوە گرتووە. هەستێکی نەتەوایەتی کە لە کوردستاندا پێک هاتووە پرسیاری لە چوارچێوەی سەربەخۆیی (ساورنیتی) وڵاتانی ناوچەکە کە کوردستانی داگیر کردوە، تێپەڕاندو ئەو پرسیارەی کە نابێ لە ئۆمووری وڵاتاندا دەخالەت بکرێت تێک شکاند. ئێستا ئەو پرسیارە پاش شەڕی مەسەلەی چوارچێوەی ساورنیتی موتلەق کە هیچ دەوڵەتێک نەتوانێ دەخالەت لە ئۆمووری دەوڵەتێکی سەربەخۆی تردا بکات تێک شکاوەو مەسەلەی هێرش کردنە سەر هەر ناوچەیەک یا میللەتێکی بێدەرەتان وڵام دانەوەیەکی توندی جیهانی بەدوای خۆیدا دەهێنێتو ئەو چوارچێوەی موتلەقی ساوێرنێتیە دەوری قانوونی خۆی لەدەست داوە. هەروەها کە ئاگادارن کە بڕیاری شورای ئەمنییەت لەسەر «فلای فریزون»، ناوچەی دژە فڕین لە باشووری کوردستانو بۆسنیاو کۆسۆڤۆ دەرچوو، ئەو چوارچێوەی تێک شکاند. ڕێژیمی ئێران کە توانیویەتی بەرپەرچی زۆربەی تەحریمەکانی جیهانی بە هۆی مەنزوومەیەکو ئێرتباتاتێکو نفوزێک کە پێکی هێناوە تا رادەیەکی زۆر تێک بشکێنێت. (ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی ئیستراتژیکی دووربینی خۆیدا، تا ڕادەیەکی زۆر بە دروست کردنو مەحکەم کردنی پێگەی خۆی لە دروست کردنی (هیلالی شیعە) لە ناوچەکەدا تا مەرزەکانی سعوودیە کە ڕابەرایەتی دونیای (سوونە) دەکات پێش کەوێت. لەو چوارچێوەدا ئێران - کوردستانی باشوور لەو چوارچێوە ئیستراتژیکە (بەبێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی مەزهەبی)دا دەبینێتو هەروەها لە وەڵامی پرسیارەکەدا، بۆچی ئێران - کە لە ناردنی ئەو هێیئەتە دیپلۆماسیەدا بۆ ناوچەکەو تەرکیبی ئەو وەفدەو پێشتریش کە سەردانی وڵاتی تریان کردبووەو ئاگاهانە بە پێی کۆنواسیۆنی پێوەندیەکانی نێونەتەوەیی وییەن کە هەر هەیئەتێکی دیپلۆماسی کە سەردانی وڵاتیک دەکەن لیستی بەشدارانی ئەو وەڤدە پێشتر بە وڵاتی میواندار ڕادەگەیەنن - وڵاتی میواندار پاش چاوپێخشاندن بە لیستەکەدا. وڵامی میوانەکانو بەخێر هێنانی میوانەکان دەکەن.

بەداخەوە پێوەندی نێوان حکوومەتی خۆجێی کوردستانو حکوومەتی ئێران لە چوارچێوەی پڕۆتۆکۆڵی دیپلۆماسیدا ناگونجێت. ئێران پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکوومەتی خۆجێی کوردستاندا بە شێوەیەکی ئەمنییەتیو لە چوارچێوەی ئەمنییەتی سنوورەکانی خۆیدا دەبینیت. ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لەحازی قانوونی بنەڕەتی عێراقدا

وەکوو هەرێمێکی فیدراڵ دانی پێدانراوە. بەڵام حکوومەتی مەلاکانی تاران بەو شێوەیە چاو هەڵسوکەوتی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا ناکەن- سەردانی ئەوان وەکوو سەردانی پارێزگای کرمانشان پارێزگای سنەو ورمێ دەبینن.

***ئارەش لورستانی: ئایا سەفەری سەحراروودی بۆ باشووری کوردستان لەپێناو لاوازکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی روحانییە لە لایەن ئوسولگەراکانەوە، یان ئەو چاوپێکەوتنە بە هاوئاهەنگی دەوڵەت و مەجلیس رێکخراوە؟***

***حۆسام حەیدەری:*** بۆ ئاگاداریتان تەواوی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئێران لە چوارچێوەی بەیتی رەهبەری بە موشاورەتی جەنابی (ولایەتی - قاسم سولەیمانی - رەحیم سەفەوی)وە ئاغای بەغدادی کە جێگری وەزیری دەرەوەی ئێرانو بەرپرسی فایلی عێراق لە وزارەتی دەرەوەی ئێراندا تەنزیمو بەرێوە دەبردرێت. هاتنی ئەو هەیئەتەو ناوەکانیان بە وەزارەتی دەرەوەی عێراقو حکوومەتی هەرێمی درابوو.- بە ئاگاداری رووحانیو کولیەتی نیزام بڕیاری لەسەر درابوو ئەوە هیچ جیاوازیەک لە نێوان باڵی ڕووحانی یان ئیسلاح تەڵەب یا باڵی خامەنەیی و بناژۆخوازدا لەوبارەیەدا نەبووە.

***ئارەش لورستانی: ئایا بەرپرسانی هەرێمی کوردستان یەکیەتیی نەتەوەیی فیدای بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان دەکەن، یان کۆماری ئیسلامی لە رێگەی دیپلۆماسییەوە ئامانجێکی تایبەت دەپێکێ؟***

***حۆسام حەیدەری:*** بەداخەوە حکوومەتی خۆجێی کوردستان دوای چەندین ساڵ لە حوکمڕانی هێشتا بڕوابەخۆ بووەی تێدا بەدی ناکرێت. هەموو دەزانین کە حکوومەتی ئێران بە هەموو کەمو کورییەکانیەوە یەکێک لە کاریگەرترین حکوومەتەکانی ناوچەیە ناردنی شەخصی «سەحرا روودی« پێش هەموو شتێک شکاندنی هەیمەنەتی هەرێمی کوردستان بوو. حکوومەتی ئێران بە ناردنی ئەو هەیئەتە - یەکیەتیی نەتەوایەتی - و دڵسۆزیو هاوپەیمانی نێوان ڕیزەکانو بەشەکانی کوردستان کە پێک هاتووە، دووچاری درز کردووەو توانی دووبارە لە ڕێی سیاسی - ئیخلاقی عاتفی - ئەو مەرزە دەست کردانەی داگیرکەران لە کوردستان دیسان دای بنێنەوە - و دڵشکاندنی زۆر لە نێو کوردانی باکوورو ڕۆژهەڵاتو باشوور بە نیسبەت هەرێمی کوردستان- و لەم ڕێگەیەشەوە توانی ئەو پەیوەندیە نیشتمانیە تێک بشکێنیتەوە. لێرەدا خالێک هەیە کە بۆمن جێگەی سەرنجە، ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە چوارچێوەی ئیستراتژیکی لەرزۆکی - تێکەڵاو لەگەڵ تیرۆرو تۆقاندن دەبینێتەوەیان لە چوارچێوەی دونیای

ئازادو دێموکراسیو هاوپەیمانی نەتەوەیی.

***ئارەش لوڕستانی: بە بڕوای بەڕێزتان ئەو کارەی کۆماری ئیسلامی ئێران و دژکردەوە هەرێمی کوردستان چ کاریگەرییەکی لە سەر ڕۆژهەڵات، بەتایبەت لاوان دەبێ؟***

**حۆسام حەیدەری:** بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم کە کوردی ڕۆژهەڵات ئەو هیوایەی کە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی هەبوو - لە دەست داوەو ئیتر لە چوارچێوەیەکی نیشتمانیدا چاوەروانی پاڵپشتی ڕۆژهەڵاتی بۆ هەر هەنگاوێکی سەربەخۆ - و پاڵپشتی سیاسیو مەعنەویو مادی کوردانی ڕۆژهەڵاتو باکوور تاڕادەیەکی زۆر لەکیس داوە. بەداخەوە هەموو جارێک مێژوو لە ناو کورداندا دووپات دەبێتەوە. سارێژ کردنی ئەو پێشوازییە زۆر دەخایەنی کە کوردی ڕۆژهەڵات لەبیری بەرێت. ئەوەش بزانن کە ئێمە وەک کوردی ڕۆژهەڵات ٢٥ ساڵە تەواوی بەرژەوەندی خۆمان لە پێناوی باشووری کوردستاندا فیدا کردوە.

***ئارەش لوڕستانی: بە سەرنجدان بەوەی کە شەهید د.قاسملوو یەکێکە لە شوێندانەرترین ڕێبەرانی گەلی کوردە کە خەباتی بەرەو پێش بردوە، بە بڕوای ئێوە پارتەکانی چوار پارچەی کوردستان چ بەرپرسایەتییەکان هەیە لە بەرابەر ئەو کردەوانەو بۆ بەرگری لە دووپات نەبوونەوەی ئەم چەشنە کردارانە دەبێ چ بکەن؟***

**حۆسام حەیدەری:** لەبیرمان نەچێ دەسکەوتی ئێستا لەژێر ماندووبوونی دیپلۆماسی شەهید دوکتوور قاسملوو و تەسیراتی لەسەر میترانو شاگردەکانی « بێرنارد کۆشنیر- دوکتور گرانژون»و دیپلۆماتو سەرۆکانی وڵاتانی ئوروپا «ویل برانت، کراکسکیە«و ناساندنی مەسەلەی کوردو  نێونەتەویی کردنی ئەو قەزیەیە لە لایەن شەخسی دوکتوور قاسملووەو هەر ئەو تەئسیرەش بوو کە میتران مەسەلەی دژە فرینی بردە شورای ئەمنییەتی سازمانی میللی موتەحیدەوە.

***ئارەش لوڕستانی: لە کۆتایی دا ئەگەر پێتان وایە بابەتێک هەیە نەوترابێ، بفەرموون.***

**حۆسام حەیدەری:** هیوادارم کە بەرژەوەندی کاتی نەکەینە قوربانیی بەرژەوەندی ئیستراتژیکی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچە. سەرکەوتنی هەر پارچەیەک لە کوردستان بێشک تەئسیرگوزارە لە بەشەکانی تر داو ئەوەشمان

لەبیر نەچێ تکا دەکەم لە سیاسیەکانی کوردستان جارێکیتر بە وردی پرۆسەی Constaructive chauf کە لەلایەن خانمی کۆندالیزارایس‌و بە چاودێری ڕاستەوخۆی پێنتاگۆن بۆ ناوچەکە (ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دارێژراوە.

ئێمە هەرچەند دڵنیگەران‌و دڵشکەستەین لە ڕێبەرایەتی کوردستانی باشوور بەڵام هیچ کات بەرژەوەندی نیشتمانی خۆمان ناکەین بە قوربانی پیلانگێری دوژمنان‌و داگیرکەران، پاراستنی بەرژەوەندیی حکوومەتی هەرێم بە ئەرکی نیشتمانی تاکی کورد لە ڕۆژهەڵات- ڕۆژئاوا- باشوور و باکوور دەبینین.

لە ژمارە ٦٤٧ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێویری ٢٠١٥

## وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری

**ئەندامی کومیتە ناوەندی حدک سەبارەت بە «یەکێتی بۆ دێمۆکراسی لە ئێران (UDI)»**



***پرسیار؟ لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان گوڵالە شەرەفکەندی و ئێوە بۆ شورای سیاسەتگوزاری «» اتحاد برای دمکراسی در ایران «» (UDI) بانگهێشت کراون، دەکرێ چۆنێتی بەشداریتان لەم ڕێکخراوەیەدا بۆ خوێنەران باس بکەن؟ هەروەها کورتەباسێک لە سەر UDI بۆ ئەوەی خوینەران زیاتر لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەیە ئاشنا بن؟***

**وەڵام:** لە چەند ساڵی رابردوو بەشی پێوەندییەکانی حدک لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات چالاک بوون و بە حزووری خۆیان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، توانیویانە سرنجی کەسایەتی و رێکخراو حیزبە سیاسی‌یەکانی ئێرانی لە تاراوگە بۆ لای حدک رابکشێن. بە تایبەت لە چەند ساڵی رابردوو چەند کۆنفرانس و کۆبوونەوەی جێی سرنج و هەستیار لە دەرەوەی وڵات بەرێوەچوون کە هەیئەتی بەشی پێوەندییە ئێرانییەکانی حدک بانگهێشت دەکران ، هەر بۆیە لە چەند مانگی رابردوودا هەیئەتی دەبیرانی UDI نامەیەکی بۆ هاوڕێ گوڵاڵە شەرەفکەندی و من نارد بۆ بەشداریمان لە شورای سیاسەتگوزاری UDI. دیارە ئێمە بەڵێنی هاوکاریمان داوە بەڵام هێشتا هەندێک مەسەلە هەن کە پێویستە زیاتر قسەی لەسەر بکەین و بە دوای روونبوونەوە و رێکەوتنێکی هەمە لایەنە ئێمەش بڕیاری کۆتایی خۆمان دەدەین.

UDI رێکخراوێکی چەترییە کە لە کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی بە بیروبۆچوون و پێشینەی جیاوازەوە نزیک بە دوو ساڵ لەوە پێش لە دەرەوەی وڵات پێک هات. یەکەم کۆبوونەوە کە چەخماخەی ئەم پرۆژەیەی لێدا، کۆنفرانسی لەندەن لە لایەن ناوەندی موتالا و لێکۆڵینەوەی ئێران و عەرەب بوو. بە دوای ئەودا لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمی یەکەم( ٤ و ٥ی فوریەی ٢٠١٢) کە بە میوانداری و هاوکاری بنیاتی ئۆلاف پاڵمەی سوئێدەوە بەرێوە چوو، UDI دامەزران و دەستپێکی کارەکانی خۆی راگەیاند. دواتر لە بروکسێل و پراگ و دیسان لە ستۆکهۆڵم (٢) کۆنفرانسی بەرێوەبرد. ئاخرین کاری UDI بەشداری وهاورکاری لە بەرێوەبردنی فۆرومی نێونەتەوەیی مەدیتەرانە لە فلۆرانسی ئیتالیان بوو(١٨ی ڕەزبەری ٢٠١٤). بنەمای سیاسی ئەم پێکهاتەیە لە دوو درووشمدا کۆ کراوەتەوە: بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد و خەباتی دوور لە توندو تیژی.

***پرسیار: ئایا ئێوە وەک نوێنەری حیزب بانگهێشتکراون ؟ ئەگەر دەکرێ چۆنێتی حزوورتان لەوێ باس بکەن؟***

**وەڵام:** لە ئەساسنامەی UDI دا هاتووە کە هەر کەس بە سفتەتی تاک بەشدارە لە UDI دا، بەڵام حزووری نوێنەران و بەرپرسانی حیزبی توانیوێتی قورسایەکی زیاتر بدا بە UDI، لە دەرکەوتنەکاندا دەبینین کە هەم کەسایەتییە سەربەخۆکان و هەم نوێنەرانی حیزب و رێکخراوەکان بالانسێکیان لە نێو UDI دا پێک هێناوە، دیارە مکانیزم و چۆنێتی پێوەندی ئۆرگانیکی ئەم دوانە لە نێو UDI دا جێگەی باسە و لە داهاتوودا یەکلایی دەبێتەوە. ئێمەش کە بانگکراوین بێگوومان وەک تاک بەشدارین بەڵام نوێنەرایەتی بیروبۆچوون و سیاسەتەکانی حیزبیش دەکەین.

***پرسیار: چ وەک یەکچوون و چ جیاوازییەک لە نێوان سیاسەت و بەرنامەکانی حدک و UDI دەبینن؟***

**وەڵام:** پێویستە دووپات و تەئکید بکەمەوە کە UDI ڕێکخراوێکی چەترییە کە لە لایەند چەند کەسایەتی سیاسی ئێرانییەوە پێکهاتووە کە هەموویان لە سەر دوو خاڵ ڕێک کەوتوون. بەڵا حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبێکی لەمێژینە و خاوەن پێشینە و ڕێبازێکی تایبەتە و بەرنامەو ئەساسنامەی حدک تایبەتە بە خەباتێکی میللی دێموکراتیک بۆ هەرێمێک بە ناوی کوردستان. بۆ دەتوانم بلێم کە سیستەم و مکانیزمی کار و چالاکی و تێکۆشانی ئەو دوانە لێک جیاوازن. لە باری سیاسیشەوە لە ئاماج و ستراتیژیدا جیاوازی هەیە، بۆ وێنە ستراتیژی حدک دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵدایە، بەڵام ستراتیژی UDI بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازادە. ئەوە هەرچەند لە لایەکەوە باس لە جیاوازی دەکات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە وەک یەکچوونێکیش دەردەخات، بە واتایەکی دیکە حدک پێشوازی لە هەڵبژاردنی ئازاد لە ئێراندا دەکات و خەباتی بێ تووندوتیژیش بەشێکە لە بنەما فەلسەفییەکانی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان. بۆیە دەکرێ سیاسەتەکانی UDI لە نێو بەستەر و بنەما و فەلسەفەی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ببینینەوە.

***پرسیار: ئایا حدک لە بەرنامەی دایە کە لەگەڵ UDI هاوکاریێ درێژە بدا؟***

**وەڵام:** ئەم بڕیارە دەگەرێتەوە چۆنێتی هاوکاریمان لە داهاتووی دوور و نزیکدا. UDI هەندێک پێداچوونەوە و پەرەپێدانی بەدەستەوەیە و ئێمەش چاوەرێ دەبین بزانین چۆن دەتوانین هاوکاری ئەم ڕێخکراوە چەترییە بکەین. بریاری کۆتایی بە دەست ڕێبەریی حدکەوەیە.

**لە ژمارە ٦٤٧ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانیۆیری ٢٠١٥**

# کۆمەڵناسیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان

## و: ئاڵەشین

ئەگەر بڕوانینە جیهانی مودێرن، پێکهاتنی پارتی سیاسی و بەدوای ئەویشدا دامەزرانی دیموکراسی بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مودێرن دەژمێردرێن. کەواتە ئەگەر بمانەوێ لە مێژووی کورددا لەو تایبەتمەندییانە بڕوانین و بەدوای یەکەم پارتی سیاسی مودێرنەوە بین کە توانای دامەزراندنی دیموکراسی هەبووە، ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان خاڵی دەسپێکی پرۆسەی مودێرنیتەی نەتەوە کوردە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دامەزراو تەنیا ١٥٩ ڕۆژ دوای ئەویش کۆماری کوردستان رادەگەیەنێ. پیشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان لە وتووێژێکدا دەگەڵ بەرپرسانی ڕۆژنامەکانی تاراندا (ژمارەکانی ١ و ٢ی ڕۆژنامەی کوردستان، رێکەوتی ٢٠ی رێبەندانی ١٣٢٤) دەڵێ: «ئێمە ٤ ساڵ خۆبەڕێوەبەری نێوخۆیی خۆمان هەیە» و سەید محەمەد حەمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانیش لە سەروتاری ژمارە ١ی ڕۆژنامەی کوردستاندا لە ژێر سەردێری «ئامانجی ئێمە»دا دەنووسێ: «دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و دەست لەکار کێشانەوەی رەزاشا توانیمان خۆمان ئیدارەی ناوچەکەمان بگرینە دەست و خۆبەڕێوەبەری نێوخۆیی پێک بێنین›.

هەروەها لە ژمارەی ٣ی ڕۆژنامەی کوردستاندا عەلی خەسرەوی بەرپرسی چاپەمەنی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەروتاری «کورد بۆ ڕا پەڕی؟» دا ئاماژە بەوە دەکا کە ستەمی رەزاشا بوو بەهۆی ئەوەی دوای لابردنی ئەو، بتوانین کاروبارەکانی خۆمان، خۆمان رایانپەڕێنین.» بەگوێرەی بەڵگەو دیکۆمێنتەکان روون و ئاشکرایە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە دوای ئەویشدا دامەزرانی کۆماری کورستان بەرهەمی تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەندامانی دامەزرێنەری حیزبی دیموکرات و بەشداریی کۆمەڵایەتی خەڵک بووە کە پاش دەست لەکار کێشانەوەی رەزاشا، چالاکانی کورد بۆشایی هێزیان قۆستۆتەوە و تا ئەو جێیەی بۆیان کراوە کۆمەڵگەی کوردستانیان بەرەو سەروەری نەتەوەیی کورد بردۆتە پێش و ئەگەر ئەم دەرفەتەش نەڕەخسابوایە؛ بە بێشک ئەم چەشنە چالاکی و هاوکارییانە لە شوێنێکو زەمەنێکی دیکەی مێژوودا سەریان هەڵدەدا، چونکی ئەو چالاکییانە لەسەر بنەمای شوناسخوازی و بەدەستهێنانی مافی رەوای دیاریکردنی چارەنووسی کوردو لە سەر بەستێنی خەباتی ئەو گەلە لە

پارچەکانی دیکەی کوردستان کە لەمێژبوو چەکەرەی کردبوو، شین ببۆوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە بەگوێرەی ئەم بەلگانە، دەورو رۆڵی کاریگەریی کۆمەڵەی ژێکافە (٢٥ی خەرمانانی ١٣٢١ دامەزراوە) لەسەر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وکۆماری کوردستانە؛ چونکی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا خاوەن پلەو پێگەی بەرزن و، لە ئاستێکی ریئاڵتردا سەرقاڵی پێشخستنی ئامانجە سیاسییەکانن. کەواتە کۆمەڵەی ژێکاف هیچ کات پێکهاتەیەکی هزری نەبووە و هۆکارێکی گرنگی پراکتیکی‌یە کە بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ دامەزرانی حیزبی دیموکرات و راگەیاندنی کۆماری کوردستان خۆش کردوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لە لایەن نەیاران و هەندێک لە راڤەکارانی کۆماری کوردستانەوە دێتە بەرباس، سەفەری قازی محەمەدە بۆ باکوو، دیتنی باقرۆڤە. زۆربەی ئەو نەیارو شرۆڤەکارانەی بەهۆی حەساسییەتە مێژووییەکانی خۆیان سەبارەت بە یەکیەتی سۆڤییەت و بەرەی رۆژهەلات، هەر چەشنە چاوپێکەوتن و پێوەندی و دانوستانێک دەگەڵ ئەو بلۆکە بەتوندی دەدەنە بەر پلارو بتەوێ و نەتەوێ راستییەکان دەشێوێن و خەوشداری دەکەن. ئەگەر هەندێک بە ویژدان بین، دەبێ بلێین نەتەوەیەک کە کەوتۆتە سنووری دەسڕۆیشتوویی یەکیەتی سۆڤیەتەوە، ئەویش لەو سەردەمەدا کە یەکێک لە دوو زلهێزە سەرەکییەکانی جیهان بوو، ناچار بوو پێوەندی و دانوستانی دەگەڵی هەبێ، چونکی سۆڤیەت بەرواڵەت بەرگری مافی نەتەوە بەشخوراو و ژێردەستەکان دەکرد، کەچی وڵاتانی بەرەی رۆژاوا بەپێچەوانەی بلۆکی رۆژهەلات، فاکتەری هاتنە سەرکاری رەزاشا بوون و هەروەها سیاسەتەکەیان لە پەیمانی لۆزاندا بەڕوونی نیشانی دا، نەتەوەی کورد ناتوانێ متمانەیان پێ بکا. خاڵێکی بەرچاوی دیکەی ئەو سەردەمە پێڕەوی‌نەکردنی قازی محەمەد و خەباتگێرانی کوردە لە گەلاڵە و پلانەکانی باقرۆڤ لەسەر تێکەڵبوونو چوونە ریزی بزووتنەوەی ئازەربایجانە.

ژمارەی ٣ی رۆژنامەی کوردستان، سەروتاری «کورد بۆ راپەڕی» و هەروەها ژمارەی ١١ی رۆژنامەی کوردستان، سەروتاری «یەکێتیمان بە ئامانجەکانمان دەگەیەنێ»؛ بەڕوونی دەری‌دەخا کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای ئەو مافانە پێک هاتوە کە لە جاڕنامەی ئاتلانتیک (جاڕنامەی ئاتلانتیک ناوی راگەیەنراوێکی هاوبەشی وینستۆن چرچیل و فرانکلین رۆزڤلێتە، کە مانگی ئوتی ١٩٤١ بلاوکرایەوە. ناوی ئەو جاڕنامەیە ئاماژەیە بە زەریای ئەتلەس «ئاتلانتیک». دانوستانە نهێنییەکانی ئەو راگەیەنراوە لە پاپۆری هێزی دەریایی ئەمریکادا بەناوی گۆستاو لە

کەنارەکانی نیوفاندلەند کرا. پاش بڵاوبوونەوەی، جاڕنامەی ئاتلانتیک لە کۆنفرانسی ڕێککەوتووان (متفقین) و بە بەشداری بلژیک، چیکوسلڤاکی، یونان، لۆکزامبۆرگ، هولەند، یەکیەتی سۆڤیەت، یۆگۆسلاڤی و نوێنەری ژێنراڵ دۆگۆڵ کە نوێنەرایەتی فەڕەنسای ئازادی دەکرد، پەسند کرا. ئەم جاڕنامەیە دواتر لە ژانویەی ١٩٤٢دا بە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی پێدرا) بۆ هەموو نەتەوەکان لەبەر چاو گیراوە. کەواتە تاوانبارکردنی کۆماری کوردستان بەوەی کە بە شوێنکەوتووی یەکیەتی سۆڤیەت و ئەویش لە کاتێکدا زۆربەی جیهان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە سەر دوو بەرەی ڕۆژاواو ڕۆژهەڵاتدا دابەش ببوو، ئیدیعایەکی بێ بنەما و ناژیرانەیە.

یەکێکی دیکە لە گرنگترین هۆکارەکانی دامەزرانی حیزبی دیموکرات و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، هەلومەرجی مێژووی، سیاسی و کۆمەڵناسییانەی نەتەوەی کوردە، کە لە هەر چوار بەشی کوردستان ڕووبەڕووی ببۆوە. ڕاگەیاندنی دەوڵەت_نەتەوەی یەکگرتوو لە لایەن ڕەزاشاو ئاتاتۆرکەوە و پەرینەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئێران و تورکیە لە قۆناخی دەرەبەگایەتییەوە (ئاغاو ڕەعیەتی) بۆ فۆرمێکی نوێی سیاسی، ئابووریو فەرهەنگی کە هەوڵی یەکدەست کردنی ئەو وڵاتانە لەپێناو دروستکردنی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوەی دەدا، گەلی کوردی خستبووە تەنگانەوە، کە ئەو گەلەش دەبووا بۆ درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی خۆی و لەپێناو بەرگری لە شوناس و بەرژەوەندییەکانی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی وەک یەکەم حیزبی مودێرنی کوردی و گونجاو دەگەڵ هەلومەرجی نوێ جیهانی دامەزراندبایەو، پاشانیش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان باشترین ئامراز بوو کە جگە لە متمانەبەخۆیی کۆمەڵایەتی، ناسیۆنالیزمی مودێرنی کوردی ڕۆدەچوواندە ناخی کۆمەڵگەی کوردی و نێو هەموو چین و توێژەکانی. تێگەیشتن لە ژیرایەتی ئەم ئیدەیە زۆر سوک و ئاسانە، چونکی دەبینین پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان فۆرمی نوێ ناسیۆنالیزمی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە دامەزراندنی پارتی سیاسی مودێرن کە حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرچەشنیان بووە، دەسبەجێ و بەگوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر کام لە پارچەکان پەرە دەستێنن.

لە کۆتاییدا تەنیا سێ خاڵ وەک سەردێر ئاماژەیان پێدەکەم، چونکی ئەم خاڵانە ڕێگە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی وردتر لەسەر کۆماری کوردستان خۆش دەکەن.

١- ڕۆژنامەی کوردستان لە دەسپێکی بڵاوبوونەوەیەوە هەتا ڕووخانی کۆماری کوردستان ٩٢ ژمارەی لێ دەردەچێ.

ژمارەی ١ تا ٦ بەر لە راگەیاندنی کۆماری کوردستان دەرچووەو هەڵوێستی فەرمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەخا، بەڵام لە ژمارەی ٧ تا ٩٢ ئۆرگانێکی فەرمییە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی کۆماری کوردستان.

٢- بەگوێرەی بەڵگەکانی رۆژنامەی کوردستان بەکارهێنانی وشەی «کۆماری کوردستان» دروستە و، وتنی کۆماری مهاباد چەواشەی مێژووە.

٣- لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد وەک سەرکۆماری کوردستان یەکێکە لە خاڵە وەرچەرخانەکانی کۆماری کوردستان. شەهیدبوونی پیشەوا قازی محەمەد فۆرم و نێوەڕۆکی کۆمار و بزووتنەوە گشتگیر دەکا، کە بۆ راڤەکاران و هێزە سیاسییەکان و هەروەها نەوەکانی دوای کۆماری کوردستان بە هیچ جۆرێک جێگەی پشتگوێ خستن نییە.

چونکی لەسێدارەدانی پیشەوا یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی وشیاری کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی نەتەوە.

لە ژمارە ٦٤٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٥

---

## شۆڕشی ١٣٥٧ و کاریگەرییەکانی لەسەر بزاڤی میللی - دیموکراتیکی کورد

**و: ئاڵەشین**

شۆڕشی ١٣٥٧ تەڤگەرێکی جەماوەری بوو بە بەشداری تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵگە، راپەڕینێکی گشتی بوو بۆ پەڕینەوە لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دامەزرانی دیموکراسی لە ئێران. بەتاڵانبرانی شۆڕش لە لایەن داهێنەرانی تێزی بەناو کۆماری ئیسلامی، دیکتاتۆرییەکی تازەی لە ئێران دامەزراند کە ئەو ئەزموونە تاڵو شکستخواردوویە دەتوانێ هەڵەو پەڵەکانی رابردوومان لێ روون کاتەوەو سەرکەوتنی داهاتوومان بۆ مسۆگەر بکا. لەم کورتەنووسینەدا

شەنوکەوی گرنگترین کاریگەرییەکانی شۆڕشی ٥٧ لەسەر بزووتنەوەی میللی - دیموکراتیکی کورد، دەکەین.

ئەگەر لە روانگەی خەڵکی ئێران، زلهێزەکانو گەلی کوردەوە باندۆری شۆڕشی ٥٧ لێکبدەینەوە، نووسەر دەتوانێ بە شێوەیەکی روونتر نێوەرۆک و کاکڵی وتارەکە بخاتەڕوو.

**١- خەڵکی ئێران هەتا شۆڕشو مافو داواکانیان**: رێژەی بەشداری گشتیو هەمەلایەنەی خەڵکی ئێران لە شۆڕشی ٥٧دا بە چەشنێکە، کە ئەو شۆڕشە بە یەکێک لە جەماوەریترین شۆڕشەکانی جیهان دەژمێردرێ. شۆڕشێک کە خاڵی دەسپێکی ٧٠ساڵ پێشتر بوو، واتە لە سەردەمی مەشرووتەوەو پاش هەڵبەزدابەزو نسکۆیەکی زۆر، ئەو نارەزایەتیو دەنگهەڵبڕینانە بەری گرتو، حکوومەتی پەهلەوی لێخست. بەپێچەوانەی وێنایی باوی کۆمەڵگەو پارتە سیاسییەکان، رووخان و رمانی سیستمی دەسەڵاتدار کۆتایی هەموو کێشەو ئاریشەو نادادپەروەرییەکان نەبوو، بەڵکو قۆناخێکی نوێی ژیانی کۆمەڵگە بوو کە دەبووا پارتە سیاسییەکانو خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی ورد؛ سیستمێکی فرەحیزبی و تۆکمەیان دامەزراندبایە کە تێیدا مافو داواکانی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی تێدا لەبەر چاو بووایەو هاوسەنگییەکی دیموکراتیکی پێکهێنابووا؛ کە گەرەنتی متمانەی کۆمەڵایەتیو سیاسی کردبوایە. نەبوونی ئەزموونی حکوومەتی دیموکراتیکو فەرهەنگی دیمواکراسی لە ئێران، نەبوونی یەکیەتیو بەشداری ژیرانەو بناخەیی سیاسیی فرەیی لە لایەن حیزبەکانەوە، شیرازەی نەریتیو ئایینی کۆمەڵگەی ئێران کە لە بەرانبەر هزرە سیکۆلارەکان خاوەن پێگەو پشتیوانی زۆر بوو، پشتگوێ خستنی فرەنەتەوەیی بوونی ئێرانو فرە ئایینیو فەرهەنگیو زۆر فاکتۆری گرنگی دیکە، دەبێ لە لێکدانەوەو دامەزراندنی سیستمی نوێدا رەچاو بکرابایەن، بەڵام ئیحساساتی شۆڕشگێرییو بڕوامەندی بە قەولو بەڵێنییەکانی خومەینی و لایەنگرە مەزهەبییەکانی (دیارە لە متمانەبەخشینەدا وڵاتە رۆژاواییەکانیش کاریگەرییان هەبوو) بووە هۆی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی کە رابردووو ئاکارو کرداری هەتا ئەمڕۆکە پێمان دەڵێ هەڵبژاردنێکی هەڵە بوو

**٢- هەڵوێستی وڵاتانی رۆژاوایی سەبارەت بە شۆڕشی ٥٧**: شۆڕشی ئێران نزیک بە سێ دەیە دوای شەڕی دوویەمی جیهانی رووی دا، کاتێک بەرەکانی رۆژهەڵاتو رۆژاوا لە شەڕێکی راگەیەنراو بە ناوی شەڕی ساردا، لە هەموو دنیا بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناڤین خەریکی بەهێزکردنی بنکە و پێگەکانیان بوون، ئەمریکاو وڵاتانی رۆژاوایی بە سەرنجدان بەو سیاسەتەی رەچاویان کردبوو، پێشوازییان لە ئێرانێکی مەزهەبی دەکردو دژی ئێرانیک بوون بە هزری چەپەوە ئیدارە بکرێ. خاڵی بەرسەرنج ئەوەیە ئەو کات زۆربەی دراوسێکانی ئێران لەم شەڕەی دوو بلۆکەکە

گلابوون، کەواتە ئەو هەلومەرجە ساغ و سەلیمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤینی دابەزاندبووو رەوشەکە بە چەشنێک بوو رۆژهەڵاتی ناڤین تاکە وڵاتێکی دیموکراتیکی بەخۆوە شک نەدەبرد. پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو بڵاوبوونەوەی دروشم و بۆچوونەکای وەک هەناردەی کۆماری ئیسلامی بۆ دنیاو بەتایبەت وڵاتە ئیسلامییەکان، زەنگی مەترسییەکی تازە بۆ رۆژهەڵات ناڤین، بەتایبەت دراوسێکانی ئێران لێدرا. هەروەها داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لایەن لایەنە توندڕەوەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامییەوە دۆخێکی نوێو چاوەڕواننەکراوی بۆ ئەمریکاو رۆژاوا خوڵقاند.

زلهێزە رۆژاواییەکان بینەری لێکدانەوە هەڵەکانی خۆیان بوون، لە ئاکامدا دوای هێرشی ئێراق بۆ سەر ئێران چوون دە بەرەی پشتیوانانی ئێراقەوە. لە لایەکیشەوە سووربوونی باوەڕپێکراوانی خومەینی لەسەر شەڕو، هەروەها بڕاوەیی خومەینیش بۆ درێژەدانی شەڕ، بوو بەهۆی شەڕێکی کاولکاری ٨ ساڵە، کە دواجار خەڵکی ئەو دوو وڵاتە تێچوویەکیان بە گیان و ماڵ کێشا.

**٣- بارودۆخی کوردستانو شۆڕشی ٥٧ لە روانگەی گەلی کوردەوە:** ئەگەر بمانەوێ رەوشی کوردستانو چاوەڕوانییەکانو روانگەی گەلی کورد لەو هەلومەرجەدا بدۆزین، بێشک گرنگترین فاکتۆر بۆ ئەم شرۆڤەیە، رابردووی دووروودرێژی بزاڤی کوردە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسو ئیدارەی کوردستان لە لایەن گەلی کوردەوە. کەشی کوردستانو داواو ویستەکانی گەلی کورد دۆخێکی ناوازەی پێکهێنابوو کە دەگەڵ ناوچەکانی دیکە و پێکگرتن نابێ. کوردستان توانیبووی بە پشتبەستن بە خەڵکی خۆجێی کوردو بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری خۆبەڕێوەبەر و دیموکراتیکی نزیک سێ دەیە بەر لە شۆڕشی ٥٧ دامەزرێنێ، کە ئەو ئەزموونە بۆ چالاکە سیاسییە کوردەکان وەک نموونە و سەرچەشنێکی ژیرانەو دروست لەبەر چاو بوو. گەلی کوردو ناسیۆنالیزمی کورد کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە رێبەری دەکرا، وەک ئامرازێک بۆ دامەزراندنی دیموکراسی لە ئێران فرەنەتەوەو فرەئاییندا دەیڕوانییە شۆڕشو، پێی وابوو دەبێ ئەو شۆڕشە ببێتە گرەنتی گەشەو هەڵدانی ئەم جیاوازیو فرەچەشنە فەرهەنگییانە. گشتپرسی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ لەسەر دەنگدان بۆ «کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یا نا»، بەڕوونی نیشانی دەدا خومەینیو هاوڕێکانی بەدوای پاوانکردنی شۆڕشەوەن لە پێناو بەرژەوەندیی تاقمی خۆیاندا، حیزبی دیموکراتو گەلی کورد، ئەو گشتپرسییەی بایکۆت کردو پارتە سیاسییە ئێرانییەکانو خەڵکی ئێرانی لەسەر مەترسیو کەموکوڕییەکانی ئەو گەڵاڵەیە، وشیارکردەوە. بەشداریی نەکردنی زۆربەی خەڵکی کورد لە گشتپرسیدا، مەحکوومکردنی داگیرکرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لایەن توندڕەوەکانەوە

لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە، شیعەنەبوونی بەشێک لە خەڵکی کوردی رۆژهەڵات، ناسیۆناڵیزمی پتەوی گەلی کوردو پێوەندیی و بەشداریی بەرچاوی خەڵک کورد دەگەڵ حیزبی دیموکرات، پێشوازی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و... ئەو هۆکارانە بوون کە خومەینی و بەرپرسە پلە بەرزەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە هەر دەرفەتێک و پوتانسییەلێکدا بۆ سەرکوتی گەلی کورد کەڵکیان لێوەرگرت.

ئەگەر بڕوانینە ئەو سێ فاکتۆرە باسمان کردن، دەبینین ئیحساساتی بەرینی کۆمەڵایەتی و بێئەزموونی سیاسی خەڵکی ئێرانو پارتە سیاسییە ئێرانییەکان، تێچوویەکی قورسیان خستەسەر شانی گەلی کوردو بزاڤەکەی. بەشێکی زۆری کوردستان لە ماوەی شەڕی ٨ ساڵەدا، بەرەی پێشەوەی شەڕ بووو، پاش شەڕیش سوپاو هێزە چەکدارە تایبەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی بۆ سەرکوتی بزاڤی میللی-دیموکراتیکی کورد لە کوردستان ئامادە بوون. ئەگەرچی ٣٦ ساڵ بە سەر شۆڕشی ٥٧ دا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتاش رەوتە سیاسییە دژبەرەکانی سیستمی دەسەڵاتدارو تەنانەت هەندێک لە خەڵکی ئێرانیش بەتەواوی ناشارەزای بارودۆخی کوردستانو خەباتی گەلی کوردنو هەر بۆیە سووکو ئاسان گەلی کورد بە جیاییخواز تاوانبار دەکەن.

ئەزموونی شۆڕشی ٥٧ بە روونی دەریدەخا گەلی کورد چاووگوێ کراوە بەدوای شوناس و بەرژەوەندی نەتەوەیی و مرۆیی خۆیەتیو لەپێناو گەیشتن بە ئەو ئامانجە گرنگە، خۆ لە هیچ هەوڵ و تێکۆشان و فیداکارییەک نابوێرێو هەمیشە بە چاوێکی ئەرێنییەوە سەیری نەتەوەکانی دیکەی چوارچێوەی وڵاتی ئێران دەکا.

لە ژمارە ٦٤٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٥

## بەبیانووی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ١٣٥٧ لە ئێران

شۆڕشی ١٣٥٧ بزووتنەوەیەکی جەماوەری بوو بە بەشداری تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵگە، راپەڕینێکی گشتی بوو بۆ پەڕینەوە لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دامەزرانی دیموکراسی لە ئێران.

بەتاڵانبرانی شۆڕش لە لایەن داهێنەرانی تێزی بەناو کۆماری ئیسلامی، دیکتاتۆرییەکی تازەی لە ئێران دامەزراند کە ئەو ئەزموونە تاڵو شکستخواردوویە دەتوانێ هەڵەو پەڵەکانی رابردوومان لێ روون کاتەوەو سەرکەوتنی داهاتوومان بۆ مسۆگەر بکا.

رێژەی بەشداری گشتیو هەمەلایەنەی خەڵکی ئێران لە شۆڕشی ٥٧ دا بە چەشنێکە، کە ئەو شۆڕشە بە یەکێک لە جەماوەریترین شۆڕشەکانی جیهان دەژمێردرێ. شۆڕشێک کە خاڵی دەسپێکی ٧٠ ساڵ پێشتر بوو، واتە لە سەردەمی مەشرووتەوەو پاش هەڵبەزدابەزو نسکۆیەکی زۆر، ئەو نارەزایەتیو دەنگهەڵبڕینانە بەری گرتو، حکوومەتی پەهلەوی لێخست. بە پێچەوانەی تەسەوری باوی کۆمەڵگەو پارتە سیاسییەکان، رووخان و رمانی سیستمی دەسەڵاتدار کۆتایی هەموو کێشەو ئارێشەو نادادپەروەرییەکان نەبوو، بەڵکو قۆناخێکی نوێی ژیانی کۆمەڵگە بوو کە دەبووا پارتە سیاسییەکانو خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی ورد؛ سیستمێکی فرەحیزبی و تۆکمەیان دامەزراندبایە کە تێیدا مافو داواکانی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی تێدا لەبەر چاو بووایەو هاوسەنگییەکی دیموکراتیکی پێک هێنابووا؛ کە گرەنتی متمانەی کۆمەڵایەتیو سیاسی کردبوایە. نەبوونی ئەزموونی حکوومەتی دیموکراتیکو فەرهەنگی دیمواکراسی لە ئێران، نەبوونی یەکیەتیو بەشداری ژیرانەو بناخەیی سیاسیی فرەیی لە لایەن حیزبەکانەوە، شیرازەی نەریتیو ئایینی کۆمەڵگەی ئێران کە لە بەرانبەر هزرە سیکۆلارەکاندا خاوەن پێگەو پشتیوانی زۆر بوو، پشتگوێ خستنی فرەنەتەوەیی بوونی ئێرانو فرە ئایینیو فەرهەنگیو زۆر فاکتۆری گرنگی دیکە، دەبێ لە لێکدانەوەو دامەزراندنی سیستمی نوێدا رەچاو بکرابایەن، بەڵام ئیحساساتی شۆڕشگێڕیو بڕوامەندی بە قەولو بەڵێنییەکانی خومەینی و لایەنگرە مەزهەبییەکانی بووە هۆی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی کە رابردووو ئاکارو کرداری هەتا ئەمڕۆکە پێمان دەڵێ هەڵبژاردنێکی هەڵە بوو.

شۆڕشی ئێران نزیک بە سێ دەیە دوای شەڕی دوویەمی جیهانی رووی دا، کاتێک بەرەکانی رۆژهەڵاتو رۆژاوا لە شەڕێکی رانەگەیەنراودا بە ناوی شەڕی سارد، لە هەموو دنیا بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناڤین خەریکی بەهێزکردنی بنکە و پێگەکانیان بوون، ئەمریکاو وڵاتانی رۆژاوایی بە سەرنجدان بەو سیاسەتەی رەچاویان کردبوو، پێشوازییان لە ئێرانێکی مەزهەبی دەکردو دژی ئێرانیک بوون بە هزری چەپەوە ئیدارە بکرێ. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە ئەو کات زۆربەی دراوسێکانی ئێران لەم شەڕی دوو بلۆکەکە گلابوون. رەوشەکە بە چەشنێک بوو کە رۆژهەڵاتی ناڤین تاکە وڵاتێکی دیموکراتیکی بەخۆوە شک نەدەبرد. پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو بڵاوبوونەوەی دروشم و بۆچوونەکای وەک هەناردەی کۆماری ئیسلامی بۆ دنیاو بەتایبەت وڵاتە ئیسلامییەکان، زەنگی مەترسییەکی تازە بۆ

ڕۆژهەڵات ناڤین، بەتایبەت دراوسێکانی ئێران لێدرا. هەروەها داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لایەن لایەنە توندڕەوەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامییەوە دۆخێکی نوێ و چاوەڕواننەکراوی بۆ ئەمریکاو ڕۆژاوا خوڵقاند.

زلهێزە ڕۆژاواییەکان بینەری لێکدانەوە هەڵەکانی خۆیان بوون، لە ئاکامدا دوای هێرشی ئێراق بۆ سەر ئێران چوون دە بەرەی پشتیوانانی ئێراقەوە. لە لایەکیشەوە سووربوونی باوەڕپێکراوانی خومەینی لەسەر درێژەدان بە شەڕو، هەروەها لێبڕاوبوونی خومەینیش بۆ درێژەدانی شەڕ، بوو بەهۆی شەڕێکی کاولکاری ٨ ساڵە، کە دواجار خەڵکی ئەو دوو وڵاتە تێچوویەکیان بە گیان و ماڵ کێشا.

ئەگەر بمانەوێ باس لە رەوشی کوردستانو چاوەڕوانییەکانو روانگەی گەلی کورد لەو هەلومەرجەدا بکەین، بێشک گرنگترین فاکتۆر بۆ ئەم لێکدانەوەیە، رابردووی دووروودرێژی بزووتنەوەی کوردە بۆ هەوڵدان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسو ئیدارەی کوردستان لە لایەن خۆیەوە وەک نەتەوەیەک. کەشی کوردستانو داواو ویستەکانی گەلی کورد دۆخێکی ناوازەی پێکهێنابوو کە دەگەڵ ناوچەکانی دیکە و پێکگرتن نابێ. کوردستان توانیبووی بە پشتبەستن بە خەڵکی خۆجێی کوردو بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری خۆبەڕێوەبەر و دیموکراتیکی نزیک سێ دەیە بەر لە شۆڕشی ٥٧ دامەزرێنێ، کە ئەو ئەزموونە بۆ چالاکە سیاسییە کوردەکان وەک نموونە و سەرچەشنێکی ژیرانەو دروست لەبەر چاو بوو. گەلی کوردو ناسیۆناڵیزمی کورد کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە رێبەری دەکرا، وەک ئامرازێک بۆ دامەزراندنی دیموکراسی لە ئێرانی فرەنەتەوەو فرەئایینێدا دەیڕوانییە شۆڕشو، پێی وابوو دەبێ ئەو شۆڕشە ببێتە گرەنتی گەشەو هەڵدانی ئەم جیاوازیو فرەچەشنە فەرهەنگییانە. رێفراندۆمی رۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ لەسەر دەنگدان بۆ «کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یا نا»، بەڕوونی نیشانی دەدا کە خومەینیو هاوڕێکانی بەدوای پاوانکردنی شۆڕشەوەن لەپێناو بەرژەوەندیی تاقمی خۆیاندا، حیزبی دیموکراتو گەلی کورد، ئەو رێفراندۆمەی بایکۆت کردو حیزبە سیاسییە ئێرانییەکانو خەڵکی ئێرانی لەسەر مەترسیو کەموکورییەکانی ئەو گەلاڵەیە، وشیارکردەوە. بەشداریی نەکردنی زۆربەی خەڵکی کورد لە رێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا، مەحکوومکردنی داگیرکرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لایەن توندڕەوەکانەوە، لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە، شیعەنەبوونی بەشێک لە خەڵکی کوردی رۆژهەڵات، ناسیۆناڵیزمی پتەوی گەلی کوردو پێوەندیی و بەشداریی بەرچاوی خەڵک کورد دەگەڵ حیزبی دیموکرات، پێشوازی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و هەتادوایی.. ئەو هۆکارانە بوون کە خومەینی و بەرپرسە پلە بەرزەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە هەر دەرفەتێک و پوتانسییەلێکدا بۆ سەرکوتی گەلی کورد کەڵکیان لێوەرگرت.

بەشێکی زۆری کوردستان لە ماوەی شەڕی ٨ ساڵەدا، بەرەی پێشەوەی شەڕ بووو، پاش شەڕیش سوپاو هێزە چەکدارە تایبەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی بۆ سەرکوتی جوڵانەوەی میللی-دیموکراتیکی خەڵکی کورد لە کوردستان ئامادە بوون.

ئەگەرچی ٣٦ ساڵ بە سەر شۆڕشی ٥٧ دا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتاش رەوتە سیاسییە دژبەرەکانی سیستمی دەسەڵاتدارو تەنانەت هەندێک لە خەڵکی ئێرانیش بەتەواوی ناشارەزای بارودۆخی کوردستانو خەباتی گەلی کوردنو هەر بۆیە سووکو ئاسان گەلی کورد بە شەرئەنگێز و جیاییخواز تاوانبار دەکەن.

ئەزموونی شۆڕشی ٥٧ بە روونی دەریدەخا کە گەلی کورد چاوو گوێ کراوە بەدوای شوناس و بەرژەوەندی نەتەوەیی و مرۆیی خۆیەتیو لەپێناو گەیشتن بە ئەو ئامانجە گرنگە، خۆ لە هیچ هەوڵ و تێکۆشان و فیداکارییەک نابوێرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی فێبریویری ٢٠١٥

## هەناردەی شۆڕش یا دژی شۆڕش

و: نالەشین

« ئەمڕۆ هیندێک نیشانە لە هەناردەی شۆڕشی ئیسلامی لە ناوچەکە، لە بەحرینەوە تا ئێراقو سووریەو یەمەنو سەرووی ئافریقا بەدیدەکەین». ئەمە بەشێکە لە قسەکانی قاسم سولیمانی فەرماندەی سوپای قودس کە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ لە کرمان، کردنی. پرسیارەکە لێرەدایە کە هەناردەی شۆڕش (صدور انقلاب) یانی چیو بەڕاستی شۆڕش هەناردە دەکرێ؟ یان ئەوەی پێکهاتن و دامەزرانی گرووپە تیرۆریستو بنئاژۆخوازەکانی وەک سوپای پاسداران، داعش، بوکوحەرام، ئەلقاعیدە، حیزبوڵڵای لوبنانو... دەبنە هۆی بەلاڕێدابردنی شۆڕشە جەماوەرییەکانو بە دەسەڵات گەیشتنی رەوتە دژە شۆڕشەکانی لێدەکەوێتەوە؟

تایبەتمەندییەکانی حکوومەتی جەماوەری چین؟ ئەم حکوومەتە لە سەر چ بنەماو سەرەتییەک گەڵاڵەو پرۆژەکانی خۆی دادەڕێژێ و جێبەجێیان دەکا؟ ئەرێ دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی و دەرەوەی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت سووریە، عێراق، لوبنان، یەمەن و... پشتیوانی لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان یا لاوازکردنی ئەو وڵاتە موسوڵمانانەی دژی ئایدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامین، واتای هەناردەی شۆڕشە، یا تەڤگەرێکە رێک پێچەوانەی شۆڕشی ١٣٥٧و وەک دژی ئەو شۆڕشە دەناسرێ؟ ئەرێ وەبەرهێنانو پشتیوانی بەرینی ئابووری، سیاسی، سەربازیو زانیاریو هەواڵگری لە پێناو پروپاگەندەو برەودان بە هزرە شیعییەکانی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناڤینو هێندێک ناوچەی ئافریقایی بەڕاستی خیانەت بە بەرژەوەندی هەموو خەڵکی ئێرانو سەقامگیرکردنی دژەشۆڕشەکان لەسەر دەستی کۆماری ئیسلامی نییە، لە کاتێکدا خەڵکی ئێران دەستەویەخەی نالەبارترین هەلومەرجی ئابووری، فەرهەنگیو، ژینگەییو سیاسین؟

ئەو شۆڕشە چۆناوچۆن هەناردە دەکرێ؛ کە سوپای قودسو بە کرێگیراوانی بەرێوەبەری بن؟ ئەرێ نورۆێژ، سوئید، سوئیسو... کە لە دابینی خۆشبژێوی، تەناهیو ئاسایش بۆ هاووڵاتیانیان لە سەرووی هەموو وڵاتانی جیهانەوەن، پێویستیان بە هەناردەی شۆڕش هەیەو هەست دەکەن دەبێ شێوازی ژیانی خۆیان بە سەر وڵاتانی دیکەش بسەپێنن؟ ئابووری زیندووی وڵاتانی خۆشبژیو، مەزنترین فاکتەری پرۆپاگەندەیی ئەوانە یان ئابووری ئێران کە قەیراناویترین هەلومەرجی خۆی دەگوزەرێنێ؟ ئەو ئابوورییەی کە گەندەلی بۆتە شتێکی ئاسیایی و گەورەترین هۆکارو وەگەڕخەرەکەشی سوپای پاسدارانە؟

ئایا لە بەر چاوگرتنی مافی مروڤ لە سوئید، زیاتر کاریگەری لە سەر بیروڕای گشتی جیهان هەیە؛ یا سەرکوتی بەربەرینی مافی مرۆڤ لە ئێران، بە جۆرێک کە تەنانەت رێگە بە ئەحمەد شەهید، نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانیش نادرێ سەردانی وڵاتەکەیان بکاو بەردەوام لە لایان گەورەبەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە هێرشی دەکرێتە سەرو ڕاپۆرتەکانی بە نادروست لە قەڵەم دەدرێن. وڵاتێک کە بە ناحەزترینو دزێوترین شێواز دەگەڵ ڕەخنەگرانی خۆی دەجوڵێتەوەو لە ریزی خراپترینی ئەو وڵاتانەیە؛ کە ئازادی ڕادەربرینیان نییەو زۆرترین ڕۆژنامەنووسی بەندکردوە؛ ئایا دەتوانێ هزرو داهاتوویەکی ئینسانی بۆ جیهان بە دیاری بێنێ و بە قەولی خۆی شۆڕش هەناردە بکا؟ گەلۆ سیستمی وەک کۆماری ئیسلامی کە لە پەروەندی میکۆنووسدا بە تیرۆریزمی دەوڵەتی مەحکووم کراوەو زۆربەی گەورە بەرپرسەکانی لە لیستی تیرۆریستییە ناسراوە نێودەوڵەتییەکان دان؛ دەتوانێ لە وێژاریدا خاوەن لۆژیک و لە کرداری دا ڕاستگۆ بێ؟

شکی تێدا نییە ئاکار و کرداری کۆماری ئیسلامی دەری دەخا ئەو سیستمە لە چەمکی هەناردەی شۆڕش بۆ پڕوپاگەندەو دەسڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەو خولْقاندنی قەیران کەڵک وەردەگرێ. بە پێچەوانەی بانگەشەی ئەو دەسەڵاتە؛ هەناردەی کۆماری ئیسلامی رێک تەڤگەرێکی دژەشۆڕشییە کە دەگەڵ بە تالاْنبردن و بە لاڕێدا بردنی شۆڕشی جەماوەری ساڵی ١٣٥٧ دەستی پێکردو ئێستاش تێچووەکەی لەسەر شانی خەڵکی ئێرانو ناوچەکەیە.

قسە لەسەر تەڤگەری دژەشۆڕشی کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە زیاترە بتوانین لە وتارێکو، تەنانەت کتێبێکدا شرۆڤەو لێکی بدینەوە. لە درێژەی ئەم باسەدا تەنیا نموونەیەک لە ئاکامی دروشمی «هەناردەی شۆڕش»ی کۆماری ئیسلامی دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی بۆ خوێنەران روونو دیارتر بێ. شەڕی ٨ساڵەی ئێرانو عێراق کە بە هێرشی سەددام دەستی پێکرد، یەکێکە لە باشترین ئەو نموونانەی کە نە پشتگوێ دەخرێو نە حاشاشی لێدەکرێ. سادق زیباکەلامو هەندێکی دیکە لە رەخنەگرانی نێوخۆی سیستمی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لەلایان ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانییەوە وەبن باڵ دراون؛ بە بەگونجاو زانینی هەلو مەرجی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی کە بە هۆی گەمارۆ ناوکییەکانو دانوستانی ٥+١ شلەژاوەو لە ئاکامدا کەشی بۆ چەندجەمسەری دەسەڵات خۆش کردوە؛ توانیویانە دوای ٣٦ ساڵ هەندێک راستی هەڵسەنگێننو بیدەنە بەر بێژنگو دان بە هەڵە کارەساتبارەکانی وەک شەڕی ٨ ساڵەی ئێرانو عێراق، داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکاو... دابنێن.

سادقی زیباکەلام دەڵێ هۆکاری هێرش کردنی سەدام بۆ سەر ئێران چەمکی هەناردەی شۆڕشە کە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ لە لایەن رێبەرانی کۆماری ئیسلامیییەوە هاتەگۆڕێ (مەبەست، وتە و وێژاری روحوڵڵا خومەینییە لەسەر هەناردەی شۆرش، کە یەکەم جار ئەو هێنایە گۆڕێو زیباکەلام ڕاستەوخۆ ناوی نەهێناوە). بە بڕوای سادقی زیباکەلام هەناردەی شۆڕش و هەڵخڕاندنی وڵاتە موسڵمانەکانی ناوچەکە، وەک عیراق کە گلکۆی زۆربەی ئیمانە شیعەکانی لێیەو یەکێک لە گەورەترین ناوەندە مەزهەبییەکانی جیهانی ئیسلامی -(حەوزەی عیلمیەی نەجەف)- لەو وڵاتەیە، بووە هۆی نیگەرانی حیزبی بەعس.

دوای داگیرکردنی باڵویزخانەی ئامریکا لە ریکەوتی ١٣ی رەزبەر ١٣٥٨، واتە کەمتر لە ساڵێک پاش شۆڕشی ٥٧ کە دەستبەسەر بوونی ٦٦ دیپلۆماتی ئامریکایی بۆ ماوەی ٤٤٤ رۆژی لێکەوتەوە، حکوومەتی ئەو کاتی عیراق بە سەرەنجدان بەو کێشەو ئاریشە کۆنانەی هەمیشە دەگەل ئێرانی هەبووو، هەروەها بە هۆی ئەوەی حیزبی بەعس بە تایبەت سەددام خەونی بە رێبەرایەتی کردنی جیهانی عەرەبییەوە دەدیت هەلەکەی بە گونجاو زانیو لە ئاکامدا

ڕێکەوتی ٢٢ی سپتامبری ١٩٨٠ (٣ی پوشپەری ١٣٥٩) پێک هەڵپڕژانە تاقولوقەکانی سەر سنوور، بە هیرشی هاوکاتی هێزی ئاسمانی عێراق بۆ سەر دە فرۆکەخانەی سەربازیو مەدەنیو، هەروەها هێرشی زەمینی عیراق لە هەموو سنووره هاوبەشەکانەوە شەڕی گەورەی ئەو دوو وڵاتەی لێکەوتەوە.

هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕە، دوژمنایەتی نێوان سەددام حسێنو روحوڵڵای خمینی، ریبەرانی ئەم دوو وڵاتەو، گرینگتر لەوەش داخوازی سیاسیو ناکۆکی سنووریی نێوانیانو جیاوازی ئایدولۆژیکی دوو وڵات بوون، کە لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان خەونیان بە هەناردەی بیرو بۆچوونو بەرینکردنەوەی سنووری دەستڕۆشتووییانەوە دەدیت. ئەو شەرە لە ئاکامدا دوای نزیک بە هەشت سال، گەلاوێژی ١٣٦٧ بە رێکەوتنی هەرتک لایەن لە سەر ئاگربڕو هەروەها تێچووی گیانیی یەک میلیون کەسو ١٩٠ میلیارد دۆلار زیان گەیشتنی بە هەردوو وڵات، کۆتایی پیهات.

بەم چەشنە دەبینین ئەو هەناردەکردنەی (شۆرش) کۆماری ئیسلامی پروپاگەندی بۆ دەکا؛ چییەو چ کیشەو ئاریشەیەکی بۆ خەلکی ئیرانو پێشکەوتنی وڵات بە دیاری هێناوەو ئەو وێژارە هەناردەی شورش نیە، بەڵکوو وێژار و گوتاری دەسەڵاتی دژی شۆرشە لە ئێران.

لە ژمارە ٦٥٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٥

---

## ٣٦ ساڵ دوای میتینگی مەزنی مهاباد

و: ئاڵەشین

حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئیمانێکی قوڵی بە دیموکراسی هەیەو، ئامادەیە هاوکاریی دەگەڵ هەموو حیزب و دەستەیەکی سیاسی لە سەرانسەری ئێران و ناوچەی کوردستاندا بکا، ئێمە لە کانگای دڵەوە دەڵێین کە زۆر

نوقتەی هاوبەش هەیە، کە لەسەریان دەتوانین لەگەڵ هەموو هێزەکانی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو هاوکاریی بکەین.

١- دامەزراندنی جمهوری دیموکراتی لە ئێراندا.

٢- دابینکردنی مافی خودموختاری هەموو گەلانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتدا.

٣- دابینکردنی ئازادییە دیموکراتیکەکان بۆ هەموو حیزبو دەستەیەکی سیاسی نیشتمانی بە بێ جیاوازیی.

٤- دارشتنی سیاسەتێکی ئابووری بۆ پاراستنی قازانجی خەڵکو بەرزکردنی پایەی ژیانی زەحمەتکێشان.

٥- چارەسەرکردنی گیروگرفتی زەوی بە قازانجی جووتیارانی هەژارو ناوەندی، زەوی دەبێ بدرێ بەو کەسەی کە دەیکێڵێ.

٦- مەحدودکردنی سەعاتی کاری حەفتەیی کرێکارانو، دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکارانو زەحمەتکێشان.

٧- لەنێوبردنی نەخوێندەواریو بەرزکردنی پایەی فەرهەنگیو زانستی گەلانی ئێران لەسەر بناخەی پەرەپێدانی زمانی زکماکی هەموو نەتەوەیەک.

٨- دوایی‌هێنان بە نفووزی ئیمریالیزم بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو، هاتنەدەر لە پەیمانەکانی نیزامی و گرتنە پێشی سیاسەتێکی سەربەخۆی دەرەوە.

٩- هاودەردی و لایەنگری هەموو جووڵانەوەکانی رزگاریخوازی و پشتگرتنی مافی دانانی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەست خۆیان.

١٠- دامەزراندنی پێوەندیی دەگەڵ هەموو وڵاتێک کە لە سەر ئەساسی رێزگرتنی یەکتر و ناسینی حاکمییەتی نەتەوایەتیو دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ناوەوەی یەکترو پێکهێنانی پێوەندی دۆستایەتیو هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دژی ئیمپرسیالستیو سۆسیالیستی.

ئەم وتانە گرنگترین بەشی قسەکانی دوکتور قاسملوون، کە رێکەوتی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ لە شاری مهاباد لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا بانگەوازی بۆ کردن. ئەمڕۆکە 36 ساڵ بەسەر ئەو سەردەمدا رادەبرێو، نزیک بە 4 دەیەیە سیستمی حکوومەتیی لە شایەنشاییەوە گۆڕاوە بۆ کۆماری ئیسلامی؛ ئایا ئەو وتانە بە مێژوو ئەسپاردراونو بوون بە مێژوو یان لانی چەندی ئەو داواو خواستانە بە ئاکام گەیشتوون؟

شرۆڤەیەکی وردو تیژبینانەی ئەو ١٠ بەندی سەرەوە، باشترمان لە دادوەرییەکی راستو لۆژیکی نزیک دەکەنەوە. کەواتە بە گوێرەی مەودای نووسینەکەمان هەوڵ دەدەین تا ئەو جێیەی بوارمان دەبێ گرنگترین خاڵەکانی تاووتوێ بکەین:

**١- دامەزراندنی جمهوری دیموکراتیک لە ئێراندا.**

ئەگەرچی ئەو وتانەو بە تایبەت دروشمی کۆماری دیموکراتیک بۆ ئێران مانگێک بەر لە گشتپرسی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ هاتەگۆڕێو، هەر بە هۆی هێنانە ئارای ئەو پرسە لە لایەن حیزبی دیموکرات و دوکتور قاسملۆوە بوو؛ دواتر حیزب بایکۆتی گشتپرسی کردو لە لایەن زۆربەی خەڵکی کوردیشەوە پێشوازی گەرمی لێکرا، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بەشداران زۆرترینیان دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی داو، هەروەک ئەمڕۆش دەبینین هەموو لایەنە سیاسییەکانو تەنانەت بەشێک لەو کەسانەی پێشتر بەشێک بوون لە سیستمی دەسەڵاتدار، هەنووکە دروشمی حکوومەتی سیکۆلارو دیموکرات بەرزدەکەنەوە.

**٢- دابینکردنی مافی خودموختاری هەموو گەلانی ئێران لە چوارچێوەی وڵاتدا**

دروشمی ئۆتۆنۆمی یا بەڕێوەبردنی کوردستان بە دەستی گەلی کورد، یەکێکە لە بنەڕەتیترین دروشمەکانی بزاڤی میللی-دیموکراتکی کورد، کە تا ئێستاش نەک بە ئاکام نەگەیشتوە، بەڵکو هەروا لە سەرووی داواکانی پارتە کوردییەکان، بە تایبەت حیزبی دیموکراتەوەیە.

**٣- دابینکردنی ئازادییە دیموکراتیکەکان بۆ هەموو حیزبو دەستەیەکی سیاسی نیشتمانی بە بێ جیاوازیی.**

دەبینین دوای هاتنە سەرکاریی کۆماری ئیسلامی زیاترین هێرش و سەرکوت بۆ سەر پارتە ئێرانییەکانو بە تایبەتی کوردستانییەکان دەست پێدەکاو، بۆ نموونە کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی ساڵەکانی ٦٢ تا ٦٧، تیرۆری کەسایەتییە سیاسییەکان و ئێعدامی بەردەوامی لایەنگرانی پارتەکان کە بە گوێرەی ئامار زیاترینیان زیندانی سیاسی و ئێعدامکراوەکان کوردن.

**٤- دارشتنی سیاسەتێکی ئابووری بۆ پاراستنی قازانجی خەڵکو بەرزکردنی پایەی ژیانی زەحمەتکێشان.**

دۆخی ئابووری کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی ئابوورییەکەی یەکێکە لە پرسە قەیراناوییەکانی گەلانی ئێران، کە بە تایبەتی دەگەڵ گەمارۆ نێونەتەوەییەکان دژی ئێران؛ ئەو رەوشە گەیشتوەتە خراپترین دۆخی خۆی. خاڵی گرنگتریش پێگەی بەرزی سپای پاسدارانە لە هەموو پرۆژەو گەلاڵە ئابوورییەکان کە ئەو ئابوورییە سەربازی و ئەمنیەتییە بەرژەوەندی هەموو نەتەوەکانی ئێران قوربانی ئامانجەکانی خۆی کردوە.

**٥- چارەسەرکردنی گیروگرفتی زەوی بە قازانجی جووتیارانی هەژارو ناوەندی، زەوی دەبێ بدرێ بەو کەسەی کە دەیکێڵێ**

ئەگەر بڕوانینە ئاماری هاوردەی سەرسامهێنەری خۆراک و خواردەمەنی لە وڵاتانی دەرەوەو، هەروەها کۆچی لەرادەبەدەری جووتیاران بۆ شارەکان، دەبینین ئەو پیشە بنەڕەتییە بووە بە گۆڕەپانی راوو رووتی دەلاڵەکان و وەرزێری لە ئێران بە کردەوە تووشی کارەسات بووە.

**٦- مەحدودکردنی سەعاتی کاری حەفتەیی کرێکاران‌و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکاران‌و زەحمەتکێشان**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بازاری کاری ئەمڕۆی ئێران، زۆربوونی سەعاتی کارە لەچاو حکوومەتی پێشوو و تەنانەت چەند دان کارکردنی زۆربەی کرێکاران لە شارە گەورەکان. لانیکەمی مووچەی پەسندکراوی وزارەتی کار هەمیشە کەمترە لە لانیکەمی دابینی ژیانی تاکێکو زۆربەی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین و خاڵێکی گرنگی دیکەش رێژەی بەرزی بێکارانە کە بەگشتی لاوانن، کە دیارە ئامارێکی ورد لەبەر دەستدا نییەو سیستمی حاکم بەو شێوەیەی پێی باشە ئامارەکان بڵاودەکاتەوە.

**٧- لەنێوبردنی نەخوێندەواری‌و بەرزکردنی پایەی فەرهەنگی‌و زانستی گەڵان ئێران لەسەر بناخەی پەرەپێدانی زمانی زکماگی هەموو نەتەوەیەک**

دەبینی لە ئێران، دوای شۆڕش فەرهەنگو بەرزکردنەوەی فەرهەنگی کۆمەڵگە بە تەواوەتی دەکەوێتە دەسەڵاتی حکوومەتەوە، نەتەوەکانی ئێران ناتوانن بە زمانی زگماکی بخوێنن و لە ژینگە فەرمییەکان زمانی فارسی زمانی نووسین‌و خوێندن‌و قسەکردنە. ستانداری پەروەردەیی ئێران زۆر لە وڵاتانی گەشەسەندوو لە خوارترەو هەروەها هەڵاتنی مێشکەکان‌و کەسانی خوێندەوار لە ئێران کە هەلومەرجەکە بۆ چالاکی‌و پێشکەوتن بە باش نازانن؛

ئەوەندی دیکە هەلومەرجەکەی قەیراناویتر کردوە.

**٨ و ٩ و ١٠ لەسەر سەربەخۆیی سیاسەتی دەرەوەو خەباتی دژی کەڵکناژۆیی‌و هەڵپەرستی وڵاتانی دیکە دەدوێ و.** کۆماری ئیسلامی ئێران هەمیشە بە ئاژاوەگێڕی دژ بە زلهێزەکانو یان دانی پووان بە هەندێک وڵاتی دراوسێی وەک رووسیە، سیاسەتێکی پڕ کێشەو ئاریشەی رەچاوکردوە کە تێچووی میلیاردان دولاری خستۆتە سەرشانی. میلیاردان دولاری بۆ بەهێزکردنی گرووپە تیرۆریستی‌و بنئاژۆخوازەکان تێچاندوەو بەرژەوەندی گەلانی ئێران فیدای پەرەپێدانی ئیسلامی شیعی و تەنانەت نانەوەی کێشە و ئاژاوەی لە نێوان سوننەکان کردوە. لە ئاکامدا دەبینین سەرەڕای تێپەڕینی ٣٦ ساڵ لە شۆڕشی ٥٧، ئەگەر ئێستاش گوێ لە قسەکانی دوکتور قاسملوو بگرین؛ دەردەکەوێ ئەو ماف و داوایانە هەروا لە ئەولەوییەت دانو زۆربەیان دابین نەکراون، کە ئەمەش بەڵگەیەکی قایمو قۆڵە بۆ رئیالیستبوونی دوکتور قاسملووو حیزبی دیموکراتو، هەروەها روونو ئاشکرایە خەباتو تێکۆشان تا گەیشتن بەو ویستو داخوازییە مرۆییانە بەردەوام دەبێ.

لە ژمارە ٦٥١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٥

---

## وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

### عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ بکەینە سەرلەوحەی بەرنامە سیاسی‌یەکانمان



**ئارەش لورستانی:** بەباوەڕی بەرێزتان گرینگی میتینگی ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ لە بزوتنەوەی کوردو بەتایبەت حیزبی

**دێموکراتی کوردستان لە چی دایە؟**

**وەڵام:** ئەو میتینگە لەو بابەتەوە شتێکی تایبەتی بوو کە پاش نیزیک بە ٣٤ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکرات کە دەوری ٣٢ ساڵ زیاتریشی لە خەباتی نەهێنیدا بوو، بە ئاشکرایی‌و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگیرا، ئەوە بایەخێکی زۆری هەبوو کە حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە پەیمان دەگەڵ خەڵکی خۆی تازە بکاتەوە، ئەو پێوەندی‌یە مەعنەوی‌یە کە لەو ماوە دوورو درێژەدا هەبوو، هەم گرێ بداتەوەو هەم بە هێزی بکا، چونکە ئەو کاتەی سیاسەتەکان ڕووبەڕوو بە تایبەتی لە زمانی سیاسەتمەدارێکی گەورەوە باس دەکرێن پێوەندی لە نێوان حیزبو کۆمەڵانی خەڵکدا پتەوتر دەبێ.

پاشان ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ئاخرو ئۆخری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتو کۆماری کوردستان کەوتۆتە قۆناغێکی تازەوە، لە هێندێک حاڵەتی ئیستسنائی‌دا نەبێ لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی مەنتەقەی موکریاندا قەتیس ماوە. بەڵام لەو میتینگەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوەو تەنانەت لە شارەکانی دیکەی ئێرانیشەوە، وەک تەورێزو تارانو هی دیکە و لە دانیشگاکانەوە هاتبوونو بەشدار بوون. ئەوە بایەخێکی دیکەو بەربەرینی‌یەکی دیکەی بە مەسەلەکە دەبەخشی.

**ئارەش لورستانی:** شۆڕشی ٥٧ چ گۆڕانێکی بەسەر ئەو بزووتنەوەیە هێنا کە ئاشکرا لە گۆڕەپانی خەبات دا بووە؟

**وەڵام:** ئەمن پێم وانیە مەسەلەکە ئەوە بێ کە ئینقلابی ٥٧ شتێکی تایبەتیی بۆ ئەو بزووتنەوەیە هەبووبێ. بەڵێ ئینقلابی ٥٧ درفەتێک بوو بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە هەر میللییەتێکو لە هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی بێنە مەیدانو داخوازەکانیان خۆیان مەترەح بکەن. بەڵام سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو درفەتەشی خوڵقاندبوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بتوانێ لە وەختێکی وادا ئەوپەری ئیستفادە لە دەرفەتەکە بکاتو خۆی بناسێنێ. ئەو میتینگە کە گیرا هێندێک فەلسەفەی تێدا هەبوون. یەکیان ئەوە کە حیزبی دێموکرات وەختی خۆی بە بێ پرسی دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، لە ماوەی ٣٤ ساڵ تەمەنیشی‌دا وەک گوتم خەباتی نهێنیی بەرێوە بردبوو. ئێستاش کە دەیەویست خەباتی ئاشکرا دەست پێبکا. ئەگەر بیویستایە تەقازا بدا بۆ ئەوەی موجەوویزی خەباتی عەلەنی وەر بگرێ،لەوانە بوو تا ئێستاش جوابی ئەو تەقازایە وەرنەگرێتەوە.

بۆیە حیزبی دێموکڕات بە دروستی زانی هەر وەک لە وەختی خۆیدا بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزی دامەزرابوو، بە بێ موراجەعە بە دەوڵەتی مەرکەزییش ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکاو دەوڵەتی مەرکزیو دەسەڵاتەکەی -وەک دەڵێن- لە موقابیل عەمەلی ئەنجامدراودا دابنێ. چونکی ئەگەر لەو وەختەدا موخالەفەتی کردبایە ئەورێژیمە تازەیە کە خۆی بە ئینقلابیو تەرەفداری خەڵک دەزانی، هیچ ئابڕوویەکی بۆ نەدەما. هەر بۆیەش دیتمان کە وەختێک حیزبی دێموکڕات ئیعلانی خەباتی ئاشکرای کرد دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هیچ عەکسولعەمەلێکی نیشان نەدا، هەرچەند ئەو وەختی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بەو شێوەیە نەبوو، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو دەوڵەتە ئیسلامیيە بوو.

لایەکی دیکەشی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات تا ئەودەم زۆرتر پێوەندیيەکی مەعنەویی لەگەڵ خەڵک هەبوو، بەڵام لەویدا هات بە هەموو سیاسەتەکانیەوە خۆی موعەرریفی کرد. سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو جۆرە کە هەبوو، بەرداشتی لە کۆمەڵی تازەی ئێران، لە سیستمی ئێران، لە بەرنامەی تازەی حکوومەتی ئێران کە دەبێ چۆن بێ، ئەو شتانەی هەموو بە زمانێکی زۆر سیاسیو زۆر ئاشتیخوازانە تەرح کردو گوتی دەوڵەتێک کە داوای ئینقلابیبوون دەکا دەبێ چۆن ڕەفتار بکا.

هەر لەوحاڵەدا داخوازەکانی میللەتی کوردیشی دووبارە بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە زۆر بەڕوونی هێنانە گۆڕێ.

***ئارەش لورستانی:*** *بەڕێزتان ئاماژەتان بە دژکردەوەی دەوڵەتی ناوەندی لە بەرانبەر ئەو کارەدا کرد، هەروەها ڕۆژنامەی «اطلاعات» دەنووسێ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس بەشداری میتینگی مهاباد بوون، ئەم کارە لەلایەن ڕەوت و لایەنەسیاسییە ئێرانییەکان کە دروشمی سەراسەریی ئیرانزیان هەڵگرتبووو دەگەڵ دروشمی نەتەوەخوازی بزاڤی کوردی نەبوون، یان هەر بەتەواوی پێی نامۆ بوون، پێشوازی لێنەکرا، کەواتە دژکردەوەی راستەقینەی ئەوان چ بووە هەروەها دەوڵەتیش هەڵسوکەوتی چۆن بوو دەگەڵ ئەو لایەنانە؟*

**وەڵام:** لە پێش دا با بڵێم بە باوەڕی من دوو ڕەقەمی کەمێک دوور لە حەقیقەت لەسەر میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دەگوترێن.

هێنندێک کەس دەڵێن مەسەلەن ٥٠ هەزار کەس ٦٠ هەزار کەس بەشدار بوون، واتە دەیهێننە خوار ١٠٠ هەزار کەس. ئەوە ناواقیعیيە. ئەوەش کە ئیتلاعات گوتوویەتی نازانم لەڕووی چیەوە گوتوویەتی، دیسانەکە موبالەغەی تێدایە. بە باوەڕی من میتینگی ١١ی ڕەشەمە ئەگەر بتژماردایە -کە نەدەژمێردرا- دەوری ١٠٠ تا ١٣٠ هەزار کەسێکی تێدا بوو.

ئەوەش کە دەڵێم لە ڕووی حدس و گومانەوە ناڵێم، گومانەکە زۆر بوو بەڵام ئێمە ڕۆژی پێش میتینگەکە چونکی داواکرابوو خەڵکی لەلاوەشڕا بێن، و لەلای دیکەش زستان بوو ئەگەر زووتر نەهاتبانو شەوێ لەوێ نەبانایە لەوانە بوو فریا نەکەون، ستادێکمان پێک هێنابوو بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە دێن بەسەر ماڵاندا دابەش بکا.

ئەوانەی لە ستادەکەدا کاریان دەکرد بۆ منیان باس کرد ئەو ئێوارەیە ٦٣ هەزار کەسیان میوان وەرگرتوەو بەسەر ماڵەکانی مەهابادا تەوزیعیان کردوون. خۆ ئەوە هیچ کەسی مەهابادی تێدا نەبووە، هیچ کەسی دەوروبەری مەهابادیشی تێدا نەبوو، حەتا مەسەلەن شارێکی وەکوو شنۆ و میاندواوو تەنانەت بۆکانو ئەوانەشی بە ئیحتمالی زۆر تێدا نەبووە. بۆیە ڕەقەمێکی لە حدوودی ١٢٠ ، ١٣٠ هەزار کەسی ڕەنگە دەقیقترو لە واقیعییەت نیزیکتر بێ.

ئەوە کە عەکسولعەمەلی سازمانە سەرتاسەرییەکان چۆن بوو، ئەوەندەی ئاگام لێ بێ عەکسولعەمەلێکی موخالیفیان نیشان نەدا، لەگەڵ ئەوە ڕەنگە هێندێکیان خۆشحاڵ نەبووبن. بۆ حیزبی توودە کە ڕۆژێک ئیددیعای دەکرد حیزبی دێموکڕات شاخەیەک لەوەو دەیهەویست قووتی بدا، ئەگەر لە هەموو ئێراندا تەرەفدارەکانی خۆی کۆ کردبانەوە بۆی نەدەگەیشتە ٥ هەزار کەس، حەتمەن خۆش نیە حیزبی دێموکرات میتینگێکی ١٠٠ - ١٥٠ هەزار کەسی تەشکیل بدا. دیارە ڕێکخراوی واش هەبوون بۆ وێنە ڕێکخراوێکی ئازەربایجانی (بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نیە) کە لەمیتینگەکەدا بەشدار بوونو پەیامیان خوێندەوە.

لەڕاستیدا مەوقیعییەتەکە وابوو کە ئەوانەی موخالیفیش بوون نەیاندەتوانی موخالەفەتی خۆیان دەرببڕن چونکی موخالەفەت لەگەڵ هەنگاوێکی ئاوا ئاشتیخوازانەو دێموکراسیخوازانە بۆخۆیان گران تەواو دەبوو. کەوایە، هەڵبژاردنی ئەو مەوقیعییەتەش کارێکی زیرەکانە بوو.

***ئارەش لورستانی**: مامۆستا مەبەست لەو میتینگە کۆکردنەوەی خەڵکو لایانگرانی حیزبی دێموکڕات لە دەوری ناسیونالیزمی کوردی بوو یان خودی حیزب، دوکتور قاسملوو، بەرێزتان یان خوالێخۆشبوو عەزیز یوسفی دەتانەویست ڕێنوێنییەکی تایبەت بدەن بەخەڵکی بۆ ئەوەی ئاراستە بەو بزووتنەوە ببەخشن؟*

***وەڵام**:* لێرەدا دەبێ دووشت بڵێین. یەکیان ئەوە کە مەرحوومی عەزیزی یووسفی نەمابوو، ٧ مانگ ٨ مانگ پێشتر فەوتی کرد بوو. ئەوەی دیکەشیان ئەوەیە کە ڕاستە ئەمن لەوێدا قسەم کردوە و قسەکانیشم وا دیار بوو خەڵک پێی باش بوون، بەڵام لە واقیعدا قارەمانی ئەسڵیی داستانو ڕێبەڕی ئەو حەرەکەتە لە باری سیاسییەوە هەر دوکتۆر قاسملوو بووە. هەدەفەکە زۆر شت بوو، هەروەکوو لەپێشدا گوتم تازە کردنەوەی پێوەندییەکان، پێکەوە گرێدانی هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆکردنەوەیان لە یەک جێدا.

لە هەمووی گرنگتر ناردنی پەیامێکی یەکدەست بۆ هەمووان، چونکە ئەو وەختی حیزبی دێموکرات جارێ ڕێکخراوێکی ئاوای نەبوو کە ئەندامەکانی و مەسئولەکانی هەموو کارکوشتە بووبن و هەموو مەعلووماتیان لەسەرێ بێ، کلاسیان دیبێ و لە مەکتەبێکدا پەروەردە کرابن. ڕەنگ بوو بە پێی سەلیقەی خۆیان هەر مەسئوولە لە شوێنی خۆیدا، لە چوارچێوەی خەتە گشتییەکەدا جۆرێک تەبلیغ بۆ سیاسەتی حیزب بکا.

کەوایە گرنگ بوو کە ئەو خەڵکە پەیامی حیزبی دێموکراتو سیاسەتی حیزبی دێموکرات بەسەر یەکەوە، لەیەک جێو وەک یەک لە زمانی سەڵاحیەتدارترین عونسوری ئەو حیزبەو زاناترینو شارەزاترین ئینسانەکانی ئەو حیزبەوە ببیسن.

ئەوە هەدەفێکی زۆر موهیم بوو کە بە باوەڕی من زۆریش کۆمەگی بە ئینسجامی فکریی حیزبی دێموکرات کرد. با ئەوەی لە پەڕانتێزدا بڵێم « دوای ئەو میتینگەش جارێوا بوو ئێمە کە لە هەموو مەنتەقەکان کۆمیتەی شارستانمان پێک هێنابوو،و تەنانەت هەمووانیشیان هەریەکە بۆ خۆی نەشریەیەکی دەردەکرد، زۆرجار دەماندی نەشریە یان بەیاناتی مەسئوولێک یا ئۆرگانێک هەم دەگەڵ یەکی دیکە تەزاددی هەیە هەم جاروبار هەڵوێستی هەردووکیان لەگەڵ سیاسەتی گشتیی حیزب دێموکراتی کوردستان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناتەباییدایە، یانی پێکەوە نەیاندەخوێندەوە. بۆیە زۆر موهیم بوو کە پەیامەکە یەکدەست بە هەمووان بگا.

***ئارەش لورستانی: پێتان وایە ڕاستە بڵێین میتینگی ١١ی ڕەشەمە ئەو ڕۆژە بوو کە دوکتور قاسملوو لە ئاستی جەماوەری دا وەک لایەنی سەرەکی کورد ڕوو بە حکوومەتی ناوەندی ناسرا؟***

**وەڵام:** دوکتۆر قاسملوو تا ئەو وەختیلە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ناسیاوییەکی زۆری نەبوو، بەڵام لە نێو خەڵکی سیاسی و حیزبیدا پێشتریش وەکوو عونسورێکی کاریگەرو شارەزا لە سیاسەت ناسرا بوو، بەڵام ئەوە کە خەڵک بەرەوڕوو لەگەڵ قاسملووی ئاشنا بن تەئسیرێکی باشتری هەبوو. دوو شتیش لە موقابیل دوڵەتی مەرکەزیدا هەبوون، بە بێ ئەوەی بمەوێ خوانەخواستە لە قەدری هیچ حیزبێک و ڕێکخراوێکی دیکە کەم بکەمەوە، حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو تەرەف و وەکوو موخاتەبی ئەسلیی دەوڵەتی مەرکەزی دەناسرا. بەبێ شک لە عونسوریشدا لە ڕێبەرییشدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داخەوە تا ئێستاش قاسملوو تکرار نەبۆتەوە. کەسێکی دیکەی وەکوو قاسملوومان نەبووە. کەوابێ تەبیعەتەن موخاتەبی ئەسڵی وەکوو ڕێبەری دوکتور قاسملوو بوو، وەکوو حیزب و جەریانیش حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

***ئارەش لورستانی: مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە؛ دەبینین دوای کۆماری کوردستان ئەو میتینگە دەبێ بە دەستپێکی تەڤگەرێکی تەواو جیاواز لە قۆناغی بەرلەخۆی، واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەموو بوارەوە بەتایبەت ساختار و پێکهاتەیەکی جیاوازەوە دەردەکەوێ. دەبینین حیزبی دێموکڕات سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و هورووژمانەی کوردستانی کردبووە نیشانە، کاری خۆی دەکاو یەکێکە لە گەورەترین پارتە بە هێزەکان. بەڕێزتان لەمبارەیە ڕاتان چییە؟***

**وەڵام:** ئەمن لەگەڵ خودی پرسیارەکە بەو جۆرە موافق نیم، یانی وا بۆ مەسەلەکە ناچم. ئەمن گەورەییو وسعەتی فکری پێشەوا قازی محەممەد لەوەدا دەبینم کە لەو سەردەمیشدا شەخسی کاریگەر هەر قازی محەممەدە. بۆیە نەک هەر تا دەورانی دوکتور قاسملوو بەڵکوو تا ئێستاش هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی پێشەوا قازی محەممەدی لە حیزبی دێموکراتو لە بزووتنەوەی کوردی ئێراندا هەر لەجێی خۆیانن. بەڵام لە پاش ڕووخانی کۆمار تا دەگاتە ساڵی ٥٧و میتینگی ١١ی ڕەشمەی ٥٧ هەمووی دەورانی خەباتی (نهێنی)یە حیزبی دێموکرات غەیری یەک دوو دەرفەتی وەک هەڵاتنی شا لە ساڵی ٣٢دا یان ئینتخاباتی ساڵی ١٣٣٠ کە توانیویەتی خۆی بنوێنێ، دەرفەتی دیکەی بۆ نەخوڵقاوە. بۆیە لەو دەرفەتەدا کە ساڵی ١٣٥٧ پێکهات گرنگ ئەوە بوو، سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە زمانی ئینسانێکی شارەزاوە بە وردیو بە شێوەیەکی مۆدێرنو ئەورۆژیو بە زمانێک کە هەموو کەس

تێیبگا مەترەح بکرێن. ئەگەر تەماشا بکەی دەبینی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەختی خۆی کە دانراوە لە ٨ مادە دایە، لە نیوە لاپەڕەیەکدایە، بەڵام بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش میتینگی ٥٧یش بەرنامەیەکی موفەسسەلە. سیاسەتەکان بەگشتی هەر ئەوانەی سەردەمی کۆمارن بەڵام بە وردەکاریەوە عینوان دەکرێن. لەوەدا فەرقی هەیە دەنا جیاوازیی ئەساسی نیە. دوکتور قاسملوو بە هەقیقەت بە بێ تەوازوع خۆی بە قوتابیی پێشەوا قازی محەممەد دەزانی.

***ئارەش لورستانی: مامۆستا بەبڕوای بەڕیزتان سیاسەتوانێکی کورد، بە تایبەت سیاسەتوانێکی دێموکڕات کاتێک ئەمڕۆ ئاوڕ لە میتینگی ١١ی ڕەشەمە دەداتەوە، دەبێ چ وانەیەکی لێ فێر ببێ‌و چۆن دەتوانێ لە پیناو پێشخستنی بزوتنەوەی میللی دێموکڕاتیکی گەلی کورد دا دیسان ئەم جۆرە هەل‌و دەرفەتانە بئافرێنێتەوە؟***

***وەڵام:*** با هەر باسی دێموکراتەکان بکەم، چونکە پێم باشە باسی خەڵکی دیکە نەکەم. ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا ئێستاش حەق وایە وتاری میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی دوکتور قاسملوو بێنین، بە خەتی درشت بی‌نووسین‌و لە دیوارەکانی بدەین. هەموو وەختێک وەک سەرلەوحەی بەرنامە سیاسی‌یەکانمان دەرسی لێوەربگرین. دەبێ جارێک نا، دوو جار نا، سێ جار بی‌خوێنینەوە تا بزانین بە چ دووربینی‌یەکو بە چ قووڵی‌یەک هێڵە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە وتارێکی کورتدا هێناون‌و بۆ خەڵکی ڕوون کردوونەوە.

هونەرێکی دوکتور قاسملوو کە ئەمن زۆر جار یادی دەکەمەوە ئەوە بوو کە دەگەڵ ئەوەی سیاسی‌یەکی زۆر گەورە بوو، زۆر لەسەرەوە بوو، زانایەکی گەورەش بوو بەڵام دەی‌توانی موشکیل‌ترین مەسائیلی سیاسی‌و عیلمی‌و بەتایبەتی ئابووری کە ئەو دوکتورای تێدا وەرگرتبوو، بە زمانێک مەترەح بکا کە خەڵکی زۆر کەم‌سەوادیش لێی حاڵی بێ.

ئەوە بە باوەڕی من هەتا ئێستاش هەر سەر لەوحەی بەرنامە سیاسی‌یەکانی حیزبی دێموکراتەو بێشک خەڵکیش زۆریان کەلک لێوەرگرتوە. ئەمن بەش‌بەحاڵی خۆم شانازی بەوەی دەکەم کە دەبینم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوانە کە قەتیش حیزبی نەبوون وەختێک باسی مەسائیلی سیاسی‌و داخوازەکانی میللەتی کورد دەکەن بە فاسیلەی یەکجار زۆر، لە حیزبی دێموکرات نیزیکتر لە هەمووانن. یان تەماشا دەکەی ئەو حیزبە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا داخوازییەکانی میللەتی باش ناسیون‌و باشی تەرح کردوون، بۆیە خەڵکەکە هەر لێیان نیزیکە.

لە ژمارە ٦٥١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٥

# ساڵی تازە، سیاسەتی تازەتر

و: ئاڵەشین

چەندین ساڵە دەبینین هەندێک کەس لە میدیاکاندا، حیزبە کوردییەکان و بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان تاوانبار بە کەمکاری و لاوازی دەکەن؛ بەڵام لەراستیدا ئەو تاوانبارکردنە بۆ چییە؟ چۆن و بە چ پێوەر و پێودانگێک دەتوانین ئاکامێکی راست و دروست و لۆژیکیانە و دادوەرییەکی دادپەروەرانە بەردەست بکەین؟

سالی ١٣٩٤، حەفتایەمین ساڵی دامەرزانی حیزبی دیموکراتە، حیزبێک کە لە سەر بنەمای خەباتی میللی-دیموکراتیکی کورد دامەزراوە و تا ئەمڕۆکەش بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد خەبات دەکا. ئەو حیزبەی ساڵەکەی بە لە سێدارەدانی سەرکۆمار و هاوڕێکانی دەست پێدەکا و بە میتینگی سەد هەزار کەسی مهاباد کۆتایی پێ دێنێ. لە ماوەی ئەو حەوت دەیەیەی رابردوودا، ساڵەکانی ئێمە هەموو خەبات، ناخۆشی، دوورکەوتنەوە، ئێعدام و ناڕەزایەتیی بووە. لە ئاکامدا ئەگەر بڕوانینە بارودۆخی ئەمڕۆی رۆژهەلاتی کوردستان، بزووتنەوە و وشیاری بەرزی نەتەوەیی گەل دەبینین؛ کە لە زۆر بۆناندا دەردەکەوێ، کە ئەمەش پەیامی هاوپێوەندیی و هیواداربوون بە گۆڕان و داهاتوویەکی باشتر بە پارت و لایەنە کوردییەکان، بە تایبەتی حیزبی دیموکرات دەدا.

پشتیوانی یەکڕیزانەی گەلی کورد لە کوبانی، شنگال، مەحکوومکردنی داعش، بەڕێوەبردنی رێوڕەسم بە بۆنەی یادی شیمیاییبارانی هەڵەبجە، سەردەشت و ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان بۆ بەرگری لە زیندانییە سیاسیی و مەدەنییەکان، ناڕەزایەتیدەربڕین بە ئێعدامی ئەندامان و لایەنگرانی پارتە کوردییەکان، کەفوکوڵ و پشتگیری گشتی کۆمەڵگە لەو کاتانەدا، کە بەرپرسان و دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی تاوانی کەتنەکانیان دەدەنەوە و

... نموونەگەلێکی روونن لە زیندوویەتی و ئەکتیڤبوونی بزووتنەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام دەبێ ئەو پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە کام لایەنە ئەو زانیارییە بە کۆمەڵگە دەبەخشێ و دەیجووڵێنێ؟ ئەوە چ هێزێکە کە گەلی کورد بە جۆرێک دەجووڵێنێ؛ تەنانەت ئەوانەی کوردیش نین دان بەوە دادەنێن کوردستان ئەکتیڤترین بەشی سیاسی و مەدەنی ئێرانە. زیاترین ئیمکاناتی سەربازی، ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی بۆ سەرکوت و کۆنترۆڵی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ گرنگی و لەگەشەبوونی خەباتی میللی-دیموکراتیکی کۆمەڵگەی کورد، کە سەرەڕای هەموو پیلانەکانی دوژمنانی هێشتاش بەپێوەیە. کەواتە وڵامی ئەو پرسیارە؛ واتە هۆکاری سەرەکی جووڵاندنی گەلی کورد، دەتوانێ وڵامی زۆربەی پرسیارەکانی دیکەشمان بداتەوە.

میدیاکان لەم سەدەیەی ئێستا، لە گەیاندنی زانیاری بە کۆمەڵگەدا گەورترین و زۆرترین رۆڵ دەگێرن؛ بەڵام ئەرێ میدیاکانی کۆماری ئیسلامی هیچ کارێک بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکەن؟ یان نا؛ تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیش بە ئاراستەی شوناس و هۆویەتی نەتەوەیی یارمەتی گەلی کورد دەکا، یان بۆی گرنگە؟ یان ئەوەی تەنانەت ئەو کاتەش کە باسی دیاریکردنی چارەنووس و ئیدارەی کوردستان بە دەستی خودی گەلی کورد و پوتانسیەلی خۆجێی دێتە گۆڕ، ئۆپۆزیسیۆنیش کە بڕوای بە فرەنەتەوەیی ئێران نییە دەنگی رەگەڵ دەنگی کۆماری ئیسلامی دەخا و یا لانیکەم خۆی لە گێلی دەدا. کۆمەڵگەی کوردی کە بە هۆی دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی بە کردەوە ناتوانێ بەگوێرەی پێویست زانیاریی تەواو بە کۆمەڵگە بگەیەنێ؛ ئەدی کام هۆکاری بزواندن ئە رۆڵە مەزنە دەگێڕێ؟

پارتە کوردییەکان، تاکە وڵامی ئەو پرسیارە گرنگ و بنەڕەتییەیە. پارتە کوردییەکان، بە تایبەتی حیزبی دیموکرات هەمیشە دەنگی لەپێناو ناسیۆنالیزمی کورد هەڵبڕیوە و داکۆکی لە شوناس و بەرژەوەندییەکانی کورد کردوە و دەکا. پارتە کوردستانییەکان بە میدیاکان و هەروەها لە رێگەی رێکخستنی نهێنی نێوخۆی وڵاتەوە و ئەو کوردانەی لە شارەکانی دیکەی ئێران دەژین، هەروەها لە رێگەی رێکخستنی ئاشکرای دەرەوەی ئێران؛ هەمیشە بە جۆرێک هەوڵی زیندووراگرتنی بزووتنەوە و گەیاندنی زانیاری بێپسانەوە دەدەن؛ بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی ئاگای لە بارودۆخ و رووداوەکان و هەلومەرجەکانی رۆژ ببێ و تا ئەو جێیەی بۆی دەگونجێ؛ بە کەمکردنەوەی تێچووەکانی نارەزایەتیدەربڕین، یارمەتی پێشڤەچوونی ئەو پرۆسەیە بکا.

پارتە کوردییەکان، بە تایبەت حیزبی دیموکرات سەرەڕای راگەیاندن و رێکخستنەکان، لە کۆڕ و کۆبوونەوە

نێونەتەوەییەکاندا هەمیشە قسەی لە مافی کورد کردوە و بەرگری لێدەکا و رووماڵ راستەقینەی ئەو گەلە و راستی هەلومەرجی ئارایی کوردی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا روون کردۆتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە وەک کێوێکی قورس و گران کە پشتیوانی گەلی لەپشتە؛ لە بەرابەر سیستمی کۆماری ئیسلامیدا راوەستاوە. لەو لایەشەوە رەوت و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش بە دیتنی پارتە کوردییەکان باش تێدەگەن کە کۆمەڵگەی کوردستان خاوەن دامەزراوی شیاو و پێویستە بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی و، بیەوێ و نەیەوێ دەبێ دان بە مافی ئەو گەلەدا بێنێ و رێز لە داخوازییەکانی بگرێ و، مافەکانی بە فەرمی بناسێ؛ چونکی هەتا هاتنەدی مافەکانی گەلی کورد، پارتە کوردستانییەکان لە بەرپرسایەتی سەر شانی خۆیان پاشگەز نابنەوە. مێژووی حەفتا ساڵەی حیزبی دیموکراتی و چەند دەیەی پارتەکانی دیکە، کە زۆر جاران ناخۆشی و قەیرانیشی دەگەڵ بووە؛ درێژەی هەیە و لە خەبات دانەبڕاون؛ کە ئەوەش نیشاندەری ئەو راستییەیە بۆ دۆست و دوژمن، کۆمەڵگەی کوردستان وشیار و ئازایانە بەپێوەیە و چۆک دانادا.

دوایین بابەتێک کە دەبێ دڵسۆزان و دۆستان گەلی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لە بەر چاوی بگرن؛ ئەوەیە کە دەبێ بە رادەی توانایی و هەلومەرج و هێز و پوتانسییەلەکانی ئەو پارتانە؛ چاوەڕوانییان لێیان هەبێ. ئەو بەدواداچوون و چاوەڕوانییەی کۆمەڵگە نابێ زیاتر و یا کەمتر لە رادەیەکی ژیرانە بێ، چونکی چاوەڕوانی زیاتر؛ پەلەیەکی ناژیرانەیەی لە چالاکی و بزووتنەوەدا لێدەکەوێتە و ملڕەچەقۆ خستنی پێوەیە کە هەوڵەکانی بزووتنەوە دەکاتەوە هیچ، ئەمەش تێچوویەکی گەورە و گران دەخاتە سەر شانی پارتە کوردییەکان و گەلی کورد و، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە کەمتەرخەمی یا سەرزەنشت و لۆمەی حیزبەکان بە جێی هەڵسەنگاندن و رەخنەی بنیاتنەر؛ دڵساردی و کەمبوونەوەی متمانە و دابڕانی بەدواوەیە. کەواتە نهێنی ئەو سەرکەوتنە هەتا گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکان؛ پێکهێنانی هاوسەنگی و پێوەندییەکانی عاقڵانە و ژیرانەی دوو لایەنەی پارتەکان و کۆمەڵگەی کوردستانە؛ بە چەشنێک هەرتک لایەن گرنگی بە رۆڵ و داخوازییەکانی یەکتر بدەن و، هەرتک لایەن دەبێ ئەوە بزانن سڵامەتی و مەرجی بەردەوامبوونی بزووتنەوە وەک جاران، هەست بە بەرپرسیارێتی و رێزگرتن و وڵامدەربوون و وڵامخواستنەوە هەرتک لایەنە.

کۆمەڵگەی کوردستان و پارتە کوردییەکان قەت لێکدانەبڕاون و دانابڕدرێن، چونکی مێژووی مودێرن و هاوچەرخی گەلی کورد، ئەم دووە پێکیان هێناوە کە وەک دوو رووی دارونێکن و، بێ هەوڵ و تێکۆشان هەر کامیان، ئەوی دیکە بە تەنێ ناتوانێ بزاڤی میللی- دیموکراتیکی کورد پێشبخا. کەواتە بۆ پێشبردن و بەردەوامی خەبات، ساڵی تازە

سیاسەتێکی تازەتری لە پارتە کوردییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان دەوێ.

لە ژمارە ٦٥٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

## لێکتێگەیشتنی ناوکی، ئارامی بەر لە تۆفان

و: تەها ڕەحیمی

بەیاننامەی سوئیس، کە بە ڕێککەوتنی ناوکی لۆزانیش بەناوبانگە؛ ناسێنەر چوارچێوەی ڕێککەوتنێکە، کە دەبێ بە هاوبەشی هەردوولا بەپێی بەرنامەیەکی گشتگیر هەتا ١٠ی پووشپەڕ بە ئاکام بگا. بەڵام ڕاستی و دروستی و ئاکامی ئەو دانوستانانە، دوو دەق و دوو گێڕانەوەی جیاوازە کە هەر کام لە لایەنەکان وەک ڕێککەوتن دەیخەنەڕوو و، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بڕیاردان لە سەر ڕاستبوون و ناڕاستبوونی هەر کام لە گێڕانەوەی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت کۆمەڵگەی جیهانییش زۆر ئەستەم بێ.

ئەگەر بڕوانینە کاردانەوەی وڵاتان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان بەم ڕێککەوتنە؛ دەبینین ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، ئەیاڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئینگلیز، فەڕەنسا، ڕووسیا، ئاڵمان، چین، تورکیە، کۆماری ئازەربایجان، ئیتالیا، عەرەبستان، عێراق، عەممان، قەتەر، ئوسترالیا، ئوتریش، کورەی باشوور و تەنانەت حیزبوڵڵاش کاردانەوەی ئەرێنی هەبووە و زۆربەی بەرپرسانی حکوومەتی وەک حەسەن ڕوحانی، سەرکۆمار، عەلیئەکبەر هاشمی، سەرۆکی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، سادق لاریجانی، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، محەممەدجەواد زەریف، وەزیری دەرەوە، عەلیئەکبەر ساڵحی، سەرۆکی ڕێکخراوی وزەی ناوکی، ئایەتوڵڵا ئیمامی کاشانی، وتاربێژی نوێژی هەینی تاران، حەسەن فیرۆزئابادی، سەرۆکی ناوەندی گشتیی هێزە چەکدارەکان، محەممەدعەلی جەعفەری، فەرماندەی سپای پاسدارانیش دەگەڵ دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان، هەندێکیان بە پەیامی پیرۆزباییەوە داکۆکییان لەو

ڕێککەوتنە کردوە.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دەورووژێ کە ئەویش ئەوەیە؛ هۆکاری ئەو هەمووە خۆشحاڵی و ڕەزامەندییە چییە؛ لە کاتێکدا لایەنەکان خۆیان دەڵێین ئەمە تەنیا ڕێککەوتنە لە سەر دیاریکردنی چوارچێوەیەک بۆ سازان و ئەو ڕێککەوتنە لایەنی حقووقیی نیە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ڕێککەوتنەی ئەمریکا باسی دەکا، دەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی وێکناچن، کەواتە ڕەنگە تێگەیشتن لە هۆکاری شادی و خۆشحاڵی زۆربەی وڵاتان و تەنانەت بەرپرسانی خودی کۆماری ئیسلامی و تێڕامانی دروست لە پرسەکە، زیاتر لە تێگەیشتنی بابەتەکە نزیکمان بکاتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی کە کۆماری ئیسلامی ناوی دەنا «وشیاری ئیسلامی»، و تا ڕەوشی ئێستای ناوچەکە، چاومان بە ململانێ و بەرەنگاریی دوو ئایدیا و دوو کارکردی جیاواز و تەنانەت دژیش دەکەوێ. یەکەم حاڵەت، مەیل و بەشداریی بەربەرینی خەڵکە لە بزووتنەوەیەکدا کە ویستوویانە و دەیانەوێ وڵات بەرەو دیموکراسی بەرن و حکوومەتێکی نیشتمانی دامەزرێنن، دوویەم حاڵەتیش؛ کار و کردەوەکانی فاکتەرە دەرەکییەکانە (جا پشتیوانی کۆماری ئیسلامی بێ لە پێناو دەستبەسەرداگرتن و بەلاڕێدابردنی شۆڕشەکانی وڵاتانی ناوچە و، یا هەڵسوکەوتی ڕۆژاوا، بەتایبەت ئەمریکا بە ئاراستەی دابینبوونی بەرژەوەندییەکانی خەڵک) کە بە دوای بەرینکردنەوەی پانتایی دەسڕۆیشتوویی و سنووری دەسەڵاتی خۆیانن. بە واتایەکی دیکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە دوای تێپەڕین لە دیکتاتۆری و دامەزراندنی ئاشتی سەقامگیر و پێشکەوتنەوەن، کەچی هێزە ڕۆژاواییەکان و بەتایبەت ئەمریکا و لەم لایەشەوە کۆماری ئیسلامی وەک هێزێکی ناوچەیی بەرەو بەلاڕێدابردنی ئەو ویستانە هەنگاو دەنێن. بەریەککەوتن و هاوبەشی بەرژەوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووەتە هۆی گرژتربوونی ئەو قەیرانانەی کە ئەمریکای ناچارکرد دژکردەوەی جیددی هەبێ و هەڵوێست بگرێ. کەواتە پرۆژەی بەپیتکردنی ناوکی ئێران کە چەندین ساڵ پێش بەهاری عەرەبی ببووە هۆی کێشە و گرفت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە لایەن ئەمریکاوە بووە هۆی هۆکاری سەرەکی گەمارۆکان و شەڕێکی بێئاکامی لەسەر سنووری دەسڕۆیشتوویی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە نێوان ئێران و ئەمریکا لە ژێر ناوی «مەترسی دەسڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی» لێکەوتەوە. کۆماری ئیسلامیش بە بەرینکردنەوەی پانتایی شەڕ لە عێراق، سووریە، لوبنان و وڵاتانی دەوری کەنداو، ئەو ڕەوشەی قەیراناویتر کرد و تێچووەکانی کێشەکانی بۆ خۆی و ئەمریکاش هێندە زۆر بەرز کردەوە، کە ئەو شەڕە بوو بە قومارێکی دوولایەنە. بۆ وێنە کۆماری ئیسلامی لە هەندێک وڵاتان یارمەتی حکوومەتی ناوەندی کردووە تا ناڕەزایەتییەکانی خەڵک سەرکوت بکرێن و، لە هەندێک وڵاتانیش بە پشتیوانی و

بەهێزکردنی گرووپە دژبەرەکان هەوڵی پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی داوە. دیارە کۆماری ئیسلامی پاش گەلاڵە کردنی هیلالی شیعی، کارێکی زۆری بۆ بە ئاکام گەیاندن، تۆکمەکردن و پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستییە جۆراوجۆرەکان لە سەراسەری دنیا داوە، بە جۆرێک کە زۆربەی ئەو وڵاتانە بە هۆی ترسان لە کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی یا گرووپەکانی سەر بە ئێران، هەوڵیان داوە دژ بە کۆماری ئیسلامی هەڵوێست نەنوێنن و تەنانەت پێوەندیی ئابووری بەرینیش دانەمەزرێنن.

گرنگترین ئەو ئاماژە و سیگناڵانەی شادی و خۆشحاڵی کاتیی ئەو ڕێککەوتنەیان کردەوە بڵقی سەر ئاو و مەترسی قەیراناویتر بوونی دۆخەکەیان نیشان دا؛ کۆنگرەی ئەمریکا و دەوڵەتی ئیسرائیل لە لایەک و دژکردەوەی بەپارێزەوەی عەلی خامنەیی و قسەکانێتی دوای ڕێککەوتنی ناوکی لۆزان لە لایەکی دیکەوە. دیارە عەبباس ئێراقچی لە وتووێژێکی تلویزیۆنیدا ئاماژەی کرد کە هەموو دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتی یازدەیەم و وڵاتانی ڕۆژاوایی تەواو بووە و لەو دانوستانانەشدا بۆچوونی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لەبەر چاو نەگیراوە؛ بە واتایەکی دیکە کۆماری ئیسلامیش ئەگەر پێویست بکا لەم بوارەدا مەجلیس لە بەرانبەر کۆنگرەی ئەمریکادا بە کاردێنێ.

سەرەڕای ئەو سیاسەتە یەک بان و دوو هەوایەی لایەنەکان لەم دانوستانانەدا گرتیانەبەر - ئەم دۆخە نیشاندەری ئاڵۆزبوونی لەڕادەبەدەری دانوستان و دژواربوونی هەلومەرجی ڕێککەوتنی کۆتاییە؛ بە چەشنێک تا دوایین ساتەکانیش ئەم شێواوی و حەساسییەتە دەبینرا - بۆوە نابێ لە ئێستاوە بڕیار بدەین و گەشبین بین، ڕەنگبێ ئەو دانوستانانە هێمنی بەر لە هەڵکردنی تۆفانێک بن و ڕووداوگەلێکی زۆر چاوەڕواننەکراو و ناخۆش روو بدەن.

بەڵام لە کۆتاییدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و ڕوون دیارە و، ئەویش پاشەکشەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت وەلی فەقیهە لە هێلە سوورەکانی سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧، وەک دروشمی دوژمنایەتیکردنی ئەمریکا؛ بە چەشنێ ڕێبەری ڕێژیم پاش ڕێککەوتنی لۆزان لە قسەکانیدا لە کۆڕی (مداحان)دا، ئەگەری هاوکاری و وتووێژی دەگەڵ ئەمریکا لەسەر بابەتی دیکەش بەدوور نەزانێ و بە کارکردی ڕاستگۆیانەی ئەمریکا لە فایلی ناوکی بەستەوە، واتە ڕاست وەک دروشمەکەی «نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی»، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕووسیای - یەکیەتی سۆڤییەتی جاران - نوێنەر و نوێنگەی ڕۆژهەڵاتی وەک دۆست و هاوپەیمان قبووڵ کرد، ئەمریکاش وەک نیشانە و نوێنگەی ڕۆژاوا، هەنووکە خەریکە ڕێگەی تابۆشکێنی و تێپەڕین لە هێلە سوورە حکوومەتییەکان دەبڕێ.

لە ژمارە ٦٥٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٥

# کرێکارانی بێکار، ڕۆژێکی بێشکۆ

و: سیروان مووساپوور

ئەگەر لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مۆدێرنیزاسیون و دروستکردنی پیشەسازیی هەر وڵاتێک بڕوانین، «کار و کرێکار» لە ناسراوترین وشەکانن. هەڵسەنگاندنی ڕادەی گەشەسەندنی پیشەسازیی بە ڕادەی کاری بەکەڵک و پڕبەرهەم بەستراوەتەوە و هێزی کاریش لە کرێکاران دابین دەبێ، کەواتە «کرێکاران» کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و گەشەسەندووەکان پێک دێنن.

ئەگەر سەیری باروودۆخی هەنووکەیی ئێران بکەین، خاڵی سەرنجڕاکێش ڕەوشی نالەباری ئەو کرێکارانەیە کە هەلومەرجی خراپی ئابووریی وڵات سەلمێنەرییەتی. بۆ نموونە، لەساڵی ٢٠٠٥ی زایینی (١٣٨٤ی هەتاوی) بڵاوکراوەی توێژینەوە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین (میس) لە ڕاپۆرتێکی شیکاریی تێروتەسەل سەبارت بە قەیرانی بێکاری لە ئێراندا نووسی: «قەیرانی بێکاری ٤٠%ی لە ئێراندا کە ٢٨ ملیۆن کەس لەخۆ دەگرێ، حەشیمەتی تەواوی وڵاتی بەشێوەیەکی ڕێژەیی تووشی هەژاریی ئابووری کردووە» یان ئاماری ڕاپۆرتی بانکی ناوەندی لە ساڵی ٨٩ کە ٢٢/٥% لە بنەماڵە ئێرانییەکانی «بە بێ تاکێکی خاوەن پیشە» ناساند کە ئەم بابەتە دەرخەری ئەوەیە یەک پێنجومی بنەماڵەکانی ئێران کار و پیشەیان نیە.

بەڵام ئەو قەیرانی بێکارییە هەمووی ڕاستیی مەسەلەکە نیە، چونکە بەشێک لە کۆمەڵگە کە بە خاوەن پیشە دێنە ئەژمار و لە ئامارەکاندا نەهاتوون، بە کارگەلێکی وەک پیشە چەوتەکان، کارە وەرزییەکان، لەشفرۆشی، قاچاغی ماددە سڕکەرەکان، دزی و... خەریکن کە لەم حاڵەتەدا ئامارەکانیش بۆ ئەوە نابن پشتیان پێببەسترێ و قووڵیی

قەیرانەکە نیشان نادەن. دیارە بێجگە لەمەش کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا هەمیشە ئامارەکان بەشێوەی حکوومەتی دەردەکا و تا ئەو جێگەیەی دەکرێ، تەندروستیی و دروستیی ئاماریی لە بیاڤە جۆراوجۆرەکاندا لەنێو بردووە.

هەبوونی مناڵانی کاریش گرفتێکی گەورەیە کە هەوسارپچڕاویی بێکاریی و نەبوونی ئەمنییەتی کاری و ئابووری لە نێوخۆییترین ئاستەکانی بنەماڵەکان دەردەخا. لە ئاماری خەملێنراوی ڕێکخراوی جیهانیی کار لە ساڵی ١٩٩٥ زیاتر لە ٧١/٤%ی منداڵانی نێوان ١٠ بۆ ١٤ ساڵ لە ئێراندا لەباری ئابوورییەوە چالاکن. هەر بەپێی ئەم ئامارە لە ساڵی ١٣٧٥ نزیکەی ٣٨٠ هەزار منداڵ لە ئێراندا کاری جێگیریان هەبووە. گرنگیی ئەم بابەتە ئەو کاتەیە کە بزانین کاری منداڵان ڕەهەند و لایەنی نەرێنیی ئابووریی و کۆمەڵایەتی جێگەی سەرنجیان هەیە. ئەم کارە دەبێتە لەمپەری بەردەم زیادبوونی جیددیی فێرکاریی، زانست و شارەزاییەکان، بەهەردانەوە دادەبەزێ، داهاتەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی دێتەخوار، زیانە گیانیی و ماڵییەکان زۆر دەبن، هەموو جۆرە خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک کەڵک وەرگرتنی ناڕەوای جنسی، گیرۆدەبوون، وردەفرۆشیی ماددە هۆشبەرەکان، تاوانکاریی منداڵان و تازەلاوان زیاد دەکەن، کۆچکردنەکان بەهۆی ئەگەری کارکردنی منداڵان بەشێوەیەکی زیانبار و خەسارهێنەر دەچنەسەرێ.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی کرێکاران کە زۆربەیان سەرپەرستی بنەماڵەکانن و بەدوای دابینکردنی خەرجییەکانی بنەماڵەوە، بابەتی تەڵاق و جیابوونەوەیە؛ بەشێوەیەک کە عەلی ئەکبەری مەحزون بەڕێوەبەری گشتی دەفتەری ئامار و زانیارییەکانی حەشیمەتی و کۆچکردنی سازمانی تۆمارکردنی باری کەسێتی (سەپتی ئەحواڵ) لە وتوویژ دەگەڵ «ایرانا»دا گوتی: لە ساڵی ڕابردوودا (١٣٩٣) لە هەر کاتژمێرێکدا، ١٩ حاڵەتی تەڵاق تۆمار کراوە کە ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانی بنیاتی بنەماڵە و کاریگەرییە ڕووخێنەرەکانی وەک بێئەنگیزەیی، بێهیوایی و بێمبالاتی و تەنانەت فەساد و بەرەڵڵایی لەسەر تەندروستیی کاریی کرێکاران بەجێدێڵێ.

خاڵێکی گرنگی دیکە لەپێوەندیی دەگەڵ دۆخی کرێکاران بەراودی لانیکەمی حەقدەستی ئەوان لەبەرامبەر هێڵی هەژاری ئەمڕۆی ئێرانە. لەم بارەوە ناسر بورهانی جێگری سەرۆکی ناوەندی باڵای شوڕای ئیسلامیی کار، هێڵی هەژاری بە ٢ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار تەمەن ڕاگەیاندووە کە ئەم بابەتە ئەوە نیشان دەدا تێچووەکانی ژیان بۆ کرێکارێک چەندین بەرامبەری حەقدەستی پەسندکراوی وەزارەتی کارە. دیارە خاڵێکی گرنگی دیکە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ ئەوەیە کە ژنانی کرێکار بە بەراورد دەگەڵ کرێکارانی پیاو، کەمتر مووچە وەردەگرن، لە

هەڵبژاردنی پیشەدا سنووردارن، نرخی بێکاری لەنێویاندا زیاترە و ئەمنییەتی پیشەیی کەمتریان هەیە.

کۆچکردنی زۆری کرێکاران لە شارە بچووکەکان و گوندەکانەوە بۆ گەورە شارەکانی وەک تاران و ژیانی پەراوێزنشینیی شاری کە خاوەن چلۆنایەیی و بێهداشتێکی زۆر لەخوارێیە، نزمبوونی ئاستی فێرکاریی و پسپۆڕێتیی هێزەکانی کار لە بازارەکانی ئێران بە بەراورد بە وڵاتە پێشکەوتووەکان ـ ئەم بابەتە لەو ڕووداوە بێئەژمارانەی کە بۆ کرێکاران لە کاتی کاردا دێتە پێش، بەڕوونی دیارە ـ نەبوونی بیمە کۆمەڵایەتییە گونجاوەکان و خزمەتگوزاریی دەرمانیی پێویست، دابەزینی تەمەنی دەسپێکردنی کار و چوونەسەری تەمەنی خانەنشینی و... لەو خاڵە گرنگانەن کە هەمیشە کرێکاران و هێزی کار لە ئێراندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە دەبێ بگوترێ ئەو بابەتە باسکراوانە تەنیا بەشێکی کەم و بچووک لە نەخۆشیی بێکاری و دۆخی قەیراناوی و دڵتەزێنی کرێکاران لە ئێرانە کە کاریگەریی خراپی لەسەر پرۆسەی گەشەی کار و شوێندانەریی کرێکار لە پیشەسازیی وڵاتدا داناوە و هەروا دایدەنێ. شیکردنەوەی کەسی کرێکار بە تایبەتمەندییەکانی کرێکاری و هەڵسەنگاندنی هێزی کار بەشێوەی چینێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییش زۆر بابەت و خاڵی گرنگیی دیکەی دەردەخا کە ئالۆزیی بارودۆخ و قووڵیی قەیرانی هێزی کار لە ئێراندا دەباتەسەر.

ئەگەر بمانەوێ بارودۆخی کار و کرێکار بەشێوەی لۆژیکی و ورد تاوتوێ بکەین، دەبینین ڕادەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو هەڕەشانەی هەمیشە لەسەر کرێکارانن، بەڕادەیەک لەسەرێیە کە سڵامەتیی کاریی بە کردەوە لە ئێراندا لە ناڕوونییەکی تەواو دایە کە بەم شێوەیە دەگەڵ بارودۆخی سەرەوە باس کرا کە سەرچاوەی لە بەڕێوەبەرێتیی نادروست و نابەرپرسانەی سیستەمی کۆماریی ئیسلامی گرتووە، ناتوانرێ بە باشتربوونی ئابووریی ئێران و بارودۆخی کرێکاران هیوادار بین چونکە، خەسار و نەهامەتییەکانی سەر کرێکاران و ڕەوشی کار دەبێ بەشێوەیەکی بنچینەیی و خێرا لەنێو بچن. ئەم پێویستییە کە هەمیشە زەنگی مەترسی بارودۆخی قەیراناوی چینی کرێکاری بەدەنگ هێناوە، سەرەڕای هاتنەسەرکاری دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان تا ئێستا نەیتوانیوە بەشێوەی دروست و جێگیر چارەسەر بکرێ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر تانوپۆی ئابووریی وڵات لەنێو دەبا. ئابوورییەک کە توانای نووژەنکردنەوەی خۆی نیە و تەنیا بەشێوەی کاتیی و ڕووکەشی هێورکەرەوەی پێدەدا. لەم هەلومەرجەدا مەترسی لێکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی یان بزووتنەوە توندئاژۆکان ڕۆژ بە ڕۆژە پڕڕەنگتر دەبێ و تەنانەت قەرەبوو و نۆژەنکردنەوە ئەم دۆخە، بۆ داهاتووەکان زۆر پڕتێچووتر و کاتگرتر و پڕووکێنەرتر دەبێ.

لە ژمارە ٦٥٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥

# دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم «ظرفیتسازی» لە کوردستان

و: سیروان مووساپوور

ئەو ناڕەزایەتیانەی دوای مەرگی فەریناز خوسرەوانی لە کوردستانو بە تایبەتی شاری مەهاباد هاتنە ئاراوە، هەڵوێستگەی جیاوازو تەنانەت نوێیان لە کەشی سیاسیو مەدەنی کوردستاندا بە دوای خۆیاندا هێنا. ژمارەیەک لایەنگری ناڕەزایەتی، جیددیەتو بەردەوامبوون لە دژایەتی، نافەرمانیی مەدەنیو هوشداری کۆمەڵایەتی بە سیستەمی دەسەڵاتدار بوونو ژمارەیەکیش، نیگەرانی لە نێوچوونی ئەو دەرفەتانە بوون کە بۆ سەرمایە گوزاریی ئابووری هەبوون یان لە لایەن حکومەتەوە بەڵێنی دروستکردنی ناوەندێکیان بۆ درابوو. ئەم دو لایەنە نوێنگەو نیشاندەری دووڕەهەندی ڕاستەقینەی کۆمەلگای کوردستانن کە بۆ گەشەو پێشکەوتنی نەتەوەی کورد تێدەکۆشنو لە بەرامبەر چارەنووسی هاوبەشی ئەم نەتەوەیەدا خۆیان بە بەرپرس دەزانن. دەرئەنجامە وەدستهاتووەکانی ئەم دوو لایەنە، ئەم پرسیارە گرینگە ڕووبەڕووی چالاکە سیاسیو مەدەنیەکانی کورد بە تایبەت حیزبە کوردستانییەکان دەکاتەوە بۆ گەشەو پێشکەوتنی کوردستانو بەهێزکردنی هاوپێوەندی کۆمەڵایەتی دەبێ چ بکرێ؟

لەوانەیە ئەم پرسیارە سەرەکیترینو خێراترین، پرسیارێک بێ کە بە زەینی چالاکە سیاسیو مەدەنیەکانو ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای کوردستاندا بێ کە دەبێ بە وردبینیەکی زۆرو بێ دەمارگیری وڵامی بدرێتەوە، چونکە گوێ نەدان بەم پرسیارە گرنگە یان خۆلادان لە وڵامێکی دروستو لۆژیکی دەبێتە هۆی لێک دوورکەوتنەوەو پرشو بڵاویی لە نێو کۆمەڵگەو چالاکە سیاسیو مەدەنیەکاندا. لەوانەیە وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نەبێ یان ئەوە کە هەرگرووپو لایەنێک بە گوێرەی هەستیارییەکانو گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە، وڵامێکی جیاوازی بۆ ئەم پرسیارە

هەبێ، لەم حاڵەتەدا بە ژمارەی لایەنو گرووپە جیاوازەکان، وڵامەکانیش جیاواز دەبن. بەڵام داخودا وڵامە بێ ژمارەکانو پێشنیارە جۆراوجۆرەکان، ئێمە بە ئامانجی دڵخوازمان کە هەمان «ظرفیتسازی»ی لە کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکانە، دەگەیەنێ یان گرفتاری ئاستەنگەکانی بەردەممان دەبینو هەر دەرفەتێک دەبێتە قەیرانێکی سیاسی، مەدەنی ئابووری، کلتوریو شوناسی؟ کەواتە پێوەری ناسین و جیاکرانەوەی رێگە لە لارێ چیە؟ چۆن دەتوانرێ بە کەمکرانەوەی تێچووە مرۆییو ماددییەکان بە دەسکەوتی زیاترو باشتر بکەین؟

ئەگەر سەیری خاڵی جیاوازی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران بکەین ناسیونالیزمو بزووتنەوەی رەگ داکوتاوی میللی- دێموکراتیکی کورد بە شێوەیەک لە کوردستاندا جێی خۆی کردۆتەوە کە دۆستانو دوژمنانی نەتەوەی کورد دانی پێدادەنێن. بەرگری لە شۆناسو بەرژەوەندییە نەتەوەیەکانی نەتەوەی کورد لە گرنگترینو سەرەکیترین فاکتۆر گەلێکن کە خاڵی هاوبەشی هەمووحیزبە سیاسییەکان، دامەزراوە مەدەنیو مافی مرۆیی، گرووپە رۆشنبیرییەکانو چالاکە سەربەخۆکانی کوردستان بووەو ئەم دوو بنەمایە (شۆناسی نەتەوەیی- بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان) دەتوانن وەک پێوەری هەڵسەنگاندنی چالاکییەکان دابنرێن- لە نارەزاییەکانی ئەم دواییەشدا، لە راستیدا بەشێک لە خەڵکی کوردستان بەسەر دوو جەمسەری شۆناسخوازو بەرژەوەندیخوازدا دابەش بوون. هەرکام لەم دوولایەنە، بە سەرنجدان بە ئەولەویتی شۆناسی یان بەرژەوندییەکانیان، دروشمو روانگەی جیاوازیان گرتەبەر کە سەرەرای دڵسۆزیو خێرخوازی هەردوو لایەنەکە، لە ئاکامدا کۆمەڵگای کوردی شاهیدی فەزایەکی دوو جەمسەری بوو کە هەرەشە لە سالمبوونی پێوەندی و هاوپێوەندی بزۆتنەوەی میللی- دێموکراتیکی کورد دەکا.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لە شیکرانەوەو هەڵسەنگاندنی دۆخی ئاوادا زۆر جێگەی بایەخ پێدانە، هەستیاریو دژایەتی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ناسیونالیزمی کوردو بەرێوەبردنی کاروبارەکانی کوردستان لە لایەن پتانسیەلەکانی ئەم نەتەوەیە. کۆماری ئیسلامی ریشەی پتەوی ناسیونالیزم لە کوردستاندا دەبینێو مەهابادو کۆماری کوردستان بە بەشێکی جیانەکراوو گرنگ لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەزانێ. سیستەمی دەسەڵاتدار هەوڵی داوە هەمیشە لە نێوان نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا مەوداو ناکۆکی پێک بێنێو تەنیا یەک نەتەوە بە فەرمی بناسێو هەمووان لە پێناو بەرگری شۆناسو بەرژەوەندیەکانی ئەو نەتەوەیە دا هاوئاهەنگ بکا. داکۆکی لاواز و پشتیوانی کەمی غەیرە کوردەکان لە نارەزایەتییەکانی کوردستان بە باشی ئەم بابەتە دەردەخا. دیارە ئاشکرایە کە ئەم گۆی نەدان و پشتیوانی لاواز لە رووداو و نارەزایەتییەکانی رابردووشدا هەر بەم شێوەیە بوو.

هەڵبەت لەم کەمترخەمی پشتیوانی نەکردنەدا، نەتەوەی کوردیش تا رادەیەک بەرپرسە، چونکە نەیتوانیوە هەلومەرجەکە بە قازنجی خۆی بگۆڕێ. چاوەڕوانییان هەیە بێ هیچ هەوڵ و کۆششێک لە پشتیوانی غەیرە کوردەکان بەهرەمەند بن یان بە بێ هیچ زەحمەتێک نیگەرانیەکانی لایەنی بەرامبەر لەنیو بەرن.

دیارە گروپێکی دیکە لە چالاکە کوردەکانیش هەن کە لە بنەرەتدا خۆیان لە هەر چەشنە پەیوەندیی یان بەشداری، پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێران بێ نیاز و بێ منەت دەزانن. دەبێ لەو گرووپە بپرسین کاتێک رۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران) بەشێک لە جوغرافیای سیاسی ئێران دێتە ئاراوە، ئایا ئەم گرینگی پێدان و لێک دوورکەوتنە، نابێتە هۆی قەیراناوی بوونی دۆخەکە و چوونە سەری بێ متمانەیی زیاد بوونی تێچۆکانی بزوتنەوەکە؟

لە کۆتاییدا بە سەرنجدان بە بارودۆخی هەستیاری نەتەوەی کورد و هەوڵی هەموو ئەو کەسانەی خۆیان لە بەرامبەر چارەنووسی نەتەوەی کورد دا بە بەرپرسی دەزانن، لەوانەیە تەنیا رێگە چارەیەکی دروست «ظرفیتسازی» لە کوردستاندا بێ، بە شێوەیەک کە بتوانین ئەو پەڕی لە دەرفەتە پێکهاتوەکان کەڵک وەربگرن و هەوڵ بدەین تا ئاستی گەنجاو کوردستان لە قەیران بپارێزین. «شوناسی نەتەوەیی بەرژەوەندییە نەتەوەیەکانیش دەتوانن وەک دوو هۆکاری سەرەکی و فاکتەری هەڵسەنگاندنی تەواوی چالاکی و کردەوەکانی ئێمە دا بندرێن، بە شێوەیەک کە زیاترهاوپێوەندی چالاکانی کورد پەرەبستێنێ و ناهەماهەنگییەکان نێو بەرن. شوناس و بە بەرژەەندییەکان دەبێ وەک تەوەری سەرەکی خەبات و بزوتنەوەی ئێمە لەئاست دوژمندا کەڵکی لێوەرگیرێ ، نەک ئەو دوو هۆکارە ئێمە بەسەر دوو گرووپدا دابەش بکا و ببێتە هۆی جیایی و بێباوەڕی لە نێوانماندا . چونکە لەم حاڵەتە دا تەنیا براوەی ئەم دۆخە ئەو دوژمنە هاوبەشە دەبێ کە سالانێکە بە هەموو جۆرە گەلاڵە و پیلانەکانی خەریکی سەرکوتی بزوتنەوی نەتەوەیی . دێموکراتیکی کورد بووە و دەیەوێ بە لارێیدا برانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ماف و داخوازییە مرۆییەکان خۆی، درێژە بە حاکمییەتی خۆی بدا.

ئەم وتارە لە ژمارە ٦٥٦ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٥

# بزووتنەوەیەکی تینووی هاوکاریی و یەکیەتی

**و: ئاڵەشین**

کاتێک هاووڵاتییەکی کورد بیر لە کێشەی نێوان ئەو پارت و لایەنە کوردستانییانە دەکاتەوە کە ئێستا لە چیاکانی قەندیلن، چ وێنایەکی لا ساز دەبێ؟ ئەرێ قەندیل دوائامانجی چالاکی و خەباتی حیزبی دیموکرات و پێکاکایە، کە دەبێ دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە بن؟ یان ئەوەی کە کوێستانەکانی کوردستان، بەتایبەتیش قەندیل دەبێ تەنیا وەک ئامرازێک بۆ بەرەو پێشبردنی خەباتی نەتەوەیی کورد بەکار بهێنرێ؟ کەواتە ئەگەر مانەوە لە قەندیل ئامرازە نەک ئامانج، ئەدی هێنانە بەرباسی ئەو بابەتەی کە دەبێ ئەو چیایانە تەنیا لە لایەن هێزێکەوە پاوان بکرێ، سڵامەتی بزووتنەوە و خەبات خەوشدار ناکا؟ ئایا کاتێک جگە لە کۆماری کوردستان کە ئەویش تەمەنی کورتخایەن بوو، خەباتگێڕانی کورد تا ئەمڕۆکەش نەیانتوانیوە وڵاتێکی سەربەخۆ دامەزرێنن و بەردەوام دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە زۆری لایەنی جۆراوجۆرەوە مەترسییان لەسەرە، ئەم چەشنە حیزبچێتییە داخراوە نابێتە هۆی قوربانی بوونی "شوناس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد" لە هەموو ئاستەکاندا؟ کەواتە رێگەچارە چییە و، چۆن دەکرێ هاوکات "شوناس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد" لە هەر چوار پارچە و هەروەها بەرژەوەندی و پۆزیشنی پارتە کوردستانییەکان وێکڕا رێکخرین؟ چۆن دەکرێ لە سەر ئاستە جیاوازەکان، یەکیەتی و متمانەی کوردستانی و حیزبی پێکبێنین؟

باشترین وڵام بۆ ئەو پرسیارانە پێکهێنانی "هاوسەنگی ئەرێنیی"ە. "هاوسەنگی ئەرێنی" حاڵەت و هەلومەرجێکە کە پارتەکانی هەر بەشێک لە کوردستان، بەتەرخانکراوی بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی خۆیان خەبات دەکەن و پارت و لایەنەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە گوێرەی توانا و وزەی خۆیان یارمەتیدەریان بن. لەم حاڵەتەدا سەربەخۆیی بڕیاری هەر پارتێک لە سنووری چالاکی خۆیدا دەکەوێتە سەری وپارتە و لایەنەکانی دیکەش بە گوێرەی ویست و داخوازییەکان یارمەتی ئەو پارتە دەکەن. بەمجۆرە حیزبی هەر پارچەیەک، پێوەندیی بەکارهێنانی یارمەتییەکانی پارتەکانی دیکەی پارچەکەی خۆیەتی و پارتەکانی بەشەکانی دیکە ناتوانن و نابێ راستەوخۆ دەسوەردان لە کاروباری پارچەکەی دیکەدا بکەن. بەمجۆرە حەشیمەتی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەسی کوردستان دەبێتە وزە و پوتانسیەلی سەرەکی خەباتی میللی کورد، هەروەها پێوەندییەکی دوولایەنەی ئەرێنی لە

نێوان پارتە کوردستانییەکانی چێ دەبێ و دواجار گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان قازانج لەو پرۆسە دەبینێ.

کۆماری کوردستان و کارکردی پێشەوا قازی محەمەد یەکێک لە باشترینی ئەو نموونەی "هاوسەنگی ئەرێنیی"ـەیە کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین. هەڵسوکەوتی قازی محەمەد دەگەڵ کوردەکانی باشوور و بەکارهێنانی تواناییەکانیان لە کۆماری کوردستاندا لە لایەک و، فیداکاری و پێڕەوی مەلا مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی لە قانوونی سیستمی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە لایەکی دیکە، نموونەیەکی بەرز و سەرکوتوویە کە دەتوانێ ببێ بە سەرچەشن و ئولگوی ئەمڕۆ بۆ پێشخستنی خەباتی میللی کورد نەک هەر لە کوێستانەکانی قەندیل، بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕەچاو بکرێ.

وێنەیەکی دیکە لە سەر پێویستی پێکهێنانی "هاوسەنگی ئەرێنی" ئەزموونی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە، کە ئێستاشی دەگەڵ دابێ سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی پارت و لایەنە کوردستانییەکان نەگیراوە. کێشە و ناهاوئاهەنگی، تاکڕەوی و زێدەخوازی هەندێک لایەنی سیاسی بەڕوونی نیشانی دا؛ یەکێک لە جیدیترین و سەرەکیترین کێشە و ئاریشەکانی پارتە کوردستانییەکان نەبوونی هاوسەنگی بنیاتنەر و ئەرێنییە کە دەبێ ببێ بە سەرەتای چالاکی، بەشداری و هاوکاری سیاسییەوە، چونکە نەبوونی ئەو فاکتۆرە ورد و هەستیارە هەروا هۆکاری لێکدووربوونەوە و تەنانەت بەربەستی بەر بەستێنسازی بۆ پێشخستنی خەباتی میللی کوردە لە کوردستان و هەموو پارچەکانی.

ئێران، تورکیە، عێراق، سووریە لە سەرووی گرنگترینی ئەو وڵاتانەن کە کاریگەرییان لە سەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و نێوەندەکانی مافی مرۆڤی جیهاندا هەمیشە لەبەر چاو بووە؛ بە چەشنێک بچووکترین قەیران و بارگرژی لەو ناوچەیە، بەتایبەت ئەو وڵاتانە، سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی زلهێزەکانی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و شایەتی دژکردەوەیان بووین و هەمیشەش دەبین. کەواتە کاتێک کوردستان بەسەر ئەو چوار وڵاتەدا دابەش بووە و خەباتی پارتە کوردستانییەکان لەو وڵاتانە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و دژوارییە، نەبوونی "هاوسەنگی ئەرێنی" و یەکیەتی و متمانە بۆ بەرگری لە "شوناس و بەرژەوەندی نەتەوەیی" لە ئاستی "کلان" و هەروەها خەوشدار کردنی سەربەخۆیی و سنووری چالاکی پارتەکانی هەر پارچەیەک لە لایەن پارتەکانی پارچەکانی دیکە تەنیا دەبێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی هەلومەرج و

نیگەرانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. پێکهێنانی "هاوسەنگی ئەرێنی" و روونترکردنەوەی ئەرکەکانی هەر پارتێکی سیاسی دەتوانێ ببێتە هۆی بە ئاکام گەیشتن و تاووتوێی وردی کارکردی پارتە کوردییەکان، کە لەو حاڵەتەدا وەڵامدەربوونی پارتە سیاسییە کوردستانییەکان بە گەلی کورد بە شێوەیەکی کوللی و هەروەها ئەو پارچانەی خەباتی بۆ دەکەن زۆر ئاسانتر دەبێ.

لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین، ئەگەر "هاوسەنگی ئەرێنی" لە پێوەندیی سیاسی پارتە کوردستانییەکاندا ببێ بە پێوەر، قەندیل نەک ئامانج نییە؛ بەڵکو وەک ئامرازێکی بەهێز دەبێ بە کارتێکی گوشار بۆ بەرژەوەندی پارتەکانی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان. کەمبوونی تێچووەکانی بزووتنەوە یەکێکی دیکەیە لەو ئاکامە زێدە بایەخانەی کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەرکەوتەی "هاوسەنگی ئەرێنیی"ـە. بەڵام بۆ پێکهێنانی "هاوسەنگی ئەرێنی"ش پرسیارگەلێکی گرنگی زۆر دەورووژێن کە دەبێ پارتە کوردستانییەکان وەڵامیان بدەنەوە. ئەرێ هاندەر و پوتانسییەلی پێکهێنانی "هاوسەنگی ئەرێنی" بە مەبەستی بەرگری لە "شوناس و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد" لە لایەن پارتە کوردستانییەکانەوە بوونی هەیە؟ بۆچی حکوومەتەکانی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە هەوڵیان داوە و تاڕادەیەکیش توانیویانە دەگەڵ کوردەکانی وڵاتی خۆیان یان کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەو هاوسەنگییە ئەرێنییە پێکبێنن و یان ئەو هاوسەنگییانەی لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتەکانیاندا نییە تێکبدەن و یان هەر چۆنێک هاوسەنگییەکی نەرێنی لێ دەرچێنن، بەڵام پارتە کوردستانییەکان نەیانتوانیوە ئەو چەشنە میتۆد و هاوسەنگییانە لە بەرژەوەندی خۆیان و لە نێوان پارت و لایەنە سیاسییە کوردییەکاندا رێکبخەن؟ پارتە سیاسی، رووناکبیران و کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی دەتوانن چ رۆڵێک لە پێکهێنانی ئەو هاوسەنگییە ئەرێنی و یەکیەتی و متمانە گشتگیرەدا بگێڕن؟ و...

رەوشی هەنووکەیی کوێستانی قەندیل و کێشەی پارتەکان؛ کە بووەتە باسی گەرموگوڕی زۆربەی میدیا و چالاکانی سیاسی و خەڵکی کوردستان بە هەموو پارچەکانییەوە، سەرەڕای ئەو نیگەرانییەی لێی کەوتۆتەوە، رەنگە بتوانێ بواری بەرزکردنەوەی خەباتی میللی گەلی کورد بۆ ئاستێکی باڵاتر و تۆکمەتر خۆش بکا و، لە لایەکی دیکەشەوە لەوانەیە ئەو هەلومەرجە ببێتە هۆی لە کیسدانی دەرفەتەکان و بە فیرۆدانی هێزی مرۆیی و، زەمان و چوارچێوەیەکی پراکتیکی بێ کە بۆ پارتە کوردستانییەکان زۆر گرنگە، کە رەنگە خەسار و دەرکەوتە نەرێنییەکانی سەرچاوەگرتوو لەو پشتگوێ خستنە قەرەبووکردنەوەی هەر وا ئاسان نەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی جووی ٢٠١٥

# بانێکو دوو هەوا

و: ئاڵەشین

مەنسوور ئاروەندەکان ئیعدام کران، محەمەدسەدیق کبوودوەندەکان لە زیندان دان، فەریناز خوسرەوانییەکان دەبنە قوربانیو سەدان هیکتار لێرەواری کوردستان لە سووتانن. ئەوانە تەنیا بەشێکن لەو هەواڵە تاڵانەی بەرگوێمان دەکەون.

کۆماری ئیسلامی ئەرێ یا نا؟ دەستبەسەرکردن، ئەشکەنجە، دوورخستنەوەو کوشتنی زیندانە سیاسییەکان، دەسپێکردنو کۆتایی هێنان بە شەڕی کاولکاری ٨ ساڵە، سەردەمی بنیاتنانەوە، قۆناغی چاکسازی، ڕادیکالیزمو بنئاژۆخوازی وزێدەڕۆی ئەحمەدی نژادو لە ئاکامدا دەسەڵاتداری دەوڵەتی ئێعتدالْ، تەدبیرو ئومید، ڕووکاری گشتیی کارکردی کۆماری ئیسلامییە لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا، بە شێوەی بەرچاوەدەبیندرێ. لە هەموو ئەو قۆناغانەدا، سەرکوتی سیاسیو پێشێلکردنی مافی هاووڵاتی، نادادپەروەری، دروشم دانو... هتد هەمیشە هەبووە کە هەندێک جار خاو بوونەتەوە و هەندێک جاریش توندوتیژو گرژتر لە پێشو بووە.

ئەو خاڵەی لە لێکدانەوەی سیاسیی کارکردی هێزە دژبەرەکان و یان ڕخنەگرانی کۆماری ئیسلامیدا زۆر گرنگە؛ هەڵوێستی ناڕوونو ناوەرۆکی ناڕوونی بەشێکی زۆری ئەو هێزە گۆڕانخوازانەیە کە وەک ئۆپۆزسیونی سیستمی دەسەڵاتدار، یان ڕێفورمخواز لە نێوخۆی وڵات چالاکن. لە سەردەمی شەڕدا، زۆربەی ئەو ڕەوتو توێژانە شەڕخوازن، کاتی ڕێفۆرم دروشمی چاکسازی هەڵدەگرن، لە قۆناغی زێدەخوازی ئەحمەدنیژاددا لایەنگری بڕینی «یارانەکانن» و وزەی ناوکی بە مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆیان دەزانن و ئەمڕۆش داکۆکیکاری تۆخی دەوڵەتی ئێعتدالْن، بەڵام ئاکامی کارکردی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو سەردەمانەدا سەرکوت، نادادپەروەری و بەرتەسککردنەوەی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان بووە. هۆکارەکەی چییە؟

ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بارودۆخە چییە و لە درێژخایەندا ڕووبەڕووی چ ئەگەرگەلێک دەبینەوە.

شۆڕشی ٥٧ بزاڤ و رسکانی خەڵکێک بوو، کە تەواوی چین و توێژەکانی تێدا بەشداربوون، بەڵام نەیانتوانی حکوومەت و پێکهاتەیەک پێکبێنن، کە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش ماف و داخوازییەکانی هەموو ئەو دەستە و لایەنانە بپارێزێ. نەبوون، یان لاوازی بەستێنەکان و هەلومەرجی سەرەتای پەڕینەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی دێموکراتێک و سەرەڕای ئەویش نەبوونی گەڵالەیەکی ڕوون و دیاریکراوی سیاسی دوای تێپەڕبوون لە حکوومەتی پەهلەوی لە لایەن ئەو هێزانەی کە بەشداریی شۆڕشیان کردبوو، بووە هۆی ئەوەی ڕەوتی مەزهەبی زاڵ، کە خومەینی ڕێبەری و پێشەنگایەتی دەکرد، بتوانێ ئەو بەشە کەمەی کە توانیبوویان لە سیستمی نوێدا دەست بەکار بن و لە پێناو دامەزرانی دێموکراسیدا تێدەکۆشان، وەک جیابیر و ڕەوتگەلی دژی شۆڕش بناسێنێ و ئەو دەنگ و هزرە دژانە بخاتە پەراوێزەوە و هەوڵی سڕینەوەیان بدا. شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقیش کە خومەینی بە « نعمت»ی دەزانی، ئامرازێکی گرنگی دیکە بوو کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و لایەنگرانی بۆ سەرکوتی ڕەخنەگران و دژبەران بە شێوەیەکی توندوتیژ و دژبەرانە کاریان هێنا، ئەم ناکامی و شکستە گەورەیە بۆ ئەو دژبەرانەی کە ببوونە ئۆپۆزسیونی دەسەڵاتی تازە، زیاتر لە دەیە و نیوێک خراپترین هەلومەرجی سیاسی بە سەردا سەپاندن. پاش پەروەندەی تێروری میکۆنوس و مەحکووم بوونی گەورەترین بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی « کارگزران» و «عاملان»ی تیرۆریزمی دەوڵەتی، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بە قۆستنەوەی کەشی لەباری نێوخۆ و دەرەوە کە ڕوومای دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی بە جوانی سەلماندبوو، توانییان کەڵک لەو دەرفەتە وەرگرن و بە ڕێکخستن و ڕێکخستنەوەی سترەکتۆرەکەیان دیسان پشوودرێژتر و کاریگەرتر لە مەیدانی سیاسیدا دەربکەونەوە.

دوو دەیە دوای شۆڕشی ٥٧، کۆماری ئیسلامی تووشی نەوەیەک هاتبوو کە ئیدی دروشمەکانی شۆڕش بە لایەنەوە جێی بایەخ و گرنگی نەبوو، ئەو نەوەیە کە لە کەشێکی ئازاد و کراوەی سیاسی و فەرهەنگی دەگەڕا، کە لەو کەشەدا ژیانێکی ئاسوودە و کۆمەڵگەیەکی ساغ و سەلیمی هەبێ و، تا بۆی بکرێ خۆی لە کاولکارییەکانی شەڕ و پاوانخوای سیستمی دەسەڵاتدار لابدا. قۆناغی ڕیفۆرمخوازی؛ ئاکامی ئەو داخوازییە کۆمەڵایەتی و خواستانە بوو کە بە سەر کۆماری ئیسلامیدا سەپان. بە کردەوە هێزە کۆمەڵایەتییەکان توانییان، هەندێک ئیمتیازی پۆزەتیڤ بستێنن، بەڵام مافی هاووڵاتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەو فاکتۆرانە بوون کە دەگەڵ بوونی کۆماری ئیسلامی دژایەتییان هەبوو. لە کێشەی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان کەوتنە سەر دوو ڕێیانێی شۆڕش یان ریفۆرمخوازییەوە. پرش و بڵاوی و کێشەی جیددی نێوان ئۆپۆزسیۆن لەو قۆناخەدا بووە هۆی لێک دوورکەوتنەوەی هێزە دژبەرەکان. هەندێک بوونە ریفۆرمخواز، هەندێک ئینقلابی مانەوە. ئەو دوو گرووپە بەجێی ڕاکێشانی بەشداری کۆمەڵایەتی و پیکهێنانی ئاڵوگۆڕ، بەجێی دەرفەت خوڵقاندن و پێکهێنانی رەوتی نوێ لە

کۆمەڵگەدا، داهێنان و هەڵەکانیان لە کیس خۆیان دا و، بوونە پاشکۆی کۆمەڵگاو و تەنانەت بوونە پشتیوان و هاندەری ریفۆرمخوازانی حکوومەتی. بزووتنەوەی سەوز و ناکام بوونی ئەوبزووتنەوەیە باشترین بەڵگەیە بۆسەلماندنی ئەو هەڵومەرجە، کە باس کرا.

### خەبات لە کوردستان

بزووتنەوە و کەشی زاڵی کوردستان، لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجی رەوتە سیاسییە ناکوردییەکان زۆر جیاوازە. خەبات لە کوردستان وەک خەباتێکی نەتەوەیی‌و دێموکراتیک ناسراوە و پێناسە کراوە. مافی چارەی خۆنووسین و داکۆکی لە شوناس و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، دیارترینی ئەو فاکتۆرانەن لای نزیک بە هەموو پارت و لایەنە کوردییەکان باسی لێ دەکرێ. بزاڤی میللی-دیموکراتیکی کورد لە ئیران هەمیشە دەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکە لە پیوەندیی دابووە هەیە. لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەم بزاڤە دوو لایەنی کوردستانی و ئێرانی بە خۆوە گرتوە، چونکە لێکگرێدراوی نەتەوەیی کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان، گرینگترین هۆکاری زیندوویەتی ئەو بزاڤەیە و بەرەو رەوگە و بەستێنی خۆی رێنوێنی دەکا. دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، حکوومەتی ناوەندیی لەو وەعد و بەڵێنیانە پەشیمان بوویەوە کە لە پێوەندیی دەگەڵ خودموختاری کوردستان دابوونی و، خومەینی فەرمانی شەڕی دژی کوردستان دەرکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ساڵی ١٣٧٥ بەردەوام درێژەی بە خەباتی چەکداری دا و، پاشانیش دەگەڵ بەهێزکردنی خەباتی سیاسی هەمیشە تیم و گرووپی رێکخستن و هێزی پێشمەرگەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بووەو لەسەر گەیشتن بە خواستە ڕوون و دیارەکانی گەلی کورد، واتە مافی چارەی خۆنووسین و داکۆکی لە شوناس و بەرژەوەندی گەلی کورد.

گەلی کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکەی ئێران کەڵک لە دەرکەوت و پاشهاتەکانی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان وەردەگرێ، بەڵام کەموکوڕی و سەرلێشێواوی رەوتە ناکوردییەکان تێچوویەکی قورس و گرانتر دەخەنە ئەستۆی بزاڤی میللی دێموکراتیکی کورد. کەشی ئەمنییەتی و سەرکوت لە کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر گرژترە و نارێکوپێکی و هاوکاری لاوازی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی ئەوەی سیستم توندوتیژتر و گرژتر ڕووبەڕووی نارەزایەتییەکانی کوردستان بێتەوە و بە شێوەیەکی سیستماتیک سەرکوتی بکا.

بێدەنگی، رەنگدانەوەی کەم و پشتیوانی لاوازی چالاکانی مافی مرۆڤو ڕەوتە سیاسییە ناکوردییەکان لە بەرامبەر

ئیعدامی لەنەکاوی مەنسووری ئاڕوەند، زیندانیی سیاسیی کورد کە مەحکووم بە زیندانی هەتاهەتایی بوو، یان دۆخێکی وەکوو ئەوە لە کاتی ناڕەزایەتییە بەربەرینەکانی خەڵکی کورد دوای مەرگی فەریناز خوسرەوانی، بەڵگەی ڕوونن کە نیشان دەدا ئەو سەرلێشێواوی و ناهەماهەنگییەی ئۆپۆزیسیۆنی غەیری کورد، دەبێتە هۆی ئەوەی گەلی کورد بۆ پێشڤەبردنی بزاڤی نەتەوەیی - دیموکراتیکی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناچار بێ تێچوویەکی قورس و گرانتر لەچاو شوێنەکانی ئێران بدا و گوشارێکی زیاتر بکەوێتە سەری.

لە ژمارە ٦٥٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٥

---

## حیزبی دێموکرات، سەمبول سازی یا ئوستورە ناسی؟

**و: ئاڵەشین**

پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری ڕەوتێکە، کە بە مودێرنیتەی کورد ناودێر دەکرێ، بزاڤێکی مودێرن کە پاش لە سەر کار لابردن و دوورخستنەوەی ڕەزاشا توانی کۆنترۆڵ و ئیدارەی کاروباری کوردستان بەدەستەوە بگرێ، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دابمەزرێنێ و یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورددا کۆماری رابگەیەنێ. پێشەوا قازی محەممەد یەکەمین سەرکۆماری کوردستانە کە لە پێناو بەرگری لەگەلەکەی ملی بۆ چارەنووسێکی تراژیک راکێشا و بە هۆی داهێنان، خۆڕاگری و فیداکارییەکانی لە مێژوو، زەین و ویژدانی نەتەوەی کورددا وەک ئوستورەیەکی مەزن و سیمبولێکی هەرمان تۆمار بووە.

دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیش ئەو دوو ڕێبەرەی حیزبی دێموکڕاتن کە توانییان لە قۆناخێکی زۆر هەستیار و قەیراناویدا لە شۆڕشی ٥٧ەوە تا تیرۆری میکۆنووس (پوشپەڕی ١٣٧٢ هەتاوی) بزاڤی میللی ـ دێموکڕاتیکی کورد ڕێبەرایەتی بکەن. هێرشی زیاتر لە یەک دەیەی سەربازانی خومەینی بۆ سەر کوردستان

ڕووبەڕووی خۆڕاگری و بەرگری گەلێک بوویەوە کە هیوا و ئۆمێدیان حیزبی دێموکڕات و ئەم دوو ڕێبەرە بوو. تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ئوتریش بە دەستی دیپلوماتیکارەکانی کۆماری ئیسلامی و، پاشان تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی لە ریستورانی میکونوس بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، دیسان چارەنووسێکی تراژیکی بە سەر ڕێبەرانی کورد هێنا.

پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی سێ سیمبول و سێ ئوستوورەی هەرمانی گەلی کوردن، کە ئەگەر بمانەوێ لە بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی کورد بگەین؛ دەبێ بیانناسین.
لە ئەدەبیات و فەلسەفەدا دەوترێ: «ئەو گەلەی ئوستوورەی نیە، بێ شووناسە.» کەواتە بۆ تێگەیشتنی گەلی کورد، دەبێ تێگەیشتنێک لە دروستمان لە ئوستوورەکانی ئەو گەلە هەبێ.

ئەو پرسیارەی بە زەینی مرۆڤی ئەمڕۆدا، بە تایبەت تاکێکی خەباتگێڕدا تێدەپەرێ ئەوەیە کە ڕەنگە پرسیار بکرێ، ئایا لەم هەلومەرجەی ئێستادا سیمبۆل و ئوستوورە ساز دەکرێ؟ کێ و لە چ هەلومەرجێکدا دەبێ بە ئوستورە و سیمبول؟

یەکەم بابەتێک کە دێتە گۆڕێ و شایانی تاووتۆیە، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بارو دۆخی کۆمەڵگەیەکە، کە بۆ گەیشتن بە ماف مرۆییەکانی خۆی خەبات دەکا. بۆ وێنە کاتێک ڕەزاشا ناچار بوو دەسەڵات بدا بە کوڕەکەی و پادشای لاویش توانایی ئیدارەی وڵاتی نەبوو، کاتێک هێزە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان، بەشێکی بەرینی ئێرانیان داگیر کرد، لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (موکریان) بۆشایی دەسەڵات دێتەگۆڕێ، بوون و هەوڵەکانی پێشەوا قازی محەممەد هەروەک لە مێژووی گەلی کورددا تۆمار کراوە؛ خاڵێکی وەرچەرخانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی وزەو هێزی کۆمەڵایەتی بە ئاقار و ئاراستەیەکی مەبەستداردا بجووڵێ و مێژوویەک بئافەرێنێ کە بۆ هەموو گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان هێمای متمانە بەخۆیی و شانازییە.

مژارێکی کە ڕەنگە هەندێک جار ببێتە جێی باس و مشتومڕ، ئەوەیە کە ئایا هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی ئوستورە یا سیمبۆلێکی وەک پێشەوا قازی محەممەد بخولقێ، یان ئەوەی مرۆڤ بە تواناییەکانی خۆیەوە دەبێ بە ئوستوورە و کۆمەڵگە و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو ئاراستەیەکی تایبەت ڕێنوێنی و ڕێبەری دەکا؟

هەتا کاتێک هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ بوون بە سیمبۆل و ئوستوورەبوون بۆ تاکەکەس نەڕەخسێ، قەت ناتوانێ ئەو دەور و بەرپرسایەتییە بگێڕێ، چونکی کەسانێکی زۆر بەتوانا و خاوەن بەهرە هەبوون کە نەیانتوانیوە بەم پێگە و پەلە بگەن و، لە لایەکی دیکەشەوە لەمێژوودا کەسانێک هەبوون کە لە هەلومەرجی لەباردا توانیوییانە ببن بە ئوستووره و سیمبول.

بۆ وێنە دوکتور قاسملوو ئەگەر لە حیزبی توودەوە نەهاتبایە حیزبی دێموکراتی کوردستان، رەنگبوو نەیتوانیبا ئەم دەور و ڕۆڵە دیار و مەزنە بگێڕی، یان ئەگەر نەمر مەلا مستەفای بارزانی و هاوڕێکانی نەچوبانە رۆژهەڵاتی کوردستان، قەت نەیانتوانیبا بناخەی شۆڕشێکی بەم شێوەیە مەزن و بەربەرین لە باشووری کوردستان دابڕێژن. کاتێک لە کۆمەڵگەدا ئوستووره و سیمبول بوونی هەیە، تایبەتمەندییە ئەرێنییە مرۆییەکانی وەک دڵۆڤانی، فیداکاری و بەزەیی و... هتد لە ئاستێکی بەرزدا خۆ دەنوێنن و ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی ئەو قۆناخەش، ئەدەبیاتی حەماسییە، کە دەبێتە هۆی هەڵخڕانی کەفوکوڵی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک.

لە لایەکی دیکەوە سەرهەڵدان و کارکردی ئوستووره بۆ هەماهەنگ کردنی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی چۆنایەتی کۆمەڵگە ئەوەیە کە هەروەک دەوترێ هەموو کۆمەڵگەکان ئوستووره وەردەگرن و تەنانەت ناتوانن لەو مژاره خۆ ببوێرن.

گەلی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا خاوەن شوناسێکی دیار و ئوستووره و سیمبۆلی ناسراوە کە نەوەی ئەمڕۆ دەتوانێ بۆ پێشەوەبردنی بزاڤی میللی دێموکراتیکی خۆی بە ئاسانی کەڵک لە هیز و وزانە وەربگری، ئەوان خوڵقاندوویانە و، خەبات و شۆڕش لە قۆناغ و هەلومەرجی نوێتردا بەرەو گەیشتن بە ئامانج پێش بخا. شرۆڤەی بارودۆخی بزاڤی میللی دێموکراتیکی کورد نیشان دەدا لە کاتی ئێستادا نیشانە و سیگناڵێک بۆ سەرهەڵدان و خوڵقانی سیمبول و ئوستووره بەدی ناکرێ. زیندوویەتی کۆمەڵایەتی و شیرازە مێژوویەکانی گەلێک، پێکهاتەیەکی تۆکمەیە پێکهاتوو لە بەشی جۆراوجۆر، کە سیمبۆل و ئوستووره تەنیا بەشێکی پێکدەهێنن و ئەرکی کۆمەڵایەتیش بریتییە لە کۆمەڵێک فاکتۆر کە لە کاتێکی شیاو و لەباردا ئەکتیڤ ببێ و بجوڵێ. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا پێویستی راستەقینەی بزاڤ، کەڵکوەرگرتن لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانە بە شێوەی گرووپی و هەرەوەزی، کە نزیکبونەوەی سیاسی و فەرهەنگی لێدەکەوێتەوە و بێگومان یەکێک لە گرینگترین پوتاسییەلەکان بۆ پێشەوەبردنی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی کورد کە بوونی هەیە، سەرنجدان و ناسین و کەڵکوەرگرتن لە سیمبۆل و ئوستوورەکانی ئەو نەتەوەیە

که له دژوارترین هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاندوە، که پشتگوێ خستن یا گرینگیﻧەدان بە هەر کام لەو بنەما مێژووییانە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی بزاڤ یان قەیرانی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

ئوستووره و سیمبۆلەکانی نەتەوەیەک، بەشێکی جیا نەبووەی شووناس و ناسنامەی گەلێکن که دەبێ بە کۆمەڵگە و نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو بناسێندرێن، بەڵام بەرزی و مەزنی ئەو کەسانە نابێ لە شرۆڤەی دروست دوورمان بخەنەوە و ڕەکێشی داوەری ئیحساسیمان بکەن. ئەگەر ئوستووره و سیمبۆلەکانی گەلی کورد بۆ یەکڕیزی و یەکێتی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و پەرەپێدان بە بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکار بهێنرێ، دەتوانین هێوامان بە سڵامەتی سترەکچەری بزوتنەوە هەبێ، بەڵام ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەموویان بیانەوێ ببن بە سیمبول و ئوستووره، بە کردەوە تاکگەرایی و لێکدابڕان و پرش و بڵاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و تاکە ئاکامی ئەم ڕەوشەش هەرەج و مەرەج لە نێوەرۆک و پێکهاتەکانی بزاڤ و تەنگەژەی رووخێنەرە.

له ژماره ٦٥٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٥

---

## بزووتنەوەی کورد و پرسیارە سەرەکییەکانی وتوویژێکی سەرکەوتوو

و:سیروان مووساپور

ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەرهەمی وتوویژێک بوو که زیاتر له دەیەیەکی خایاند، هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردیش لە ساڵانی سەرەتای دوای شۆڕشی ٥٧ وتوویژێکی دەگەڵ حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی دەست پێکرد که بەهۆی کارشکێنی سیستەمی دەسەڵاتدار بێئاکام مایەوە و بەجێگەی لێک تێگەیشتن و ڕێککەوتنی هاوبەش، خومەینی و دەوروبەرەکانی بڕیاریان دا مافخوازیی نەتەوەی کورد و

بزووتنەوە سەرانسەرییەکەی بە هێرشی تەواو عەیاری هێزە نیزامییەکان و هەڵگیرساندنی شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە کوردستاندا سەرکووت بکەن. ساڵێک دوای کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و ئێراق، دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی پێشگرتن لە زیان و خەسارەتی زیاتر، وڵامی ئەرێنیی بە داوای وتووێژی کۆماری ئیسلامی دایەوە چونکە حیزبی دێموکرات لەبەرامبەر هێرشی نیزامیدا ناچار بە بەرگریی لە نەتەوەی خۆی کرابوو و، کاتێک هێزی هێرشبەر و دەسدرێژیکار بۆ سەر کوردستان، بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان داوای دانیشتن و وتووێژی کردبوو، سرووشتییە حیزبی دێموکراتیش بە ئامانجی جێگیربوونی ئاشتیی، ئامادەی گفتوگۆ و وتووێژ بوو؛ بەڵام ئەمجارە کۆماری ئیسلامی نەتەنیا مەبەستی واقعیی بۆ چارەسەری کێشەکان و ڕێزدانان بۆ مافە نەتەوەییەکانی کوردی نەبوو، بەڵکو دەیەویست لەڕێگەی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو، مێشکی بیرمەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی کورد لەنێو بەرێت و وەک ناوچەکانی دیکەی ئێران دەست بە کوشتاری چالاکە کوردەکان بکا. ئەم بەرنامەیە بەشێوەیەک بۆ کۆماری ئیسلامی گرنگ و هەستیار بوو کە ناچار کرا کەڵک لەو دیپلۆماتانە وەرگرێ کە بۆ تیرۆر هەڵبژێردرابوون.

حیزبی دێموکرات بە هەڵبژاردنی دوکتۆر شەرەفکەندی وەک جێگری دوکتۆر قاسملووی شەهید و هەروەها بە پشت بەستن بە بەشداریی بەربڵاوی نەتەوەی کورد توانی هەروا کارایی و زیندوویەتی بە بزووتنەوەی کورد ببەخشێ و درێژە بە ڕێگەی خۆی بدا. ڕێژیمی حاکم بەسەر ئێران جارێکی دیکە بە پیلانی میکۆنۆس توانی دوکتۆر شەرەفکەندی تیرۆر بکا بەڵام ئەم کردەوەیە سەرەڕای ئەو تێچووە گرانەی کە بۆ نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی هەبوو، دەزگای دادوەریی ئەڵمانیا، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەک حکوومەتێکی ڕێکخەری تیرۆریزمی دەوڵەتی مەحکوم کرد.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو چەندین جار لەلایەن هێندێک لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و چەند کەسایەتیی و گرووپی سیاسیی و مەدەنی، بابەتی وتووێژ دەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتۆتەئاراوە کە بابەتەکە تا ئێستا هەروا بەشێوەی قسەوباسی مەحفەلی و سەرەتایی ماوەتەوە.

وتووێژ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەزموونێکی گرنگ بوو کە کۆماری ئیسلامی تێیدا ناچار بە نەرمی نواندن و یان بە واتایەک «نرمش قهرمانانە» بوو و ئەوەی قبووڵ کرد کە دوژمنایەتی دەگەڵ ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا ناتوانێ هەتاهەتایە درێژەی هەبێ و دەبێ لەنێو دوو بژاردەی «تەحریم و گۆشەگیریی نێونەتەوەیی»

یان «ڕەواندنەوەی نێگەرانییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەڕێگەی هەڵپەساردن و هەموارکردنی بەشێکی بەرچاو لە چالاکییە ناوکییەکانی خۆی»ن یەکێکیان هەڵبژێرێ. وڵامی کۆماری ئیسلامی قبووڵکردنی بژاردەی دووەم بوو کە ڕەنگدانەوەکەی لە ڕێککەوتنی ئەمدواییانەدا دەرکەوت.

هەنووکە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، وەک وتووێژی ئەتۆمی، ڕوانگە و ڕێگەیەکی دیکە دەگرێتەبەر یان وتووێژ بۆ ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێرانی هەروا ئامرازێکە بۆ سەرکووتی زیاتر یان کڕینی کات و بەلاڕێدابردنی بەشێک لە بیروڕای کۆمەڵگە بۆ درێژەدانی حاکمییەتی خۆی؟ داخوا مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا تەنیا بۆ خەڵک خەڵەتاندن بە ئامانجی زیادکردن بەشداریی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەنجام دەدرێ؟ یان سەرەڕای هاتنەئارای لەلایەن بەشێک لە کەسایەتی و لایەنەکانی نێوخۆی ڕێژیم، وەک دژەکیی پێکهاتەیی لەبەرامبەر مەوجوودییەتی کۆماری ئیسلامیدا ماوەتەوە؟ بە دەستەواژەیەکی دیکە بەرنامە و وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی کورد ئایا کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی داواکارییەکانی نەتەوەکانی ئێران دەکاتەوە و ئەگەر وەها ڕەوشێک بێتە پێش، ئایا سیستەمی حاکم ئامادەیی قبووڵکردنی وتووێژی دەگەڵ تەواوی نەتەوەکانی ئێراندا هەیە؟ ئایا نەتەوە غەیرە کوردەکانی ئێران، بۆ بەرگریی لە مافەکان و وەدیهێنانی داخوازییەکانیان خاوەن حیزبی بەهێزن یان بە فەرز ئەگەر وتووێژ دەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان بکرێ، ئەو نەتەوانەی خاوەن حیزبی سیاسی نین، کار بۆ دامەزراندن و دروستکردنی حیزبی جۆراوجۆر ناکەن؟ دامەزراندن و دروستکردنی حیزبی جۆراوجۆر چ کاریگەرییەکی لەسەر بارودۆخی کۆماری ئیسلامی و نەتەوەکانی ئێران دەبێ؟ سیستەمی حاکم بەسەر ئێراندا تا چ ڕادەیەک ئەم پرسیارانە بە گرنگ و شیاوی هەڵسەنگاندن دادەنێ و لە بڕیاردانی کۆتاییدا لەبەرچاویان دەگرێ؟

لەلایەکی دیکەوە کاتێک بە گۆشەنیگای چالاکێکی کورد یان حیزبێکی سیاسیی کوردستانی لەو مەسەلەیە دەڕوانین، بابەت و پرسیارگەلی زۆر گرنگی دیکەش دێنەئاراوە کە دەبێ وڵام بدرێنەوە. بۆ نموونە حیزبە کوردستانییەکان لە کوردستانی ئێراندا خاوەن چ دەسەڵات و ئیختیارگەلێکن؟ حیزبە کوردییەکان تا چ ڕادەیەک دەتوانن بۆ بەشداریی سیاسیی لە دەسەڵاتی ڕێژیمی حاکمدا بەشدار بن؟

پێوەندیی حیزبە کوردییەکانی ئێران دەگەڵ بەشەکانی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ئێران چۆن پێناسە دەکرێ؟ حیزبە کوردییەکان بۆ بانگەشەی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و پێکهێنانی سیستەمی فێرکاریی و میدیایی

نەتەوەیی کورد چەندەیان ئازادیی کردەوە دەبێ؟ تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردستانییەکانی دیکە چۆن دەخرێتە بەرباس؟ بۆ قەرەبووی زیانەکانی هێرشی حکوومەتی ناوەندی بۆ کوردستان و لەنێوبردن و ڕەواندنەوەی کەشی ئەمنییەتی و نیزامیی هەنووکەیی دەبێ چ هەنگاوگەلێک باوێژرێن و چ بکرێ؟

کۆماری ئیسلامی لەباری ماڵیی و بوودجە چ پشکێکی بۆ چالاکیی حیزبەکان لەبەرچاو دەگرێ؟ لە حاڵەتێکدا کە وتووێژ بێتەئاراوە و حیزبە کوردستانییەکان و حکوومەتی ناوەندی بگەنە ڕێککەوتن، چ گرەنتییەک بۆ جێبەجێبوونی ڕێککەوتنەکە دەبێ؟ ئەم پرسیارانە و هێندێک پرسیاری سەرەکیی دیکە گرنگترینی ئەو بابەتانەن کە لەلایەن حیزبە کوردییەکان هاتونەتەئاراوە و وڵامێکی گونجاو و لۆژیکییان پێویستە.

کەواتە بە سەرنجدان بە هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبەرامبەر حیزبە کوردستانییەکان و ئەو کردەوە نادروست و پڕتێچووانەی کە حکوومەتی ناوەندی بەسەر نەتەوەی کوردیدا سەپاندوون و بوونەتەهۆی بێمتمانەیی ئەم نەتەوەیە و حیزبەکانیان، لەوانەیە ئەگەر بە ئینسافەوە سەیری بابەتی سەرەوە بکەین، دەبینین کۆماری ئیسلامی پشکێکی زۆر زیاتری بۆ وڵامدانەوە بە حیزبە کوردستانییەکان و نەتەوەی کورد هەیە. ڕێژیمی حاکم بەسەر ئێراندا ناچارە یان هاوشێوەی حکوومەتە ناوەندییەکانی تورکیا، ئێراق و سووریا ئیزنی چالاکیی ئازاد و بەشداریی سیاسیی بە کوردەکانی ئێران بدا یان وەک ڕابردوو هەروا ڕووبەڕووی بەرگریی بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی کورد ببێتەوە. بەرگرییەک کە سەرەڕای شەهیدبوونی زۆر لە ڕێبەرە گەورەکانی نەتەوەی کورد وەک پێشەوا قازی محەمەد، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندی و ... چەندین نەسڵە درێژەی هەیە و هەر نەسڵێکیش بە بەدەسهێنانی ئەزموون، یارمەتیی بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی ئەم بزووتنەوەیەی داوە.

لە ژمارە ٦٦٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوولای ٢٠١٥

# لە وتووێژێکی تایبەتی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان



«خۆشەویستی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات هەوێنی مانەوەو بەردەوامیی ئەم حیزبەن»

**ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستییەوە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کردوە بە ئامانجی خەباتی ٧٠ ساڵەی خۆی. ئایا درێژ بوونەوەی ئەم خەباتە، نیشانەی نادروستبوونی ئەم ئامانجە نیە؟**

**قادر وریا:** دریژبوونەوەی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هیچ جۆر بە مانای نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکەی نییە. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە خۆیو نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵات دا دابەش کراون، مافێکی ڕەواو ئامانجێکی دروست و پیرۆزە. ئەم ئامانجەو ئەم مافەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکا و خەباتی بۆ دەکا، لە گەڵ پەسندکراوە جیهانییەکان نەک هەر هیچ دژایەتییەکی نییە، بەڵکوو بە مافیکی بێ ئەملاو ئەولای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێ. نە شتێکی ناڕەوای تێدایەو نە زێدەڕۆیی. کەوایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی، بەڵکوو ئەوە زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەرو دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورت دا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێ. ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەوەو چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون.

***ئارەش لۆرستانی: ئارەش لۆرستانی: گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٧ دەیە، هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدا، چین؟ دەتوانی بە کورت باسیان بکەی؟***

***قادر وریا:*** به بڕوای من هۆیەکان ئەمانەن:

**یەکەم،** پەیبردن بە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانیو دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم گەلەش وەک گەلانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێ.

**دووهەم،** پابەندبوون بە ریسالەتو ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتایی دامەزرانییەوە کەوتووەتە سەرشانی کە ئەویش بریتتە لە رزگار کردنی ئەو گەلە لە بندەستی و بێبەشی.

**سێهەم،** وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبە داو هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبەو لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبە دا، پێشکەشیان کردوە. دەست هەڵگرتن لە خەباتو بەردەوامنەبووبی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیرۆدانی ئەو قوربانیو تێچووە زۆرەی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد داویانە.

**چوارەم،:** درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبەو خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێ و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکا.

***ئارەش لۆرستانی: خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگەکانی حیزب لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، بەرگریی چەکدارانە لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگە لە سەردەمی ئێستا) دا کامانەن؟***

*قادر وریا:* بەرگری چەکدارانە لە گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی دوژمنانی ئەو گەلەو پاراستنی دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانە دا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانە دا ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلەو پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێزو خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێ. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردوویی‌و خەڵکدۆستی‌و فیداکاری‌و ڕێزدانان بۆ خەڵکو بوونی ڕەوشتی بەرزو هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندیانەن کە پێشمەرگەی هەموو قۆناغو سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە.

بەڵام ئەگەر بمەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەم، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بکەم بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لە سەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا. هەر وەها لە ڕووی چاوەڕوانییەکانیان لە حیزب‌و بزووتنەوەو ڕادەو ئاستی فیداکاری‌و خۆ تەرخانکردنیان بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و بۆ حیزب. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆمار دا، هیزێکی تەواو پیاوانە بووە و ژنانی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکووزیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لە ژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیان دا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزم دابووە. بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەم خەڵکی لادێیان زۆر تێدابووە هەم خەڵکی شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ڕیزی پێشمەرگە. ئاستی خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگە دا، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێ.

مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێ‌و لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستەو چەکیش کە لەو سەردەمە دا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکا، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان. جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆ پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوو دا دەیبینم، ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠و ٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئیستا، پشوودرێژترو خۆڕاگرتر بوون، لە گەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچوون دابوون، پتر لە گەڵ مەترسی بەرەوڕوو بوون‌و هەلومەرجی پێشمەرگایەتییەکان سەختتر

بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵ دەگرتو پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگە دا دەمانەوە.

***ئارەش لۆرستانی: لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا ئایا حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەزانێ یا ڕیفۆرمخواز؟***

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان هەم خاوەنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، هەم لە زۆربەی قۆناغو سەردەمەکانی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی دا شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەبات و تێکۆشان گرتووەتە بەر. ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ کردوون، زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە چوارچێوەی دوو ڕێژیمی شایەتیو کۆماری ئیسلامی دا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەبێ. هەر کاتێکیش ئەو ئامانجانە وەدی بێن، گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستان دا پێک دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەیان ناوبەرین. شێوازەکانی خەباتی ئەم حیزبەش، شۆڕشگێرانە بوون. ڕاوەستان بە دژی سیاسەتەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە ناوەندییەکان و بە چەک و خەباتی چەکداری، بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، بە شێوازی شۆڕشگێرانە دێنە ئەژمار کە دیارە هەڵبژاردنی ئەم جۆرو شێوازانەی بەرەنگاری و خەبات، بە سەر ئەم حیزبە دا داسەپاون ئەگینا هەر کات مەجالی سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی هێمنانە بووبێ، ئەم حیزبە پێشوازیی لێ کردوە. بەڵام شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دیموکرات هیچ کات نەبووە بە هۆی دژایەتیی ئەم حیزبە لە گەڵ پەنابردنی خەڵک بۆ خستنە رووی داخوازی ڕیفۆرمخوازانە و سوود وەرگرتن لە شیوازی هێمنانەی خەبات و تێکۆشان. هەر حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵ دابێ، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە جیاتی ڕەتکردنەوەو دژایەتیکردنی، هەوڵی داوە هەم رەخنەی لێ بگرێ هەم خەڵک بۆ بەشداری تێداکردنو بەرەوپێشبردنو رادیکاڵتر کردنی، هان بدا.

***ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان سیاسەتو پێوەندییەکانی خۆی لە دوو بواری ئێرانیو کوردستانی (بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان) چۆن دادەڕێژێ و بەڕێوەیان دەبا؟***

**قادر وریا:** حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە کۆنەوە، دوو سیاسەتی شانبەشانی یەک بردوەتە پێشو هەوڵی

داوە بە رادەی پێویست گرنگی بە هەر دوویان بداو یەکیان بۆ ئەوی دیکە وەلا نەنێ. لە لایەکەوە خۆی وەک حیزبێکی کوردستانی و، خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاری لە بندەستی پێناسە کردوە. هەر بۆیەش هیچ کات لە سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەو پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ هێزە سیاسییەکانیان غافڵ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە ڕووی داخوازەکانی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بووە و دروشمی ستراتیژیکی ئەم حیزبە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبووە، تێ کۆشاوە لە گەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و لە گەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی دۆستانەی هەبێ و لە گەڵ گەلانی ئێران لەخەبات بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دا، هاوخەبات بێ.

***ئارەش لۆرستانی: بە سەرنجدان بەوە کە لە کوردستان پەیڕەوانی ئایینو ئایینزای جیاواز هەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چ میتۆدێک بۆ یەکگرتوویی و یەکرێزیی نەتەوەی کورد سوود وەردەگرێ؟***

***قادر وریا:*** حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، حیزبی هەموو نەتەوەی کورد بووە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەر چینو توێژێک یا لە هەر ئایینو ئایینزایەک بووبن، بە هەر دیالێکتو زاراوەیەک قسەیان کردبێ، بەو مەرجەی ئامادە بووبن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبە دا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی و بێمافی خەبات بکەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ کردوونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئایینو ئایینزاکان، لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە ڕێزیان لێ نراوەو بێڕێزی بە هەر کامیان، لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشی پێ گیراوە. پەیڕەوانی ئایینێک یا ئایینزایەک، لە وانیتر هەڵناوێردراون، یەکیان لەوانی دیکە پتر بایەخی پێ نەدراوە، یا پەیڕەوی کردن لە ئایینێک و بە پێچەوانەیشەوە نەبوونی باوەڕی ئایینی، نەبووە بە هۆی بەدەستهێنانی ئیمتیاز.

بە کورتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو بڕوایە دایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یا جۆراوجۆریی دیالێکت، ڕاستییەکو تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردەو دەبێ ڕێگە نەدرێ هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوانی دیکە دابێ. هەمووانیش دەبێ بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج وداخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو هاوخەبات بن.

***ئارەش لۆرستانی: حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسیی بە ئەزموون، لە ڕەوتی خەبات لە پێناوی دیموکراسیو مافی دیاریکردنی چارەنووسدا، چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ خۆیو چ ڕۆڵ و ئەرکێک بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، دادەنێ؟***

***قادر وریا:*** **ئەرکی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەو، ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک لە ڕووی سیاسیو، ڕێکخستنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو خەڵکەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەوەی لە مێژووی خۆی دا لە گەڵ کەم و کووڕیو لاوازیی جۆراوجۆرو ڕەخنەی جیددی بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی کەمتەر خەم نەبووە. خوێندنەوەو لێکدانەوەی واقیعبینانەی داوای خەڵکی کوردستان و فۆرمۆڵەکردنی ئەو داوایانە لە بەرنامەکەی خۆیدا، گرتنەبەری سیاسەتو هەڵوێستی دروست لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، درێغ نەکردن لە قوربانیدانو شێلگیربوون لە سەر خەباتو تێکۆشان بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ، کاری سیاسی بە ئاراستەی پێکهێنانی یەکگرتوویی‌و کۆدەنگی لە نیوکۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، وەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان جێ بەجێی کردوە.**

**دیارە ڕۆڵو ئەرکێکیش کە دەکەوێتە سەر خەڵک، هەوڵدانو تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە ئەم حیزبەو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، ٧٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. ئەرکی خەڵک قۆستنەوەی ئەو هەلو دەرفەتانەیە کە بۆ خستنەرووی داخوازەکانی خۆیان بۆیان دێتە پێش. نابێ پێیان وابێ خەباتکردن تەنیا ئەرکی حیزبی دیموکرات و ئەندامەکانیەتی و ئەوانیش دەبێ لە دوورەوە بینەرو تەماشاچیی ڕووداوەکان بن، بە پێچەوانەوە دەبێ ئەوان بۆ خۆیان چەقی خەباتو بەرخۆدان بن. هاوکات پێویستە پشتیوان و چاوەدێریی خەبات و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بن کە بە نوێنەرو ڕێبەری داواکانی خۆیانی دەزانن. بە هەموو تواناوەو لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بکەن، هاوکاری تێکۆشەرانی بن، کاتێکیش پێویست بوو پێشنیاری پێ بکەن، ڕەخنەی لێ بگرن و وای لێ بکەن حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو ئامرازە کاریگەرە بێ کە دەتوانێ خەباتی ئەوان لە پێناوی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنێ.**

**لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥**

## وتووێژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ عەبدوڵڵا بەهرامی



***ئارەش لورستانی: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەسەر بنەمای ڕێوشوێن و پێداویستییەک دامەزراو ئایا لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا هەمان ڕێوشوێن و پێداویستی لە گۆڕێ دا ماون؟***

***عەوڵا بەهرامی:*** حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە سەر کۆمەڵێک بنەما و بۆ وڵامدانەوە بۆ پێدوایستییەک کە چ لە کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان و چ لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستان دا هەست پێدەکرا، دامەزراوە. بە م جیاوازییەوە کە بژاردەکانی کۆمەڵگەی دەیەی بیستی هەتاوی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ زۆرینەی رەهای دانیشتوانی کوردستان تێگەیشتنێکی قووڵتریان لە بارەی دیاردەی حیزبەوە هەبوو. بۆیە پێیان وابوو کاتی ئەوە هاتوە میکانیزمێکی مودێرن بۆ کاناڵیزەو رێبەریکردنی خەبات بدۆزنەوە. لەم روانگەیەوە دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئاڵوگۆڕێکی گەورە بوو. گەورە لەمبارەیەوە کە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمی کوردستان و ناوچە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی بوو کە تاکەکان لەودا سەربەخۆییان نەبوو. لە راستی دا حیزب هاتەرێب لەگەڵ گۆڕینی شێوازی رێبەرایەتیی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان دەیهەویست هێزێکی نوێی کۆمەڵایەتییش لە کوردستان دروست بکا. هێزێکی پێکهاتوو لە تاکە ئازادەکان. حیزبی دیمۆکراتی کوردستان جگە لە بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە، وڵامێک بوو بۆ پێداوییستیەک کە زۆر پێشتر واتە لە سەردەمی شۆڕشە رزگاریخوازانەکانی کوردەوە لە کۆمەڵگەی کوردستان بەدی دەکرا. واتە فۆرمێکی نوێ بوو بۆ کانالیزەکردنی خەبات و دواتر بەرێوەبەریی وڵات لە دەرفەتە مێژووییەکان دا. بە دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەرگێکی نوێ کرایە بەر بزاڤی شوناسخوازانەو ئازادیخوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان سەرەڕای ئاستەنگە جۆراوجۆرەکان بووتە خاوەنی ئۆرگانیزمێکی ریشەدار کە ئێستاش سەرەڕای هەورازو نشێو و ناکۆکییە نێوخۆییەکان درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. لە راستی دا دەکرێ بڵێین ئەم حیزبە بە هەموو

کەموکووڕییەکانییەوە بۆتە پێناسە و دینامیزمێکی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم حیزبە لە ئەزموونە کورتەکانی دەسەڵاتدارییش دا دەریخست کە ریشەی لە شوناس، مێژوو، ویست و ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵک دایە. بێگومان هەم بەستێن و بنەماو هەم پێداویستییە کاتی و زەمانییەکان ئێستاش و لە داهاتووش دا بۆ درێژەدان بە ژیانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەکەن. بەڵام ئەم حیزبە پێویستە وەک ئۆرگانیزمێکی سەردەمیانە بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە.

***ئارەش لورستانی:*** *کۆماری کوردستان لە ماوەی حەفتا ساڵ خەباتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا بە چ تایبەتمەندیگەلێکەوە ناسراوە و چ گرنگیەکی لە بەردەوامیی بزووتنەوە دا بوە؟*

***عەوڵا بەهرامی:*** کۆماری کوردستان چڵەپۆپەی ئامانجە بەرزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بوو کە بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی بچووکی جوغرافیای کوردستان دا بەرگی راستیی پۆشی. ئەم کۆمارە لە راستی دا مۆدێلیکە کە بە پێی ئەو پێناسە لە دووره دیمەنی خەبات لە قەوارەیەکی گەورەتر دا دەکرێ. بەم واتایە کە تاکەکانی کوردستان و بزووتنەوە ئامانجە بەرزەکانیان لە چوارچێوەی مۆدێلیک دا پێناسە دەکەن کە حەفتا ساڵ لەوەپێش بەکردەوە پیادە کراوە. ئەم کۆمارە وەک نموونەیەکی هەرچەند بچووک و کورتماوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی پوتانسیەلی گەورەی بۆ خەباتی درێژخایەنی بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دروست کردوە. لە راستی دا کۆماری کوردستان لە باری زەینیشەوە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەستێکی راستەقینەتریان لە ئامانجی بەرز واتە دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێ.

***ئارەش لورستانی:*** *ئاکاری سیاسی لە مێژووی خەباتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا چ واتا و پێگەیەکی هەیە؟*

***عەوڵا بەهرامی:*** حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەو پێیە کە خاوەنی گوتارێکی ئازادیخوازنە و دیمۆکراتیکە و هەوڵ بۆ سڕینەوەی ئەو ستەمە مێژووییە دەدا کە لە مێژوودا لە نەتەوەی کورد کراوە، لە ناخی خۆی دا هەڵگری ئاکارێکی بەرزی سیاسییە. ئەم حیزبە لەگەڵ ئەوەدا لە ژیۆپۆلیتیکێکی دژواردا درێژەی بە ژیانی سیاسی و خەباتێکی سەخت و خوێناوی داوە، بەوحاڵەش قەت رێگەی بەخۆی نەداوە لە پێناوی بەرژەوەندی تاکتیکی و یان تەنانەت ستراتژیکیش دا ئاکارێکی ناتەبا لەگەڵ گوتارەکەی بگرێتەبەرو زیان بە بەرژەوەندیی لایەنگەلێک، تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنێ. بە باوەڕی من ئەم باکگراوندە ئاکارییە

یارمەتیدەرێکی باشیش بوە بۆ ئەوەی لە داهاتووش دا ، واتە لە هەلومەرێکی جیاوازتریش دا بە کلتوورێکی سیاسیی پێشکەوتووانەوە بچێتە نێو گەمەی سیاسی لەگەڵ خەنیمە کانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانەوە.

***ئارەش لورستانی: ئەزموونی رووخانی حکومەتی پەهلەوی و دەسەڵاتدارەتیی ٣٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ هەڵگری چ ئەزموونگەلێک بۆ بزووتنەوەی کوردو بەتایبەت حیزبی دیمۆکرات بێ؟***

***عەولا بەهرامی:*** بێگومان هەم ئەزموونی رووخانی حکوومەتی پاشایەتیی پەهلەوی و هەم هۆکارەکانی هاتنەسەرکاری حکوومەتی سەرەڕۆی ئیسلامی و رووخانی ئەم حکوومەتەش دەتوانن هەڵگری ئەزموونی جیاوازو بەکەلک بن بۆ بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات. ئەگەر لە گۆشەنیگای رووخانی حکوومەتی پەهلەوی و هاتنەسەرکاری حکومەتی سەرەڕۆ و مەزهەبیی کۆماری ئیسلامییەوە لە ئەزموونەکان بڕوانین دەتوانین روانگەیەکی روونترمان لە بەستێن و زەمینەیە هەبێ کە ئەزموونەکانی رووخان و دوای رووخانی کۆماری ئیسلامی شکڵ دەدەن. بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات نە لە رووخانی حکومەتی پێشوو و نە هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئێستادا فاکتۆری دیاریکەر نەبوون و، رەنگە لە داهاتووش دا ئەو دەورێکی سەرەکییان نەبێ، هەر بۆیە دەبێ لە پلەی یەکەم دا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی کوردستان و سەنگی ئەم بزووتنەوەیە لە هاوکێشە سیاسی و نیزامی و ئابوورییەکانەوە خۆی بۆ ئەزموونی دوای حکوومەتی ئێستا ئامادە بکا. چونکە ئەزموونەکانی پێشوو دەریانخستوە بەستنەوەی بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانەوە تووشی تێچووی زۆرمان دەکا. پێم وایەدەبێ لە روانگەیەکی دیکەوە بۆ ئەم پێوەندییە بچین . ئەگەر لە روانگەی هەوڵدان بۆ هێنانە ئارای پێگەیەکی بەهێزی کوردستانییەوە بۆ پرسی دیمۆکراسی لە ناوەند بچین توانیومانە هەم پێگەی خۆمان وەک بزووتنەوەی کوردستان قایم و قورس بکەین و هەم لەم رێگایەوە دەتوانین ببینە نموونە بۆ ئازادیخوازان لە ناوەندو نەتەوە ژێردەستەکانی دیکە. لەم پێوەندییەدا پێویستە ئەوە بگوترێ هێنانە ئارای ئەزموونێکی جیاوازتر لە کوردستان پێویستی بە شێوازی نوێی خەبات و پشتبەستوو بە هەموو شێوازەکانی پاراستنی رەواو مانەوە لە سەر خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە.

***ئارەش لورستانی: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان چ پێوەندییەکی لە نێوان خەباتی مەدەنی و بەرگریی چەکدارانەدا دروست کردوە و لەم نێوەدا چۆن دەڕوانێتە داخوازییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان؟***

**عەوڵا بەهرامی:** بەداخەوەی هەم لەبەر نەبوونی بەستێنی لەبار بۆ خەباتێکی مەدەنیی بەبڕشت و خاوەن داخوازی روون و هەم لەبەر بەسترانەوەی هاتنەدی ئامانجە سیاسییەکان بە حیزبە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەوە، کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی ئەو شێوازە لە خەبات بێ کە پێی دەگوترێ خەباتی مەدەنی. ئەوەی لە نیوەی دووەمی دەیەی حەفتای هەتاوییەوە لە کوردستان بەدی دەکرێ زیاتر دەتوانرێ لە چوارچێوەی چالاکیی مەدەنی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان دا پێناسە بکرێ، کە لە زۆر حاڵەت دا شێوازی ناوچەیی هەیە، یان بە گشتی بەرین و سەرانسەری نیە. من پێم وایە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لانیکەم لە دە ساڵی رابردوودا توانیویەتی روانگەیەکی نوێترو روونتر لە پێوەندی لەگەڵ چالاکانی مەدەنی دا و تەنانەت شێوەیەک لە تێکۆشانی سیاسیی نیوە قانوونی کە لە ئاستێکی بەرتەسک دا لە گۆڕێ دایە بێنێتە ئاراوە. بە پێی ئەم روانگە نوێیە، دەبێ لە هەرچەشنە هەل و دەرفەتێک بە قازانجی بەجەماوەریکردنی خەبات و بەرینکردنەوەی بەستێنی خەباتی مەدەنی کەلک وەرگیرێ. روانگەیەک کە شوێنەوارەکانی لە نێو چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان دا زیاتر هەست پێدەکرێ، نەک لە نێو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا.

***ئارەش لورستانی:** بە سەرنجدان بە رابردووی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیمۆکرات، بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیمۆکراتیکی کوردستان بۆ درێژەدان بە تێکۆشان لەگەڵ چ گیروگرفتگەلێک بەرەوروویە؟*

**عەوڵا بەهرامی:** راستیەکەی ئەوەیە بە سەرنجدان بە دۆخێکی ئاستەم و دژوار کە حیزبی دیمۆکرات و بزووتنەوەی کوردستانی لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا پێدا تێپەڕیوە، ئەو هەلومەرجە دژوارەش کە ئێستا لە گۆڕێ دایە ناکرێ چاوەڕوان بین کە رەوتی تێکۆشان و بەتایبەت جۆشدانەوەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات لە نێو ئەم ژێئۆپۆلیتیکەدا کە رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەدوور لە گرفت و دژواری و قوربانیدان بێ. بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات بۆ ئەوەی بتوانن لە دەسمایەی خەباتی سێ بەرەی رۆڵە خەباتکارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی بنیادنانی داهاتوویەکی جیاواز کەلک وەرگرن پێویستیایان بە گەڕانەوەیەکی بە تەواو مانا بۆ بەستێنی راستەقینەی خەبات هەیە. لەم باوەڕە دام لە بەستێنێکی راستەقینەو شوێندانەری خەباتکارانەدا دەکرێ پاشەکشە بە کلتووری پاسیفیسم و پاوانخوازیی نێو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بگیرێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## وتووێژی تایبەتیی «کوردستان» لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە



***ئارەش لۆرستانی: مامۆستا وەک یەکەم پرسیار: دەڵێن حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئیدارەی کۆمەڵگە و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوە، چۆن دەڕواننە ئەم بۆچوونە؟***

***مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە:*** پێوەندیی بەوە هەیە کە مەبەست لەو قسەیە چییە. ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە حیزبی دێموکرات هەر بۆ ئەوە دەبێ‌و بە کەلکی هیچی دیکە نایە، ئەمن لەگەڵی نیم. هەرچەندە شانازییە بۆ حیزبێک کە بتوانێ کۆمەڵ ئیدارە بکا. لەجێدا هەموو حیزبێکی سیاسیی جیددی بۆیە دادەمەزرێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان زوو یان درەنگ یان لە مەودایەکی نێونجی‌دا دەسەڵاتی وڵاتەکەی بە دەستەوە بگرێ و کۆمەڵەکەی بەو جۆرەی کە بۆخۆی پێی باشەو بە مەسڵەحەتی خەڵکی دەزانێ ئیدارە بکا. کەوابێ ئەمە هیچ شتێکی غەریب نییە. بەڵێ حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەش دامەزراوە، بەڵام حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٠ ساڵ تێکۆشانی خۆی‌دا هەمووی وەسەر یەک خەیەوە کەمتر لە ٣ ساڵ یان بڵێین کەمتر لە ٤ ساڵ ئیدارەی بەشێکی زۆر کەم لە کۆمەڵی بە دەستەوە بووە، هەم ناوچەی دەسەڵاتەکەی بەرتەسک بووە، هەم ئەو دەسەڵاتانەی بەڕێوەی بردوون‌و بەکاری هێناون کەم بوون، بۆ وێنە تەنانەت لە دەورانی کۆماری کوردستانیش‌دا کارمەندان پێوەندییان لەگەڵ تاران نەپچڕاوە، مەهاباد کە مەرکەزی کۆمار بووە نوێنەری لە مەجلیسی شوڕای میللیی ئێران دا هەبووە، لە دەورانەکانی دیکەدا، ڕاستە لە ساڵەکانی پاش ئینقلابدا ناوچەیەکی بەرینتر لەبەر دەستی پێشمەرگەدا بوو کە نەک هەر بە تەنیا بەڵام بەشی زۆری حیزبی دێموکرات ئیدارەی دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی گەمارۆیەکی بێڕەحمانەی خستبووە سەری، بەڵام دیسانەکە شارەکان و کارە ڕەسمییەکان پێوەندییان هەر بە دەوڵەتەوە هەبوو، وا نییە کە حیزبی دێموکرات حاکمیەتی موتڵەقی بە دەستەوە بووبێ، کەوابێ بۆ ئەم حیزبە شانازییە کە بە کەلکی ئەوە بێ کۆمەڵ بەڕێوە بەرێ، بەڵام هەر بۆ ئەوە دروست نەبووە، دەلیلەکەشی هەر ئەوەیە کە لە ٧٠ ساڵ

وەکوو گوتم ئەگەر زۆری حیساب بکەین ٤ ساڵ بەشێک لە وڵاتی ئیدارە کردوە بەڵام ٦٦ ساڵ خەباتی نهێنی و خەباتی سەخت و خەباتی چەکدارانە و شێوەکانی دیکەی خەباتی بەڕێوە بردوە.

***ئارەش لۆرستانی:*** *ئەگەر پێمان وابێ حیزبی دیموکراتی کوردستان، تایبەت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی کۆمەڵگەی کوردستان دامەزراوە؛ کەواتە چالاکیی ئەو حیزبە تووشی ئیدارەگەرایی و جۆرە وشکییەکی تایبەت دەبێ و یان بووە، لە ئاکامدا ناتوانێ خۆی دەگەڵ هەلومەرجی راستەقینە بگونجێنێ، ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە وەک خۆی وەرگرین، ئێوەش لەسەر ئەو بڕوایەن، یان نا، ئەو حیزبە تا ئەو کاتەی کۆماری کوردستان دەڕووخێ بە گوێرەی هەلومەرج و پێداویستییەکان ئەم پێکهاتەیە وەردەگرێ؟*

***مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە:*** پێموایە لە جوابی پرسیارەکەی دیکەشدا بە جۆرێک لە جۆران ئەوەم گوت حیزبی دێموکرات ناکرێ بڵێین بۆ ئەوە دامەزراوە، هەر ئێستا تەمەشا بکەین ئەو بەرنامە ئیدارییە کە لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا هەیە، هەمووی بۆ هەلومەرجێکە کە مەعلوم نییە کەنگێ دێتە دی، یانی بەرنامەیەکە کە حیزبی دێموکرات دەیهەوێ پاش ئەوەی تێکۆشانی رزگاریخوازانەی میللەتی کورد سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەو لە کۆمەڵدا پیادە بکرێ، لە عەینی حاڵیشدا ئەگەر ورد تەماشا بکەین بەرنامەی حیزبی دێموکرات بە هیچ جۆر ئەو ئیدارەیەی نەداوە بە حیزبی دێموکرات، داویەتی بە خەڵکی کوردستان، بەڵام پێشنیاری بۆ ئەوە هەیە، ئەوجار دەبینین کە ئەو حیزبە لە بواری جۆراوجۆردا خەباتی کردووە خۆی تاقی کردۆتەوە، ئەمن پێموایە ئەوەندەی ئیمکانی هەبووە لە بواری تەشکیلاتیدا، لە بواری دیپلۆماسیدا، لە بواری تەبلیغاتیو فەرهەنگیدا، لە بواری دیپلۆماسیو سیاسیدا کەمتر لە بواری ئیدارەی کۆمەڵ چالاک نەبووە ، چونکی لە بواری ئیدارەی کۆمەڵدا عوزری هەبوو، لەبەر ئەوەی ئیمکاناتی کەم بوو، دەرفەتی کەم بوو، ئەگینا زۆری ئیشکالات هەبوو. ئەو حاکمیەتە خۆماڵییە خۆشەویستە، دەنا پڕ بوو لە ئیشکالات و لە کەموکوڕی.

***ئارەش لۆرستانی:*** *ئەگەر وتەکانی ئێوە بە پێوەر وەربگرین پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوە کە؛ کەواتە بۆ کۆمەڵەی ژ-ک ١٣٢١ دادەمەزرێ، بەڵام ساڵی ١٣٢٤ دەبێ بە حیزبی دیموکراتی کوردستان؟ بەو واتایەی هاوکات دوو حیزب نەبوون، هۆکارەکەی چییە؟*

***مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە:*** لەڕاستیدا ئەمن پێموایە ئەوم دووانە نەک هەر دوو حیزب لە پەنای یەک

نەبوون، تەنانەت تەبدیلیش هەر نەبوون، یانی کۆمەڵەی «ژ-ک» لا نەچووە حیزبی دێموکرات دامەزرێ بەڵکوو کۆمەڵەی «ژ-ک» ناوی گۆڕیوە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوە لە تاریخدا سەبتە و دەتوانی مەراجعە بە ئەسناد بکەی کە دەبینی ئەوە دروستە. ئەوە کە بۆچی ئەوەی گۆڕا ڕەنگە دەلایلی زۆری هەبێ، بەڵام دەلیلێک کە ئەمن دەتوانم لێرەدا بیهێنمەوە ئەوەیە کە کۆمەڵەی «ژ-ک» وەکوو ڕێکخراوێکی سیرفەن ناسیۆنالیستی پێکهاتبوو، مەسەلەن لە بەشێک لە بەرنامەکاندا دەڵێ: کۆمەڵەی «ژ-ک» لە باری فڵانەوە ئەوەیە، لەباری دینەوە ئیسلامە، دەی حیزبی جامیعەیەک کە ئیسلامی تێدایە، مەسیحیی تێدایە، یارسانی تێدایە، شیعەی تێدایە، سوننیی تێدایە، جوولەکەی تێدایە چۆن دەبێتە حیزبێک کە بۆ بەشێکی کار دەکا، لای دیکە ڕەنگە پێمان خۆش نەبێ کە ئەو دروشمە ستراتیژییەمان هێناوەتە خوارێ، کۆمەڵەی «ژ-ک» هەر وەکوو ڕێکخراوەکانی پێش خۆشی، وەکوو خۆیبوون و وەکوو هیوا، داوای کوردستانی گەورەو سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، بەرنامەداڕێژانی حیزبی دێموکرات بەو نەتیجەیە گەیشتن کە لە هەلومەرجی ئەو وەختیدا (و بەداخەوە تا ئێستاش هەر راستە) وەدیهێنانی ئەو شوعارە زۆر ناواقعییە، چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە کوردیان تێدا دەژی پتر ڕێی تێدەچێ، پتر بە گەرووی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا دەچێ و دەتوانێ دۆست و تەرەفداری پتر بێ بۆیە بەرنامەکەیان گۆڕی، لە پاشان ئەو بەرنامەیە کراوەیە بەڕووی هەموو چین و توێژەکاندا، کراوەیە بەڕووی ئێرانییەکاندا، کراوەیە بەڕووی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، تەنانەت بەڕووی دنیای دەرەوەدا، ئەوە دەگەڵ ناوێک کە سیرفەن تەئکید لەسەر کوردایەتی دەکا، تەنانەت کوردستانیشی تێدانییە، ئەوە ناخوێنێتەوە بۆیە ناوی دێموکراتیان لە جێگەی کومەڵەی «ژ-ک» دانا. هەرچەند دیارە ئێستاش دوو نەزەر هەیە کە ئایا «ژ-ک» کورتکراوەی ژیانەوەی کوردە یان ژیانەوەی کوردستانە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو ناوە دەگەڵ ئەو نێوەرۆکە زۆر سازگار نەبووە، بۆیە کە بەرنامەکەیان گۆڕیوە ناوەکەشیان گۆڕیوە.

***ئارەش لۆرستانی: بابەتێکی دیکەی بەرباس، ئەوەیە کە مێژووی ٥٠ ساڵی رابردووی حیزب، واتە نیو سەدەی تەمەنی حیزبی دیموکرات، مێژووی جیابوونەوە و لەتبوون بووە، ئێوە چ دەفەرموون؟***

***مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە:*** ئەمن پێموایە هیچ کەس نییە کە پێی وابێ ئینشعاب و لێکدابڕان شتێکی باش و دڵخوازە، بەڵام ئەوە غەدرێکی زۆرە کە بڵێین تاریخی ئەو حیزبەی ئەوەیە، لەلایەک ئەو حیزبە ٧٠ ساڵ خەباتی لە پشت سەرەو لەلایەک ئەو وەختەش کە لێک دابڕاون لە حاڵاتی زۆر ئیستسناییدا نەبێ ئەوانەی لێک دابڕاون هەموویان لە ڕێی ئامانجەکاندا تێکۆشاون، وا نەبووە لە ئامانجەکانی ئەو حیزبە لایان دابێ، پاشانیش ئەرێ زۆر

جار موتتەهەم دەکرێن کە ئەوانە لەسەر مەقام و لەسەر کورسی و نازانم لەسەر پووڵ و پارە و ئەوە پێکەوە هەڵناکەن، قەت شتی وا نیە، مەسەلەن هەر ئێستا ئەوە بۆ ماوەی نۆ ساڵە حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو بۆتە دوو حیزب، دوو حیزب بە تەواوی مەعنا، باشە لەسەر چ پارەیەک؟ لەسەر چ مەقامێک؟ ئەرمن جارێکی دیکە ئەو عیبارەتە بەکار دێنمەوە، «بە هەر دوو حیزبەکان دوو میتر خاکمان نیە کە یەکێکمانی تێدا بنێژرێ»، بێجگە لەوەی ئیمتیازاتی مادییشمان نیە. کەوابێ کورسیی چی و گەزی چی و جاوی چی؟ پاشانیش دەبینین کە لەتبوونی ئەحزاب نە تایبەت بە حیزبی دێموکراتە، نە تایبەتی کوردی ئێرانە، نە مەخسووسی ئێرانییانە نە مەخسووسی کوردە، لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتووی دنیادا حیزبەکان لەتبوونیان تێدەکەوێ، مەسەلەن ئەمن نەمدەزانی برادەری خۆمان کاک مستەفای شەڵماشی بۆی باس کردم گوتی لە هولەند سێ حیزبی دێموکراتی هولەندمان هەن، هەر ئێستا هەرسێکیان نوێنەریشیان لە پارلەماندا هەیە، لە وڵاتێکی دێموکراتدا حیزبێکی دێموکرات ئینشعابی تێدەکەوێ، حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە یەکێک لە کۆنگرەکانیدا (ئێستا ڕەقەمەکەیم لەبیر نیە) لە سەرحەدی لەتبوون گەڕایەوە، پێشنهادێک کرا کە بێن سازشێک بکەن و سازشیان کرد، شتی ئاوا هەر دەبێ کەوابێ ئەمە وانیە، بە باوەڕی من ئەگەر گلەییەکی گەورە بە ڕێبەران و هەڵسوڕێنەرانی حیزبی دێموکرات وارید بێ ئەوەیە کە پێم‌وایە ئەو دابڕان و لێکدابڕانەش لەسەر ئەوەی پەیدا دەبێ کە زەرفیەتی پێکەوە هەڵکردن و بەرەو پێشبردنی بیرو باوەڕە جیاوازەکانیان زەعیفە، دەنا باشە حیزب بەوە پێش دەکەوێ کە بیر و باوەڕو بۆچوونی جودا جودای تێدابێ. دەنا ئەگەر بە قەولی یەکێک لە نەمران ئەگەر کەسێک گوتی قوو هەموو بڵێن قووقوو ئەوە حیزب نیە، چونکی لە حاڵەتێکی وا دا یان یەک کەس شت دەزانێ و ئەوانی دیکە هیچ نازانن، یان یەک نەفەر دەسەڵاتی هەیە و ئەوانی دیکە ناچارن پەیڕەوی بکەن، حیزبێکی وا حیزبێکی باش نیە، بەڵام ئەوە کە ناتوانن جیاوازیی بیرو باوەڕەکانیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی یەکگرتوودا بەرنە پێش، ئەوە ئینتقادێکی بەجێیە کە بە هەموو حیزبێک بەتایبەتی بە ئەحزابی کوردی واریدە.

***ئارەش لۆرستانی:*** *حیزبی دیموکراتی بەوە تاوانبار دەکرێ کە ڕەوتی جیابوونەوەکان دوای دکتور قاسملوو دەست پێدەکا، رای ئێوە چییە؟ هەروەها بە بڕوای بەڕێزتان هۆکاری ئەو کێشە و ناکۆکییانە چ بووە؟*

***مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە:*** ئەو تاریخی لێکدابڕان لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەداخەوە لە ٥٠ ساڵیش کۆنتر بێ ، کۆنتر لەو دەورانەش بێ کە دوکتور قاسملوو تێیدا شەهید بووە، دوکتور قاسملوو ئەو ساڵ ٢٦مین ساڵی شەهیدبوونی بوو، بەڵام ئینشعابێک کە دوای دوکتور قاسملوو بووە یەکدانەیە، لە دەورانی دوکتور

قاسملوودا هەر لە قۆناغی تازەی خەبات دا پاش ئینقلاب حیزب دوو ئینشیعابی تێکەوتوون. لە کۆنگرەی ٤ و کۆنگرەی ٨، لە پێش ئەو وەختیش چەند ئینشعابێک ڕوویان داوە، تەنانەت ڕاپەڕینی ٤٦- ٤٧یش کە یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانە نەتیجەی ئینشیعابێک بوو، کومیتەی ناوەندی موخالیفی بوو، بەشێک لە کادرەکانی حیزب دەگەڵ ئەو حەرەکەتە بوون و ئەو حەرەکەتەیان ئیدارە کرد کە تەنیا دوو یان سێ کەسیان لە کومیتەی ناوەندی بوون، ئەوانی دیکە هیچیان لە کومیتەی ناوەندی نەبوون، بەو حیسابە ئەمە وا نییە کە ئەو ئینشیعاباتە کە ٥٠ ساڵ لەوە پێش دروست بوون و ئەو ٥٠ ساڵە هەمووی ئەوەیە یان دوای دوکتور قاسملوویە، بەڵێ دوکتور قاسملوومان هەبوو، لە حەیاتی دوکتور قاسملوودا لە هەموویان دا ڕەنگە بەقەدەر یەک حوزووری نەبووبێ، بەڵام لەو حەیاتەی دا لانیکەم ٥ ئینشعابمان بووە، یەکێکیان هەر تەقسیمی حیزبی دێموکرات بووە، چەپ و راست لە نێو خۆیدا، کە وای لێهاتوە مەسەلەن یەکێکی وەک دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو ئینشعابە لە عێراق وەدەر دەنرێ، یەکیان سەرهەڵدانی شتێک بوو بەناوی کومیتەی ساخکەرەوە، یەکێکیان کومیتەی ئینقلابی. تەنانەت یەکێکی دیکەیان کە کەم ناوی دەبرێ پێکهاتنی «حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی کاتی»، یان بڵێین «قیادەی مووەقوەت» ئەوە پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە حیزبی دێموکراتدا پەیدا بوو، راستە کەم بوون، بەڵام جەریان بوون. کەوابێ مەسەلەکە وانیە دەلایلەکەشی وەکوو عەرزم کردی ڕەنگە زۆر شت بێ بەڵام لە دیدگای منەوە یەک شت زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لەنێو میللەتی خۆمان دا نیین، ڕێبەری حیزبی دێموکرات و بەداخەوە حیزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردی خۆرهەڵات و تەنانەت هەموو ئێرانیش لە دەرەوەی وڵاتن، نە دەرد و مەرگی خەڵکەکەی بە شێوەی مەحسووس دەبینن، نە فشاری خەڵکیان لەسەرە، ئەمن بۆیە باسی فشاری خەڵک دەکەم چونکی هێندێک دەلیلم هەیە؛ ساڵی ١٣٥٨ شەڕی ناسراو بە شەڕی ٣ مانگەمان بەسەردا تەحمیل بوو، بەدوای شەڕەکەدا شتێک بەناوی هەیئەتی نمایەندەگی خەلقی کورد یان دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد دروست بوو، بەڕاستی دەبێ ئیعتراف بکەم فشاری بژاردەکانی کۆمەڵی کوردەواری بوو ئەوەی دروست کرد، هاتن سواری سەری ڕێبەران بوون دەبێ ڕێککەون و پێکەوە کار بکەن، ئەوە بوو کە ئەو هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کوردە لە چوار جەریان، حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و چریکی فیدائی لقی کوردستانیان دیارە، دەگەڵ مەرحوومی مامۆستا شێخ عێزەدین دروست بوو، کەوابێ نەبوون لە نێوخۆدا مەجالێکی زیاتر دەخوڵقێنێ بۆ ئەو جۆرە شتانە، یانی بێکاریی تێدا، نەوعێک بێکاریی تێدایە، مەسەلەیەکی مەشهووریش هەیە کە دەڵێ دەستی بەتاڵ کارگەی شەیتانە.

***ئارەش لۆرستانی: وەک دوایین پرسیار، دەگوترێ سەد بریا حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی***

***کوردستانی ئێران وێکڕا یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبیان کردبایەوە، بە بڕوای بەڕێزتان زەمینە بۆ ئەم کارە لەبارە؟ ئەو دوو حیزبە بە سەرنجدان بەو کەشە راستەقینەیە، پێتان وایە ئەگەر یەکگرتووش بن لەو هەلومەرجەی ئێستادا چییان پێدەکرێ کە ئەمڕۆ وەک دوو حیزبی جیا ناتوانن بیکەن؟***

**مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە:** لە نێو کوردەواریدا شتێک هەیە دەڵێن داری بریایان بۆ کەس بەری نەگرتوە، بریا وا بایە، خۆزگە وا بایە دەردێک دەرمان ناکا و بۆ کەس نابێتە نان و ئاو، ئەوە کە زەمینە موساعیدە یان موساعید نیە جوابەکەی مەعلوومە، ئەگەر زەمینەی موساعید هەبایە ئەو جێژنەیان پێکەوە دەگرت، بەڵام ئەوە کە داخوا ئەگەر ئەو دوو حیزبە ببن بە یەک حیزب چ دەکا کە ئەمڕۆ ناتوانێ بیکا، بە باوەڕی من شتێکی فەوقولعادە ناتوانێ بکا، بەڵام تەئسیرێکی یەکجار زۆری بەتایبەتی لەباری ڕەوانییەوە لەسەر خەڵک و لەسەر کۆمەڵی کوردەواری دەبێ، ئیعتباری ئەو حیزبەی کە دروست دەبێ پتر دەباتە سەرێ، خەڵک بە ئاییندە خۆشبینتر دەبێ، بەڵام خۆ بۆ ئەوە پێویست ناکا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان حەتمەن یەکبگرنەوە، ئەمن پێم وایە بە قەولی فارسی ڕێگەی دوعامان ون کردوە، دەنا خۆ ئێستا ئیدی لە سەحنەی سیاسی کوردستانی ئێراندا تەنیا ئەو دوو حیزبە نین، ڕێکخراوی دیکەش هەن. یەکێک زیاترە، یەکێک کەمترە موناقشەی ئەوە ناکەین. بەڵام دەبێ بە هەمووانمان ئەو ئەرکانەی دەکەونە سەرشانمان وەکوو حیزبی سیاسی بە هەمووانمان جێبەجێ بکەین، ئەوە تەنیا ڕێگەیە و هاسانترین ڕێگە و عەمەلیترین ڕێگەش ئەوەیە کە بێینە سەر موشتەرەکات، پێک بێین و پێکەوە کاری هاوبەش بکەین، ئەگینا پێداگرتن لەسەر ئەوەی حەتمەن دەبێ کۆمەڵەکان ببن بە یەک، حەتمەن دەبێ دێموکراتەکان ببن بە یەک بە باوەڕی من نامانگەیەنێتە جێیەک، چونکە بەداخەوە ئەزموونێکی ٨-٩-١٠ ساڵە ئەوەمان پێ دەڵێ تەنانەت بە نیسبەت کۆمەڵەوە ئەزموونێکی ١٥ ساڵەش، چونکی ئەوان ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی یەکەم جار ئینشعابیان تێکەوت، بەو پێیە پێموایە یەکگرتنەکە حەتمەن تەئسیری هەیە، ئیعتباری حیزبەکەی دەباتە سەرێ، بەڵام بەڵێ گۆڕینی نەوعی لە کار و تێکۆشاندا لە حوزووردا تەنیا بە بوونەوە یەکی دوو حیزب یان بوونەیەکی سێ حیزب ڕوو نادا، زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە لە دەوروبەرمان هەن کە تەئسیری ئێمەیان کەمتر لەسەرە، لە خاریجی ئیرادەی ئێمە ڕوو دەدەن یان ڕوویان داوە، ئەوانەش دەتوانن کاریگەر بن، ئەمن لەبارەی جەبهەشەوە زۆر جار دەڵێم ئێستا سبەینێ جەبهە پێک بێ دووسبەی لە ئێران هیچ ناگۆڕێ، بەڵام جەبهە ڕووحیەیەک و هومێدێک دەدا بە خەڵکی، ئەوەی نابێ بە کەم بگرین.

لە ژمارە ٦٦٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## چاوخشاندنێکی کورت بە سەر زانکۆ و گرنگییەکەیدا

زانکۆی تاران سیمبۆلی کۆمەڵگەی زانستی ئێرانە، کە هەموو حەوتوویەک ڕێژیم تێیدا نوێژی هەینی بەڕێوە دەبا و، هێڵە گرنگ، ستراتیژی و تاکتیکەکانی سیستمی دەسەڵاتدار لە لایەن ئیمامانی وتاربێژەوە لەو شوێنە دەخرێنە ڕوو. ئەو بابەتە هێند گرنگە کە عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیش وەک یەکێک لەو وتاربێژانە لەو شوێنە ئامادە دەبێ.

بۆچی زانکۆ؟ ئەرێ کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لایەنی زانستی بە سیاسەت و کارکردەکانی خۆی بدا و یا ڕەهەندی بیر و باوەڕی حکوومەتی و خاڵە لاوازەکانی خۆی لە بەرگی زانست و زانکۆدا بە بیروڕای گشتی نیوخۆیی و دەرەکی بفرۆشێتەوە و پاساوی بۆ بهێنێتەوە؟ ئایا ئامانجی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتیش بەیتی ڕێبەری دەیەوێ خۆی وەک نوێنەری کۆمەڵگەی زانستی وڵات بنوێنێ؟ یان سیستمی دەسەڵاتدار کە لە ماوەی ۳۷ ساڵی ڕابردوودا بە ڕوانگەیەکی ئەمنیەتی و ئیتلاعاتی هەوڵی بۆ کۆنترۆڵ و ئاراستەبەخشینی چالاکییەکانی زانکۆ داوە و بە دروشمی وەک ئیسلامی کردنی زانکۆ، دانانی بنکەی بەسیجی لە زانکۆ، دیاریکردن و دانانی نوێنەری وەلی فەقیهـ لە زانکۆ، تەرخانکردنی بوورسیەی تایبەت بۆ ئەو ڕەوت و توێژانەی سەر بە دامەزراوە سەرەکییەکانی حکوومەتن، کردنەوەی بەشی ئایینی، دامەزراندنی کەسانی بەردڵی سیستمی دەسەڵاتدار وەک مامۆستا و تیۆریسیەنی زانکۆ، دامەزراندنی زانکۆ تایبەتەکانی سەر بە سپای پاسداران و دامەزراوە ئەمنییەتییەکان و... هەمیشە هەوڵی داوە چەقی ئەکتیڤیی فەزای زانستی و ئاخێزگەی ڕووناکبیری کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەرێ و ئەگەر ئەوەشی بۆ نەلوێ، لانیکەم دەنگە دژبەرەکانی کەپ بکا و خوێندکارە سەربەخۆکان بخاتە لاڕێوە.

زانکۆ یەکێکە لە گرنگترینی ئەو دامەزراوانەی کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا لە بەرانبەر گوشاری سیستمی دەسەڵاتداردا ڕاوەستاوە و هەمیشە وەک مەکۆی ڕەوتسازی و شێوازناسی بزووتنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مەدەنی و مافی مرۆیی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە. دوای شۆڕشی ۱۳۵۷ کەمتر بزووتنەوەیەک لە ئێراندا دەبینین کە خوێندکار و زانکۆ دەوری سەرەکی تێدا نەگێڕابێ و یان وەک یەکێک لە گرنگترین ئەکتەرەکانی نارەزایەتی و دژکردەوە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکان، شوێندار نەبووبێ. بزووتنەوەی سەوز و ڕووداوەکانی (کوی دانشگاه) ئەو نموونانەن کە شکست و لاوازی ڕێژیم لە سۆنگەی داسەپاندنی خواست و داخوازییە حکوومەتییەکان بە ڕوونی

دەردەخا.

هەڵبژاردن لە ئێران هەمیشە کەسێکی گونجاوی بۆ چالاکی زیاتر و باسی جیدیتر لە زانکۆکان ڕەخساندووە و زانکۆ و توێژی خوێندکار دەورێکی بنەڕەتییان لە هەڵبژاردن و بە تایبەت لە شارە گەورەکاندا هەبووە. بە سرنجدان بەوەی کە هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی ڕەشەمەی ئەمساڵ بەڕێوە دەچێ، ئەو باس و خواس و گەنگەشانەی لە سەر ڕێککەوتنی ناوکی لە زانکۆکانی ئێران لە گۆڕێدان، زۆرتر و بەربەرنتر دەبنەوە. ئەو کەشە دەتوانێ کێشە و ئاریشە و تەنانەت قەیرانێکی تازەش بۆ ئێران دروست بکا، یان هێزە دژبەر و ڕەخنەگرەکانی سیستمی دەسەڵاتدار دەتوانن بە دامەزراندنی پێوەندیی دوولایەنەی قووڵتر و کاریگەرتر دەگەڵ توێژی خوێندکار و تێگەیشتن لە هەستیاری و خواستەکانیان کەشێکی لەبار بۆ پێشخستنی داواکانی خۆیان سازبکەن، ئەو کەشەی حکوومەتی ناوەندی بە خەستی ترسیی لێی هەیە، چونکە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوێنی زێڕینیان بۆ سەرهەڵدان و گەشە هەیە.

لە ژمارە ٦٦٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

---

## بزوتنەوەی کورد و مافی ژن

و: ئاڵەشێن

پرسی ژن لە ئیران و تورکیەدا، دەگەڵ (کەشف حجاب)ی سەردەمی دسەڵاتداری رەزاشای پەهلەوی و کەماڵ پاشا (ئاتاتورک) فۆڕمێکی نوێی بە خۆوە گرت. ئەم هەنگاوە شۆکێک بوو پێچەوانەی ئەو نەریت و هزرە مەزهەبییانەی کە چەندین سەدەیە لە رۆژهەلاتی ناڤین وەک بایەخ و زیاتریش بە شێوەیەکی زۆرەملییانە لە لایان کۆمەڵگەی پیاوسالاری و حکوومەتی ناوەندییەوە بەسەر ژناندا دەسەپا. بە تێپەڕینی زەمەن و پێشکەوتنی تێکنولۆژی و

پەرەگرتنی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە رۆژاواییەکان و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان، دەوڵەتەکانی دوای رەزاشا و ئاتاتورک رێگە و رێچکەی جۆراوجۆر و میتۆدی جیاوازیان گرتە بەر بۆ بیچمدان بەو هزر و هەڵبژاردن و ئەو بایەخانە کە ژنێک پەسندی دەکا، یا ناچارن قەبووڵی بکەن. هەنووکەی فەزای مەجازی و راگەیانە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک ئامرازێکی بەهێز و تازە بۆ فۆرم بەخشین بە کۆمەڵگەی ژنان لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندی حکوومەتە ناوەندییەکان بەکار دەهێنرێن. بەڵام ئەو خاڵە گرینگەی لە پێوەندیی لەگەڵ بەکارهێنانی فەزای مەجازی و ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە ئارادایە، چالاکییە کۆمەڵگەتەڤەرییە سیاسی و مەدەنییەکانی ئەو ژن و پیاوانەیە کە بڕوایان بە سڕینەوەی هەڵاواردن دژی ژنان و ڕێزگرتن لە مافی ژن هەیە و، لەم پێناوەدا چالاکن؛ ئەم هەلەیان بۆ ڕەخساوە بتوانن لە بەرانبەر حوکم و نۆرم دژە ژنەکان، هزری نەریتی و یا گوشارە حکوومەتییەکان راوەستن و دژی هەڵاواردن جینسی بوەستنەوە.

دەستەبەربوونی مافی ژن و سرینەوەی هەڵاواردن دژی ژن، یەکێکە لە گرنگترین بنەما و پێوەرەکانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک کە پارتە کوردییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان ساڵانێکە هەوڵ بۆ چەسپاندنی دەدا. دامەزراندنی یەکەتیی ژنان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، خاڵی دەستپێکی خەباتی ژنان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی جینسی، بەشداریی سیاسی و مەدەنی ژنان لە هەموو کوردستانە. ئەو کاتە بایەخی ئەم تەفگەڕەمان لێ ڕوون دەبێتەوە، کە بزانین یەکەتیی ژنان لە هەموو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، یەکێکە لەو یەکەم دامەزراوانەی بۆ داکۆکی لە مافی ژن و گەشەی فیکری و بەشداریی ژنان دامەزراون. بزووتنەوەی کورد کە زیاتر نێوەرۆکێکی نەتەوەیی- دێموکراتیکی هەیە، لەگەڵ پەیدابوونی فەزای مەجازی و پەرەسەندنی ڕاگەیەنە گشتییەکان لە بیاڤەکانی سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگیدا ڕووبەڕووی پرسیارێکی زۆر بۆتەوە، کە لە هەموو بابەتەکاندا پرسی ژن و مافی ژن دەورێکی گرنگ و بەرچاو دەگێڕن.

هەستی سەربەخۆبوون و متمانەبەخۆیی ژنان، بەشداریی کۆمەڵایەتی ژنان، گۆڕینی باوەڕ و هزرە نەریتییەکانی ژنان، بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری ژنان، ڕەنگدانەوەی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان لە زەین و جەستەی ژناندا، هەڵسوکەوتی ژنان، پێکهێنانی فەزای گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی مەشروعییەت پێدانی سیاسی و مەدەنی نێوان ژنان و پیاوان، جموجۆڵی کۆمەڵایەتی ژنان، بە ئەندام بوونی ژنان لە فەزای زانیاریدا و، پرسی پەروەردە، قەبووڵی ژنان لە پلە و پێگەی بەڕێوەبەریدا، ئەدەبیاتی کۆمەڵگە سەبارەت بە ژن، ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی ژن و دادوەری لە سەر ژنان، گرنگترینی ئەو بابەتانەن هەمیشە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ زۆر بەربەرین لە

فەزای مەجازیدا دێنە گۆڕێ و ڕەنگدانەوەکانی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام لە گەشە دایە. کارکردی بزوتنەوەی کوردی بەرانبەر ئەم چەشنە پرسیارانەی کۆمەڵگە، بەتایبەت توێژی ژنان، وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی دێموکراتیک بوونی بزووتنەوە و یا ناکارامەیی بزووتنەوە لە بەرچاو دەگیرێ. کەواتە بزافی کوردی بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات ناچارە زۆر بەهێز و ئەکتیڤانە گرنگیی تایبەت بە پرسی ژن و نەهێشتنی هەڵاواردن دژی ژنان بدا و بە بەرنامەڕێژی دروست وگونجاو کە وڵامدەری خواستە دێموکراتییەکانی ژنانە لە پێناو پێشخستنی بزووتنەوەی کورددا بەشداری کۆمەڵایەتی بەرزبکەنەوە. بەڵام بە سرنجدان بەو بارتەقا زۆرەی زانیاریی کە لە فەزای مەجازیدا بەردەوام لە لایەن بەکارهێنەرانێکی زۆرەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێ، بزوتنەوەی کورد چۆناوچۆن دەتوانێ پێوەندییەکی دوولایەنە دەگەڵ ئەو ژن و پیاوانە دابمەزرێنێ کە خەبات بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی جنسی دەکەن و تێچووی بەرخۆدانی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد بۆ نزمترین ئاست دابەزێنێ؟ ئایا تەنیا ناسینی شووناسی ژن و ویستەکانی و سرنجدان بە مافی ژنان، بۆ نەهێشتنی نادادپەروەری و دێموکراتیک کردنی کۆمەڵگە تەواوە؟ حکوومەتی ناوەندی دەگەڵ ئەو هەموو ئیمکاناتە بەرینە ئابووری و هێزە مرۆییەی هەیەتی، بە چ شێوەیەک بەرانبەر بە داخوازیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنی بزووتنەوەی کورد و چالاکانی مافی ژن لە دوو بیاڤی کۆمەڵگە و فەزای مەجازیدا وەستاوەتەوە و هەوڵ دەدا سەرکوتیان بکا؟

بە سرنجدان بە پێچەڵاوپێچی پرسی مافی ژنان و ئەو هەڵاواردنانەی لە لایەن سیستمی دەسەڵاتدارەوە بەردەوام بە شێوەی جۆراوجۆر و پڕ گرێوگۆڵ بە سەر ژندا دەسەپێ، ڕوون و ئاشکرایە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ژیرانە و کارامە هەروا سووک و ئاسان نییە. ئەزموونەکانی خەباتی گەلی کورد بەڕوونی دەریدەخا، سەرەڕای ئامادەیی و بەشداریی بەربەرینی ژنان لە خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مەدەنیدا، پارتە کوردییەکان نەیانتوانیوە لە ڕێگەی میکانیزمێکی کاریگەرەوە ڕێگەچارەیەکی هەمەلایەن بۆ تێپەڕین لەو دۆخە دژوار و ئەستەمە بدۆزنەوە.

هەنووکە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ دۆخی ئیدەئاڵ و دڵخوازی داهاتووی ژن نییە و فەزای مەجازیش، یەکێکە لەو هۆکارانە و ڕەنگە گرنگترین هۆکاریش بێ کە زۆر خێرا بایەخ و سەرچەشنەکانی ژنان دەگۆڕێ. ئەو گۆڕانەی کە ئەگەر بزافی کوردی نەتوانێ بە ئاقاری دێموکراتیزە کردن و نەهێشتنی هەڵاواردنی دژی ژنان، کە نیوەی کۆمەڵن، هەنگاوێکی کاریگەر بنێ کۆمەڵگەی کوردی بەرەو لایەک دەکێشێ کە شوناسی کوردی کە یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی

ناسیونالیزمی کوردی، تووشی قەیران دەبێ و بزافی شوناسخوازانە و نەتەوییانەی کورد تووشی زەرەر و زیانی جددی و ڕەنگە قەرەبوونەکراو بکاتەوە.

ئەزموونی وڵاتانی دێموکراتیک و ئازاد دەریدەخا بارودۆخی ژنان و لەشساغی و ئەمنییەتی ژنان گرنگترین پێوەر و بنەماکانی گەیشتن بە دێموکراسین و تەنانەت پاش بڕینی هەلومەرجی دیکتاتۆری و نادادپەروەری و گەیشتن بە دێموکراسیش، دەبێ بەردەوام ڕۆڵ و هەلومەرجی ژنان بەرەوە بەرزبوونەوە و ڕەوشی دڵخوازتر و باشتر بڕوا، چونکە گەیشتن بە دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس یەکەم قۆناغی گەیشتن و پێگەیشتوویی گەلێک و کۆمەڵگەیەک بووە دوای ئەویش کۆمەڵگەی دێموکراتیک هەمیشە مەترسی دیکتاتۆری و گەڕانەوە بۆ نادێموکراتیکی بوونی لە سەرە. لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ تا ئەو کاتەی هەڵاواردنی دژی ژنان بوونی هەیە، کۆمەڵگە بە دێموکراسی ناگا و تا کۆمەڵگەیەکیش دێموکراتیک نەبێ، هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزی نابڕێ. کەواتە بزافی کورد هەتا نەتوانێ متمانە و بەشداریی ژنان ڕاکێشێ ناشتوانێ بە دروستی ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێ و ئەو ژن و پیاوانەی لە کوردستان خەبات بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی جنسیش دەکەن، بە بێ هاوکاری کردن و پێوەندی کردن بە بزووتنەوەی کوردییەوە ناتوانن بکەونە ئەو هەلومەرجە دێموکراتیک و دڵخواز و دادپەروەرانەیەوە.

لە ژمارە ٦٦٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

## ئەو دەرفەتانەی لە کیس دەچن

و: ئاڵەشین

پارتێکی سیاسی لە کۆمەڵە کەسێک پێکدێ، کە هەوڵ دەدەن شوێن لە سەر هەلومەرجی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە و شیرازەی سیاسی ئارایی دابنێن. هەل ڕەخساندن یا قواستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانەی لە دەرەوەی ئیرادەی ڕەوت

و پارتی سیاسییەوە دەخولقێن؛ سەرەکیترین مکانیزمە کە هەموو پارت و ڕەوتێک دەبێ بۆ پێشخستن و دابینبوون و وەدیهێنانی خواست و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری بهێنێ. ئەگەر بڕوانینە مێژوو و کارکردی پارتە سیاسییەکانی کورد، دەبینین هەل و دەرفەتێکی زۆر هەندێک جار ڕەخسان و وەک بەرزەکی هەڵدانی پارتە کوردییەکان بە ئاراستەی پێشخستنی ئامانجەکان بەکار هاتوون، بەڵام کەمیش نین ئەو دەرفەتە بەبایەخانەی کە بە هۆکار و تەنانەت بیانووی جۆراوجۆر پشتگوێ خراون.

دانوستانی ناوکی ئێران و ئەو ڕێککەوتنەی پاش دانوستانەکان کراوە؛ یەکێکە لە باشترین نموونەی ئەو دەرفەتانە. ئەو دانوستان و ڕێککەوتنانەی پارتە کوردییەکان نەیانتوانی بیقۆزنەوە و نەیانکرد بە چالاک بوون لەو بوارەدا و ئەو کەشەی لە ئاکامی دانوستانەکان کەوتەوە ڕۆڵ و دەوری کاریگەری تێدا بگێڕن. پرسیارێکی ژیرانە و بەجێ کە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە و یا شرۆڤەکارێکی سیاسی دەتوانێ بیکا ئەوەیە کە؛ هۆکاری کارکردی لاوازی پارتە کوردییەکان لە بابەت پرسی ناوکی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چییە؟ بۆچی ئەم چەشنە دەرفەتانەی کە سیستمی دەسەڵاتداری ئێران و وڵاتانی زلهێزی دنیا دەیانەوێ کەڵکی خۆیانی لێوەرگرن، لەلایان پارتە کوردییەکانەوە کە هەرکامیان رابردووی چەند دەیە خەباتیان هەیە زۆر سووک و ئاسان پشتگوێ دەخرێ و تەنیا وەک هەواڵ و شرۆڤەیەکی رووکەش خۆی تێهەڵدەقورتێنن؟

بۆ روونتر بوونەوەی بابەتەکە و دادوەری دروستتر، چاوێک بە شێوازی مامەڵەی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمریکا و پارت و لایەنە سیاسییە سەراسەرییەکانی ئێران لە پێوەندیی دەگەڵ پرسی ناوکی و پاشهاتەکانیدا دەخشێنن.
دوویەمین خولی سەرکۆماری ئەحمەدینژاد، سەردەمی هەڕەشە و یاخی بوونی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پرسی ناوکی بوو، ئەو قۆناخەی کە لەودا گوشار و گەمارۆ نێونەتەوەییەکان بە سەرکردایەتی ئەمریکا پەسەندکران و داسەپان و کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێرانی گەیاندە قۆناخیکی قەیراناوی. زاراوەی «محور شرارت» (چەقی ئاژاوەگێڕی ) کە جورج دەبلیۆ بوش، ٢٩ی ژانویەی ٢٠٠٢ بە سێ وڵاتی ئێران، کۆریای باکوور، و عێراقی وت و هۆکارەکەشی پشتیوانی ئەو وڵاتانە لە تیروریزم و هەوڵدان بۆ بەدەست خستنی چەکی کۆکوژ ڕاگەیەندرا، ئەوە لە خولی دوویەمی سەرکۆماری ئەحمەدینژاددا بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بوو بە راستییەک، قەیرانەکە هێند قووڵ بوو کە ئەمریکا و ئیسرائیل زۆر ئاسان هەڕەشەی سەربازییان دەکرد و بژاردەی شەڕی دژی ئێرانییان دەهێناوە بەر باس و ئەزموونی دەسوەردانی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق و رووخاندنی رێژیمی بەعسیش ئەگەری ڕوودانی ئەو سیناریۆیەیان بەهیزتر دەکرد. کێشە نێوخۆییەکانی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی و ململانێ و

ڕکەبەری ڕەوتە جۆراوجۆر و جێی متمانەی ڕێژیم و هەروەها هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بوون بە هێزێکی گرینگی ناوچەیی، هەموویان لە ژێر چەتری پرسی ناوکی بە فۆڕم و شێوەی جۆراوجۆر خۆیان نیشان دەدا.

گوشار و گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و پێویستی گۆڕینی هێڵی سیاسی و مامەلە و هەڵسوکەوت دەگەڵ دنیا بوو بە هۆی ئەوەی کە پرسی ناوکی بتوانێ ببێ بە کارتێکی زێڕێن بە دەستی حەسەنی ڕوحانییەوە تا ڕێگەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا بۆ خۆش بکا. پاش هەڵبژێردرانی رووحانی، پرسی ناوکی و هەڵگرتنی گەمارۆکان هەروا سەرەتی کاری دەوڵەتی رووحانی بوون و کەنگەشە و قسە و باسێکی زۆر لە میدیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا هاتە گۆڕێ. لە لایەکی دیکەشەوە باسی بە پیت کردنی ئۆرانیوم لە ئێران و تیکنولۆژی ناوکی کۆماری ئیسلامی یەکێکە لەو زاراوە سەرەکییەیانەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە لایەن سیاسەتوانانی ڕۆژئاواییەوە بەکار هاتوە و میدیا نێونەتەوەییەکان بە چەندین کاتژمێر لەو بابەتە دواون.

زۆربەی وڵاتان و تەنانەت هەندێکی زۆری پارتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە گوێرەی بەرژەوەندی و پۆزیشینی خۆیان لە سەر ئەو بابەتە ڕای خۆیان دەربڕیوە و سیاسەتی خۆیان دووبارە پێناسە کردۆتەوە، ڕەوت و لایەنە سیاسی و تەنانەت مەدەنییەکی زۆری نێوخۆی ئێرانیش بە ڕوانگەی لەم چەشنەوە لە پێناو پێشخستنی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەوڵیان داوە و بەرنامەیان داڕشتوە و ئەو دەستە ئوپۆزسیونەی کۆماری ئیسلامیش کە هەڵگری دروشمی سەراسەرین و زۆربەشیان بە جۆرێک پان ئێرانیستین، هەمیشە هەوڵیان داوە لە کاروانی کاریگەری و گۆڕانکارییەکان دوانەکەون و تا ئەو جێیەی بۆیان دەکرێ ئەو دەرفەتە بە خێروبێری خۆیان بقۆزنەوە. ئەو دەستە ئوپۆزسیونە سیمینار، وتار، فایلی قسەکردن، وتووێژ و ڤیدیۆی فێرکاری زۆریان بە چەندین زمانی زیندووی دنیا ئەنجام داوە و بەرێوە بردوە و هەروەها هەمیشە هەوڵیان داوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کۆنگرەی ئەمریکا، یەکیەتیی ئورووپا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆر دامەزراوی هەستیارو شوێنداری نێونەتەوەیی دیکە پشتیوان بۆ خۆیان ببیننەوە و ئەو هەلە ڕەخساوە لە کیس نەدەن و لە پێناو پێشخستنی ئامانجەکانی خۆیان تێبکۆشن. بە تێفکرین لەو بابەتانەی باس کران، ئەگەر بڕوانینە دژکردەوە و هەڵوێستی پارت و ڕەوتە سیاسییە کوردەکان لە سەر پرسی ناوکی ئێران، باشتر لە خاڵە لاوازەکانی بزوتنەوی نەتەوەیی کورد دەگەین. کۆمەڵگە و نەتەوەی کورد لە پرسی ناوکیدا نەیتوانی خاوەن وێژار و دیسکورسێکی کوردستانی بێ. وێژار و تێکۆشانێک کە نیشاندەری هەڵوێست و خواست و داخوازییە نەتەوەیی-دێموکڕاتیکەکانی کورد بەرابەر قەیرانی ناوکی بێ، پارت و لایانە سیاسییە کوردییەکان دەیانتوانی پرسی ناوکی وەک ئامرازێک بۆ یەکگرتوویی،

بەشداری و یەکریزی خۆیان بەکار بێنین و پێوەندییەکی زیندوو و ئەکتیڤ دەگەڵ خەڵکی کوردستان دابمەزرێنن.

پارتە کوردییەکان دەیانتوانی کۆمەڵگەی کوردستان بە روانگەیەکی ناسیونالیستییەوە سەبارەت بەو بابەتە گرینگانە ئامادە و وشیار بکەنەوە و هەروەها لە بەرابەر ڕەوتە ناکوردی و ناوەندییەکان و هەروەها سیستمی دەسەڵاتدارانی ئێران وێژاری تایبەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ. بە سەرنجدان بەو گرینگییەی کۆمەڵگەی جیهانی لە رۆژهەڵاتی ناڤین بە پرسی کوردی دەدا، کوردی رۆژهەڵات دەتوانێ ئەو کەش و دەرفەتە بقۆزێتەوە و پشتیوان و دۆستی تازە بۆ بزووتنەوەی کورد پەیدا بکا و گەرموگوڕی و پەرە بە پێوەندییەکانی پێشووی خۆی بدا. پرسی ناوکی و هەڵوێست گرتن و کارکردی دروستی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کورد دەیتوانی یارمەتی کەم کردنەوەی مەودای نێوان نەتەوەکانی دیکەی ئێران و پارتە ناکوردییەکان دەگەڵ کورد بدا و ئەو ئەزموونانەی دەست کەوتوون دەیانتوانی وەک پەروەندەی میکۆنووس دوورەدیمەنێکی دۆستایەتی و بەشداری هەمەلایەنە و کۆمەڵگەتەڤەر لە نێوان پارتە کوردی و نا کوردییەکان بێ.

لە ژمارە ٦٦٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥






گەلی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا خاوەن شوناسێکی دیار و ئوستوورە و سیمبۆلی ناسراوە کە نەوەی ئەمڕۆ دەتوانێ بۆ پێشەوەبردنی بزاڤی میللی دێموکراتیکی خۆی بە ئاسانی کەڵک لە هیز و وزانە وەربگری، ئەوان خوڵقاندوویانە و، خەبات و شۆڕش لە قۆناغ و هەلومەرجی نوێتردا بەرەو گەیشتن بە ئامانج پێش بخا. شرۆڤەی بارودۆخی بزاڤی میللی دێموکراتیکی کورد نیشان دەدا لە کاتی ئێستادا نیشانە و سیگناڵێک بۆ سەرهەڵدان و خوڵقانی سیمبول و ئوستوورە بەدی ناکرێ. زیندوویەتی کۆمەڵایەتی و شیرازە مێژووییەکانی گەلێک، پێکهاتەیەکی تۆکمەیە پێکهاتوو لە بەشی جۆراوجۆر، کە سیمبۆل و ئوستوورە تەنیا بەشێکی پێکدەهێنن و ئەرکی کۆمەڵایەتیش بریتییە لە کۆمەڵێک فاکتۆر کە لە کاتێکی شیاو و لەباردا ئەکتیڤ ببێ و بجوڵێ. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا پێویستی راستەقینەی بزاڤ، کەڵکوەرگرتن لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانە بە شێوەی گرووپی و هەرەوەزی، کە نزیکبونەوەی سیاسی و فەرهەنگی لێدەکەوێتەوە و بێگومان یەکێک لە گرینگترین پوتاسییەلەکان بۆ پێشەوەبردنی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی کورد کە بوونی هەیە، سەرنجدان و ناسین و کەڵکوەرگرتن لە سیمبۆل و ئوستوورەکانی ئەو نەتەوەیە کە لە دژوارترین هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاندوە، کە پشتگوێ خستن یا گرینگی‌نەدان بە هەر کام لەو بنەما مێژوویانە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچووی بزاڤ یان قەیرانی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

ئارەش لورستانی

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێکەوتی: پووشپەڕی ٢٧١٨ی کوردی - مای ٢٠١٨ی زایینی